


# فیردەوسی و (کورد و بلوچ)

# نووسەرانی فارس و کورد و (فیردەوسی)

Sai Saqzi Qayshi

سەعی سەقزی قایشی

ستۆکهۆڵم 2015 - ٢٠١٥

qayshi@yahoo.com
sai.saqzi@gmail.com





## Firdosi and (Kurd and Bloch)

## Persian and kurdish writers and (Firdosi)

کنون کرد از آن تخمه دارد نژاد
کز آباد نیآید بدل برش یاد
بود خانهاشان سراسر پلاس
ندارند در دل ز یزدان هراس

فیردەوسی

ئێستا کورد لەو ریشە و رەگەزەن
کە حەز بە ئاوەدانی ناکەن
ترسیان نییە لە یەزدان
لە پڵاسە خانوەکانیان

**شواننامەیەکی کوردی بنووسراێت لەبۆ کورد**
**دەسمایە بوو، سەرمایە بوو بۆ تاکی کورد!**
**خۆماندووکردن لەگەڵ (شانامەی فیردەوسی)**
**ژێردەسییە و ژێردەسییە و ژێردەسی!**



Stockholm Husby bibliotek

## بۆ سەقز

**ئەم چەن لاپەڕە پێشکەش بە تۆ**
**پێشکەش بە دار و بەردی تۆ**
**بە شیو و دۆڵ و کانیاوی تۆ**
**پێشکەش بەوەی ئەژی بۆ تۆ**
**پێشکەش بەوەی نووستوە لای تۆ**

## Till Saqz

**De här sidorna är till dig**
**till alla som finns hos dig**
**till de som lever för dig**
**och de som sover hos dig**

**وێنەی لاپەڕەکانی (١٩٢ – ٢٠٥ و ٢١٩) لە کارەکانی هونەرمەند (مزەفەر نامداری)یە.**

**وێنەی پشت بەرگ، وێنەی کتێبخانەی (هوسبی)یە لە ستۆکهۆڵم، وێنەگر ئاسۆ موکوریانی.**

**تێبینی: ئەم چەن لاپەڕە بە چەن ڕێنووس نووسراوە، هۆکارەکەی ئەوەیە ئاماژە بە نووسراوەی چەن نووسەر کراوە، ئەو نووسەرانەیش بە چ ڕێنووسێک نووسراون بە هەمان ڕێنووس نووسراونەتەوە. هیوادارم لە کاری نووسینەوەکاندا هەڵەم نەکرد بێت.**





## ناوەرۆک


ڕێچکەی باسەکە ......................................... ٦
ژیاننامەی فیردەوسی ......................................... ٩
ناوەرۆکی شانامە ......................................... ١٥
شانامە فەرهەنگی (هیچ و پوچی) ......................................... ٢٨
زوحاک ئەبێت بە پادشایی عەرەب ......................................... ٣٧
(زوحاک)ی عەرەب دەبێت بە پادشایی ئێران ......................................... ٣٩
فیردەوسی و خزمەتکردن بە نەتەوەی فارس ......................................... ٤١
کورد لە شانامەدا ......................................... ٤٣
دوکتۆر عەبدولوەهاب عزام و شانامەی فیردەوسی (الشانامە) ......................................... ٤٩
نووسەرانی فارس و کورد و (فیردەوسی) ......................................... ٥٨
فیردەوسی لە ژێر تەوری (سانسۆر)دا ......................................... ٦٠
فیردەوسی لە ژێر تەوری (فریودان) (تحریف) (distortion) ......................................... ٦٣
ئێقباڵ یەغمایی و شانامەی فیردەوسی ......................................... ٦٦
محەممەدعەلی فروغی و شانامەی فیردەوسی ......................................... ٧٠
ئەحمەد شاملو و شانامەی فیردەوسی ......................................... ٧٥
بەهرام مشیری و شانامەی فیردەوسی ......................................... ٨٣
داریوش کەریمی، تورج ئەتابەکی– واڵتر پوش و ئەلیوێر بێست ......................................... ٩٩
ناسر نامداری و شانامەی فیردەوسی ......................................... ١٠٢
دوکتۆر گوڵمراد مرادی و شانامەی فیردەوسی ......................................... ١٠٧
دوکتۆر سدیق سەفیزادە– (بۆرەکەیی) و شانامەی فیردەوسی ......................................... ١١٦
هونەری فیردەوسی و فیردەوسیناسان ......................................... ١٢٦
شەهرام نازری و شانامەی فیردەوسی ......................................... ١٢٩
گوڵاڵە کەمانگەر و شانامەی فیردەوسی ......................................... ١٣٩
سیاوەش گۆدەرزی و شانامەی فیردەوسی ......................................... ١٤٥
لێکۆڵینەوە یا تاڵانکردنی بەرهەمی خەڵک؟ ......................................... ١٦١
جیاوازی مورشیدی چایخانەکان و مامۆستایانی زانستگا ......................................... ١٨٣
فیردەوسی و کوشتاری نەتەوەکانی (بلوچ و گیلەک و دەیلەم) ......................................... ١٨٦
دەسکاری کردنی هۆنراوەکانی فیردەوسی بە مەبەستی فریودانی خوێنەر ......................................... ١٩٧
کاردانەوەی بۆچوونەکانی فیردەوسی سەبارەت بە بلوچ ......................................... ٢٠١
زوحاک لە ئەدەبیاتی کوردی ......................................... ٢٠٣
نەورۆزنامە ......................................... ٢٠٨
نەورۆزی ئێرانییەکان! ......................................... ٢١٧
بەرەو نەورۆز ......................................... ٢٢٠
پاشەکییەکی دوو بەشی ......................................... ٢٦٠
کتێب، جوانترین و بەنرخترین دیارییە ......................................... ٢٦٢

# فیردەوسی

# و

# (کورد)





## ڕێچکەی باسەکە

ئەگەر لە کۆمەڵگای مرۆڤ بڕوانین لەگەڵ ئەوەدا کە مرۆڤ دەستەیەک لە بوونەوەرکانی گۆی زەوییە، بەڵام جیاوازییان هەیە. تاکە شتێک کە مرۆڤ لە یەک جیا دەکاتەوە زمانە.
زمان کەرەسەی پێوەندی گرتنی مرۆڤە لەگەڵ یەکتر. جێگەی داخە ئەم پلە گۆشتە واتە (زمان) بووەتە هۆی جیاوازی مرۆڤ و پەیدا بوونی دەستەیەک بەناوی نەتەوە. نموونە:
عەرەب، بلوچ، تورک، فارس، کورد و ... .
ئەگەر چاوێک بە ژیانی نەتەوەکاندا بگێڕێن دەبینین نەتەوەیەک بە زەبەروزەنگ و لەشکرکێشی ناوچەیەک یا چەن ناوچە داگیر دەکات. نموونە: نەتەوەی فارس لە ناوچەیەک بەناوی ئێران و داگیرکردنی شار و گوندی نەتەوەکانی بلوچ، کورد و ... .
پرۆسەی داگیرکاری کوردستان زیاتر لە دووهەزار ساڵ لە لایەن سیستمی پادشایی ئێرانەوە ئەنجامدەدرا.
ساڵی ١٣٥٧ هەتاوی = ١٩٧٨ زایینی لە ئێران ساڵی راپەڕین بوو بە دژی سیستمی پادشایی. رۆژی ١٣٥٧/١٠/٢٢ سیستمی پادشایی لەناو برا. لەگەڵ ئەوەدا کە لە هەموو چین و توێژەکانی خەڵک بە بیروباوەڕی جیاوازەوە بەشدارییان لە راپەڕینەدا کردبوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی دورشمی سەرەکی راپەڕین بریتی بوو لە (**استقلال – آزادی – جمهوری اسلامی**) رۆژی ١٣٥٨/١/١٢ سیستمی کۆماری بە پاشکۆی ئیسلامییەوە خەڵکی ئێران بە رابەرایەتی (**ئایەتوڵا خومەینی**) کردی بە جێنشینی سیستمی پادشایی و دەسەڵاتی دایە دەست! لە راپەڕیندا کەسایەتی خومەینی بە جۆرێک دیاریکرابوو کە ئەویان بە (**فریشتە**) و شایان بە (**دێو**) دانابوو، بەو هۆنراوەی خوارەوە هەم شایان ئەشکەنجە ئەدا و هەم رێزیان لە ئایەتوڵا خومەینی دەکرد:

**خلوت دل نیست جای صحبت اضداد**
**دیو چو بیرون رود فرشته درآید:** حافظ

چاوگەی دڵ لەخۆ ناگرێ درک و گوڵ
کە درک نەما، باڵا ئەکات باڵای گوڵ

ڕێزگرتن گەیشتە ئەو ڕادە کە خەڵک پێیان وابوو وێنەی (خومەینی)وا لە (مانگ)دا، باسی وێنەی خومەینی لە مانگدا بوو بە خۆراکی ماسمێدیای فارسی و پەیتا پەیتا ئەو هەواڵە بڵاو دەکرایەوە. لەو ڕاپەڕینەدا کوردیش بەشداری کرد، بەڵام نەک بە دورشمی ئایینی وەک (**ئیستقلال – ئازادی – کۆماری ئیسلامی و رابەرایەتی خومەینی**)، بەڵکو خواستی سیاسی وەک مافی نەتەوایەتی و چینایەتی و... لە کوردستان دەسنیشان دەکرا.
ئەم سیستمە تازەی ئێران لەبری ئەوەی دەستبەکار بێت بۆ جێبەجێ کردنی خواستەکانی نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی دیکە، بەو دەسەڵات و ئیمکاناتە سەربازییە بەرفراوانەی دەورانی شا وەک (هێزی لەشکری، هەروەها تانگ، تۆپ و هەمە چەشنە فڕۆکەی جەنگی) کە کەوتبووە بەر دەستی، چەکی ئایینیشی گرت بەدەستەوە و خودی (**ئایەتوڵا خومەینی**) فتوای جهادی کوردی ڕاگەیاند و فەرمانیدا هێرش بکەنە سەر کوردستان: **بسم الله الرحمن الرحیم**

**بە رئیس کل ستاد ارتش، و رئیس کل ژاندارمری اسلامی، رئیس پاسداران کل انقلاب اکیداً دستور می‌دهم کە بە نیروهای اعزامی بە منطقە کردستان دستور دهند کە اشرار و مهاجمین را کە در حال فرار هستند تعقیب نمایند، و آنان را دستگیر نمودە و با فوریت بە محاکم صالحە تسلیم کنند؛ و تمام مرزهای منطقە را با فوریت ببندند کە اشرار بە خارج نگریزند. و اکیداً دستور می‌دهم کە سران اشرار را با کمال قدرت دستگیر نمودە و تسلیم نمایند. اهمال در این امر، تخلف از وظیفە و مورد مؤاخذە شدید خواهد شد. والسلام**

**٢٤ شهر رمضان ٩٩ / ٢٧ مرداد ٥٨        روح الله الموسوی الخمینی**

**سەرچاوەی ئەو فەرمانە، ڕۆژنامە و تەلەڤیزیۆن و ڕادیۆکانی دەوڵەتی ئێرانە!**





بە دوای ئەو فەرمانەدا هێزە ئێرانییەکان هێرشیان دەستپێکرد، ڕوویان دەکردە هەر شار و گوندێکی کوردستان پۆل پۆل خەڵکیان گوللەباران دەکرد و سەروەت و سامانەکانیشیان داگیر دەکرا.


وێنەگر جهانگیری ڕەزمی لە فڕۆکەخانەی شاری سنە

ڕاگەیاندنی ئەو فەرمان و فتوا کۆنەپەرەستانە و دڕندانەیە بۆ سەر نەتەوەیەک کە لە ژێر ستەمی سیستمی پادشایی ئێراندا دەیناڵاند لە لایەن کەسێکی وەک (**ئایەتوڵا خومەینی**) یەوە کە ئەو سیستمەی لەناو بردبوو بڕیارێکی کاتی ئەو سەردەمە نەبوو، بەڵکو لە فەرهەنگێکی دوژمنکارانە سەبارەت بە کورد سەرچاوەی دەگرت و تاکەکانی (فارس) کە خومەینیش یەکێک لە وان بوو، پەروەردە ئەکرد. جێگەی داخە ئەو فەرهەنگە بە درێژایی تەمەنی پادشایی ئێران دەرخواردی فارسەکان دراوە، سەرچاوەی ئەو فەرهەنگەیش (شانامەی فیردەوسی)یە.
ژیانی نەتەوەی بلوچ و ... لە سیستمی سیاسی و کۆمەڵایەتی فارسیزمدا ئەگەر لە کورد دژوارتر نەبێت، وەک کوردە. هەم لە دەورانی پەهلەوییەکان و هەم لە دەورەی کۆمارییدا پرۆسەی گوللەبارانکردن و بە تەناف هەڵواسینی چالاکانی سیاسی بلوچ لە ژێر ناوی (**تریاک و هێرۆئین فرۆش**)دا بەڕێوە دەبرێت. باری ئاوەدانی بلوچستان و ئابووریشیان بە جارێ وێرانە، ئەوەیش بەپێی سیاسەتی دەوڵەتی ئێران بەو جۆرەی بەسەر هاتووە. بۆ ئەوەی بە ئاسانی بڕۆینە ناو ئەو باسانەوە پێویستە لە پێشدا پێناسەیەکی (فیردەوسی)مان بەدەستەوە بێت.

## ژیاننامەی فیردەوسی

(ئەبولقاسم مەنسوور لە گوندێکی (تووس) دێتە کۆڕی ژیانەوە.
فیردەوسی لە تەمەنی ٣٦ ساڵی پاش تەکبیروڕا لەگەڵ (مەحموود مەسحووق تووسی)دا دەستیکرد بە کارەکەی. یەکەمین داستان کە نووسی داستانی زوحاک و فەرەیدوون بوو.
فیردەوسی لە پێشدا بە نهێنی کاری دەکرد و بە شوێن کەسێکی دەسەڵاتداردا ئەگەڕا تا بەرهەمەکەی پێشکەش کات و ئەویش پاداشێکی پێبدات، بەڵام بەهۆی ئەوەی خەڵکی شاری تووس بیستبوویان کە فیردەوسی خەریکی چ کارێکە و تامەزرۆی ئەوە بوون ئەو بەشە لەو داستانە کە ئامادەی کردووە بیبیستن، ئەبوومەنسوور سەرۆکی ناوچەکە داوای لێکرد هۆنراوەکە لە بارەگای ئەودا بخوێنێتەوە. کاتێک هۆنراوەکەی بیست بە دڵی بوو، هەر لەو کاتەوە فیردەوسی هەر چی پێویست ببوایەت بۆیان ئامادە ئەکرد. سوڵتان مەحموود فەرمان ئەدات بە حەسەن مەیمەنی لە بەرانبەر هەر هەزار بەیت هۆنراوەدا هەزار سکەی زێڕی بداتێ. فیردەوسی دەڵێت تێکڕای زێڕەکان لە کۆتایی کارەکە واتە (کۆتایی شانامە)دا بمدەنێ، مەبەستی ئەوە بوو بەو سەرمایە (بەندئاوێک) ساز بکات. فیردەوسی شانامەی بە دوانگەزە ساڵ لە کۆشکی شادا ئامادە کرد و دایە دەست (هەیاس) تا بیدات بە سوڵتان مەحموود.
سوڵتان مەحموودیش فەرمان ئەدات بە حەسەن مەیمەنی فیلێک باربکەن لە سکەی زێڕ و رەوانەی کەن بۆ فیردەوسی، بەڵام حەسەن مەیمەنی دەڵێت با لەبری سکەی زێڕ، سکەی زیوی بۆ رەوانە بکەین، پاشان ٦٠٠٠٠ درهەمی زیو دەکەنە چەن کیسە و ئەیدەن بە هەیاس بیبات بۆ فیردەوسی.





فیردەوسی بەو کارە تووڕە دەبێت و لە هۆنراوەیەکی دوور و درێژی (هەجو)یدا هێرش دەکاتە سەر سوڵتان مەحموود کە بۆچ کارێکی وەهای لەگەڵدا کردووە، بۆچ لە بری سکەی زێڕ سکەی زیوی بۆ ناردووە؟ سوڵتان مەحموود بە خوێندنەوەی ئەو هۆنراوە دەمدەست فەرمان ئەدات تا فیردەوسی بگرن، بەڵام فیردەوسی خۆی دەرباز دەکات)}.

دیباچەی شانامە چاپی چاپخانەی (سپهر) ساڵی ١٣٦٣ تاران– لاپەڕە(٧٨تا ٨٩)

### چاپکردنی شانامە

تا ئەو جێگەی نووسەری ئەم چەن دێڕە ئاگادارە (شانامەی فیردەوسی) لە ئێران لە دەورانی (محەممەدرەزا پەهلەوی) کە دوایین پادشایی ئێران بوو گەلێ جار چاپکراوە، نموونە: لە ساڵەکانی ١٣٤٥ و١٣٥٣ هەتاوی لە چاپخانەی (سپهر) لە تاران لە ٧ بەرگدا و بەرگێکیش بەناوی (دیباچە)وە چاپ دەکرێت.
لە دەورانی کۆماریشدا، کۆمارییەک کە بە دورشمی (**استقلال – آزادی – جمهوری اسلامی**) رەگوڕیشەی دەسەڵاتی پادشایی هەڵتەکاند و سیستمی ئیسلامی کرد بە جێنشینی، لەگەڵ ئەوەدا کە زۆربەی رابەرانی ئەو حکومەتە ئیسلامییە بە فەرمانی (**محەممەدرەزا پەهلەوی**) یا لە زینداندا بوون یا لە شار و گوندەکانی خۆیان دەرئەکران، تەنانەت خودی رابەری شۆڕشی ئیسلامی ئێران (**ئایەتوڵا خومەینی**) بە فەرمانی شا لە ئێران دەرکرا و نێردرا بۆ تورکییە.
کاتێک کە رابەرانی کۆماری ئیسلامی بە دەسەڵات گەیشتن دەیان کەس لە کاربەدەستانی دەورانی شایان بەو تاوانە کە لایەنگری سیستمی پادشایی (طاغوت) بوون گوللەباران کرد و سەروەت و سامانەکانیان داگیرکرا، هەروەها هەر شار و گوندێکیش وشەی (شا) لە ناوەکەیاندا ببوایەت ناوەکەیان دەگۆڕی.

**ئەم حکومەتە کۆمارییە کە بەهاری ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی دەسەڵاتی گرتە دەست، لە ساڵی ١٣٦٨ ئەو ٧ بەرگییەی چاپخانەی (سپهر)، هەروەها ساڵی ١٣٧٢ لە چاپخانەی (مهدی) لە یەک بەرگدا، ساڵی ١٣٧٨ لە چاپخانەی (نشر زهرا) لە یەک بەرگدا، ساڵی ١٣٨٧ لە چاپخانەی (نشر بلخ تهران) دوو جار لە ٥ بەرگدا و ساڵی ١٣٩٠ دووجار لە چاپخانەی (انتشارات پیام عدالت) لە ٢ بەرگدا شانامەی چاپ کردووە.**

**تێبینی:**
شایەت تۆی سەروەر بێژیت، ئەوە کاری چاپخانەکانە و پێوەندی بە دەوڵەتەوە نییە. لە بەرانبەر ئەو باسەدا دەبێ بێژین دەوڵەتی ئێران دەزگایەکی بەڕێوەبەری مەزنی لە بواری چاپەمەنیدا بووە و هەیە، لە دەورانی (شا)دا ناوی (**قسمت نگارش**) بوو، لە دەورەی (کۆماری)دا ناوەکەی کراوە بە(**بخش مومیزی**)، ئەم دەزگای (**نگارش و مومیزی**)یە لەلای نووسەران بە (**بەشی سانسۆر**) بەناوبانگە، هیچ کتێبێک بەبێ ئیزنی ئەو دەزگایە چاپ ناکرێت، هەروەها ئەگەر بییەوێت پێش بە چاپی هەر کتێب و گۆڤار و رۆژنامەیەک دەگرێت! یەکێک لە بەرپرسانی دەوڵەتی ئێران لە مانگی ١٠ی ساڵی٢٠١٣ سەبارەت بە (**دەزگای مومەیزی**) لە رادیۆیەکی فارسییەوە وتی: **ئەم دەزگایە دەسەڵاتێکی وەهای هەیە ئەگەر (قورئان)یش چاپ بکرێت بەبێ ئیزنی (دەزگای مومەیزی)ی چاپ ناکرێت.**

بەداخەوە ناوی ئەو کەسە و ناوی رادیۆکەیشم نەنووسیوە و ئیستایش لە یادم نییە.

لە چاپەمەنی فارسی بەگشتی و بەتایبەتی لە بەشی ئەدەبیات و مێژوودا باسەکانی شانامە دەورێکی گرنگ دەگێڕن و ئەبن بە سەرچاوەی سەرەکی. هەر وەک لە ژیاننامەکەی فیردەوسیدا نووسراوە داستانی (**فەرەیدوون و زوحاک**) پێش نووسینی (شانامە) ئامادە کراوە. با هەندێ لەو باسانەی شانامە کە لە کتێبێکی فارسی سەبارەت بە مێژووی ئێران چاپکراوە بکەین بە سەرەتایەک بۆ چوونە ناو باسی (فیردەوسی و کورد)ەوە:





**{کەیومەرس**

(کەیومەرس یەکەمین کەس و یەکەمین شا بوو کە لەگەڵ دێو و گیانداره دڕندەکان دەکەوێتە جەنگەوە و لە پێستی گیانداران جلوبەرگ ساز دەکات، سیامەکی کوڕی کەیومەرس بە دەست دێوەکان دەکوژرێت، هووشەنگی کوڕی سیامەک تۆڵەی باوکی لە دێوەکان دەکاتەوە. هووشەنگ ئاگری بە رێکەوت دۆزییەوە، ئەوەیش بەو جۆرە دەبێت کە لە گەشتێکدا لەناکاو مارێکی گەورە لە پەنا بەردێک دەرئەپەڕێت، هووشەنگ بۆ ئەوەی مارکە بکوژێت دەست ئەداتە بەردێک و دەیخات بۆ مارەکە، مار ناپێکرێت و بەردەکە لە بەردێکیتر دەدرێت و دەبێتە هۆی پەیدابوونی پزوسکی ئاگر و سووتانی گژوگیا وشکەکان.
هووشەنگ بە یارمەتی ئاگر ئاسنی لە بەرد دەرهینا و شتوومەکی لە ئاسن بۆ خەڵک سازکرد و خەڵکی فێری کشتوکاڵ و کەویکردنی ئاژەڵ و پەلەوەرە کێوییەکان کرد، هەروەها دێوی دەستەمۆ کرد و کاری بەڕێوەبردنی وڵات و زانستیی خویندن و نووسینیش لە دێوەکانەوە فێربوو)}.

**{جەمشید**

(جەمشید کە کوڕی تەهمورسە کەرەسەی جەنگی لە ئاسن دورستکرد و خەڵکی فێر کرد چلۆن پارچە لە کەتان و هەورێشم دورست بکەن، دێوەکان ئەویان فێری خانووبەرە دورستکردن کرد و زێڕ و زیوی لە کانەکان دەر هێنا و پیشەی کەشتیسازیشی داهێنا.
جەژنی نەورۆز کە یەکەمین رۆژی بەهارە و لە سەری ساڵدا بەڕێوە دەبرێت یادگاری ئەوە، هەر بەو هۆیە پێیدەڵێن

نەورۆزی جەمشیدی، هەروەها جەمشید زانستی پزشکی داهێنا و دەرد و نەخۆشین و مردنی لە ناوبرد و خۆی بە خودا دەزانی. خەڵک لێی بێزار دەبن و خوایش سزایدا و کەسێک بەناوی زوحاک کە ناوە راستەقینەکەی (**ئەژدهاک**)ە ئیبلیس فریوی دابوو باوکی خۆی کوشتبوو دەبێت بە پادشای عەرەب، خەڵکی ئێران زوحاک دەکەن بە پادشایی خۆیان و جەمشیدیش رادەکات، پاشان بە دەست زوحاک دیل ئەکرێ و دەکوژرێت و تەرمەکەیشی بە هەرە (مشار) دەکرێت بە دوو کەرتەوە.
ئیبلیس لە پێناو ئەو خزمەتانەی کە بە زوحاکی کردبوو داوای لێدەکات تا شانی ماچ بکات، پاش ماچکردنی شانەکانی زوحاک ئیبلیس خۆی ون دەکات، لەگەڵ رۆیشتنی ئیبلیس دوو مار لە سەرشانی زوحاک لە جێ ماچەکان سەرهەڵدەدەن، پاشان ئیبلیس خۆی دەگۆڕێت وەک پزشک دەچێتەوە لای زوحاک و پێی ئێژێت رۆژی دوو کەس بکوژە و مێشکیان دەرخواردی مارەکان بدە با برسیان نەبێت و ئارام ببن)}.

{**ئابتین**

(پیاوێک بەناوی ئابتین کە لە رەگەزی شاکان بوو بە دەست زوحاک دەکوژرێت و مێشکی دەرخواردی مارەکان ئەدرێت، ژنەکەی ئابتین کوڕەکەی هەڵدەگرێت و دەڕوات بۆ کێوی ئەلبورزی هێندوستان، ئەستێرەناسان بە زوحاک دەڵێن ژیان و گیانی تۆ وا لە دەست فەرەیدوون دا. زوحاک لە پرسوجۆی ئەم دوژمنەدا دەبێت کە ئاسنگەرێک بەناوی کاوە کە حەڤدە کوڕی بە دەست زوحاک دەکوژێت و (قارن)یش کە دوایین کوڕی دەبێت دەگیرێت، کاوە دەچێت بۆ کۆشکی زوحاک و لە ستەمکاری زوحاک دەست دەکات بە هاوار و دادوبێداد. زوحاک کوڕەکەی





پێدەداتەوە و کاوە خەڵک لە دژی زوحاک هانئەدات و پێشدامێنی ئاسنگەرییەکەی کە لە پێستی شێر دەبێت وەک ئاڵا دەیکات بە سەر دارێکەوە و دەبێت بە رابەری خەڵک و دەکەونە رێ بۆ دۆزینەوەی فەرەیدوون. فەرەیدوونیش هەر ئەو پێستە واتە پێشدامێنەکەی کاوە دەکات بە ئالای خۆی (**ئالای پاشایی**) و زوحاک دەگرێت و لە کێوی دەماوەند زیندانی دەکات)}.

سەرچاوە: کتێبی تمدن و فرهنگ ایران از آغاز تا دوره پهلوی چاپی سوم – سال ٢٥٣٦ شاهنشاهی– دکتر ناصرالدین شاەحسینی استاد دانشگاه تهران– ل ٢١٩ و ٢٢٠

**زوحاک:**

زوحاک یا (ئەژدهاک) کە لەو باسەدا هاتووە، کێ بووە؟
بەهۆی ئەوەی سەرچاوەی سەرەکی باسەکانی (**فیردەوسی و کورد**) لە شانامەی فیردەوسی و چەن کتێبی دیکەی فارسی وەرگیراوە، پێویستە بزانین وشەی زوحاک لە فارسیدا چۆن باسکراوە.

ضحاک: وشەیەکی عەرەبییە واتە کەسێک کە زۆر پێبکەنێت.

سەرچاوە: بەرگی دووهەمی فرهنگ فارسی دکتر محمد معین– ل ٢١٨٢

**زوحاک لە کوردی دا:** ناوی زوحاک لە کۆمەڵگای کوردەواریدا بۆ کەسێکی ستەمکار و خوێنڕێژ بەکار براوە.

## ناوەڕۆکی شانامە

ئەگەر لە ناوەڕۆکی شانامەی فیردەوسی بکۆڵینەوە لە سێ بابەتە پێکهاتووە کە بریتین لە وانەی خوارەوە:

**١ - پێناسەی شاکانی ئێران.**

**٢ - خزمەتکردن بە نەتەوەی فارس.**

**٣ - جەنگ و خوێنڕێژی بەگشتی و بەتایبەتی کوشتاری نەتەوەکانی بلوچ و...**

بەپێی ژیاننامەکەی فیردەوسی (داستانی زوحاک و فەرەیدوون) یەکەمین شتە کە فیردەوسی نووسیویەتی، پاشان دەستئەکات بە نووسینی (شانامە). سەرەتای شانامە چەن زنجیرە هۆنراوەی ستایشین دەربارەی خودا و رابەری ئایینی ئیسلام و چەن پادشا کە یەکێک لە وانە (سوڵتان مەحموود غەزنەوی)یە.
بەدوای ئەوانەدا دەڕواتە سەر ژیاننامەی پادشاکان کە باسی زوحاک و فەرەیدوون بەشێکیەتی. ئەو باسانە کە پێوەندیان بە (زوحاک و فەرەیدوون)ەوە هەیە لە لاپەڕە ١٥ تا ٦٠ لە بیست بەشدا بەو ناوانەی خوارەوە بە هۆنراوە داڕێژراوە:

**١ – پادشایی کیومەرس یەکەمین شای عەجەم سی ساڵ بوو.**

**٢ - کوژرانی سیامەک بە دەستی دێو.**

**٣ – هووشەنگ و کەیومەرس ئەڕۆن بۆ جەنگی دێوە ڕەش.**

**٤ – پادشایی هووشەنگ چل ساڵی خایاند.**

**٥ – دامەزراندنی جەژنی سەدە.**

**٦ – پادشایی تەهمورسی دێوبەند سی ساڵ بوو.**

**٧ – پادشایی جەمشید حەوسەت ساڵی خایاند.**

**٨ - داستانی زوحاک لەگەڵ باوکی.**

**٩ – ئیبلیس و خواردن سازکردن.**

**١٠ – دەستەڵاتی جەمشید بەرەو نەمان.**

**١١ – پادشایی زوحاک هەزار ساڵی خایاند.**





**١٢ – فەرەیدوون لە خەونی زوحاک دا.**

**١٣ – ئاموژگاریکردنی فەرەیدوون.**

**١٤ – پرسیاری فەرەیدوون سەبارەت بە رەگەزی خۆی لە دایکی.**

**١٥ – داستانی زوحاک و کاوەی ئاسنگەر.**

**١٦ – فەرەیدوون دەڕوات بۆ جەنگی زوحاک.**

**١٧ – فەرەیدوون کچەکانی جەمشید دەبینێت.**

**١٨ – داستانی فەرەیدوون لەگەڵ وەکیلی زوحاک دا.**

**١٩ – بەندکردنی زوحاک.**

**٢٠ – پادشایی فەرەیدوون پێنجسەد ساڵ بوو.**

***

ئەو بەشانەی کە راستەوخۆ پێوەندیان بە باسی (فیردەوسی و کورد)ەوە هەیە، بریتین لە:

| | |
|---|---|
| **١ - خوالیگری کردن ابلیس** | ئیبلیس و خواردن سازکردن |
| **٢- تباە شدن روزگار جمشید** | دەستەڵاتی جەمشید بەرەو نەمان |
| **٣- پادشاهی ضحاک هزار سال بود** | پادشایی زوحاک هەزار ساڵی خایاند |
| **٤ - بندکردن فریدوون ضحاک را** | فەرەیدوون زوحاک دەخاتە زیندان |

ئەو چوار بابەتەی شانامە لەگەڵ چەن بابەتی دیکەی فارسی کە لەم چەن لاپەڕەدا سوودیان لێوەرگیراوە، بۆ ئاسانکاری بەپێی توانا کردوومە بە کوردی، وەرگێڕانەکەیش لەسەر جۆری وشەبەشەوە نەکراوە، بەڵکو ناوەڕۆکی ئەو رستە یا ئەو هۆنراوە وەرگیراوە. هیوادارم وەک وەرگێڕان تماشای نەکەن <u>من وەرگێڕ نیم</u>، هەر بەو هۆیە خودی بابەتە فارسییەکە لە پەنای کوردییەکەدا نووسراوەتەوە و بە هێڵێک( | ) جیاکراوەتەوە .
هەروەها هەندێ لە بابەتەکانی ئەم باسە دووبارە کرانەتەوە، ئەوەیش هەم وەک سەرچاوە کە چەن نووسەرێک ئاماژەیان پێکردووە، هەم بەهۆی پێویستبوونی باسەکان، ئەنجامدراوە.

**خوالیگری کردن ابلیس**

**جوانی بر آراست از خویشتن**
**سخن گو و بینا دل و پاک تن**
**همیدون به ضحاک بنهاد روی**
**نبودش جز از آفرین گفت و گوی**
**بدو گفت اگر شاهرا در خورم**
**یکی نامور پاک خوالیگرم**
**چو بشنید ضحاک بنواختش**
**ز بهر خورش جایگه ساختش**
**کیلد خورشخانهء پادشا**
**بدو داد دستور فرمان روا**
**فراوان نبود آن زمان پرورش**
**که کمتر بود از کشتنیها خورش**
**جز از رستنیها نخوردند چیز**
**زهر چز زمین سر بر آورد نیز**
**پس آهرمن بد کنش رای کرد**
**بدل کشتن جانور جای کرد**
**ز هر گونه از مرغ و چار پای**
**خورش کرد و یکیک بیاورد بجای**
**بخونش بپرورد بر سان شیر**
**بدآن تا کند پادشا را دلیر**
**سخن هرچه گویدش فرمان برد**
**بفرمان او دل گروگان کند**
**خورش زردەخایه دادش نخست**
**بدآن داشنش چند گه تن درست**
**بخورد و بر او آفرین کرد سخت**
**مزه یافت از آن خوردنش نیکبخت**
**چنین گفت ابلیس نیرنگ ساز**
**که جاوید زی شاه گردنفراز**

**ئیبلیس و خواردن سازکردن**

ئامادە بوو لاوێکی جوانچاک
لاوێکی راوێژخۆش و دڵپاک
خۆیی گەیاندە بارەگای زوحاک
هەڵیدا بە شانوشکۆیدا زۆرچاک
وتی با ئاگاداربێ پادشای دانا
چێشتکەری باشم من لە جهانا
کە زوحاک زانی بەو باس و کارە
سازی کرد چێشتخانەیەکی گەورە
چێشتخانەی پادشا درایە دەستی
کاری دەسپێکرد ئەو بەسەربەستی
ژیانی ئەو دەورە بەجۆرێتر بوو
خواردەمەنی گوشتیی کەمتر بوو
خواردەمەنی میوە و سەوزی بوو
لەوانەی کە لە زەوی پەیا ئەبوو
بەڵام ئەهریمەنی بەدڕەوشت
خوێنی گیاندارانی ئەڕشت
لە گۆشتی مامر و مەڕ و ماڵات
خواردنی دورست ئەکرد هاوکات
پەروەردەی ئەکرد بەخوێن وەک شێر
تا پادشا نەترس بێت و ئازا و دلێر
هەرچی پێدەوت بەو جۆرەی ئەکرد
بە فەرمانی ئەو هەڵسوکەوتی ئەکرد
زەردێنە هێلکەی بۆ کرد بە خۆراک
پێی تەندورس بوو پادشا زۆر چاک
کە چێشتەکەی خوارد لەزەتی لێبرد
دەسخۆشی پێوت سپاسیشی کرد
بەوجۆرەی پێوت ئیبلیسی بەدکار
هەر پایەدار بێت پادشای تاجدار





**که فردات از آن گونه سازم خورش**
**کزو باشدت سربسر پرورش**
**برفت و همه شب سگالش گرفت**
**که فردا ز خوردن چه سازد شگفت**
**دگر روز چون گنبد لاجورد**
**برآورد و بنمود یاقوت زرد**
**خورشها ز کبک و تذرو سفید**
**بسازد و آمد دلی پر امید**
**شه تازیان چون به خوان دست برد**
**سر کم خرد مهر او را سپرد**
**سوم روز خوان را به مرغ و بره**
**بیآراستش گونه گون یکسره**
**بروز چهارم چو بنهاد خوان**
**خورش ساخت از پشت گاو جوان**
**بدو اندرون زعفران و گلاب**
**همان سال خورده می و مشگ ناب**
**چو ضحاک دست اندر آورد و خورد**
**شگفت آمدش زآن هشیوار مرد**
**بدو گفت بنگر که تا آرزوی**
**چه خواهی بخواه از من ای نیکخوی**
**خورشگر بدو گفت کای پادشا**
**همیشه بزی شاد و فرمان روا**
**مرا دل سراسر پر از مهر تست**
**همه توشهء جانم از چهر تست**
**یکی حاجتم ز نزدیک شاه**
**وگر چه مرا نیست این پایگاه**
**که فرمان دهد شاه تا کتف اوی**
**ببوزم بمالم برو چشم و روی**

بۆ سبەی چێشتێک لێدەنێم بۆتان
هەتا پێی شاد بی هەردەم لە ژیان
بیری کردەوە ئەو شەو تا بەیان
چ چێشتێ سازکا لەبۆیان ئەوان
بەیانی کاتێک کە تاو هاتەدەر
جهان رووناک بوو هەموو سەرانسەر
لە گۆشتی کەو و گۆشتی گەڵەباب
چێشتی بۆ لێنا چێشتێکی نایاب
کە شای عەرەب دەستی برد بۆ خوان
سەرسام بوو هاوکات لە کاری ئەوان
رۆژی سێیەم بە مامر و بەرخ
خوان رازاندۆ خوانێکی بەنرخ
لە گۆشتی گوێلک بۆ رۆژی چوارەم
چێشتی بۆ لێنا بەبێ دەرد و خەم
بە گوڵاو و مەی کۆن و زەعفەران
سفرەی و خوانی رازانۆ زۆر جوان
کە چێشتەکەی خوارد زوحاکی پاشا
سەرسام بوو لە کار ئەو پیاوی دانا
وتی ئارەزووت چییە لە جهان
با بۆت ئەنجامدەم ئەمن هەموویان
چێشکەریش وتی ئەی شایی جهان
هەر پایەداری بیت هەتا دێرزەمان
خۆشەویستی تۆ ئارەزووی منە
شادی و سەربەرزیت ئاواتی منە
هەمە داخوازییەک ئەمن لەلای شا
هەرچەن کە نیمە ئەو پلە و جێگا
ئەمەوێ ماچکەم هەردوو شانی تۆ
دەستیان پیابێنم بە ئارەزووی خۆ

چو ضحاک بشنید گفتار اوی
نهانی ندانست بازار اوی
بدو گفت دادم من این کام تو
بلندی بگیرد مگر نام تو
بفرمود تا دیو چون جفت او
همی بوسه زد بر کتف او
چو بوسید شد در زمین ناپدید
کس اندر جهان این شگفتی ندید
دو مار سیه از دو کتفش برست
غمی گشت و از هر سوی چاره جست
سرانجام ببرید هر دو ز کتف
سزد گر بمانی ازو در شگفت
چو شاخ درخت آن دو مار سیاه
برآمد دگر باره از کتف شاه
پزشکان فرزانه گرد آمدند
همه یک بیک داستانها زدند
زهر گونه نیرنگها ساختند
مر آن درد را چاره نشناختند
بسان پزشکی پس ابلیس تفت
بفرزانگی نزد ضحاک رفت
بدو گفت کین بودنی کار بود
بمان تا چه ماند نباید درود
خورش ساز و آرامشان ده بخورد
نشاید جز این چارهء نیز کرد
بجز مغز مردم مده شان خورش
مگر خود بمیرند ازین پرورش
نگر نره دیو اندر آن جستوجو
چه جست و چه دید اندرین گفتگو
مگر تا یکی چاره سازد نهان
که پردخته ماند ز مردم جهان





زوحاک گوێی دابوو بە وتەکانی
بەڵام نەیئەزانی بە نهێنییەکانی
وتی ئارەزووت دەبێت جێبەجێ
ئەگەر ئەو کارە لەبۆ تۆ باشبێ
پاشان کوتی هەر ئەو کات
شانی ماچ کاو بگاتە ئاوات
کاتێ کە شانی زوحاکی ماچکرد
لە پێش چاو ونبوو خێرا دەستوبرد
لەجێ ماچەکان هاوکات دوو رەش مار
سەری هەڵدا و زوحاک بوو خەمبار
پاشان مارەکان هەر دوو لە بندا
سەریان پەڕێنرا لەسەر شانی شا
بەڵام هەر ئەو کات وەکو لکی دار
سەری هەڵداوە لەسەرشان دوو مار
کۆبوونەوە زانا و پزشکان
تا بکەن چارەی مارەکان ئەوان
ئەوەی کە بۆیان دەکرا کردیان
بەڵام نەکرا چارەی مار بۆیان
وەک دوکتۆر ئیبلیسی بەدکار
چووەوە لای زوحاک ئەمجار
وتی ئەم کارە چارەی ئەکرێ
دەبێ بزانی چیتان بۆ دەکرێ
خواردنیان بەرێ تا بگرن ئۆقرە
بەو جۆرە نەبێت ناکرێن چارە
جگە لە مێشکی مرۆڤ نییە خۆراکیان
بەڵکو بەو جۆرە دوایی بێت ژیانیان
بزانە ئێستا ئەم دێوە پەستە
لەم گفتوگۆیە چییان مەبەستە
بەڵکو کەسێک چارەیان بکا
تا خەڵک لە جهان بنبڕ نەکا





## تباه شدن روزگار جمشید

از آن پس برآمد از ایران خروش
پدید آمد از هر سوی جنگ و جوش
سیه گشت رخشنده روز سفید
گسستند پیوند با جمشید
برو تیره شد فره ایزدی
بکژی گرائید و نا بخردی
پدید آمد از هر سوی خسروی
یکی نامداری ز هر پهلوی
سپه کرده و جنگرا ساخته
دل از مهر جمشید پرداخته
یکایک از ایران برآمد سپاه
سوی تازیان برگرفتند راه
شنودند کآنجا یکی مهتر است
پر از هول شاه اژدها پیکر است
سواران ایران همه شاه جوی
نهادند یکسر بضحاک روی
بشاهی برو آفرین خواندند
ورا شاه ایران زمین خواندند
کی اژدهافش بیآمد چو باد
بایران زمین تاج بر سر نهاد
از ایران و از تازیان لشکری
گزین کرد گردان هر کشوری
سوی تخت جمشید بنهاد روی
چو انگشتری کرد گیتی بروی
چو جمشید را تخت شد کندرو
بتنگ آوریدش جهاندار نو
برفت و بدو داد تخت و کلاه
بزرگی و دیهم و کنج و سپاه





## دەسەڵاتی جەمشید بەرەو نەمان

پاشان لە ئێراندا بوو بە ئاژاوە
بوو بە جەنگوهەرا لە هەر لاوە
ڕۆژی ڕووناک بوو بە تاریکی
لەگەڵ جەمشیدا بوو بە ناکۆکی
یەزدانی مەزن رووی لێوەر گێڕا
ئارامی لێکرد بە جەنگ و هەرا
پاشاگەردانی رووی کردە وڵات
ئەوەی کە هەیبوو هێزودەسەڵات
ئامادەی ئەکرد لەشکر و سپا
هەتا بجەنگێ لەگەڵ جەمشیدا
لە ئێرانەوە لەشکر و سپا
لەبۆ لای عەرەب کەوتنە ڕێگا
بیستبوویان کە کەسێک وا لەوێ
خاوەن دەسەڵاتە و پێگە و جێ
بۆ پەیاکردنی شایەک بۆ ئێران
چوونە لای زوحاک سواران هەموویان
ئەویان کرد بە شا بە شای خۆیان
تا فەرمانڕەوا بێت لە خاکی ئێران
هەر وەک ئەژدها بۆ ئێران ڕۆیشت
تاجی نایە سەر لەبان تەخت دانیشت
لەشکرێکی ساز کرد عەرەب و ئێرانی
لە هەموو شوێنێک لە جەنگاوەرانی
پاشان هێرشی بۆ سەر جەمشید برد
جهانی ئەوی هەموو داگیرکرد
جەمشید کە زانی دەوری گیراوە
توانای نەبەرد و جەنگی نەماوە
بارەگای جێهشت بە تەخت و تاجۆ
بە سەروەت و سامان و سپا و گەنجۆ

**نهان گشت و گیتی برو شد سیاه**
**سپردش بضحاک تخت و کلاه**
**چو صد سالش اندر جهان کس ندید**
**ز چشم همه مردمان ناپدید**
**صدم سال روزی به دریای چین**
**پدید آمد آن شاه ناپاک دین**
**چو ضحاکش آورد ناگه بچنگ**
**یکایک ندادش زمانی درنگ**
**باره مرورا بدو نیم کرد**
**جهانرا ازو پاک و بی بیم کرد**

دەرباز بوو پاشان خۆی بۆ شاردەوە
تاج و تەختەکەی بۆ زوحاک مایەوە
هەتاکو سەد ساڵ کەس نەئدەزانی
بە ماڵ و جێگە و شوێنی ژیانی
لە پاش سەد ساڵا لە دەریای چین
پەیدا بوو ئەو شای بێدین و ئایین
کاتێ کە زوحاک ئەوی کرد پەلبەس
دەرفەتی نەدا کوشتی دەمودەس
بە هەرە کردی بە دوو کەرتەوە
کارنامەی ژیانی گشت رەشکردەوە.

***

**پادشاهی ضحاک هزار سال بود**

**چو ضحاک بر تخت شد شهریار**
**برو سالیان انجمن شد هزار**
**سراسر زمانه بدو گشت باز**
**بر آمد برین روزگاری دراز**
**نهان گشت آئین فرزانگان**
**پراکنده شد کام دیوانگان**
**هنر خوار گشت جادوئی ارجمند**
**نهان راستی آشکارا گزند**
**شده بر بدی دست دیوان دراز**
**ز نیکی نبودی سخن جز براز**
**دو پاکیزه از خانه جمشید**
**برون آوردیدند لرزان چو بید**
**که جمشید را هر دو دختر بدند**
**سر بانوانرا چو افسر بدند**
**ز پوشیده رویان یکی شهرناز**
**دگر ماهروئی بنام ارنواز**

**پادشایی زوحاک هەزار ساڵی خایاند**

کاتێ کە زوحاک بووە تاجدار
پادشاییەکەی گەییە هەزار ساڵ
بۆ پاش گەڕاوە رەورەوەی ژیان
وا دەرباز ئەبوو کرداری زەمان
ژیانیی زانایان لە تاڵیدا بوو
نادانان ژیانیان لە خۆشیدا بوو
نەزانی مەزن زانستیش بچووک
راستی بێنرخ و بێبەها و سووک
لەبۆ کاری بەد ئازاد بوون دێوان
چاکەیش هەر نەبوو ناوی لەناوان
لە ماڵی جەمشید دوو جوانی نازدار
برانە دەرۆ بە ترس و ئازار
هەر دوو ئەوانە کچی جەمشید بوون
تاجی سەرسەری جوانانی جوان بوون
شەهرناز ناوی یەکێ لەوان بوو
ئەوی دیکەیان ئەرنەواز ناو بوو





**بایوان ضحاک بردند شان**
**بدآن اژدهافش سپردندشان**
**بپروردشان از ره بد جوئی**
**بیآموخت شان کژی و جادوئی**
**ندانست خرد جز بد آموختن**
**جز از کشتن و غارت و سوختن**
**چنان بد که هر شب دو مرد جوان**
**چه کهتر چه از تخمهء پهلوان**
**خورشگر ببردی بایوان شاه**
**وزو ساختی راه درمان شاه**
**بکشتی و مغزش ببرداختی**
**مر آن اژدها را خورش ساختی**
**دو پاکیزه از کشور پادشا**
**دو مرد گرانمایهء پارسا**
**یکی نامش ارمایل پاکدین**
**دگر نام گرمایل پیشبین**
**چنان بد که بودند روزی بهم**
**سخن رفت هر گونه از بیش و کم**
**ز بیدادگر شاه و از لشکرش**
**وز آن رسمهای بد اندر خورش**
**یکی گفت مارا بخوالیگری**
**بباید بر شاه رفت آوری**
**وز آن پس یکی چاره ساختن**
**زهر گونه اندیشه انداختن**
**مگر زین دو تنرا که ریزند خون**
**یکیرا توان آوردیدن برون**
**برفتند و خوالیگری ساختند**
**خورشها باندازه پرداختند**
**خورش خانهء پاشاه جهان**
**گرفت آن دو بیدار خرم نهان**

ئەوان برانە کۆشکەکەی زوحاک
خرانە بەردەس ئەژدیهای ناپاک
پەروەردەی کردن لەبۆ بەدکاری
لەبۆ ئەفسوون و لەبۆ لاساری
جگە لە بەدی کارێکەی نەبوو
کوشتار و تاڵان کار و پیشەی بوو
وەهابوو هەر شەو دوو لاوی جوان
لە دەستەی لاواز یاخۆ پاڵەوان
چێشتکەر دەیبردن بۆ کۆشکی پاشا
ئەکران بە دەرمان بۆ دەردەکەی شا
لە پاش کوژرانا دەرئەهات مێشکیان
لەبۆ ئەژدیها بە چێشت ئەکران
لە وڵاتی پاشا دوو مرۆڤی دڵپاک
دوو پیاوی مەزن دوو دینداری چاک
یەکیان بەناوی ئەرمایل پاکدین
ئەوی دیکەیان گەرمایل پێشبین
رۆژێک دانیشتبوون ئەوان
ئەدووان پێکەوە بۆ خۆیان
لە ستەمکاری شا و سپاکەی
لە کردار بەد و لە خواردنەکەی
یەک لە وان وتی با ئێمە خۆمان
بین بە چێشتکەر هەر لە دیواخان
پاشان بە باشی بیر ئەکەینەوە
چارەی ئەو کارەیش ئەدۆزینەوە
کە دەبێ بکوژرێ لە لاوان دوو کەس
دەربازی ئەکەین بۆ خۆمان یەک کەس
بوون بە چێشتکەری پادشا پاشان
چێشتیان لێدەنا لەبۆ شا ئەوان
دەسیانگرت بەسەر چێشتخانەی شا
ئەو دوو مرۆڤە زیرەکە و زانا

**چو آمدش هنگام خون ریختن**
**ز شیرین روان اندر آویختن**
**از آن روزبانان و مردم کشان**
**گرفته دو مرد جوانرا کشان**
**زنان پیش خوالیگران تاختند**
**زبالا بروی اندر انداختند**
**پر از درد خوالیگرانرا جگر**
**پر از خون دو دیده پر از کینه سر**
**همی بنگرید این بدآن آن بدین**
**ز کردار بیداد شاه زمین**
**از آن دو یکیرا بپرداختند**
**جز این چارهء نیز نشناختند**
**برون کرد مغز سر گوسفند**
**بر آمیخت با مغز آن ارجمند**
**یکیرا بجان داد زنهار و گفت**
**نگر تا بیآری سر اندر نهفت**
**نگر تا نباشی بآباد شهر**
**ترا در جهان کوه و دشتست بهر**
**بجای سرش زآن سر بی بها**
**خورش ساختند از پی اژدها**
**ازین گونه هر ماهیان سی جوان**
**ازیشان همی یافتندی روان**
**چو گرد آمدندی ازیشان دویست**
**بر آنسان که نشناختندی که کیست**
**خورشگر بریشان بز و چند میش**
**بدادی و صحرا نهادیش پیش**
**کنون کرد از آن تخمه دارد نژاد**
**کز آباد نیآید بدل برش یاد**
**بود خانهاشان سراسر پلاس**
**ندارند در دل ز یزدان هراس**

کاتێ کە کاتی کوشتنیش دەبوو
کاتی کێشانی گیانی شیرین بوو
کاربەدەستانی بەدکارە و پەست
دوو لاویان ئەکرد بەپلە پەلبەست
دەیانخستنە بەردەس چێشتکەران
دەمەوڕوو ئەدران بە ئەرزا بۆیان
چێشتکەران دەبوون دڵتەنگ و خەمبار
چاو بە فرمێسک و دەروون پڕ ئازار
دەیانڕوانی بۆ یەکتر هەر دوو
لە ستەمکاری پادشایی بەدخوو
دەست دەکرا بەکار لەسەر یەک لەوان
چارەیان نەبوو ناچار بوون ئەوان
هاوکات مێشکی مەڕێک ئەهێنرا
ئاوێتەی مێشکی ئەو کەس ئەکرا
دەیانوت بە وەی کە نەکوژرا بوو
خۆت بشارەوە ئەتۆ زووبەزوو
نابێت تۆ بژیت لە نێو شاران
پێویستە بڕۆیە دەشت و کۆساران
لەبری مێشکی ئەو مێشکێ بێبەها
دەکرا بە چێشت لەبۆ ئەژدیها
بەو جۆرە هەر مانگ سی کەس لە لاوان
دەربازیان دەکرد لە کوشتن ئەوان
بوون بە دووسەد کەس تێکڕای ئەوان
کەس نەیدەزانی بە شوێن و جێیان
پاشان چێشتکەران مەڕ و بزنیان
بردە دەشت و کێو لەبۆ لاوەکان
ئێستا کورد لەو ریشە و رەگەزەن
کە حەز بە ئاوەدانی ناکەن
ترسیان نییە لە یەزدان
لە پلاسە خانوەکانیان





**پس آئین ضحاک واژونه خو**
**چنان بد که چون می بدش آرزو**
**ز مردان جنگی یکی خواستی**
**بکشتی که با دیو بر خاستی**
**کجا نامور دختر خوبروی**
**بپرده درون پاک بی گفت و گوی**
**پرستنده کردیش بر پیش خویش**
**نه رسم کی بد نه آئین نه کیش**

کاروکردەوەی زوحاکی بەدخوو
وەهابوو کە خۆی ئەیکرد ئارەزوو
لەبۆ کوشتنی پیاوی بە بڕشت
پیلانی بێگانەپەرەستی دائەڕشت
کچێک ببوایە جوان و بەناوبانگ
دەیبردە کۆشک بە مەکر و نیرەنگ
پەروەردەی دەکرد بۆخۆی لەلای خۆ
لە یاسای شا و ئایین نەبوو گفتوگۆ

***

### داستان ضحاک با کاوه آهنگر

**چو کاوه برون آمد از پیش شاه**
**برو انجمن گشت بازارگاه**
**همی بر خروشید و فریاد خواند**
**جهانرا سراسر سوی داد خواند**
**از آن چرم کآهنگران پشت پای**
**بپوشید هنگام زخم درای**
**همان کاوه آن بر سر نیزه کرد**
**همانگه ز بازار برخاست گرد**
**خروشان همی رفت نیزه بدست**
**که ای نامداران یزدان پرست**
**کسی کو هوای فریدون کند**
**سر از بند ضحاک بیرون کند**
**یکایک بنزد فریدون شویم**
**بدآن سایهء فر او بغنویم**
**بگوئید که این مهتر آهرمنست**
**جهان آفرینرا بدل دشمنست**
**بدآن بی بها نا سزاوار پوست**
**پدید آید آواز دشمن ز دوست**

### بەسەرهاتی زوحاک و کاوەی ئاسنگەر

کاتێ کە کاوە لای شا هاتە دەر
لێی کۆبوونەوە بازاری یەکسەر
هاواری ئەکرد لە بێدادگەری
خەڵکی هان ئەدا بۆ دادپەروەری
پاشان پێشدامێنە چەرمییەکەی
پێشدامێنی ئاسنگەرییەکەی
کە کرد بەسەر رمەوە
لە بازاردا بوو ئاژاوە
رم بە دەسەوە ئەیوت بە ئەوان
وەرنە ریزەوە یەزدان پەرستان
کسێک هۆگری فەرەیدون بێ
لە کۆتی زوحاک رەزگاری ئەبێ
بۆ لای فەرەیدوون برۆین زووبەزوو
لە پەنای ئەو دا یەکگرین هەموو
بڵێین زوحاکی ئیبلیس و بەدکار
دوژمنی ئەکات لەگەڵ کردگار
بەهۆی ئەو پێستە بێنرخو بێبەها
دۆستی بەهێز بوو دوژمنیش نەما

همی رفت پیش اندرون مرد گرد
سپاهی برو انجمن شد به خرد
بدانست خود کآفریدون کجاست
سر اندر کشید و همی رفت راست
بیامد بدرگاه سالار نو
بدیدندش از دور برخاست غو
چو آن پوست بر نیزه بر دید کی
بنیکی یکی اختر افگند پی
بیآراست آنرا بدیبای روم
ز گوهر برو پیکر از زر بوم
بزد بر سر خویش چون گرد ماه
یکی فال فرخ پی افگند شاه
فروهشت ازو سرخ و زرد و بنفش
همی خواندش کاویان درفش
از آنپس هرآنکس که بگرفت گاه
بشاهی برسر بر نهادی کلاه
برآن بیبها چرم آهنگران
برآویختی نو بنو گوهران

بێترس و بێباک کاوە کەوتە رێ
سپایش بە دوویدا ڕۆیی دەسبەجێ
کاوی شارەزایی شوێنی فەرەیدوون
رێگای ئەبڕی بەبێ ماندووبوون
گەییە بەر دەرکی فەرەیدوون سالار
خەڵکی بە تێکڕا کەوتنە هاوار
پێستەکەی کە دی بە سەر رمەوە
چووە پێشوازی زۆر بە ڕێزەوە
بە زێڕ و زێو و بە پارچەی رۆمی
رازاندییەوە ئەو ئاڵای چەرمی
چووە ژێر سایەی ئاڵاکە خێرا
بە شادییەوە فەرەیدوونی شا
ئاڵای سوور و زەرد و بەنەوشی
بووی بە ئاڵا، ئاڵای پادشایی
لەو کاتەوە ئەوەی ببوایەت بە شا
ئەوەی تاجی پادشایی لەسەر دەنا
رێزی ئەو پێشدامێنەی ئەگرد
بە زێڕ و بە زیو تەیاری ئەکرد

***

**بندکردن فریدوون ضحاکرا**
....

ببردند ضحاک را بسته خوار
به پشت هیونی بر افکنده زار
همی راند ازین گونه تا شیرخوان
جهان را چو این بشنوی پیر خوان
بسا روزگارا که بر کوه و دشت
گذشتست و بسیار خواهد گذشت
بران گونه ضحاک را بسته سخت
سوی شیر خوان برد بیدار بخت

**فەرەیدوون زوحاک ئەخاتە زیندان**
....

لە پشت وشترێ زوحاک دابەسرا
بە سەرشۆڕییەوە خرایە رێکا
بردیان بەو جۆرە هەتاکو شیرخان
خەڵک بەو باسە کەوتنە رامان
رۆژگار بینیویە لە دەشتودەرا
گەلێ رۆیشتوون ئەیشڕۆن لەمەولا
دابەسترا بوو بەو جۆرە زوحاک
بردی بۆ شێرخان پادشای بێباک





همی راند او را به کو اندرون
همی خواست کارد سرش را نگون
بیامد هم آنگه خجسته سروش
به خوبی یکی راز گفتش به گوش
که این بسته را تا دماوند کوه
ببر همچنان تازیان بی گروه
مبر جز کسی را که نگزیردت
به هنگام سختی ببر گیردت
بیاورد ضحاک را چون نوند
به کوه دماند کردش ببند
چو بندی بر آن بند بفزود نیز
نبود از بد بخت مانیده چیز
ازو نام ضحاک چون خاک شد
جهان از بد او همه پاک شد
گسسته شد از خویش و پیوند او
بمانده بدان گونه در بند او
به کوه اندرون تنگ جایش گزید
نگه کرد غاری بنش ناپدید
بیاورد مسمارهای گران
بەجایی که مغزش نبود اندران
فروبست دستش بر آن کوه باز
بدان تا بماند به سختی دراز
بماند او بر آن گونه آویخته
وزو خون دل بر زمین ریخته
بیا تا جهانرا ببد نسپریم
بکوشش همه دست نیکی بریم
نباشد همی نیک و بد پایەدار
همان به که نیکی بود یادگار
همان کنج و دینار و کاخ بلند
نخواهد بدن مر ترا سودمند

دابوویە پێش بەرەو کێو هەروا
ویستی بە چەقۆ لە ژیانی بخا
لەو کاتەدا پەیا بوو یەک فریشتە
سرتانی بە گوێیدا ئەو چەن رستە
هەتا دەماوەند بەو جۆرە ببە
عەرەب بە کۆمەڵ لەگەڵ خۆت مەبە
کەسانێک ببە لەگەڵ خۆت ئەتۆ
لە تەنگانەدا خەمخۆر بن بۆ تۆ
زوحاکی خێرا بردە دەماوەند
پاشان خستییە ناو زیندان و بەند
ویستی زیندانێ لە دەوری سازکا
بەڵام هیچ نەبوو کاری پێبکا
زوحاکی بەو جۆرە لە ناو برد
جهانی لە بەدیەکانی ئازاد کرد
بەبێ خزم و کەس راگیرا لەوێ
هەتا بەو جۆرە لە بەندا برزێ
دۆزییەوە ئەشەوتێکی تەنگ و تار
لە کێو دەماند کە بنیی نەبوو دیار
بزماری هێنا درێژ و گەورە
کوتایە دیوار خێرا بە پەلە
دەستی بەستەوە بە کیوەکەدا
هەتا بەو جۆرە ئازاری بدا
هەڵیواسی بوو بەدەستی بەسراو
هەتا بەو جۆرە هەڵبێنێ خوێناو
وەرن تێکۆشین بەدی لە ناو بەین
لە پێناو چاک خۆمان ماندوو کەین
نە بەد و نە باش نامێنێت بۆمان
وەها باشترە چاک بین لە ژیان
زێڕ و زێو و کۆشکی بەرز
ناکەن ئەتۆ شاد و سەربەرز

| | |
|---|---|
| **سخن ماند از تۆ همی یادگار** | زمان شیرین و چاکبێژبە ئەتۆ |
| **سخنرا چنین خوارمایه مدار** | سەرمایەی ژیان زمانە بۆ تۆ |
| **فریدون فرخ فرشته نبود** | فریشتە نەبوو فەرەیدوون تاجدار |
| **ز مشک و ز عنبر سرشته نبود** | دورست نەکرا بوو لە گوڵی بۆندار |
| **بداد و دهش یافت نیکوئی** | خەڵات و بەخشش ئەوی کرد بڵەند |
| **تو داد و دهش کن فریدون توئی** | ئەتۆیش وەهابی ئەبی ئەرجومەند |
| **فریدون ز کاری که کرد ایزدی** | کارێ کە کردی لەبۆ یەزدان ئەو |
| **نخستین جهانرا بشست از بدی** | بەدی لەناو برد لە جهاندا ئەو |
| **یکی بیشتر بند ضحاک بود** | زوحاک کەسێکی ستەمکار بوو |
| **که بیداگر بود و ناپاک بود** | چەپەڵ و ناپاک و بەدکار بوو |
| **و دیگر که گین پدر باز خواست** | فەرەیدوون تۆڵەی باوکی کردەوە |
| **جهان ویژه بر خویشتن کرد راست** | جهانی دووبارە بەدەست گرتەوە |
| **سه دیگر که گیتی ز نابخردان** | کارێکی دیکە کە ئەو بۆیی کرا |
| **بیالود و بستد ز دست بدان** | جهان لە بەدی پاک رزگار کرا |
| **جهانا چه بد مهر و بد گوهری** | زەمان چەن بەد ڕەوشتی ئەتۆ |
| **که خود پرورانی و خود بشکری** | چەن چەپ و چەپکرداری ئەتۆ |
| **نگه کن کجا آفریدون گرد** | ئەو فەرەیدوونە دلێرە و دانا |
| **که از پیر ضحاک شاهی ببرد** | کە دەسەڵاتیی زوحاکی وەلانا |
| **به بد در جهان پانصد سال شاه** | پێنسەد ساڵ شا بوو لە جهان |
| **بآخر شد و ماند ازو جایگاه** | رۆیشت و چووە کاروانی ئەمان |
| **برفت جهان دیگری را سپرد** | رۆیشت و جهانی گشت جێهێشت |
| **بجز حسرت از دهر چیزی نبرد** | جگە لە خەفەت هیچت پێنەهێشت |
| **چنینیم یکسر که رمه همه** | هەمووومان ئەژین هەر وەکو مێگەل |
| **تو خواهی شبان باش و خواهی رمه** | جا خۆت بڕیاردە شوانی یا مێگەل}. |

شانامە بەرگی(۱) ل ۳۱ تا ۵۷





## شانامە فەرهەنگی (هیچ و پوچی)

### ١ - پێناسەی شاکان

شانامە پێناسەی شاکانی ئێرانە، ئەو کارەیش بەپێی داخوازی سوڵتان مەحموود غەزنەوی بووە لە فیردەوسی. فیردەوسی لە هۆنراوەیەکدا بەو جۆرە باسی کارەکەی خۆی دەکات:

| | |
|---|---|
| **چو دارای داراب و بهمن همان** | وەک دارای داراب و بەهمەن شا |
| **سکندر که بود شاه شاهنشهان** | ئەسکەندەریش پادشای گشت شا |
| **چو اردشیر و چو شاپور او** | وەک ئەردەشیر و کوڕی ئەردەشیر |
| **چو بهرام و نوشیروان نکو** | وەک بەهرام و نەوشیروانی ژیر |
| **چنین نامداران گردنکشان** | هەروەها دلێرانی ئازا و بێباک |
| **که دادم یکایک از ایشان نشان** | ناوم هێناون هەمویان سەرپاک |
| **همه مرده از روزگار دراز** | ناویان نەمابوو لە رووی رۆژگار |
| **شد از گفت من نامشان زنده باز** | زندوومکردنەوە کەوتنەوە سەرزار |
| **یکی بندگی کردم ای شهریار** | کارێ وەهام کرد بۆ تۆیی تاجدار |
| **که ماند ز تو در جهان یادگار** | ناوت بمێنێت هەر دەم پایەدار |
| **بناهیای آباد گردد خراب** | کۆشک و سەراکان لە رەوتی ژیان |
| **ز باران و از تابش آفتاب** | نابن پایەدار لە بەر با و باران |
| **پی افکندم از نظم کاخ بلند** | بە هۆنراوە دامناوە وەها کۆشکێ |
| **که از باد باران نیابد گزند** | کە نە با و نە باران پێی نەشکێ |

دیباچەی شانامە ل ۱۰۲

بەپێی باسەکانی شانامە هەرچی کاری باش و بەنرخە یا خودی شاکان ئەنجامیانداوە یا بە رانمای ئەوان بووە، نموونە:

**(کەیومەرس یەکەمین کەس و یەکەمین شا بوو کە لەگەڵ دێو و گیاندارە دەڕندەکان دەکەوێتە جەنگەوە و لە پێستی گیانداران جل و بەرگ ساز دەکات.)**

سەرچاوە: کتێبی تمدن و فرهنگ ایران از آغاز تا دوره پهلوی ل ۲۱۹

نموونە لە شانامەیش وەک:

| | |
|---|---|
| **کیومرث شد بر جهان کدخدای** | کاتێ کەیومەرس شای جهان بوو |
| **نخستین بکوه اندرون ساخت جای** | جێگەی ژیانی لە نێو کێوان بوو |
| **سر تخت و بختش برآمد ز کوه** | کار و فەرمانی لە وێوە دستپێکرد |
| **پلنگینه پوشید خود با گروه** | پێستی پڵەنگی وەک جل لە بەرکرد |
| **ازو اندر آمد همی پرورش** | لە وەوە داهات شێوەی ژیان و ژین |
| **که پوشیدنی نو بد و نو خورش** | خۆراک سازکردن هەم بەرگ پۆشین |

شانامە بەرگی(۱) ل ۱۵

لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە: پێش کەیومەرس کەس لە جهاندا نە ژیاوە تا خواردن و جلوبەرگ ساز بکات؟ ئەو زانایانەی کە سەبارەت بە مرۆڤ کاری لێکۆڵینەوەیان ئەنجامداوە، لەسەر ئەو باوەڕەن مرۆڤ لە پێشدا لە ئەفریقاوە سەری هەڵداوە، پاشان لە رەوتی ژیاندا لە شوینەکانی دیکە جێگیر بووە. بۆ کەیومەرس یەکەمین کەس بووە؟!

**۲ - دۆزینەوەی ئاگر**

هووشەنگ بە رێکەوت ئاگر ئەدۆزێتەوە. هووشەنگ بەیارمەتی ئاگر ئاسنی لە بەرد دەرهێنا و شتوومەکی لە ئاسن سازکرد و خەڵکی فێری کاری کشتوکاڵ و کەویکردنی ئاژەڵ و پەلەوەرە کێوییەکان کرد.

سەرچاوە :کتێبی تمدن و فرهنگ ایران از آغاز تا دوره پهلوی ل ۲۱۹

بەپێی باسەکانی شانامە هووشەنگ شا بووە، خاوەنی لەشکر و سپا و تاج و تەخت بووە. ئەو تاجە زێرینەی شا بەبێ ئاگر چۆن دورستکراوە؟ پرۆسەی سوود وەرگرتنی مرۆڤ لە ئاگر پێش





دورستبوونی سیستمی شایی بووە. مرۆڤ لەو رۆژەوە کە لە جەنگەڵ و ئەشکەوتەکان هاتووەتە دەرەوە و ژیانی لە گوندی چەن ماڵیدا بەسەر بردووە سوودی لە ئاگر وەرگرتووە. پاش گەشەکردنی گوندنشینی رەوتی خێڵ و تایفە و سەرۆک خێڵ هاتووەتە ئاراوە، پاشان دەسەڵاتی سەرۆک خێڵ و تایفە پەرە دەگرێت و سیستمی پادشایی دێتە سەرکار. بۆ هووشەنگ یەکەمین کەس بووە ئاگری دۆزیوەتەوە.

| **پیدا شدن آتش** | **دۆزینەوەی ئاگر** |
|---|---|
| **یکی روز شاه جهان سوی کوه** | رۆژێ لە رۆژان پادشای جهان |
| **گذر کرد با چند کس هم گروه** | لەگەڵ چەن کەسا ئەچوو بۆ کێوان |
| **پدید آماد از دور چیزی دراز** | لە دوورۆ دەرکەوت شتێکی باریک |
| **سیه رنگ و تیزه تن تیز تاز** | گورچ و تیژپەر بە رەنگیش تاریک |
| **دو چشم از بر سر چو دو چشمه خون** | چاوگەلی چما دوو پیاڵە خوێن بوو |
| **ز دود دهانش جهان تیره گون** | لەبەر هەناسەی جهان تاریک بوو |
| **نگه کرد هوشنگ با هوش و سنگ** | سەرنجی لێدا هووشەنگی ئازا |
| **گرفتش یکی سنگ و شد پیش جنگ** | دەستی دایە بەرد بێترس و پەروا |
| **به زور کیانی رهانید ز دست** | بە هەموو هێزی خستی لەبۆ مار |
| **جهانسوز مار از جهانجو بجست** | ماری نەپێکا هووشەنگی هوشیار |
| **برآمد به سنگ گران سنگ خرد** | بەردەکە درا لە بەردێکی تر |
| **هم آن و هم این سنگ بشکست خرد** | شکا هەر دوو بەرد هاوکات کوتوبر |
| **فروغی پدید آمد از هر دو سنگ** | پزوزسکێ دەرکەوت لە دڵی بەردان |
| **دل سنگ گشت از فروغ آذرنگ** | پزوزسک بۆ بە گڕ لە نێوان ئەوان |
| **نشد مار کشته و لیکن ز راز** | مارەکە نە کوژرا بەم جەنگە |
| **پدید آمد آتش از آن سنگ باز** | ئاگر پەیدا بوو ئەوە گرنگە |
| **جهاندار پیش جهان آفرین** | هووشەنگ شا لە پیش دانەری جهان |
| **نیایش همی کرد و خواند آفرین** | کەوتە کڕنۆش و ستایش ئەوان |
| **که او را فرغی چنین داد** | کە رووناکییەکی وەهای پێبەخشی |
| **همین آتش آنگا قبله نهاد** | ئاگرەکەی کردە مەکۆی کڕنۆشی |

| | |
|---|---|
| **بگفتا فروغ است ایزدی** | کوتی هەر ئەمە چرای یەزدانە |
| **پرستید باید اگر بخردی** | ستایشکردنی مایەی ژیانە |
| **شب آمد برافروخت آتش چو کوه** | شەو هات بەسەرا ئاگر خۆشکرا |
| **همان شاه در گرد او با گروه** | شا و یارانی گەڕان بە دەوریا |
| **یکی جشن کرد آن شب و باده خورد** | لە بەر ئاگرا بادەیان نۆشی |
| **سده جشن آن فرخنده کرد.** | کردیان بە کاتی خەمفەرامۆشی. |

شانامە بەرگی(1) ل ٢٠

**٣ – لە ناوبردنی نەخۆشین و مردن**

**جەمشید زانستی پزشکی داهێنا و دەرد و نەخۆشین و مردنی لەناو برد.**

سەرچاوە: کتێبی (تمدن و فرهنگ ایران از آغاز تا دوره پهلوی) ل ٢١٩

| | |
|---|---|
| **چنین سال سیصد همی رفت کار** | تێپەڕی سێصد ساڵ بەو جۆرە |
| **ندیدند مرگ اندر آن روزگار:** | کەس مەرگی نەبینی لەو دەورە |

شانامە بەرگی (1) ل ٢٧

ئەو باسە کە جەمشید ئەو کارانەی کردووە، جێگەی سەرنجە! لە ئەمڕودا کە زانستی مرۆڤ رۆژبەرۆژ لە گەشەکردن دایە و هەزاران مرۆڤی زانا و بە توانا لە لابراتۆرەکاندا بە هێزی زانستی نوێی رۆژانە و بە پشتیوانی دەسکەوتی زانایانی پێش خۆیان خەریکی کاری لێکۆڵینەوەن بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکان و رۆژبەڕۆژ بە دەسکەوتی نوێ دەگەن، لەگەڵ ئەو هەموو دەسکەوتانەی کە بەدەستیان هێناوە، نەیانتوانیوە بەو ئاکامە بگەن و بڵێن: مردن لەناو براوە! بەڵام لە فەرهەنگی شاپەرەستیدا زۆر بە ئاسانی ئەو باسانە دەکرێت، ئەوەیش لە سەردەمی پادشایی **(محەممەدرەزا پەهلەوی)** لە کتێبی مێژوویيدا چاپ





دەکرا و دەرخواردی خوێنکاران لە پۆلەکانی سەرەتایی و ناوەندی و زانستگایی ئەدرا.

**٤ – رەگەزی شاکان**

بەپێی فەرهەنگی شانامە هەر کەس بووبێت بە شا بە بنەماڵە و رەچەڵەک دەچێتەوە سەر شاکان، تەنانەت ئەگەر لە کونە ئەشکەوت و غاریشدا گەورە بوو بێت. نموونە:

| **پرسیدن فریدون نژاد خود را از مادر** | **فەرەیدوون سەبارەت بە رەگەزی خۆی لە دایکی ئەپرسێ** |
|---|---|
| **چو بگذشت از آن بر آفریدون دو هشت** | کاتێ فەرەیدوون گەیشتە دوو هەشت |
| **از البرز کوه اندر آمد بدشت** | لە ئەلبورزە خۆی گەیاندە دەشت |
| **بر مادر آمد پژوهید و گفت** | هاتە لای دایکی وتی دایە گیان |
| **که بگشای بر من نیان از نهفت** | ئەو رازەم ئەتۆ بۆ بکە بەیان |
| **بگو مر مرا تا که بودم پدر** | بێژە بزانم کێیە باوکی من |
| **کیم من ز تخم کدامین گهر** | لە کامە تخوم و رەگەزم ئەمن |
| **چه گویم کیم بر سر انجمن** | ئەگەر لە شوێنێ پرسیان لە من |
| **یکی دانشی داستانی بزن** | باوکم چ کەسە چی بێژم ئەمن |
| **فرانک بدو گفت کای نامجوی** | فەرانەک وتی ئەی رۆڵەی هوشیار |
| **بگویم ترا هر که گفتی بگویی** | ئەمن پێت ئێژم وەڵامی پرسیار |
| **تو بشناس کز مرز ایران زمین** | ئەتۆ بزانە لە ئێران زەمین |
| **یکی مرد بود نام او آبتین** | پیاوێک ئەژیا بەناو ئابتین |
| **ز تخم کیان بود و بیدار بود** | کە لە نەوەی شاکان بوو |
| **خردمند و گرد و بی آزار بود** | دانا و زانا و بێئازار بوو |
| **ز طهمورس گرد بود نژاد** | لە توخمی تەهمورسی ئازا بوو |
| **پدر بر پدر بر همی داشت یاد** | باوک و بابیری گشت لەبیر بوو |
| **پدر بد ترا و مرا نیک شوی** | ئەو کەسە باوکی تۆ بوو |
| **نبد روز روشن مرا جز بدوی** | هیوای منیش هەر ئەو بوو |
| **چنان بد که ضحاک جادوپرست** | کاتێک زوحاکی ستەمکار |
| **از ایران بجای تو یازید دست** | لەبری ئەتۆ بووە تاجدار |

| | |
|---|---|
| **ازو من نهانت همی داشتم** | تۆم شاردەوە من لە زوحاک |
| **چه مایه ببد روز بگذاشتم** | هەرچیم هەبوو دامنا سەرپاک |
| **پدرت آن گرانمایه مرد جوان** | ئەو پیاوە مەزنە باوکی تۆ بوو |
| **فدا کرد پیش تو روشن روان** | بەدەس زوحاکی بەد لەناو چوو |

شانامە بەرگی (١) ل ٤٢

ژیاننامەی (**کەیومەرس، هووشەنگ، تەهمورس و جەمشید**) وەک بنەماڵەیەکی چوار پشتی لە شانامەدا نووسراوە، بەڵام ئەو باسە کە:(**ئابتین لە بنەماڵەی تەهمورس**) بووبێت، ناکەوێتە بەرچاو.

ئەو زانایانەی کە سەبارەت بە رەگەزی مرۆڤ کاری لێکۆڵینەوە دەکەن، رەگەزی مرۆڤیان بەپێی چوارچێوەی ئێسکەکانی دیاریکردووە، نەک بەپێی دەسەڵاتی بنەمەڵەیی.

**٥ - تەمەن**

بەپێی ئەو دیکۆمێنتە فارسییانەی سەرەوە و کتێبی (شانامە) فەرەیدوون ٥٠٠، جەمشید ٧٠٠ و زوحاکیش ١٠٠٠ ساڵ ژیاون.

| | |
|---|---|
| **به بد در جهان پانصد سال شاه** | پێنسەد ساڵ شا بوو لە جهان |
| **بآخر شد و ماند ازو جایگاه** | پاشان گەیشتە کاروانی نەمان |
| *** | *** |
| **گذشت بدو سالیان هفتصد** | تەمەنی تێپەڕی و گەییە حەودسەد |
| **پدید آوریدش بسی نیک و بد** | ئەنجامی دابوو گەلێک باش و بەد |
| *** | *** |
| **چو ضحاک بر تخت شد شهریار** | کاتێ کە زوحاک بووە تاجدار |
| **برو سالیان انجمن شد هزار** | پادشاییەکەی گەییە هەزار ساڵ |

ئیستا ساڵی ٢٠١٤ی زایینییە، بەپێی دەنگوباسی ماسمێدیا ئەم دەورە، دەورانی گەشەکردنی زانستە لە هەموو بوارەکان بەگشتی و بەتایبەتی بواری پاشەکشەکردن بە ئازار و نەخۆشی لە جهاندا. یەکێک لەو وڵاتانە کە لە هەموو بوارێکدا چووەتە پێشەوە وڵاتی ژاپۆن (**یابان**)ە، تەمەنی مرۆڤ لە ژاپۆن بە





دەگمەن لە سەد ساڵ دەرباز دەبێت، بەڵام چەن هەزار ساڵ پێش کە مرۆڤ بە فەرهەنگی (دێو و درنج) پەروەردە کراوە، فیردەوسی تەمەنی ئەو کەسانە بەو جۆرە دەستنیشان دەکات!!

فەرەیدوون و جەمشید و زوحاک و ... با شایش بووبێتن شای دەورانی خۆیان بوون، وەک خەڵکی ئەو سەردەمە ژیاون، شایەد چەن ساڵێک زیاتر لە خەڵک، بەڵام نەک بەو رادەیە. تەمەنی ئەو کەسانە هەر چەندە بووبێت گرنگ نییە، بەڵام ئەوەی کە گرنگە بۆ دەبێ لە ئەمڕۆدا ئەو شتە ناراست و پڕوپووچانە دەرخواردی خەڵک بدرێت؟!

**٦ – دێو**

ئایا بوونەوەرێک بەناوی (دێو) لە جهاندا بووە و هەیە؟

لە زۆر شوێنی شانامەدا وشەی دێو بەکار براوە، نموونە:

١ – کوژرانی سیامەک بەدەست دێوەکان.

٢ – هووشەنگ و کەیومەرس دەڕۆن بۆ جەنگی دێوە رەش.

| | |
|---|---|
| ٣ – **بفرمود دیوان ناپاکرا** | فەرمانی دەرکرد لە بۆ دێوەکان |
| **با آب اندر آمیختن خاکرا** | ئاو تێکەڵ بکەن لە خۆڵ ئەوان |

**

**وشەی دێو،** ئەو وشە بە مەبەستی سوکایەتیکردن بە مرۆڤ بەکار براوە، بە تایبەت بۆ مازندەرانییەکان.

**٧ – ئیبلیس، (ئەهریمەن) لە شانامەدا**

| | |
|---|---|
| **پس آهرمن بد کنش رای کرد** | بەڵام ئەهریمەنی بەدڕەوشت |
| **بدل کشتن جانور جای کرد** | خوێنی گیاندارانی ئەڕشت |
| **چنین گفت ابلیس نیرنگ ساز** | بەوجۆرەی پێوت ئیبلیسی بەدکار |
| **که جاوید زی شاه گردنفراز** | هەر پایەدار بێت پادشای تاجدار |
| **بسان پزشکی پس ابلیس تفت** | وەک دوکتۆر ئیبلیسی بەدکار |
| **بفرزانگی نزد ضحاک رفت** | چووەوە لای زوحاک ئەمجار |

بەرگی (١) ل ٢٦ تا ٣٢

**ئیبلیس چییە؟**

ئیبلیس، گیاندارێکە لە جۆری (مرۆڤ)؟
گیاندارێکە لە جۆری (باڵندە و پەلەوەرەکان)؟
گیاندارێکە لە جۆری ئاژەڵی کێوی یا بوونەوەرێکی دەریاییە؟
پێموانییە کەسێک ببێت وەڵامی ئەو پرسیارانەی لەلا بێت. مەگەر ئەوانەی کە بڕوایان بێت بە داستانی (خودا و ئادەم و ئیبلیس و کڕنۆش نەبردنی ئیبلیس لە بەرانبەر ئادەم و سەرپێچی کردنی ئیبلیس لەو فەرمانەی خودا).

**٨ – زوحاک**

زوحاک بەپێی باسەکانی شانامە مرۆڤە، بەڵام بە دوو دەردی گرانەوە دەبێت بژی:

١ - ئەم مرۆڤە بۆ مار لە سەرشانی پەیدا بووە؟!

| | |
|---|---|
| **دو مار سیه از دو کتفش برست** | لە سەرشانی هاوکات دوو رەش مار |
| **غمی گشت و از هر سوی چاره جست** | سەری هەڵدا و زوحاک بوو خەمبار |

**

٢ - بۆ دەبێ خواردنی مارەکان مێشکی (مرۆڤ) بێت؟!

| | |
|---|---|
| **بجز مغز مردم مده شان خورش** | جگە لە مێشکی مرۆڤ نییە خۆراکیان |
| **مگر خود بمیرند ازین پرورش** | بەڵکو بەو جۆرە دوایی بێت ژیانیان |

بەرگی ( ١) ل ٣٢

وەڵامی پرسیاری مارەکان کە پێوەندی بە فیردەوسی و چەن هەزار ساڵ پێشەوە هەیە، هەم کارێکی گرانە و هەم کارێکی ئاسان. گرانی کارەکە ئەوەیە ئێمە ناتوانین بۆ ئەو دەورانە گەڕێینەوە و ئەو کەسانە زیندوو کەینەوە تا باسەکانمان بۆ





بگێڕنەوە. ئاسانی کارەکەیش بەو جۆرەیە کە لە ئەمڕۆ و لە رابردوویشدا روویداوە مناڵێک لە دایک ببێت کە پێکهاتەکانی لەشی لەگەڵ کەسانی دیکە جیاواز بێت، نموونە: لەبری (دوو چاو) چاوێکی ببێ یا هەر چاوی نەبێ و نەتوانێ دەوروبەری خۆی ببینێت. زۆرجار بووە مناڵێک لە دایک ببێ لەبری دوو دەست تاکە دەستێکی ببێت یا هەر دەستی نەبێت، یا دوو مناڵی لفەدوانە لە دایک بووبێت کە لەشیان بەیەکەوە لکابێت.

ئەو کەسانەیش وەک ئێمە گەورە دەبن و درێژە بە ژیان ئەدەن. شایەد بەهۆی دەسەڵاتی ئابووریی باوک و دایکیانەوە نەتوانن وەک ئەوەی پێویستە بژین، بەڵام کۆمەڵگا لە بەرانبەر ئەو کەسانەدا هەست بە بەرپرسیاری دەکات و بەپێی توانا پێویستییەکانی ژیانیان دابین دەکات.

ئەو کەسانە بەشێوەی زگماکی بەو جۆرە دێنە کۆڕی ژیانەوە، باوک و دایک لەو بارەوە هیچ دەورێکی نییە و خواست و ئارەزووی هیچ (ئیبلیس)ێکیش لە ئارادا نەبووە و نییە.

ئەو کەسانە هەر وەک ئێمە دەستکاری سروشتن و خواردنیشیان هەر وەک ئێمەیە. ئەو باسە پڕوپوچانە بۆ ساز کراون؟!

## زوحاک ئەبێت بە پادشایی عەرەب

| | |
|---|---|
| بخون پدر گشت هم داستان | بەو جۆرە باوکی بێبەشکرد لە ژیان |
| ز دانا شنیدستم این داستان | ئەم پەندەم بیستووە من لە زانایان |
| که فرزند بد گر شود نره شیر | کوڕی بەدڕەوشت با وەک شێریش بێ |
| به خون پدر هم نباشد دلیر | بە گوشتنی باوکی قەت ئازا نابێ |
| اگر در نهانی سخن دیگر است | ئەگەر بڕۆیتە ناخی ئەو کارە |
| پژوهنده را راز با مادر است | رازی ئەو کارە لای دایکی دیارە |
| فرومایه ضحاک بیدادگر | زوحاکی بەد و پەست و بەدڕەوشت |
| بدین چاره بگرفت جای پدر | لە جێگەی باوکی بەو جۆرە دانیشت |
| بسر برنهاد افسر تازیان | تاجی عەرەبیی نایە سەر هاوکات |
| بریشان ببخشید سود و زیان | بەخشی بە خەڵک زیانی سووروسات |

شانامە بەرگی(١) ل ٣٠

بەپێی ئەو هۆنراوە زوحاک دەبێت بە پادشای عەرەب، بەڵام وەک دەبینین لەو هۆنراوەدا فیردەوسی ئاماژە بە وشەی مادر (دایک) دەکات و ئێژێت:

| | |
|---|---|
| اگر در نهانی سخن دیگر است | ئەگەر بڕۆیتە ناخی ئەو کارە |
| پژوهنده را راز با مادر است | رازی ئەو کارە لای دایکی دیارە. |

با لەو باسە وردبینەوە، ئەگەر لە باری سروشتی دەروونییەوە لە دایک و باوک بکۆڵینەوە، هیچ باوک و دایکێک نییە لە باری خواردن و خۆراک، لە باری و جلوبەرک و پۆشاک بییەوێت بێدڵی مناڵەکەی بکات، بەڵام نەداری ئەو کارەیان پێدەکات و مناڵەکە هەست بە نائومێدی دەکات، لەم پرۆسەدا دایک و باوکیش لە دەروونەوە لە مناڵەکە زیاتر هەست بە نائۆمێدی





دەکەن کە بۆچ نەیانتوانیوە بە ئارەزووی مناڵکەیان بکەن و پێویستییەکانی بۆ جێبەجێ بکەن.

لە باری پەروەردەی مناڵەوە، هەستی دەروونی مرۆڤ بەو جۆرەیە: دەیەوێت خۆی لە هەموو کەسێک باشتر بێت، بەڵام هەستی دەروونی و کاروکردەوەی دایک و باوک لە ژیاندا بەو جۆرەیە پییانخۆشە مناڵەکەیان لە خۆیان باشتر بێت.

### بەرپرسایەتی باوک و دایک لە پەروەردەکردنی (مناڵ) دا

لەم پروسەدا باوک و دایک تا ئەو کاتە کە مناڵ تەمەنی لە خوارەوەیە و نازانێت ئەنجامدانی ئەو کارە باشە یا بد بەرپرسیارن، بەڵام کە تەمەنی مناڵەکە چووە سەرەوە و هەستی بە باشی و بەدی کارەکان کرد خودی مناڵەکە بەرپرسیارە، نەک باوک و دایک. زوحاکیش هەر لەو بازنەدایە، بەڵام بۆ فیردەوسی ئاماژە بەوە دەکات کە رازی ئەو کارەی زوحاک پێوەندی بە دایکییەوە هەیە؟!

### (زوحاک)ی عەرەب دەبێت بە پادشایی ئێران

بەپێی باسەکانی شانامە پاش ئەوەی کە زوحاک دەبێت بە پادشایی عەرەب، ئێرانییەکان بە لەشکر و سپاوە دەڕۆن بۆ لای زوحاک و تکای لێدەکەن تا ببێت بە شای ئێران.

| | |
|---|---|
| **یکایک از ایران برآمد سپاه** | لە ئێرانەوە لەشکر و سپا |
| **سوی تازیان برگرفتند راه** | لەبۆ لای عەرەب کەوتنە ڕێگا |
| **شنودند کآنجا یکی مهتر است** | بیستبوویان کەسێک وا لە وێ |
| **پر از هول شاه اژدها پیکر است** | کە خاوەنی دەسەڵاتە و پێگە و جێ |
| **سواران ایران همه شاه جوی** | بۆ پەیداکردنی شایەک بۆ ئێران |
| **نهادند یکسر بضحاک روی** | چوونە لای زوحاک سواران هەموویان |
| **بشاهی برو آفرین خواندند** | ئەویان کرد بە شا بە شای خۆیان |
| **ورا شاه ایران زمین خواندند** | تا فەرمانڕەوا بێت لە خاکی ئێران |
| **کی اژدهافش بیآمد چو باد** | هەر وەک ئەژدها بۆ ئێران ڕۆیشت |
| **بایران زمین تاج بر سر نهاد** | تاجی نایە سەر لەبان تەخت دانیشت |
| **از ایران و از تازیان لشکری** | لەشکرێکی ساز کرد عەرەب و ئێرانی |
| **گزین کرد گردان هر کشوری** | لە هەموو شوێنێک لە جەنگاوەرانی |
| **سوی تخت جمشید بنهاد روی** | پاشان هێرشی بۆ سەر جەمشید برد |
| **چو انگشتری کرد گیتی بروی** | جهانی ئەوی هەموو داگیرکرد |
| **چو جمشید را تخت شد کندرو** | جەمشید کە زانی دەوری گیراوە |
| **بتنگ آوریدش جهاندار نو** | توانای نەبەرد و جەنگی نەماوە |
| **برفت و بدو داد تخت و کلاه** | بارەگای جێهێشت بە تەخت و تاجۆ |
| **بزرگی و دیهم و کنج و سپاه** | بە سەروەت و سامان و سپا و گەنجۆ |
| **نهان گشت و گیتی برو شد سیاه** | دەرباز بوو پاشان خۆی بۆ شاردەوە |
| **سپردش بضحاک تخت و کلاه** | تاج و تەختەکەی بۆ زوحاک مایەوە |

بەپێی هەندێ کتێب کە سەبارەت بە مێژووی ئێران نووسراوە، هەروەها بەپێی باسەکانی شانامە پێش (جەمشید) کەیومەرس





سی ساڵ شا بووە، پاش کەیومەرس هووشەنگ چل ساڵ دەبێت بە شای ئێران، پاش ئەو نۆبە دێتە سەر (تەهمورس) کە ئەویش سی ساڵ شا دەبێت، پاش ئەوانە جەمشید دەبێت بە شای ئێران. کارنامەی ئەو چەن پادشا بەپێی هۆنراوەکانی فیردەوسی خزمەتکردن بە خەڵکی ئێران بووە و ئەوانیان فێرکردووە چۆن بژین، چۆن خواردن ساز کەن، چۆن جل لەبەر بکەن، چۆن کاری کشتوکاڵ ئەنجامدەن و مەڕوماڵات بەخێو کەن و ... .

بۆ لەو چەن دەورە پادشاییەدا (خزم و کەسی شا) وەها پەروەردە نەکراون کە ئەگەر ڕووداوێک بۆ شا هاتە پێشەوە، بتوانن لە ناو خۆیاندا کەسێک دیاری بکەن کە ببێت بە شای ئێران تا ناچار نەبن شا لە هەندەرانەوە قەرز کەن؟

تازە ئەو کەسەیش کە دەیکەن بە شای خۆیان دەبێت کەسێکی عەرەب بێت، چون عەرەب لای ئێرانییەکان نەزانن! جگە لەو باسە، باسی کەسایەتی زوحاک بەو پێناسەوە جێگەی سەرنجە!

ڕاستی کەسێک کە باوکی خۆی کوشتبێت بۆ ئەوە دەبێت بیکەی بە شای خۆت، هەروەها کەسێک کە مار لەسەر شانی ڕوابێت و خواردنی مارەکانیش مێشکی مرۆڤ بێت بۆ ئەوە دەبێت بیکەی بە شای خۆت یا باسێکی دیکە لە ئارادا بووە؟

خۆشبەختانە گەڕان بە دووی ئەو باسەدا زۆر گران نییە، فیردەوسی بێئەوەی هەستی پێبکات باسەکەی گەیاندووە:

| | |
|---|---|
| **بسر برنهاد افسر تازیان** | تاجی عەرەبیی نایە سەر هاوکات |
| **بریشان ببخشید سود و زیان** | بەخشی بە خەڵکی زیانی سووروسات |

بەپێی ئەو هۆنراوە زوحاک ئەو (**باج و سەرانە**) کە شاکانی پێشوو لە خەڵکیان وەردەگرت، ئەم وەری ناگرێت. ئەو باسە ئەوە ئەدات بە دەستەوە کە زوحاک پێچەوانەی شاکانی پێش خۆی ژیاوە.

## فیردەوسی و خزمەتکردن بە نەتەوەی فارس

فیردەوسی سەبارەت بە زمانی فارسی، بەو جۆرە ئێژێت:

| | |
|---|---|
| **بسی رنج بردم درین سال سی** | سی ساڵی رەبەق تێکۆشام تەواو |
| **عجم زنده کردم بدین پارسی** | عەجەمیم توڕدا فارسیم کردۆ باو |

فیردەوسی بە نووسینی کتێبی شانامە خزمەتێکی مەزنی بە نەتەوەکەی خۆی واتە نەتەوەی فارس کردووە! لەپەنای ئەو کارەی فیردەوسیش کە سەبارەت بە زمانی فارسی ئەنجامدراوە، ئەگەر سەرپێیانە تەماشای چاپەمەنییە فارسییەکان بکەین چ ئەوانەی لە بواری کاری رۆژانە چ ئەوانەی لە بواری مێژوویی یا بواری نووسین وەک هۆنراوە، پەخشان، داستان و رۆمان یا بەشی زانستی وەک فیزیک، شیمی، بیرکاری و... هەروەها تێکڕای واژەنامە فارسییەکان دەبینین وشەی عەرەبی تەنگی بە وشەی فارسی هەڵچنیوە.

کاردانەوەی زمانی عەرەبی لە سەر زمانی فارسی تا ئەو رادەیە کە خودی وشەی (فارسی) ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە. ئەو وشە لە پێشدا (پارسی) بووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە لە عەرەبیدا پیتی (پ) نییە عەرەبەکان وشەی (پارس)یان کردە بە فارس. ئەگەر شانامە لە ئارادا نەبوایەت زمانی فارسی ئێستا لە فەرهەنگنامەی زمانەکانی جهاندا بەر چاو نەدەکەوت!
کاردانەوەی زمانی عەرەبی لەسەر زمانی فارسی و... لە سەردەمی هێرشی عەرەب بۆ داسەپاندنی ئایینی ئیسلام بەسەر خەڵکی ناوچەکانی دەوروبەری عەرەبستاندا دەستی پێکرد.





داسەپاندنی زمانی عەرەبی لە پێشدا بە جەنگ و خوێنڕێژی ئەنجامدراوە، پاشان لە رەوتی درێژخایەنی دەسەڵاتی عەرەبیدا هەم بیروباوەڕی ئایینی ئیسلام و هەم ئاخافتن و دووان بە زمانی عەرەبی بەرەبەرە خەڵک پەیرەویان کردووە و ئەنجامیانداوە. کاردانەوەی زمانی عەرەبی تایبەت نەبووە بە نەتەوەی فارس، بەڵکو پروسەیەکی فرەگیر بووە و کارایی لە سەر خەڵکی ناوچەکە بە جۆرێک بووە کە وڵاتێکی وەک (میسر) بە مێژوویەکی مەزنی شارستانی و دەسەڵاتی تایبەت بە خۆیەوە لە بازنەی زمانی عەرەبیدا جێگیر بووە، لە باری ئایینیشەوە زۆربەی خەڵکی میسر چوونەتە سەر رێبازی ئیسلام. دیارە لەو پرۆسەدا نەتەوەی کوردیش بێزیان نەبووە!

کاردانەوەی ئایینی ئیسلام وەها بووە کە خودی فیردەوسیش نەیتوانیوە خۆ بپارێزت و کەوتووەتە ستایشکردنی رابەرانی ئایینی ئیسلام، ئایینێک کە رێبازەکەی داگیرکەرانە بووە و کارەکەیشی توانەوەی خەڵک بووە لە سیستمی عەرەبیدا.

| | |
|---|---|
| **نبی آفتاب و صحابان چو ماه** | نەبی تاوە و سەحابەیش وەک مانگ |
| **به هم بستن یکدگر راست راه** | رێیان هەموار کرد ئەوان بە یەکدەنگ |
| **منم بنده اهل بیّت نبی** | من خزمەتکاری خانەدان نەبیم |
| **ستاینده‌ء خاک پاک وصی** | ستایشکەریی خاکی پای نەبیم |
| فیردەوسی | |

دیباچەی شانامە – ل ۹۲ و ۹۸

# کورد لە (شانامە)دا

**کورد لە شانامە** – پێناسەی (زوحاک)مان بەپێی باسەکانی شانامە خوێندەوە، لە بیروباوەڕی (فیردەوسی)یش ئاگادار بووین کە چۆن بە چاوی ڕێزەوە تماشای (**پادشاکانی ئێران و رابەرانی ئیسلام**) دەکات. با بڕۆینە سەر دیدوبۆچوونی فیردەوسی سەبارەت بە کورد. فیردەوسی لە بەشی (**پادشایی زوحاک هەزار ساڵی خایاند**) باسی خوێنڕێژی و بەدڕەوشی و پەستی زوحاک دەکات، لەو زنجیرە هۆنراوەدا یادی کوردیشی کردووە و بەو جۆرەیان نووسیوە:

| | |
|---|---|
| **کنون کرد از آن تخمه دارد نژاد** | ئێستا کورد لەو ریشە و رەگەزەن |
| **کز آباد نیآید بدل برش یاد** | کە حەز بە ئاوەدانی ناکەن |
| **بود خانهاشان سراسر پلاس** | ترسیان نییە لە یەزدان |
| **ندارند در دل ز یزدان هراس** | لە پڵاسە خانوەکانیان |

با بڕۆینە ناو ئەو باسەوە

وەک دەبینین هۆنراوە فارسییەکە لە چوار رستە پێکهاتووە:

| | |
|---|---|
| **١ - کنون کرد از آن تخمه دارد نژاد** | ئێستا کورد لەو ریشە و رەگەزەن |
| **٢ - کز آباد نیآید بدل برش یاد** | کە حەز بە ئاوەدانی ناکەن |
| **٣ - بود خانهاشان سراسر پلاس** | ترسیان نییە لە یەزدان |
| **٤ - ندارند در دل ز یزدان هراس** | لە پڵاسە خانوەکانیان |

سەرەتای رستەی ١ بە وشەی (**کنون**) واتە (**ئێستا**) دەست پێدەکات. لەو رستەدا وشەی (آن)یش بەکار براوە.

(آن) لە فارسیدا هێمای ئاماژەکردنە بۆ (**شتومەک**) و (**گیاندار**) کە دوورن نموونە:

(آن کتاب – آن خانه) – (ئەو پەرتووکە – ئەوماڵە)

(آن گوسفند – آن بچه) – (ئەو مەڕە – ئەو منداڵە)





فیردەوسی بە سوود وەرگرتن لە (**کنون**) و (**آن**) سەرنجی خوێنەر رادەکێشێت بۆ دوو (**بابەت**) کە پێوەندیان هەیە بەو دوو رستەوە:

| | |
|---|---|
| **١ - کنون کرد از آن تخمه دارد نژاد** | ئێستا کورد لەو ریشە و رەگەزەن |
| **٢ - کز آباد نیآید بدل برش یاد** | کە حەز بە ئاوەدانی ناکەن |

**بابەتی یەکەم**: مەبەست ئەو زنجیرە هۆنراوەیە کە دەربارەی زوحاک بەناوی (**پادشاهی ضحاک هزار سال بود**) نووسیویەتی و بە وشەی (آن)یش دەسنیشانی دەکات تا دەگاتە ئەو هۆنراوەی خوارەوە:

| | |
|---|---|
| **خورشگر بریشان بز و چند میش** | پاشان چێشتکەران مەڕ و بزنیان |
| **بدادی و صحرا نهادیش پیش** | بردە دەشت و کێو لەبۆ لاوەکان |

بە نووسینی رستەی:

| | |
|---|---|
| **کنون کرد از آن تخمه دارد نژاد** | ئێستا کورد لەو ریشە و رەگەزەن |

بە سوود وەرگرتن لە وشەکانی (**کنون- ئێستا**) و (**آن- ئەو – لەو**) بە خوێنەرە ئێژێت: **<u>ئێستا تۆ بزانە و تێبگە</u>** کە (کورد)یش وەک زوحاک خوێنڕێژ و پەست و بەدڕەوشتە و هیچ جیاوازییەکیان نییە!

**ئێستا بزانە کورد لەو ریشە و رەگەزەن**

با بڕۆینە سەر رستەی دووهەمی هۆنراوەکە

| | |
|---|---|
| **کز آباد نیآید بدل برش یاد** | کە حەز بە ئاوەدانی ناکەن. |

فیردەوسی لەو هۆنراوەدا دەڵێت: کورد حەز بە ئاوەدانی و شار و شارستانییەت و .... ناکات.

**بابەتی دووهەم**: رستەکانی (٣ و ٤)ن کە تەواوکەری رستەکانی (١و٢)ن، هەروەها پێوەندیشیان هەیە بە هەمان زنجیرە هۆنراوە کە سەبارەت بە زوحاک نووسیویەتی:

| | |
|---|---|
| **٣ - بود خانهاشان سراسر پلاس** | لە پڵاسە خانوەکانیان |
| **٤ - ندارند در دل ز یزدان هراس** | ترسیان نییە لە یەزدان |

وەک دەبینین فیردەوسی لە رستەی (٣)دا وشەی (پلاس) بەکار دەبات:

| | |
|---|---|
| **بود خانهاشان سراسر پلاس** | لە پڵاسە خانوەکانیان |

**پلاس** {(پلاس: **پشمینە ستبر کە درویشان پوشند، نوعی از جامەهای کمبها، گلیم درشت**) –

پڵاس: (پارچەیەکە لە خوری دورست دەکرێت و دەروێش لەبەری دەکەن، جۆرێک لە جلوبەرگی کەمبەها، گلیم یا بەڕەی ئەستوور...)

سەرچاوە: فرهنگ فارسی دکتر محمد معین ل ٨٠٥

| | |
|---|---|
| **بود خانهاشان سراسر پلاس** | لە پڵاسە خانوەکانیان |

ماڵ بۆ لە پڵاس دورست دەکرێت؟ فیردەوسی بەباشی دەزانێت ماڵ بە گڵ و دار و بەرد و خشت و گەج دورست دەکرێت، نموونە:

| | |
|---|---|
| **بفرمود دیوان ناپاکرا** | فەرمانی دەرکرد لەبۆ دێوەکان |
| **بآب اندر آمیختن خاکرا** | ئاو تێکەڵ بکەن لەگەڵ خۆڵ ئەوان |
| **هر آنچه ز گل بشناختند** | بەو قوڕەی هەبوو لە بەردەستیان |
| **سبک خشتررا ساختند** | خشتیان پێژا بۆ جەمشید ئەوان |
| **بسنگ و بگچ دیو دیوار کرد** | بە بەرد و بە گەج دیواریان دانا |
| **نخست از برش هندسی کار کرد** | لە پێشدا نەخشەی کاریان هێنا |
| **چو گرمابە و کاخهای بلند** | کۆشکی بڵند و گەرماو سازکرا |
| **چو ایوان کە باشد پنا از گزند** | ژیان بە ئارامی بەسەر ئەبرا |

شانامە بەرگی(١) ل ٢٦





**فیردەوسی وشەی (پڵاس)یشی هەر بە مەبەستی سووکایەتیکردن بەکار بردووە.**
با بڕۆینە سەر رستەی (٤)

| | |
|---|---|
| **ندارند در دل ز یزدان هراس** | ترسیان نییە لە یەزدان |

ناوەرۆکی رستەی (**ندارند در دل ز یزدان هراس**) روون و ئاشکرایە، کەس ناتوانێت بە ئارەزووی خۆی شیکاتەوە، فیردەوسی بێ پێچوپەنا دەڵێت: <u>**کورد لە خودا ناترسێت!**</u>

ئەو باسەی فیردەوسی سەبارەت بە کورد و خودا، باسێک نییە کە بەپێی بیرکردنەوە و کاری لێکۆڵینەوە بییەوێت بچێتە سەر باسی {(**خودا) و بزانێت خودا چییە و چی نییە، پاشان بچێتە سەر بیروباوەڕی کوردیش کە ئایا بڕوای بە خودا هەیە یا نییانە**}. لێکۆڵینەوە سەبارەت بە بیروباوەڕی (<u>ئایینی</u>) هەر کەس و هەر نەتەوەیەک نە تاوانە و نە جێگەی نیگەرانی!

خودی فیردەوسی وەک تاک لە باری ئایینییەوە بڕوای بە ئایینی ئیسلام بووە، هەروەها لە کۆمەڵگایەکدا ژیاوە کە زۆربەیان بڕوایان بە هەمان ئایین بووە. پلەوپایەی خودا لە کۆمەڵگای ئیسلامی لەو دەورانەی کە فیردەوسی تێدا ژیاوە و لە ئەمڕۆیشدا دیارە. لە روانگەی ئیسلامەوە هەر کەس بە فەرمانی خودا هەڵسوکەوت بکات ئەو کەسە لە کۆمەڵگادا کەسێکی باش و شایستەیە، هەر کەسێکیش پێچەوانەی فەرمانی خودا بجووڵێتەوە ئەو کەسە کەسێکی بەدکار و پەست و بەدڕەوشتە!

لە ئەمڕۆی ئێراندا کە حکومەتێکی ئایینی بەناوی (**کۆماری ئیسلامی**) دەسەڵاتدارە سزای کوشتن بەپێی دەستووری ئیسلام و دەستووری دەوڵەتی ئێران بەڕێوە دەبرێت!

یەکێک لە تاوانەکانی ئەو کەسانە کە سزای کوشتنیان بۆ دەرئەچێت تاوانی (**محارب با خدا**)یە، واتە جەنگ لەگەڵ خودا.

**فیردەوسی و پله و پایه خودا**

پلەوپایەی خودا (خوا) لای فیردەوسی بەو جۆرەیە کە سەرەتای شانامە بەو شێوە دەسپێدەکات:

| | |
|---|---|
| بنام خداوند جان و خرد | کزین برتر اندیشه بر نگذرد |
| خداوند نام و خداوند جای | خداوند روزی دەء رهنمای |
| خداوند کیوان و گردان سپر | فروزندەء ماه و ناهید و مهر |

ئەو هۆنراوە باسی ئەوە دەکات کە ژیان و هۆشمەندی بە دەست خودایە، خەو و خۆراک و بوون و نەبوون بە دەست خودایە، خوا مانگ و رۆژ و زەوی جهانی دورست کردووە.

جگە لەو هۆنراوەی فیردەوسی سەبارەت بە خودا، ئەگەر چاوێک بە شانامەدا بگێڕین ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێت هەر کەس لای فیردەوسی خۆشەویست بووبێت ئەو کەسە لە خواترس بووە. با سەبارەت بە باسی خوا هەر لەو زنجیرە هۆنراوە کە دەربارەی (زوحاک) نووسیویەتی، بڕوانین:

| | |
|---|---|
| **١ - دو پاکیزه از کشور پادشا** | لە وڵاتی پاشا دوو مرۆڤی دڵپاک |
| **٢ - دو مرد گرانمایەء پارسا** | دوو پیاوی مەزن دوو دینداری چاک |
| **٣ - یکی نامش ارمایل پاکدین** | یەکیان بەناوی ئەرمایل پاکدین |
| **٤ - دگر نام گرمایل پیشبین** | ئەویدیکەیان گەرمایل پێشبین |

وەک دەبینین لە رستەی دووهەمدا وشەی (**پارسا**) بۆ ئەرمایل و گەرمایل بەکار براوە. پارسا لە فارسیدا واتە کەسێکی لە





خواترس. با ئەو پرسیارە لە خۆمان و لە جەنابی (فیردەوسی)یش بکەین: بۆ (**ئەرمایل و گەرمایل**) بەو جۆرە پێناسە کراون و (**کورد**)یش بەو جۆرە؟ فیردەوسی بە نووسینی رستەی: (**ندارند در دل ز یزدان هراس**) ئەو پەڕی کینە و نفرەتی خۆی سەبارەت بە کورد دەربڕیوە، بەو رستانەیش کۆتایی هێناوە بە هۆنراوەکەی:

| | |
|---|---|
| **پس آئین ضحاک واژونه خو** | کاروکردەوەی زوحاکی بەدخوو |
| **چنان بد که چون می بدش آرزو** | وەهابوو کە خۆی ئەیکرد ئارەزوو |
| **ز مردان جنگی یکی خواستی** | لە بۆ کوشتنی پیاوی بە بڕشت |
| **بکشتی که با دیو بر خاستی** | پیلانی بێگانەپەرەستی دائەڕشت |
| **کجا نامور دختر خوبروی** | کچێک ببوایە جوان و بەناوبانگ |
| **بپرده درون پاک بی گفت و گوی** | دەیبردە کۆشک بە مەکر و نیرەنگ |
| **پرستنده کردیش بر پیش خویش** | پەروەردەی ئەکرد بۆخۆی لەلای خۆ |
| **نه رسم کی بد نه آئین نه کیش** | لە یاسای شا و ئایین نەبوو گفتوگۆ |

ئەو کارانە کە سەبارەت بە زوحاک ئاماژەی پێکردووە، کوردیش دەگرێتەوە!

سەبارەت بەو بۆچوونەی فیردەوسی دەربارەی کورد لە چاپەمەنی فارسیدا دەستیان داوەتە چەواشەکاری و کەوتوونەتە داپۆشین و سانسۆرکردنی ئەو باسە. لێرەدا چەن نموونە لەو چەواشەکارییانە دەسنیشان دەکەم.

## دوکتۆر عەبدولوەهاب عزام و شانامەی فیردەوسی (الشانامه)

(الشاهنامه) هەمان شانامەی فیردەوسییە کە لە نێوان ساڵانی {(٦٢٠ تا ٦٢١) کۆچی لە دمشق (شام) کراوە بە عەرەبی، وەرگێڕی ئەم شانامە کەسێکە بەناوی (**قوام الدین الفتح بن علی بن محمد البنداری الأصفهانی**)، چەن ساڵ پاش وەرگێڕانی شانامە دەگەڕێتەوە بۆ شارەکەی خۆی بۆ ئەسفەهان.

سەرچاوە: الشاهنامه ل ٩٨ بەشی (مدخل)

ئەم شانامە عەرەبییە وەک شانامەی فیردەوسی کە بە هۆنراوە داڕێژراوە نەکراوە بە عەرەبی، بەڵکو بە نووسینی سادە (نەسر) ئامادە کراوە، بەڵام وەرگێڕ لەو شوێنانە کە بە پێویستی زانیوە هۆنراوەکانی شانامەی بە هۆنراوە کردووە بە عەرەبی، هەم فارسی و هەم عەرەبییەکەی بەلای یەکەوە نووسیوە، هەروەها هەندێ لە هۆنراوەکانی شانامەی بە فارسی دەسنیشان کردووە و بە نەسریش عەرەبییەکەی لە پەنادا نووسیوەتەوە. جگە لەوانە هەندێ لە هۆنراوەکانی شانامەی کردووە بە عەرەبی و وێنەی تایبەتیشی بۆ داناوە. چەن نموونە:

| | |
|---|---|
| **بناهای آباد گردد خراب** | یخر علی الدهر کل بناء |
| **ز باران و از تابش آفتاب** | بقطر السحاب و حز ذکاء |
| **پی افکندم أز نظم کاخ بلند** | بنیت من الشعر صرحا أغر |
| **که أز باد و باران نیابد گزند** | یمل الریاح و یعي المطر. |
| ل٢ | |
| **دوشمنانت همچو میخ خیمه** | أی أودأن یکون أعداؤک کوتد الخیمة |
| **میخواهم مدام تن بخاک و** | أبدا جسمه فی التراب و رأسه |
| **سر بسنگ و ریسمان بر گردنش** | للحجر و الجل فی عنقه |





| | |
|---|---|
| ل٢٥ | |
| **تمامی بگفتم من این داستان** | أتمت هذه القصة |
| **بدین سان که بشنیدم از باستان** | کما سمعتها عن الغابرین |
| * | |
| **کنون رزم کاموس پیش آوریم** | الآن نشرع فی حزب کاموس |
| **ز دفتر بگفتار خویش آوریم** | و نتقلها من الدفترالی کلامنا |
| **به گفتار دهقان کنون باز گرد** | فارجع الان الی قول الدهقان |
| **نگر تا چه کوید جهاندیده مرد** | لتنظر ماذا یقول الرجل المجرب |
| * | |
| **سر آوردم این رزم کاموس نیز** | ختمت هذه الحرب حرب کاموس أیضا |
| **درازست و نفتاد زو یک پشیز** | وما سقط منها، علی طولها، قطمیر |
| **گر از داستان یک سخن کم بدی** | ولو ضاع من هذه القصة کلمة واحدة |
| **روان مرا جای ماتم بدی** | لقام علیها بنفسی ماتم |
| ل٤٠ | |
| **اگر جز بکام من آید جواب** | إن لم یأت الجواب |
| **من و گرز و میدان و افراسیاب** | کما أرید فانا و الجرز و المیدان و افراسیاب |
| ل٤٦ | |
| **نگویم دگر داستان ملوک** | لا أقص من بعد قصص ملوک |
| **دلم سیر شد ز آستان ملوک** | فقد مل قلبی عتبات الملوک |
| ل٦٢ | |
| نبشتم من این نامهء پهلوی | قد کتبت الکتاب الفهلوی |
| به پیش تو آرم مگر نغنوی | وسآتیک به لعلک لاتنام عنه |
| ل٦٩ | |
| **ز شیر شتر خوردن و سوسمار** | **قد بلغ الامر بالعربی من شرب لبن الابل،** |
| **عرب را بجائی رسیده است کار** | **وأ کل الضباب، الی الطموح الی تاج الکیانین.** |
| **که تاج کیانرا کند آرزو** | **فأف لک یا فلک الما!** |
| **تفوباد بر چرخ گردون تفو** | **سەبارەت بە کوژرانی سۆهراب** |
| ل٨٩ | |

**سمع أم سهراب بقتله**

| | |
|---|---|
| وتوران دوت بهذا الخبر | بمصرع سهرابها المنتظر |
| لملک سمنجان جاءوا سراعا | فقد علیه الثیاب التیاعا |

وأخبرت الأم أن البطل　　بسيف عبيه أتاه الاجل
فمزقت الدرع أظفارها　　فلاحت تلألؤ أبشارها
تين و تجأر جهد الحزين　　و ينتابها الغشى فى كل حين
تلف أصابعها بالشعر　　فتجتر من أصلهن الطرر
وتذرى على الخد دمع الدم　　وتكبو وتنهض فى المأتم
تقض على الكف فى يأسها　　و تذرو التراب على رأسها
توقل: بنى و روحى! ترى　　بأية أرض طوال الثرى؟
محنت الطريق طماح البصر　　عن ابنى و رستم ابغى الخبر

ل١٤٧

هۆنراوەی (**سمع أم سهراب بقتله**) شەست(٦٠) بەیت هۆنراوەیە.

کتێبی (الشاهنامە) لەو چەن بەشە پێکهاتووە:

**١ – چەن پێشەکی**
**٢ – بەشی پێشدادیان**
**٣ – بەشی کیانیان**
**٤ – بەشی اسکندر و ساسانیان**
**٥ – بەشی سەرچاوەکان ....**

**

**لێکۆڵینەوە سەبارەت بە(الشاهنامە)**

ئەم کتێبە کە لە نێوان ساڵانی ٦٢٠ تا ٦٢١ کۆچیدا کراوە بە عەرەبی، لە لایەن (**دوکتۆر عەبدولوەهاب عزام**) کە لە زانستگاکانی میسر مامۆستا بووە لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەنجامدراوە و لە ساڵی ١٣٥١ کۆچی ١٩٣٢ زایینی لە چاپخانەی (دار الکتب المصریة) چاپکراوە، هەروەها ساڵی ١٤١٣ کۆچی ١٩٩٣ زایینی لە چاپخانەی (دار سعاد الصباح) لە کووەیت چاپدەکرێت.

لە لاپەڕە (٢)ی ئەم چاپەدا بەو جۆرە نووسراوە:

**يقول المرحوم العلامة الدكتور عبدالوهاب عزام فى كلمته التى القاها أمام قبر الشاعر فى مدينه طوس، أغسطس سنة ١٩٣٤، خلال الاحتفال الألفى لمولد الفردوسى.**





بەپێی ئەو چەن دێڕە عەرەبییە، بەڕێز دوکتۆر عبدولوەهات عزام لە بەرنامەی هەزار ساڵەی لە دایکبوونی فێردەوسی بەشدار بووە و لەسەر گۆڕەکەی فیردەوسی قسەی کردووە.

ئەم شانامە عەرەبییە (**الشاهنامە**) نۆسەد (٩٠٠) لاپەڕەیە.

ئەوەی کە لەم چەن لاپەڕەدا لەو شانامە عەرەبییە سوود وەرگیراوە، هەمان باسی {**فیردەوسی** و (**کورد و بلوچ و ...**)}ە، با بزانین سەبارەت بەو باسانە چی نووسراوە.

خۆشبەختانە یەکێک لەو باسانە کە بەڕێز دوکتۆر عزام لە لێکۆڵینەوەکەیان سەبارەت بە (ئەلشانامە) ئەنجامیانداوە هەمان باسی (**کوردە**) کە لە لاپەڕەکانی پێشوودا ئاماژەی پێکراوە، دوکتۆر عزام بەو جۆریان نووسیوە:

{**(و من المسائل المهمة التى أهملها المترجم: أن الضحاك أول من أكل اللحم و كان الناس يقتاتون بالنبات. و هذا ينسب الى نمرود أيضا. و قصة أماريل و كرمايل اللذين كانا يكلفان بقتل ألناس لاطعام حيتى الضحاك فكانا ينقذان كل يوم رجلا حتى اجتمع مائتان فأعطياهم من الضأن والمعز فكثروا و نسلوا و كان منهم الكرد)**.

(ئەو بابەتە گرنگانە کە وەرگێڕ پشتگوێی خستووە ئەوەیە: پێشتر خەڵک سەوزی و میوەیان دەخوارد نەک گوشت، بەڵام زوحاک وەک (نمرود) گوشتی دەخوات. باسی ئەرمایل و گەرمائیل کە خواردنیان بۆ مارەکانی زوحاک سازدەکرد، دەبوو رۆژی دوو لاو بکوژرایەت و مێشکیان بکرایەت بە خۆراکی مارەکان، بەڵام ئەوان هەموو رۆژێ کەسێیان لە کوشتن دەرباز دەکرد و لە بری مێشکی ئەو کەسە مێشکی مەڕێکیان دەکرد بە خۆراکی مارەکان. ژمارەی ئەو کەسانە کە لە کوشتن دەربازکران گەیشتنە دووسەد کەس بڕێ مەڕ و بزنیان بۆ بردن، پاشان ئەو کەسانە زیادیان کرد، کورد لە نەوەی ئەوانەن)}.

سەرچاوە: الشاهنامە، القسم الاول – الپیشدادیون– ل ٢٩

ناوەرۆکی ئەو چەن دێڕە عەرەبییە لەو (هۆنراوە فارسییانەی فیردەوسی) وەرگیراوە:

| | |
|---|---|
| یەکیان بەناوی ئەرمایل پاکدین | **یکی نامش ارمایل پاکدین** |
| ئەوی دیکەیان گەرمایل پێشبین | **دگر نام گرمایل پیشبین** |
| | *** |
| بوون بە دووسەد کەس تێکڕای ئەوان | **چو گرد آمدندی ازیشان دویست** |
| کەس نەیدەزانی بە شوێن و جێیان | **بر آنسان که نشناختندی که کیست** |
| پاشان چێشتکەران مەڕ و بزنیان | **خورشگر بریشان بز و چند میش** |
| بردە دەشت و کێو لەبۆ لاوەکان | **بدادی و صحرا نهادیش پیش** |
| | *** |
| ئێستا کورد لەو ریشە و رەگەزەن | **کنون کرد از آن تخمه دارد نژاد** |
| کە حەز بە ئاوەدانی ناکەن | **کز آباد نیآید بدل برش یاد** |

بەپێی تێبینییەکانی بەڕێز عەبدولوەهاب عزام (**محمد البنداری الأصفهانی**) کە شانامەی کردووە بە عەرەبی، ئەو باسانەی نەنووسی و پشتگوێی خستووە. وەک دەزانین شانامە بە فارسی نووسراوە، وەرگێڕیش خەڵکی ئەسفەهانە و فارسە، ئەم وەرگێرە لە ئەسفەهانەوە چووە بۆ شام تا شانامە بە شێوەیەکی باش بکات بە عەرەبی.
بەڕێز ئەسفەهانی کە شانامەی کردووە بە عەرەبی ئاگاداری ئەو باسەیشە کە فیردەوسی بەو جۆرەی نووسیوە:

| | |
|---|---|
| ولو ضاع من هذه القصة كلمة واحدة | **گر از داستان یک سخن کم بدی** |
| لقام عليها بنفسي ماتم | **روان مرا جای ماتم بدی** |

لێرە ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە: بۆچ (**وەرگێڕ**) ئەو باسەی نەکردووە بە عەرەبی تا خوێنەری عەرەبیش بیخوێنێتەوە؟!

***





بەڵام با بڕۆینە سەر کارەکەی دوکتۆر عەبدولوەهاب عزام. کەسێکی وەک بەڕێز دوکتۆر عزام کە دەچێتە سەر باسی (**ئەلشانامە**) و دەستئەکات بە لێکۆڵینەوە و کەموکوڕییەکانی ئەخاتە روو بێگومان نەک هەر فارسی زانیوە، بەڵکو شارەزای ئەدەبیاتی فارسیش بووە، بەڵام بەداخەوە وەک ئەوەی کە باسە لە ئارا دایە و پێویست دەکات لێکۆڵینەوەکەیان ئەنجام نەداوە.
ئەو باسە کە ئەوان ئاماژەیان پێکردووە واتە (**کورد لە توخمی ئەو دووسەد کەسەیە**) هەر ئەوە نییە کە باسیان کردووە، بەڵکو باسەکە بەو جۆرەی خوارەوەیە:

| | |
|---|---|
| ئێستا کورد لەو ریشە و رەگەزەن | **کنون کرد از آن تخمه دارد نژاد** |
| کە حەز بە ئاوەدانی ناکەن | **کز آباد نیآید بدل برش یاد** |
| ترسیان نییە لە یەزدان | **بود خانهاشان سراسر پلاس** |
| لە پلاسە خانوەکانیان | **ندارند در دل ز یزدان هراس** |

نەک هەر بەڕێز دوکتۆر عزام، بەڵکو هەر کەسێک تۆزێ فارسی بزانێت دەزانێت فیردەوسی لەو هۆنراوەدا چی مەبەستە، دەزانێت کە فیردەوسی لەو هۆنراوەدا هێرشی کردووەتە سەر کۆمەڵیک خەڵک بەناوی (کورد).
بۆچ دوکتۆر نەچووەتە ناو ئەو باسەوە، بۆ ئەوەی بۆ خوێنەرانی عەرەب باس نەکردووە؟ بۆچ سەبارەت بەو هێرش و سووکایەتیکردنە پەنجەی رەخنەیان ئاراستەی فیردەوسی نەکردووە؟ بۆچ خودی وەرگێڕیشیان نەبردووەتە ژێر پرسیارە تا باسەکە بۆ خوێنەر بە باشی روون ببوایەتەوە؟ بۆچ باسەکەیان لە ژێر پەردەیەکی نادیار و نهێنیدا باسکردووە؟

ئەو باسە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە دوکتۆر عزام یەکێک لە بەشدارانی یادی هەزارساڵەی لە دایکبوونی فیردەوسی بووە.

ئەگەر بچوایەتە ناو ئەو باسەوە، ئەگەر بە زمانی رەخنە هۆنراوەکەی فیردەوسی شی بکردایەتەوە، ئەگەر (قوام الدین الفتح بن علی بن محمد البنداری الأصفهانی) وەرگێڕی ببردایەتە ژێر پرسیار و خوێنەرانی لەو باسە ئاگادار بکردایەت، دەوڵەتی ئێران نەک بانگی نەدەکردت بۆ یادی هەزارساڵەکەی فیردەوسی، بەڵکو بە چاوێکی دیکەوە تماشایان دەکرد و لە ریزی دوژمنانی فیردەوسی رادەگیرا، بەڵام لە بەرانبەردا لای خوێنەران دەچووە خانەی نووسەرێکی دادپەروەر و مرۆڤدۆستەوە!

(**فیردەوسی و بلوچ و ... ) لە ئەلشانامەدا**

سەبارەت بە باسی فیردەوسی و بلوچ لە (ئەلشانامە)دا بەو جۆرە نووسراوە:

**وفی القسم الاول هذه العناوین:**

**١ – نصح نوشین روان رؤساء إیران.**

**٢ - تقسیم کسری الملکة أربعة أقسام الخراج.**

**٣ – رسالة کسری الی عماله.**

**٤ – قصه بابک موبذ کسری، و عرضه الجیش.**

**٥ – عدل نوشین روان و ذکاؤه.**

**٦ – طوافه فی مملکته**

**٧ – عقاب اللان و البلوچیین و الگیلانیین ٨ – ٩ – .... ١٤**

سەرچاوە: (الشاهنامه، الجز الثانی – اسکندر و ملوک الطوائف و الساسانیون ل ١٢٢

وەک دەبینین لە ژمارە (٥)دا باسی (دادپەروەری و دانایی نەوشیروان) کراوە، لە ژمارە (٧)یش باسی (عقاب اللان و البلوچیین و الگیلانیین) سزادانی (ئالان، بلوچ و گیلەک) دەکات.
جا وەرگێڕێکی وەک (**محمد البنداری الأصفهانی**) کە هۆنراوەکانی فیردەوسی سانسۆر بکات تا خەڵک بە دیدوبۆچوونی فیردەوسی





نەزانێت، دەتوانێت باسی خوێنڕێژی نەوشیروان و کوشتاری ئالانیان و بلوچەکان و گیلەکەکان بە دەست نەوشیروان بکات؟

جێگەی داخە بەڕێز دوکتۆر عەبدولوەهاب عزام لەم باسەیشدا بە بێدەنگی بەلای تاوانەکانی نەوشیروان سەبارەت بە کوشتاری بلوچ و گیلەک و دەیلەم گوزەر دەکات و بە لانەوە گرنگ نییە چی بەسەر ئەو خەڵکە هەژارە هاتووە!

**تێبینی:**
بەداخەوە من عەرەبی نازانم، ئەو چەن باسەی (ئەلشانامە) وەک نموونە دەسنیشانم کردووە تا خوێنەر هەندێ زانیاری سەبارەت بەو باسانە بەدەستەوە بێت. خۆتان ئەتوانن لە رووی ئەو دیکۆمێنتانە کە دەسنیشان کراوە، بڕۆنە ناو باسەکانەوە.



٣٩          كتاب الشاهنامه

الأطباء والحكماء⁽¹⁾ فأمروه بقطعهما . فلما قطعتا نبتتا فى الحال مثل الأول . ففرق أصحابه فى الأطراف فى طلب الأطباء حتى جمعوا منهم خلقا كثيرا . فعجزوا عن معالجة ذلك الداء، وحسم مادته . فجاء إبليس فى زى طبيب الى باب الملك فأدخل عليه، وقال هذا قضاء أجراه الله⁽²⁾ عليك . لا بد من تربية

= المأمون ، فكتب ألا يعرض له..." وفى البلدان أيضا : "وعن القاسم بن سليمان قال : أبجد وهوز وحطى وكلمن وسعفص وقرشت كانوا ملوكا جبابرة . ففكر قرشت يوما فقال تبارك الله أحسن الخالقين فخلقه أژدها⁽3⁾ فله سبعة رءوس وهو بدنباوند محبوس . وزعم بعض المحدثين أن المحبوس بدنباوند صخر الجنى الذى أخذ خاتم سليمان بن داود . فلما رد الله جل وعز على سليمان ملكه حبسه فى جبل دنباوند⁽4⁾" .

وأعجب من هذا ما رواه بعض المؤلفين من أن سكان بلدة دماوند على السفح الجنوبى من جبل دماوند يحتفلون بعيد يسمونه "عيد كردى" إحياء لذكرى موت الضحاك، وأن قرب البلدة مصطبة عظيمة يقال إن طبل الضحاك كان يضرب عليها عند الصباح⁽5⁾ .

فانظر كيف تقلبت على مر الزمن وشاعت أسطورة الضحاك . وهو فى كل الأطوار ثعبان أو قرين ثعبان . ويقول بعض المؤلفين أن عبادة الثعبان التى يظن أن أصلها تورانية كانت مقترنة بتقريب القرابين البشرية . وفى نقش رستم يرى أرمزد على فرس يقدم التاج لأردشير بابكان أول الساسانيين وتحت قدميه أردوان آخر ملوك البارثيين يحيط برأسه ثعبانان⁽6⁾ .

ثم الضحاك لم يقتل على يد أفريدون بل قيده ، وسيأتى الكلام عن قتله فى أسطورة "كرشاسب" العجيبة⁽7⁾ .

ومن المسائل المهمة التى أهملها المترجم : أن الضحاك أول من أكل اللحم وكان الناس يقتاتون بالنبات . وهذا ينسب الى نمرود أيضا . وقصة أرمايل وكرمايل اللذين كانا يكلفان بقتل الناس لإطعام حيتى الضحاك فكانا ينقذان كل يوم رجلا حتى اجتمع مائتان فأعطياهم من الضأن والمعز فكثروا وتسلوا وكان منهم الكرد . =

(1) ط ا : والأمراء . (2) ط ا : الله تعالى . (3) أژدها : تنين . (4) بلدان ص ٢٧٤ وما بعدها . (5) ورزنامج ١ ص ١٤٢ نقلا عن رحلة ثانية فى فارس لموريه (Morier) (6) أنظر (Warner) ج ١ ص ١٤٣ (7) أنظر مقدمة فصل كرشاسب الآتى .

**لاپەڕەی دیکۆمینتی لە کتێبی: (الشاهنامه مترجم نثرا الفتح بن علی البنداری)**

**ئەو خەتە نووسەری ئەم چەن لاپەڕە کێشاوییە بە دەوریدا.**





# نووسەرانی فارس و کورد و (فیردەوسی)

لە چاپەمەنی فارسیدا سەبارەت بە فیردەوسی و شانامەی فیردەوسی زۆر نووسراوە بەرچاو دەکەوێت. لێرەدا ئاماژە بە چەن نموونەیان دەکەم کە بریتین لە:

**١ - کتێبی (ز گفتار دهقان ... شاهنامهء فردوسی به نظم و نثر)**
ئێقباڵ یەغمایی

**٢ - نووسراوەیەکی (لێکۆڵینەوەیی) سەبارەت بە شانامەی فیردەوسی**
محەممەدعەلی فروغی

**٣ - کۆنفرانسی ایران لە سەدەی بیستەم لە زانستگای برکلی**
ئەحمەد شاملو

**٤ – بەهرام مشیری و شانامەی فیردەوسی**
**ئامادەکردنی لە تەلەڤیزیونی ئەمریکا**

**٥ – داریوش کەریمی، تورج ئەتابەکی، والتر پۆش و شانامەی فیردەوسی**
ئامادەکردنی تەلەڤیزیۆنی BBC

**٦ - کتێبی شاهنامە بە سویدی (Shahname)**
نامدار ناسری

**٧ - کتێبی (روایات و تاریخچه جشن نوروز)**
گوڵمراد مرادی

**٨ - کتێبی (تاریخ کرد و کردستان)**
سدیق سەفیزادە – بۆرەکەیی

**٩- وتوویژی رادیۆیی شەهرام نازری سەبارەت بە فیردەوسی و شانامە**
ئامادەکردنی: (رادیۆ پژواک)

**١٠ - نووسراوەیەکی ئەنترنێتی**
گوڵاڵە کەمانگەر

**١١ - شانامەی کوردی و داستانی رۆستەم و زۆراب**
شیاوەش گۆدەرزی

# نووسەرانی فارس

# و

# (فیردەوسی)





**فیردەوسی لە ژێر تەوری (سانسۆر)دا**

سانسۆر کردەوەیەکی چەپەڵ و زیانبەخشە کە لە لایەن سیستمە دیکتاتۆرییەکانەوە پیادە دەکرێت. ئامانج لە سانسۆر ئەوەیە کە کۆمەڵگا بە گەندڵکاری دەسەڵاتداران نەزانێت.
لە پرۆسەی پیادەکردنی سانسۆردا مەیدانی رادەربڕین و بیرکردنەوە لە خەڵکی ئاسایی ناو کۆمەڵگا دەبەسترێت و رێگا بە هیچ چەشنە باس و نووسراوە و کارێکی هۆنەری کە گەندڵکارییەکان بخاتە روو نادرێت! هەر وشە و رستەیەک کە زیان بە سیستمی دەسەڵاتداری بەگەیەنێت، بێباکانە دەدرێتە بەر تەوری سانسۆر و لە ناو دەبرێت.

ئەم سانسۆرکردنە کە لێرەدا باسی دەکرێت پێچەوانەی ئەو سانسۆرەیە کە رێگا لە خەڵکی ئاسایی دەگرێت! لەم پرۆسەدا کاری نووسەرێک کە خزمەتکاری دەسەڵاتداران بووە سانسۆر دەکرێت، ئەو کارەیش هەر زیان بە کۆمەڵگا دەکەیەنێت!

**بۆچ زیان بە کۆمەڵگا دەگەیەنێت؟**

لەم پرۆسەدا لەبری ئەوەی کارە بەدەکانی فیردەوسی ببرێتە ژێر پرسیار و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت و پەنجەی سەرزەنشت بکرێت بە چاو نووسەرەکەیدا تا خەڵک لەو جۆرە (بیرکردنەوەی فیردەوسی)یانە کە کەوتووەتە بەر پەنجەی تۆڵە و سەرزەنشت خۆ بپارێزن، دەستیان داوەتە سڕینەوەی بەشێک لە هۆنراوەکەی فیردەوسی، بەو کارە خەڵک فێر دەکەن کە ئەوانیش لەو جۆرە کارانە ئەنجام بدەن، کاتێک کە کۆمەڵگایەک بەو جۆرە پەروەردە بکرێت لەبری ئەوەی بڕواتە پێشەوە بۆ پاش دەگەڕێتەوە!

**با سەبارەت بە سانسۆرکردنی هۆنراوەکەی فیردەوسی تەماشای ئەو دوو لاپەڕە کە لە دوو شانامە وەرگیراون، بکەین:**

**هۆنراوەکە ئەو ٤ بەشەیە:**

**کنون کرد از آن تخمه دارد نژاد**

**کز آباد نیآید بدل برش یاد**

**بود خانهاشان سراسر پلاس**

**ندارند در دل ز یزدان هراس**

وزآن پس یکی چارهٔ ساختن    زهرگونه اندیشه انداختن
مگر زین دو تن را که ریزند خون    یکی را توان آوریدن برون
برفتند وخوالیگری ساختند    خورشها باندازه پرداختند
خورش خانهٔ پادشاه جهان    گرفت آن دو بیدار خرّم نهان
چوآمدش هنگام خون ریختن    زشیرین روان اندر آویختن
ازآن روزبانان ومردم کشان    گرفته دو مرد جوانرا کشان
زنان پیش خوالیگران تاختند    زبالا بروی اندرانداختند
پرازدرد خوالیگرانرا جگر    پرازخون دودیده پرازکینه سر
همی بنگرید این بدآن آن بدین    زکردار بیداد شاه زمین
ازآن دو یکیرا بپرداختند    جزاین چارهٔ نیز نشناختند
برون کرد مغز سر گوسفند    برآمیخت با مغزآن ارجمند
یکیرا بجان داد زنهار وگفت    نگرتا بیاری سر اندر نهفت
نگرتا نباشی بآباد شهر    ترا در جهان کوه ودشتست بهر
بجای سرش زآن سری بی بها    خورش ساختند از پی اژدها
ازین گونه هر ماهیان سی جوان    ازیشان همی یافتندی روان
چوگرد آمدندی ازیشان دویست    برآنسان که نشناختندی که کیست
خورشگر بریشان بز وچند میش    بدادی وصحرا نهادیش پیش
کنون کرد از آن تخمه دارد نژاد    کز آباد نیآید بدل برش یاد
بود خانها شان سراسر پلاس    ندارند در دل زیزدان هراس
پس آئین ضحاك وارونه خو    چنان بد که چون می بدش آرزو
زمردان جنگی یکی خواستی    بکشتی که با دیو برخاستی
کجا نامور دختر خوبروی    بپرده درون باك بی گفت وگوی
پرستنده کردیش بر پیش خویش    نه رسم کئی بد نه آئین نه کیش

٣٦

**لاپەڕەی دیکۆمێنتی لە شانامەی فیردەوسی چاپی چاپخانەی سپهر- بەرگی یەکەم**

**ئەو خەتە نووسەری ئەم چەن لاپەڕە کێشاویە بەژێر ئەو هۆنراوەدا**







یکی گفت مارا به خوالیگری    بباید بر شاه رفت آوری
وزان پس یکی چاره‌ای ساختن    ز هر گونه اندیشه انداختن
مگر زین دو تن را که ریزند خون    یکی را توان آوریدن برون
برفتند و خوالیگری ساختند    خورشها و اندازه بشناختند
خورش خانهٔ پادشاه جهان    گرفت آن دو بیدار دل در نهان
چو آمد بهنگام خون ریختن    بشیرین روان اندر آویختن
ازان روز بانان مردم‌کشان    گرفته دو مرد جوان را کشان
زنان پیش خوالیگران تاختند    ز بالا بروی اندر انداختند
پر از درد خوالیگران را جگر    پر از خون دو دیده پر از کینه سر
همی بنگرید این بدان آن بدین    ز کردار بیداد شاه زمین
از آن دو یکی را بپرداختند    جزین چاره‌ای نیز نشناختند
برون کرد مغز سر گوسفند    بیامیخت با مغز آن ارجمند
یکی را بجان داد زنهار و گفت    نگر تا بیاری سر اندر نهفت
نگر تا نباشی بآباد شهر    ترا از جهان دشت و کوهست بهر
بجای سرش زان سری بی‌بها    خورش ساختند از پی اژدها
ازین گونه هر ماهیان سی جوان    ازیشان همی یافتندی روان
چوگرد آمدی مرد ازیشان دویست    بران سان که نشناختندی که کیست
خورشگر بدیشان‌بزی چندو میش    سپردی و صحرا نهادند پیش
کنون کرد از آن تخمه دارد نژاد    که ز آباد ناید به دل برش یاد
[پس آیین ضحاک وارونه خوی    چنان بد که چون می بدش آرزوی]
[ز مردان جنگی یکی خواستی    به کشتی چو با دیو برخاستی]
[کجا نامور دختری خوبروی    به پرده درون بود بی‌گفت‌گوی]
[پرستنده کردیش بر پیش خویش    نه بر رسم دین و نه بر رسم کیش]

«۳»

چو از روزگارش چهل سال ماند    نگر تا بسر برش یزدان چه راند
در ایوان شاهی شبی دیر یاز    بخواب اندرون بود با ارنواز

**لەم لاپەڕەدا ئەو بەشەی خـوارەوە سانسۆرکراوە**

**بود خانهاشان سراسر پلاس**

**ندارند در دل ز یزدان هراس**

**لاپەڕەی دیکۆمینتی لە شانامەی فیردەوسی چاپی (انتشارات پیام عدالت. ناظر علمی مرتضی امیری اسفندقە. چاپ دوم (١٣٩٠)**

**ئەو خەتە نووسەری ئەم چەن لاپەڕە کێشاویە بەژێر ئەو هۆنراوەدا**

## فیردەوسی لە ژێر تەوری (فریودان)،(تحریف) (Distorsion)

فەرهەنگی سانسۆر سەبارەت بەو هۆنراوەی فیردەوسی دەربارەی کورد دەسنیشان کرا. هەر ئەو هۆنراوە بە جۆرێکی دیکە کاری لەسەر کراوە تا خەڵک ئاگاداری ئەو باسە نەبێت. لە بواری نووسین و کاری ماسمێدیاییدا رەوشتێکی زیانبەخش و چەپەل هەیە بەناوی (فریودان)،(تحریف) ( Distorsion) .

ئەنجامدانی ئەو کارەیش هەر وەک سانسۆر بۆ کۆمەڵگا زیانبەخشە و خەڵک بەو جۆرە پەروەردە ئەکات کە ئەوانیش لەو جۆرە کارە ئەنجام بدەن. بۆ ئەوەی باسەکەمان درێژە نەکێشێت یەکسەر ئەڕۆمە سەر خودی باسەکە.

ئەگەر لە (ئەنترنێت) بڕۆیتە بەشی (youtube) و بنووسیت (Shahnameh) باسێک دێتە بەر دەستت کە کەسێک بەناوی ئیسمایل قادرپەنا (اسماعیل قادرپناه) بە دەنگی خۆی شانامەی فیردەوسی ئەخوێنێتەوە. کاری خوێندنەوەکەی زۆر جوان و باش ئەنجامداوە! لەگەڵ خوێندنەوەکەیشدا ئەو لاپەڕانەی شانامە دانراوە تا خوێنەر بیخوێنێتەوە.

لە یەکەم بەشدا نووسراوە (١٠ تا ١٩) کاتێک کاتژمێری خوێندنەوەکە دەگاتە(٤٩) هەم ئەو لاپەڕە کە ئەو هۆنراوەی تێدا نووسراوە دەیبینی و هەم بە دەنگی ئەو کەسە دەیبیستی. بەسەر ئەو تواناییەدا کە بەڕێز ئیسمایل قادرپەنا لە هۆنەری هۆنراوە خوێندنەوەدا هەیەتی، ئەو هۆنراوە بە خۆرێک ئەخوێنێتەوە کە خوێنەر نەزانێت باسی (کورد) ئەکات.





**کنون کرد از آن تخمه دارد نژاد | کز آباد نیآید بدل برش یاد**

وشەی کورد لە فارسیدا بە (کرد) دەنووسرێت، بەڵام لە خوێندنەوەدا بە (کورد) ئەخوێنرێتەوە. ئەم شانامەخوێنە ئەو هۆنراوە هەر بەو جۆرە واتە (کرد) کە نووسراوە دەخوێنێتەوە. لە خوێندنەوەی فارسیدا وشەی (کرد) بەو جۆرە کە نووسراوە (کرد) ناخوێنرێتەوە، بەڵکو بە (کەرد) دەخوێنرێتەوە.
وشەی (کەرد) لە فارسیدا لە وشەی (کردن=کەردەن) کە {کردار، فێعل) verb }وەگیراوە. با بەپێی ئەوەی کە ئەو هۆنراوەی فیردەوسی بە (کەرد) خوێنراوەتەوە لێی بڕوانین:

**کنون (کەرد) از آن تخمه دارد نژاد | کز آباد نیآید بدل برش یاد**

کێ ئەتوانێت ئەو هۆنراوە بە زمانەکانی تورکی، عەرەبی، ئینگلسی و خودی زمانی فارسی شیکاتەوە کە فیردەوسی باسی چی ئەکات، ئەم شانامەخوێنە بەتایبەتی ئەو کارەی کردووە تا بیسەری ئەو هۆنراوە بە لاڕێدا ببات!

هیوادارم خۆت بڕۆیتە بەشی (youtube) بە چاوی خۆت بیبینیت و بە گوێی خۆت بیبیستی.




**بود خانهاشان سراسر پلاس　　ندارند در دل ز یزدان هراس**

↑

**لاپەڕەی دیکۆمینتی لەو شانامە کە خوێنراوەتەوە، ئەو هۆنراوەی فیردەوسییش کە سانسۆر کراوە**





## نووسەرانی فارس و (فیردەوسی)

### ئێقباڵ یەغمایی و شانامەی فیردەوسی



(یەغمایی) کێیە؟ ئێقباڵ یەغمایی ڕۆژنامەوان، نووسەر، وەرگێڕ و (هەڵەناس- مصحح) لە ساڵی١٢٩٥ هەتاوی لە دێی (مسکین خورسال) لە دایک بووە، یەغمایی لە ساڵی(١٣٢٧)ەوە بۆ ماوەی سێ ساڵ لە بەشی ئەدەبیاتی زانستگای تاران مامۆستا بووە، ماوەیەکیش سەرپەرەشتی گۆڤاری (**ئاموزش و پەروەرش**) دەکات. پاشان خۆی گۆڤاری (**دانش ئاموز**) بڵاودەکاتەوە، جگە لەو کارانە بۆ ماوەی چەند ساڵ لە (**بنکەی فەرهەنگی**) بە سەرپەرەشتی دوکتۆر (**پەرویز خانلەری**) لە بەشی (**نگارش سەر بە وەزارەتی فەرهەنگ و هونەر**) کار دەکات و ساڵی(١٣٧٦) لە تاران کۆچی دوایی دەکات.

سەرچاوە: ئەنترنێت

بەڕێز یەغمایی کتێبێکی بەناوی (**ز گفتار دهقان...شاهانە فردوسی بە نظم و نثر**) سەبارەت بە شانامەی فیردەوسی نووسیوە. یەکێک لەو باسانە هەمان هۆنراوەیە کە سەبارەت بە زوحاک و کورد لە لاپەرەکانی پێشوودا ئاماژەی پێکراوە. نووسەر باسەکەی بەو جۆرە ئامادە کردووە:

**{چارەسەری کارەکەیان لەوەدا بینییەوە کە ببن بە چێشتکەری شا.**

| | |
|---|---|
| **وزان پس یکی چارەای ساختن** | پاشان بە باشی بیر ئەکەینەوە |
| **زهر گونە اندیشە انداختن** | چارەی ئەو کارەیش ئەدۆزینەوە |
| **مگر زین دو تن را کە ریزند خون** | کە دەبێ بکوژرێت لە لاوان دوو کەس |
| **یکی را توان آوریدن برون** | دەربازی ئەکەین بۆ خۆمان یەک کەس |

**هەر بەو هیوایە بەباشی فێری چێشتلێنان بوون. پاشان بوون بە چێشکەری شا. کاتێک کاری خواردن سازکردنی مارەکانی سەرشانی زوحاکیان پێسپێردرا، پیاوەکانی زوحاک هەموو رۆژێ دوو لاویان دەبرد بۆ چێشتخانە تا مێشکیان بکەن بە چێشتی مارەکان، بەڵام ئەرمایل و گەرمایل یەکێک لەو لاوانەیان بە نهێنی لە کوشتن دەرباز دەکرد و پێیان دەوت تۆ نابێت لە شاردا بژیت. پاشان لەبری مێشکی ئەو لاوە مێشکی مەڕێکیان ئاوێتەی مێشکی ئەو کەسەی کە کوژرا بوو، دەکرد و دەیانکرد بە چێشتی مارەکان.**

| | |
|---|---|
| **از این گونه هر ماهیان سی جوان** | بەو جۆرە هەر مانگ سی کەس لە لاوان |
| **از ایشان همی یافتندی روان** | دەربازیان دەکرد لە کوشتن ئەوان |

**کاتێک ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە چنگ مەرگ دەرباز ببوون گەیشتنە دووسەد، چێشتکەران برێ مەڕ و بزنیان بۆ بردن تا ببەن بە شوان و بە ئاسوودەیی بژین. کوردەکان نەوەی ئەو ئازادیخوازانەن کە ژیانیان لە دامێنی سروشتا پێباشترە هەتا ئەوەی لە شارەکاندا بژین}.**

***

نووسەر ئەو هۆنراوەی فیردەوسی سەبارەت بە زوحاک و کورد وەها دادەڕێژێت کە خوێنەر هەست بە ناوەرۆکی باسەکەی فیردەوسی نەکات، لە ئاکامی ئەو کارەدا خوێنەر بە دوو شێوە فریو دەخوات!

**شێوەی یەکەم:**

خودی هۆنراوەکەی فیردەوسی نەنووسراوەتەوە، ئەو کارەیش بۆ ئەوەیە تا خوێنەر ئاگاداری دیدوبۆچوونی فیردەوسی سەبارەت بەو باسە نەبێت !

**شێوەی دووهەم :**

بەو جۆرە درێژە بە باسەکەی ئەدات:

| | |
|---|---|
| **کردان از تخمه آن آزادگانند که زندگی در دامان طبیعت را بر ماند در شهرها برتر میشمارند** | کوردەکان نەوەی ئەو ئازادیخوازانەن کە ژیانیان لە دامێنی سروشتا پێباشترە تا ئەوەی لە شارەکاندا بژین }. |





نووسەر دەستی داوەتە چەواشەکاری و هێرش و سووکایەتییەکانی فیردەوسی بۆ سەر (کورد) دەگۆڕێت و دەیکات بەوە کە کوردەکان نەوەی ئەو ئازادیخوازانەن کە ژیانیان لە دامێنی سروشتا پێباشترە هەتا ئەوەی کە لە شاردا بژین.

جگە لەو کارە ناشایستە دەنووسێت:

**هەندێ مەڕ و بزنیان بۆ بردن تا شوانی بکەن.**

با جارێ واز بێنین لە باسی کوردی ئازادیخواز و مەڕ و بزن و شوانیکردنی ئەو دوو سەد کەسە، با بڕۆینە سەر دووهەمین فیردەوسیناس بەناوی (**محەممەدعەلی فروغی**)



پادشاهی جمشید / ۲۳

چاره گری را همداستان شدند که داوطلب خوالیگری شاه شوند

وزان پس یکی چاره‌ای ساختن زهر گونه اندیشه انداختن
مگرز بن دوتن راکه ریزند خون یکی را توان آور بدن برون

بدین امید هنر خوالیگری را نیکو آموختند. پس آنگاه به خورشخانهٔ سلطان درآمدند. وقتی فراهم کردن غذای مارهای دوش ضحاک به آنان سپرده شد،ارمایل و گرمایل هر روز که گماشتگان شاه دو جوان را به خورشخانه می کشاندند تا مغز سرشان خورش ماران شود یکی از آن دو را در نهان رها و به او سفارش می کردند از شهر برون شود. به جای مخ او مغز سر گوسفندی را به مغزِ سرِ آن جوان دیگر می آمیختند و خورش ماران می کردند.

ازاین گونه هرماهیان سی جوان از ایشان همی یافتندی روان

وقتی عدهٔ از مرگ رستگان به دویست می رسید خورشگران به قدر کافی بز و میش به ایشان می دادند تا شبانی کنند و روزگار به آرامی و فراخی معیشت بگذرانند. گردان از تخمهٔ آن آزادگانند که زندگی در دامان طبیعت را بر ماندن در شهرها برتر می شمارند.

***

چون چهل سال بدین گونه از پادشاهی ضحاک گذشت شبی به خواب دید که از کاخ شاهنشهان سه مرد جنگی پدید آمدند. آن که از دو دیگر به سال کمتر بود برآن دو سر بود. فرّ کیانی از چهره‌اش می تافت. کمر بستن و رفتنش شاهوار بود، و در جنگ گرزی گاوسار داشت. او ناگهان بر ضحاک تاختن آورد. به گردنش پالهنگ نهاد، و وی را کشان کشان به کوه دماوند برد و در بند کرد.

ضحاک چنان در هراس افتاد که درعالم خواب بانگی خوفناک برکشید. ارنواز و شهرناز که در کنار او آرمیده بودند به بانگ درشتِ او از خواب برانگیخته شدند.

**لاپەڕەی دیکۆمینتی لە کتێبی:(ز گفتار دهقان...(شاهانه فیردەوسی به نظم و نثر) نویسنده: اقبال یغمایی)**

**ئەو خەتە نووسەری ئەم چەن لاپەرە کێشاویە بەژێر ئەو هۆنراوەدا**





## محەممەدعەلی فروغی و شانامەی فیردەوسی



ئێقباڵ یەغمایی کتێبەکەی خۆی واتە (**ز گفتار دهقان ... شاهانه فردوسی به نظم و نثر**) بە نووسراوەیەکی (**محەممەدعەلی فروغی**) کە سەبارەت بە فیردەوسی نووسیویەتی، رازاندوەتەوە.
بەشێک لە نووسراوەکەی فروغی پێوەندی بە (زوحاک)ەوە هەیە، هەر بەو هۆیە بە پێویستم زانی ببێت بە بەشێک لە باسی فیردەوسی و کورد، بەڵام با پێناسەیەکی کورتی بەڕێز (فروغی) بکەین بە سەرەتای ئەم باسە

**محەممەدعەلی فروغی** (**ذکاالملک**) **۱۳۲۱ – ۱۲۵۴**

محەممەدعەلی فروغی (ذکاالملک) رووناکبیر، وەرگێڕ، ئەدەیب و قسەزان، رۆژنامەوان، سیاسەتوان، دیپلۆمات، نوێنەری مەجلیس، وەزیر و سەرۆکوەزری ئێران بوو. لە پێشدا خوێندنی لە بەشی پزشکی لە دەبیرستانی (دارالفنوون) دەستپێکرد، پاشان بەشی ئەدەبیات و فەرهنگستانی ئێرانی دامەزراند.
فروغی چەن جار بوو بە وەزیر و دوو جاریش نوێنەری مەجلیسی شورای میللی، جارێکیش سەرۆکی (دیوانی کشور).
پاش رمانی بنەماڵەی قاجار کە خۆی لەوەدا دەوری گێڕاوە دەبێت بە جێگری سەرۆکوەزیر، هەروەها یەکەمین و دوایین سەرۆکوەزیری دەورانی رەزاشا بوو، جگە لە وانە سەرۆکی دەستەی نوێنەرایەتی ئێرانی (بۆ کۆنفرانسی ئاشتی و کۆمەڵەی نەتەوەکان) لە ئەستۆ دەگرێت.

سەرچاوە ئەنترنێت

## دیدوبۆچوونی (محەممەدعەلی فروغی) دەربارەی فیردەوسی:

{یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی فیردەوسی زمانپاکییە. لە هەموو شانامەدا وشەیەکی ناپەسەند، پەراگرافێکی بەد نابینیتەوە، دیارە فیردەوسی پێچەوانەی زۆربەی شاعیرەکانی خۆمان زاری خۆی بە وشەی چەپەڵ پیس نەکردووە و خۆی لەو باسانە پاراستووە؛ بەپێی شێوازی داستاننووسی هەر کاتێک باسێکی شەرمن هاتبێتە ئاراوە، بە وشەی باش و جوان باسەکەی ئامادە کردووە. هەروەک لە داستانی زوحاک دا لەو شوێنەی کە ویستوویەتی بێژێت کوڕێک کە ئامادە بێت باوکی خوی بکوژێت (حەرامزادەیە)، وەها دەنووسێت:

| | |
|---|---|
| **بخون پدر گشت هم داستان** | بەو جۆرە باوکی بێبەشکرد لە ژیان |
| **ز دانا شنیدستم این داستان** | ئەم پەندەم بیستووە من لە زانایان |
| **که فرزند بد گر شود نره شیر** | کوڕی بەدڕەوشت با وەک شێریش بێ |
| **به خون پدر هم نباشد دلیر** | بە گوشتنی باوکی قەت ئازا نابێ |
| **اگر در نهانی سخن دیگر است** | ئەگەر بڕۆیتە ناخی ئەو کارە |
| **پژوهنده را راز با مادر است** | رازی ئەو کارە لای دایکی دیارە |

ڕەوشتبەرزی فیردەوسی بە رادەیەک بووە کە لەو ڕووداوە سروشتییانەی کە دەیەوێت مرۆڤ دەسەلاتی خۆی لە دەست بدات و ملکەچی ئارەزووکان بێت و کاری ناشایست ئەنجامبدات، هەروەک لە باسی (تەمینە) کە نیوەشەو ڕۆستەم لە خەودا دەبێت و تەمینە دەچێتە ژوورەکەی و ئەرواتە سەر جێگەی نووستنی و خۆیی دەخاتە بەردەست ڕۆستەم، لەگەڵ ئەوەدا کە ڕۆستەم وەک ڕێبوار بەس بۆ شەوێک لەوێ دەبێت، فیردەوسی ئەوە بە پێویست دەزانێت کە موبدێک (مەلای ئایینی زەردەشتی) لەگەڵ باوکی تەمینە ئامادە بێت تا بەپێی دەستووری ئایین و دابونەریت ئەوان بەرنامەی هاوسەرییان واتە (مارەکردن) بەڕێوە ببرێت، (زۆراب)یش کە بەرهەمی نووستنی ئەو شەوەی ڕوستەم دەبێت لەگەڵ تەمینە.

| | |
|---|---|
| **بدان پهلوان داد او دخت خويش** | کچەکەی خوی دا بەو پاڵەوانە |
| **بدان سان که بوده است آيين و کيش** | بەپێی داب و نەریتی ئەو زەمانە |





| | |
|---|---|
| **چو بسپرد دختر بدان پهلوان** | کە کچەکەی خۆی دا بەو پاڵەوانە |
| **همه شاد گشتند پیر و جوان** | شاد بوون پیر و جوان ئەو زەمانە |
| **به شادی همه جان برافشاندند** | لە خۆشیدا کەوتنە سەماکردن |
| **بر آن پهلوان آفرین خواندند** | کەوتنە پیرۆزبای بە ڕۆستەم وتن |
| **که این ماه نو بر تو فرخنده باد** | وتیان ئەم مانگە پیرۆز بێ لە تۆ |
| **سر بد سگالان تو کند باد** | تەفروتونا بێت گشت دوژمنی تۆ |
| **چو انباز او گشت با او به راز** | کە بوونە هاوسەر پاشان تا بەیان |
| **ببود آن شب تیره تا دیر باز** | شەویان بردەسەر پێکەوە ئەوان |

مەبەستی فیردەوسی ئەوە بووە کە هەم باوکی کچەکە و هەم خەڵکیش لەو کارە ئاگادارن کە بەپێی دەستووری دین و ئایینی بوون بەهاوسەر تا کەسایەتی پاک و خاوێنی ڕۆستەم پاڵەوانی ئێرانی بە کارێکی ناشایست لکەدار نەبێت و پلەوپایەی (زۆراب)یش کە یەکێ لە کەسایەتییە خۆشەویستەکانی ناو شانامەیە نەیەتە خوارەوە و نەڵێن دایکی کەسێکی بەدکارە و پەست بووە}.

***

ئەو باسەی فروغی کە ئێژێت فیردەوسی زمانپاک بووە، ئەگەر وردبینانە لە خودی ئەو بەڵگە و باسانەی فروغی کە سەبارەت بە (دایکی زوحاک)، هەروەها ئەو باسەی (ڕۆستەم و تەمینە) بکۆڵینەوە، نەک زمانپاک نەبووە، بەڵکو زۆریش پیس و بەد بووە! ئەم زمانپاکییە چلۆنە کە بۆ دایکی زوحاک بەو جۆرە بیر دەکاتەوە و دەڵێت:

| | |
|---|---|
| **اگر در نهانی سخن دیگر است** | ئەگەر بڕۆیتە ناخی ئەو کارە |
| **پژوهنده را راز با مادر است** | رازی ئەو کارە لای دایکی دیارە |

فروغی دڵی بەوە خۆشە کە فیردەوسی وشەی حرامزادەی (حەرامزادەی) بەکار نەبردووە، ناوەرۆکی ئەو رستە جگە لە (حەرامزادە) چی ئەدات بەدەستەوە؟

| | |
|---|---|
| **پژوهنده را راز با مادر است** | رازی ئەو کارە لای دایکی دیارە |

فروغی بە زمانی خۆی هاوار دەکات کە فیردەوسی هەوڵی ئەوەی داوە داستانەکە وەها دارێژێت کە (شانوشکۆی ڕۆستەم پاڵەوانی ئێرانی و تەمینەی دایکی زۆراب لکەدار نەبێت)، بەڵام بۆ (دایکی زوحاک) وەها بیر دەکاتەوە. ئەمەیە زمانی پاکییە؟! جگە لە باسی تاوانبارکردنی (دایکی زوحاک) کە بەلای (فروغی)یەوە کارێکی بەد و نادورست نەبووە و شانازیشی پێوە دەکات و دەنووسێت:

**یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی فیردەوسی زمانپاکییە. لە هەموو شانامەدا وشەیەکی ناپەسەند، پەراگرافێکی بەد نابینیتەوە، دیارە فیردەوسی پێچەوانەی زۆربەی شاعیرەکانی خۆمان زاری خۆیی بە وشەی چەپەڵ پیس نەکردووە و خۆی لەو باسانە پاراستووە؛**

لێرەدا سەرنجتان رادەکێشم بۆ باسی (**کوشتاری بلوچ و دەیلەم....**) لە لاپەڕەکانی تایبەت بەو باسە کە فیردەوسی چۆن باسی دەکات، ئەو باسەیش بەڵگەیەکی "زمانپاکی" فیردەوسییە.







از خصایص فردوسی پاکی زبان و عفت لسان اوست، در تمام شاهنامه یک لفظ یا یک عبارت مستهجن دیده نمی‌شود، و پیداست که فردوسی برخلاف غالب شعرای ما از آلوده کردن دهان خود به هزلیات وقبایح احتراز داشته است؛ و هر جا که به مقتضای داستان‌سرایی مطلب شرم‌آمیزی می‌بایست نقل کند بهترین و لطیف‌ترین عبارات را برای آن یافته است. چنان که در داستان ضحاک آن‌جا که می‌خواهد بگوید پسری به کشتن پدر راضی شود حرامزاده است این قسم می‌سراید:

به خون پدر گشت همداستان    ز دانا شنیدستم این داستان
که فرزند بد گر بود نرّه شیر    به خون پدر هم نباشد دلیر
مگر در نهانی سخن دیگر است    پژوهنده را راز با مادر است

در داستان عشقبازی زال با رودابه آن‌جا که عاشق و معشوق به دیدار یکدیگر رسیده اند می‌فرماید:

همی بود بوس و کنار و نبید    مگر شیر کو گور را نشکرید

عفت‌طلبی فردوسی به اندازه‌ایست که در قضایایی هم که به اقتضای طبیعت بشری بی اختیار واقع می‌شود رضا نمی‌دهد که پهلوانان او مغلوب نفس شده و از حدود مشروع تجاوز کرده باشند چنان که در قضیهٔ تهمینه که در دل شب در حالی که رستم خواب است، به بالین او می‌رود و وجود خویش را تسلیم او می‌کند، با آن که رستم مسافر بوده و یک شب بیشتر آن جا اقامت نداشته، واجب می‌داند که موبدی حاضر شود، و از پدر تهمینه اجازهٔ مزاوجت او را با رستم بگیرد، و درنتیجه همان شبانه:

بدان پهلوان داد او دخت خویش    بدان سان که بوده است آیین و کیش
چو بسپرد دختر بدان پهلوان    همه شاد گشتند پیر و جوان
به شادی همه جان براقشاندند    بر آن پهلوان آفرین خواندند
که این ماه نو بر تو فرخنده باد    سرِ بدسگالان تو کنده باد
چو انباز او گشت با او به راز    ببود آن شب تیره تا دیر باز

و همان شب نطفهٔ سهراب منعقد شد، ومقصود از این پیرایه ها این است که قضیّه با موافقت پدر دختر و با اطلاع عامه و موافق دین و آیین واقع شده باشد تا دامن پاک رستم پهلوان ملّی ایران به فسق آلوده نبوده و سهراب که یکی از اشخاص محبوب شاهنامه است از مادر ناپاک به وجود نیامده باشد.

کلیّهٔ فردوسی مردی است بغایت اخلاقی، با نظر بلند و قلب رقیق ، حس لطیف، و ذوق

**لاپەڕەی دیکۆمینتی لە کتێبی:(ز گفتار دهقان ... (شاهانه فیردەوسی به نظم و نثر) نویسنده:اقبال یغمایی)**

ئەو خەتە نووسەری ئەم چەن لاپەڕە کێشاویە بەژێر ئەو هۆنراوەدا

## ئەحمەد شاملو و شانامەی فیردەوسی



ئەحمەد شاملو کێیە؟ ئەحمەد شاملو لە ١٣٠٤/١٠/٢١ کۆچی هەتاوی لە تاران دێتە کۆڕی ژیانەوە. دەورانی منالییەکەی بەهۆی ئەوەی باوکی ئەفسەری ئەرتەش بوو هەر ماوەیەک بۆ ئەنجامدانی کارێک رەوانەی شوێنێک دەکرا لە شارەکانی رەشت، سەمیرەم، ئابادە و شیراز بەسەر بردووە. خوێندنی سەرەتایی لە شارەکانی خاش و زاهیدان و مەشهەد، بەشێک لە خوێندنی ناوەندیشی لە بیرجند، مەشهەد و تاران خوێندووە. لە ساڵی ١٣٣١ لەگەڵ باوکیدا بۆ بنیادنانەوەی سیستمی ژاندارمری چووەتە گورگان و تورکەمەنسەحرا، هاوکات لەگەڵ خوێندن لە چالاکییە سیاسییەکانی ناوچەی (شمال)دا بەشداریکردووە. شاملو بەهۆی لایەنگری لە ئالمانییەکان و دژایەتی هاوپەیمانان لە تاران دەگیرێت رەوانە دەکرێت بۆ بەندیخانەی شۆرەوییەکان (سۆڤییەت) لە رەشت. پاش ئازادبوون لە زیندان لەگەڵ بنەماڵەکەیدا دەڕوات بۆ ورمێ (رەزاییە) و پۆلی چوارەمی ناوەندی لەوێ دەخوێنێت و پاشان دێتەوە بۆ تاران ئیتر ناچێتە قوتابخانە بۆ خوێندن. ساڵی ١٣٣٣ بە تاوانی چالاکی سیاسی دەگیرێت و ماوەی چوارده مانگ لە زیندانی شاری بناو (بناب) و زیندانی قەسر ژیان بەسەر دەبات. لە ساڵی ١٣٣٦دا کۆمەڵە هۆنراوەیەکیان بەناوی (**آهنگ هاى فراموش شده**) چاپکرا، پاشان (**آهن و احساس**) – (**هواى تازه**) - (**آيدا در آينه**) و چەن کۆمەڵە هۆنراوەی دیکەیان چاپکراوە.





## ئەحمەد شاملو دەربارەی فیردەوسی:

شاملو لە بەهاری ساڵی ١٩٩٠ لە زانستگای برکلی لە ئەمریکا کۆنفراسێک لە ژێر (**ناوی ئێران لە سەدەی بیستەم**)دا بەڕێوە دەبات، لەو کۆنفرانسەدا باسێکی دوور و درێژ پێشکەش بە بەشدارانی کۆنفراسەکە دەکات. باسی ئەو کۆنفرانسە بە نووسراوە لە ئەنترنێت دانراوە. بەشێک لە باسەکەیان سەربارەت بە فیردەوسی و شانامە و زوحاکە. بەهۆی گرنگی باسەکە کورتەیەکی کە سەبارەت بە (**شانامە و فیردەوسی و زوحاک**)ە دەخەمە بەردەست کە بەو جۆرەیە:

**{مێژوو پێچەوانە نووسین مێژوویەکی تایبەتی خۆیی هەیە.**

**هەموومان بەسەرهاتی نەوشیروان دەزانین و پێویست بە دووبارە کردنەوە ناکات. ئەم مرۆڤخۆرە حەرامزادە لەگەڵ مەلاکاندا رێکەوت ئەگەر لەبری براکەی ببێت بە شا مەزدەکییەکان لەناو دەبات. نووسیویانە و ئێژن بە مەکر و فریوکاری بەس لە یەک رۆژدا سەدوسیهەزار (١٣٠٠٠٠) مەزدەکی لە سەرانسەری وڵات کۆکردەوە و سەرەوخوار تا نێوقەد لە چاڵە ئاهەکدا هەڵیواسین.**

**ئەمکارە نفرەت و کاردانەوەیەکی وەهای بوو کە دەمودەزگاکانی حکومەت بۆ پاککردنەوەی شوێنەوارەکانی دەستبەکار دەبن و دەست ئەدەنە شانۆیەکی فریوکارانە (نمایش خر رەنگ کن) وەک زنجیری دادپەروەری تا ئەم دێوە خوێنخۆرە وەک فریشتە بە خەڵک بناسێنن. ئەو کارەیان ئەنجامدا، پێیان وابوو دەتوانن بۆ هەتاهەتایە مێژوو فریو بدەن، هەر وەک ئەمڕۆ کاتێک ناوی نەوشیروان دەبیستین کوتوپڕ وشەی دادپەروەریمان بیر دەکەوێتەوە.**

| | |
|---|---|
| **زنده است نام فرخ نوشيروان بعدل** | ناوی نەوشیروان بە دادوەر زیندووە |
| **گرچه بسى گذشت كه نوشيروان نماند:** | هەر چەن لە مێژە نەماوە و مردووە |
| بیچارە سعدی | |

**با جارێ واز بێنین لە باسی داریوش و بەردییا، پاشان باسی دەکەینەوە. ئێستا بابزانین باسی زوحاک چلۆنە: یەکێک لە دۆستانم بەناوی(حەسووری) کە توێژەرێکی**

بەتوانایە لە نووسراوەیەکدا سەبارەت بە زوحاک دەنووسێت: جەمشید کۆمەڵگای بە چینگەلی جیاواز دابەش کردبوو: وەک چینی مەلاکان، چینی نەجیب و ماقوڵان، چینی لەشکری، چینی جووتیار و پیشەسازان و .... پاشان زوحاک بە دەسەڵات دەگات. پاش زوحاک، فەرەیدوون کە بەپێی راپەڕینی کاوەی ئاسنگەر دەبێت بە شا، وەک دەبینین یەکەمین کارێ کە ئەنجامی ئەدات گەڕانەوەی کۆمەڵگایە بۆ دەورانی جەمشید کە کۆمەڵگایەکی چینایەتی بوو. هەروەک فیردەوسی ئێژێت لەگەڵ ئەوەی فەرەیدوون دەسەڵاتی گرتە دەست جارچی خستە ناو شار و کوتی:

| | |
|---|---|
| سپاهی نباید که با پیشەور | لەشکری نابێت لەگەڵ پیشەساز |
| به یک روی جویند هر دو هنر | ببێت بە هاوڕێ و هاوڕاز و ئاواز |
| یکی کار و زر و دگر کورزدار | یەکێ گورزبەدەس یەکێ زێڕ و کار |
| سزاوار هر دو پدید است کار | هەردوو هەوڵئەدەن لە پێناوی کار |
| چو این کار آن جوید آن کار این | ئەم کاری ئەو کا ئەویش کاری ئەم |
| پر آشوب گردد سراسر زمین! | جهان ئەشەوێت ببە خاترجەم |

ئەمە ئەوە ئەدات بەدەستەوە کە دەورەی پاشایی زوحاک لە نێوان پادشایی (جەمشید و فەرەیدوون)دا بووە، ئەو پرۆسە چینایەتییەی لەناو بردووە.

پێویستە ئەوەیش بزانین کە ئێمە ئاگامان لە جۆری دەستەبەندی چینایەتی دوو سێ هەزار(٢– ٣٠٠٠)ساڵ پێش نییە. ئەو دەستەبەندییە کە لە کۆمەڵگای پێشووی ئێراندا بووە لە کتێبی (ئاڤێستا)ی تازیشدا ئاماژەی پێکراوە. ئەوەیش دەزانین داستانی زوحاک کە بەو جۆرە بۆ ئێمە باسکراوە، دەستکردی بیر و بۆچوونی خەڵکێکە کە ئەوەیان دورست کردووە بۆچ دەبێت ئاواتەخوازی ئەوەبن کە فەرەیدوون بێت و جارێکی دیکە ئەوان بۆ پاش بگێڕێتەوە، بۆچ دەبێت سەبارەت بە گەڕانەوە بۆ سیستمی چینایەتی شاگەشکە بن؟

ئەم کارە لە دوو حاڵەت بەدەر نییە: ئەو کەسانەی کە ئەم داستانەیان سازکردووە یا لە چینی دارا و دەوڵەمەندەکان بوون (ئەوەیش زۆر لە راست ناچێ) یا ئەو کەسەی کە داستانەکەی ئامادە کردووە (چ فیردەوسی چ ،،مصنف خداینامک،، بوویێت کە سەرچاوەی شانامە بووە) درۆی کردووە و داستانەکەی بەو جۆرە ساز کردووە کە ئەوەیش خواستی چینە هەژارەکان بووە بەو جۆرە لە شانامەدا نووسراوە، هەر بەو هۆیە زۆر راستگۆیانە لایەنگری لە بەرژەوەندی خۆی و ئەو چینەیش کە لایەنگری بووە دەکات.





شتێکی ئاساییە لە روانەکەی کەسێکەوە کە لەژێر سایە و پەنای سیستمی چینایەتیدا ژیابێت دەبێت زوحاک تاوانبار بێت و کارنامەی شۆڕشگێڕیش بۆ کاوە کە کەسێکی پیشەیی(سنعاتکار) هەژار و بێبەش لە ماڤە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆتای داستانەکەدا بەس پێشدامێنە ئاسنگەرییەکەی بۆ فریودانی خەڵک وەک نیشانەیەکی بەهێز بۆ لایەنگری خەڵک لە شا بێت بە ئاڵای پادشایی فەرەیدوون، فەرەیدوونێک کە ئەو بارودۆخە دەگێڕێتەوە بۆ دەورانی پێشتر و سیستمە چینایەتیەکە زیندوو دەکاتەوە تا خەڵک یەکدەست و یەکدڵ نەبن جێگەی رێز و نەوازش دەبێت.

جەنابی فیردەوسی لە بەشی پادشایی زوحاکدا بە هیچ جۆرێک باسی کارە کۆمەڵایەتییەکانی زوحاک ناکات و لە پێشدا ئەو تاوانبار دەکات، بەبێ ئەوەی راستی باسەکە بخاتە روو، کارنامەی زوحاکی هەژار بەو جۆرە ئامادە دەکات کە دوو مار لەسەر شانی رووواوە و خواردنی مارەکانیش مێشکی مرۆڤە. ئێستا بڕۆ باسی ئەو کارە سووک و بێنرخە لە فیردەوسی بپرسە بۆچ بۆ چارەسەرکردنی دەردەکەی زوحاک دەبێت مروڤ سەر ببڕن، بۆ نابێت لە مێشکی مردووان سوود وەرگرن؟).

***

## جیاوازییەکان

شاملو وەک ئەو فیردەوسیناسانەی پێشوو تماشای فیردەوسی ناکات، شانامە و فیردەوسی دەباتە ژێر پرسیار. با بڕۆینە ناو ئەو باسەوە بزانین بە گوێ دەگەین، بەڵام لێرەدا پێویستە بگەڕێینەوە بۆ دیدوبۆچوونی فیردەوسی سەبارەت بە دوو باس:

**١ – باسی (عەرەب) ٢ – باسی (زمانی فارسی)**

### فیردەوسی و (عەرەب)

| | |
|---|---|
| چو با تخت منبر برابر شود | کە مینبەر لەگەڵ تەختا ببێ بەرانبەر |
| همه نام بوبکر و عمر شود | ناوەکانیش ئەبنە ئەبوبەکر و عومەر |

**

| | |
|---|---|
| سگ و یوز او بیشتر زان خورد | سەگەکانی شا وەها خۆش ئەژین |
| که شاه آن بچیزی همی نشمرد | ئێوە بەو جۆرە ناتوانن بژین |
| شما را بچشم اندرون شرم نیست | شەرم و شکۆ لای ئێوە نییە |
| ز راه خرد مهر و آزرم نیست | زانای و رەندی بۆ ئێوە نییە |

| | |
|---|---|
| **بدان چهره و آن زاد و آن مهر و خوی** | بەو سەروسەکوت و کار و ڕەوشتە |
| **چنین تاج و تخت آمدن آرزوی** | ئارەزوتان پادشای و تاج و تەختە |

شانامە بەرگی(٧) ل ٢١٩ تا ٢٢٢

## فیردەوسی و (زمانی فارسی)

| | |
|---|---|
| **بسی رنج بردم درین سال سی** | سی ساڵی ڕەبەق تێکۆشام تەواو |
| **عجم زنده کردم بدین پارسی** | عەجەمیم توڕدا فارسیم کردۆ باو |

## شاملو و (عەرەب) و (زمانی فارسی)

شاملو لەو کۆنفرانسەدا دەڵێت:

**عەرەبی دەشتەکی بێفەرهەنگ بە نەتەوەیەک کە خاوەنی فەرهەنگێکی مێژوویی بوو، بە دڵ و گیان ئەو هونەرەی خۆش دەویست، وتی موزیک بەدە، هۆنراوە ناشایستە، سەما و هەڵپەرین تاوانە، وێنەکێشی و پەیکەرتاشی تاوانێکی مەزنە.**

**لە هەمان کۆنفرانسدا سەبارەت بە زمانی فارسی بەو جۆرە ئێژێت:**

**دۆستانێکی زۆرم بینی بە رواڵەت چوارچێوەیەکی ئێرانییان هەیە، اڵبتە پێیان وایە کە سەوزیقاورمە دەخۆن، سەمای (باباکەرەمی)یان لە دانسی ناو کارەباکان پێباشترە، ئەگەر بیروبۆچوونی ئایینییان هەیە نوێژ دەکەن و ڕۆژوو دەگرن، سەبارەت بە گۆشتی حەڵاڵ و حەرام کاردانەوەی زۆریان هەیە، هەندێک لە وانە هەر گۆشت ناخۆن، ئەگەر بە چارشێوەوە کارنەکەن رووسەری ئەدەن بە سەردا.**

**لەگەڵ خەسوو، لەگەڵ برای ژنەکەی، لەگەڵ خوشکی ژنەکەی، لەگەڵ براژنەکەی لە ماڵێکدا دەژین و چون سفرەی نانخواردن لە سەر زەوی رادەخەن پێیان وایە فەرهەنگی ئێرانییان پاراستووە و ئێرانی ماونەتەوە. عادەت و خوویان لەگەڵ فەرهەنگ لێگۆڕاوە و خۆیان فریو ئەدەن، چون ئەوە نابینن کە منداڵەکەیان تەنانەت زمانی زگماکی (دایکی) خۆی نازانێت و لە فارسی بەس وشەی(پدر سوخته) فێربووە؛ بەڵام ماناکەیشی نازانێت و بە زاراوەی ئەمریکایشە کە هیچی بەسەر هیچەوە نییە!**

***

فیردەوسی لە شانامەدا باسی (پادشایی نەوشیروان) دەکات، یەکێک لە کارەکانی (نەوشیروان)یش کوشتاری بلوچە، نموونە:





| | |
|---|---|
| **ازیشان فراوان و اندک نماند** | لە زۆر و لە کەم لێیان کەس نەما |
| **زن و مرد جنگی و کودک نماند** | ژن و منداڵ و پیاوئازایش نەما |
| **سراسر به شمشیر بگذاشتند** | بە گورز و شمشێر پەلامار دران |
| **ستم کردن کوچ بر داشتند** | بلوچ لە ترسا گەییە هەندەران |
| **بشد ایمن از رنج ایشان جهان** | جهان ئارام بوو لە ژێر چەتری شا |
| **بلوچی نماند آشکار نهان** | بلوچ بە جارێ ناوی هەر نەما |

شاملو شانامەی بە وردی خوێندوەوە، هەر بەو هۆیە **(کارەکانی فیردەوسی)** دەباتە ژێر پرسیار و بە **(نەوشیروان)**یش دەڵێت: **(ئەو حەرامزادەی مرۆڤخۆرە (١٣٠٠٠٠) مەزدەکیی کوشتووە).**

ئەوەی کە ئاماژەی بە کوشتاری مەزدەکییەکان بەدەست نەوشیروان کردووە، هەم باسی خوێنڕێژی نەوشیروان ئەکات و هەم هەست بە دەرد و ڕەنجی مەزدەکییەکان، بەڵام باسی ئەو تاوانەی نەوشیروان سەبارەت بە بلوچ و گیلەک، هەروەها ئەو سووکایەتی فیردەوسی بە کورد ناکات. لەگەڵ ئەوەدا کە ئەو سیاسەتەی نەوشیروان بۆ سەر بلوچ، گیلەک و کارەی فیردەوسی سەبارەت بە کورد لەو دەورانەدا کە خودی شاملو لە ژیاندا بووە، هەم لەلایەن سیستمی پادشایی ئێران وەک پەهلەوییەکان و هەم دەورانی کۆماریش (کۆماری ئیسلامی ئێران) بۆ سەر بلوچ و گیلەک و کورد ئەنجامدراوە. بۆچ باسی نەکردووە؟! هۆکاری باسکردنی مەزدەکییەکان دەگەڕێتەوە بۆ بیرکردنەوەی شاملو، مەزدەکییەکان پێوەندیان بە ئایین و ئیدئۆلۆژی مەزدەکەوە هەیە بۆیە باسیان دەکات، بەڵام باسی بلوچ، گیلەک و کورد پێوەندی بە کۆمەڵە خەڵکێکەوە هەیە بەناوی بلوچ، گیلەک و کورد کە دەچنە خانە سیاسییەوە، شاملویش نەیوستووە باسی ژیانی سیاسی ئەوانە بکات.

شاملو لە خەمی (**فارسەکانی ئەمریکا**) دایە کە فارسییان لە بیر چووەتەوە، بەڵام بلوچ لە خودی بلوچستان لە شار و دێهاتەکانی خۆیاندا مافی ئەوەیان نییە بە زمانی بلوچی بخوێنن، کەچی شاملو باسی ئەو تاوانەی (**نەوشیروان**) ناکات! هەروەها بەسەر ئەوەدا کە شاملو شانامەی بە وردی خوێندووەتەوە، بەڵام ئەو سووکایەتییەی فیردەوسی سەبارەت بە کورد بەلایانەوە گرنگ نەبووە و ئاماژەیەکی پێنەکردووە!

هەروەها دەڵێت:

**پێیان وایە فەرهەنگی ئێرانییان پاراستووە و ئێرانی ماونەتەوە. عادەت و خوویان لەگەڵ فەرهەنگ لێگۆڕاوە و خۆیان فریو ئەدەن، چون ئەوە نابینن کە منداڵەکەیان تەنانەت زمانی زگماکی (دایکی) خۆی نازانێت و لە فارسی بەس وشەی (پدر سوخته) فێربووە؛ بەڵام ماناکەیشی نازانێت و بە زاراوەی ئەمریکایشە کە هیچی بەسەر هیچەوە نییە!**

جێگەی داخە کە بەو جۆرە بیر دەکەنەوە و دەڵێن ئێرانییەکان زمانی {(**دایکی**) زگماکی} خۆیان لە بیرچووەتەوە و بەس وشەی (پدر سوخته دەزانن).
لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە فارسەکان زمانی فارسییان لە بیر چووەتەوە یا ئێرانییەکان؟! لەو ئێرانەدا کە شاملو ئاماژەی پێدەکات، تورک، تورکەمەن، بلوچ، گیلەک، مازندەرانی، عەرەب، کورد و ئەرمەنی دەژین.
ئەو فەرهەنگە کە ئێرانییەکان زمانی فارسییان لە بیرچووەتەوە هەمان فەرهەنگی (**ئەمیرعەباس هوەیدا**) سەرۆکوەزیری دەورانی شایە کە دەینووسی (فارسی زمانی دایکیی ئێرانییەکانە)، بەو هەڵوێستە مافی بلوچ و تورک و... پێشێل دەکرێت جا چ هوەیدا بیکات چ شاملو!
سەبارەت بەو هەڵوێستەی شاملو دەربارەی زمانی نەتەوەکانی ناو ئێران، نموونەی دیکە هەیە بەدەستەوە!



راهنمای کتاب

شمارهٔ ۸–۹ سال سیزدهم

آبان ـ آذر ۱۳۴۹

آیندهٔ زبان فارسی

در آبان ماه جلسات بحث مربوط به زبان فارسی از طرف وزارت فرهنگ و هنر برگذار گردید. اینك سخنان نخست وزیر ودکتر شاپور راسخ به‌علت اهمیت چاپ می‌شود.

امیرعباس هویدا

... بنظرمن زبان‌فارسی ازدو نقطهٔ نظر برای‌ما ایرانیان ارزشی‌فوق‌العاده دارد، یکی‌اینکه زبان مادری‌ماست وزبان مادری هرقومی خمیرمایهٔ بقای آن قوم ومحوراصلی تحرکات هنری وزمینهٔ تلاشهای علمی وتحقیقی‌آن ملت است.

ما باین زبان فارسی بیش‌از۵۴ هزارتألیف علمی وادبی‌داریم که مؤلفین آنها سردرنقاب خاك کشیده‌اند لیکن نامشان باقی ومورد تعظیم وتکریم است.

قوی‌ترین دلیل برای‌اثبات زنده بودن یك ملت همانا زنده ماندن زبان مادری آن ملت است، ماهم با تمام گرفتاریهای تاریخی که داشته‌ایم زنده مانده‌ایم چرا؟

چون‌زبان ما زنده مانده وامروزهم دراینجا جمع شده‌ایم که درباره این زبان زنده وجاوید که زبان مادری رودکی وفردوسی‌است سخن بگوئیم.

زبان فارسی‌سند استقلال وقبالهٔ بقای ملت ایران است درطول‌تاریخ ودر محکمهٔ روزگار.

**لاپەڕەی دیکۆمێنتی سەبارەت بە ئەمیرعەباس هویدا**
**سەرۆکوەزیری دەورانی محەممەدڕەزا پەهلەوی دوایان شای ئێران**

**بەهرام مشیری و شانامەی فیردەوسی**



Falahati_Moshiri_052915 مشیری و فلاحتی - شاهنامه فردوسی

**ئەبێ شانامە لە دەبستان و دەبیرستان و زانستگادا بخوێنرێت**

**{ پێناسەی بەهرام مشیری:**

**بەهرامی مشیری توێژەری مێژوو، نووسەر و بەڕێوەبەری بەرنامەیەکی تەلەڤیزیۆنی بەناوی (سرزمین جاوید). ئەم برنامەی ساڵی (٢٠٠١) لە ئەمریکا دامەزراند، لەم بەرنامەدا باسی (مەزهەب، ئەدەبیات و مێژووی کۆنی ئێرانی) ئەکرد و ئەچووە سەر ئەو باسە بۆچ بەو جۆرە لاواز بووە.**

**بەهرام مشیری ساڵی(١٣٢٦) لە دایک بووە، پاش خوێندنی بەشی ناوەندی لە شاری گوڵپایەگان ئەچێتە زانستگای ئەفسەری لە ئەرتەش و پاشان هەر لە ئەرتەش دائەمەزرێت، بەڵام بەهۆی کارەکانی (ساواک)وە ئەرتەش بەجێ ئێڵێت.**

**ساڵی (١٩٧٤) زایینی ئەڕوات بۆ ئەمریکا لە زانستگای (کاتۆلیکی ئەمریکا) لە بەشی شیمیدا دەس بەخوێند ئەکات و کارنامەی (فوق لیسانس) وەرئەگرێت، چەن کتێبی سەبارت بە سیاسەت، فەرهەنگ و مێژوو نووسیوە}.** ئەو بابەتە لە ئەنترنێت وەرگیراوە.

**ڕۆژی (٢٠١٥/٥/٢٩) لە بەشی فارسی تەلەڤیزیۆنی ئەمریکا و لە بەرنامەی (صحفەی آخر) کە بەڕێوەبەرەکەی کەسێک بوو**





**بەناوی (مەهدی فەلاحەتی) وتووێژێک لەگەڵ (بەهرام مشیری) ئەنجام ئەدات. با لە کورتەیەکی وتووێژەکە بڕوانین:**

**فەلاحەتی:**

**ڕۆژی (٢٥) گوڵانی ئەمساڵ ڕۆژی فیردەوسی بوو. ئێستا نەک هەر بەو بۆنەوە بڕۆمە سەر باسی شانامەی فیردەوسی، بەڵکو لە هەر کەسێ کە سەری لەناو کتێب و هۆنراوە خوێندنەوەدا بووە پرسیارم کرد بێت کە:**

**تا چ ڕادیەک شانامەت خوێندوە؟**

**تا چ ڕادەیەک شانامە ئەناسی؟**

**بۆچی هەموو ئەڵێن شانامە گرنگە؟**

**زۆربەمان ئەو باسەمان بیستووە، بەڵام وەڵامەکە، (نازانم) بووە.**

**با کەس ئاگای لێنەبێت، ئەزانم تۆیش بە دەگمەن تماشای شانامەت کردووە، بۆچی؟**

**یەکێ لە هۆکارەکانی ئەو باسە ئەگەڕێتەوە بۆ کاری خوێندن لە وڵات، لەم بەرنامەدا بە کورتی ئەڕۆمە ناو ئەوە باسەوە. ...... ئەوەی کە ئێژن: شانامە مێژووی شاکانە و هەر باسی شاکان ئەکات، ڕاستە: بەڕێز مشیری؟!**

**بەهرام مشیری:**

**ئەو باسە کە تۆ ئاماژەت پێکرد زۆر بەجێ و دورستە، ئێمە کەسێکمان هەیە بەناوی (تێرنیر ماکان) ئەم کەسە کاری لێکۆڵینەوەی لەسەر شانامە کردووە، ئەو کاتەی کە ئەو لە هێندوستان بوو خەڵک بە فارسی ئەدوان و شانازییان ئەکرد کە بەو زمانە ئەدوێن. (ماکان) ئەڵێت:**

**(لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا لەو کەسانە کە خوێنەواربوون و خۆیشیان بە شانامەناس ئەزانی، پرسیارم ئەکرد، بەس چەن هۆنراوەیەکی شانامەیان لەبەر بوو).**

**ئەو باسەیش کە ئاماژەت پێکرد زۆر بە جێیە!**

**بەڵام سەبارەت بەو پرسیارە: (شانامە مێژووی شاکانە).**

**نا، وانییە!**
**شانامە بریتییە لە (فەرهەنگ و کاروکردەوەی باش)!**
**شانامە بریتیە لە (مەزنی ئێرانییەکان) لە جەنگەکانیان و بەرگریکردنیان لە ئێران.**
**شانامە حیکمەتە، فەلسەفەیە، بایەخدانە بە مرۆڤ و مەزنی مافی مرۆڤ! جگە لە وانە شانامە کانگای دادپەروەری و عەدالەتە!**
**شانامە لە ئێراندا جێگەی تایبەتی خۆی هەیە و پێویستە لە قوتابخانەی سەرەتای، ناوەندی و زانستگادا بخوێنرێت، ئەم کتێبە بۆ ئێمە گەلێ گرنگە.**
***

ئەو وتوویژە ماوەکەی یەک کاتژمێرە و لە ئەنترنێت دانراوە، هیوادارم خۆتان تماشای بکەن.
بەڕێز مشیری ئاماژەی بەو چەن بابەت کردووە
**١ – شانازیکردن بە زمانی فارسی**
**٢ – شانامە مێژووی شاکان نییە.**
**٣ – مەزنی مرۆڤ و دادپەروەی لە شانامەدا**
**٤ – خوێندنی شانامە لە دەبستان و دەبیرستان و زانسگاکاندا.**

با لەو چەن بابەتە بکۆڵینەوە

**١ – شانازیکردن بە زمانی فارسی**

زمان کەرەسەی پێوەندی نێوان مرۆڤە، هیچ زمانێک لە جهاندا جێگەی شانازیی نییە، نەتەوەکان بۆ راپەڕاندنی کارەکانی ژیان سوود لە وشەی زمانی خۆیان و زمانی دراوسێکانیان وەرئەگرن. ئەگەر بێتوو لە زمانی فارسی وەک زمانێک بکۆڵینەوە ئەتوانین بێژین زمانێکی بە پێز نییە و توانایی ئەوەی نییە کە مرۆڤ کارەکانی رۆژانەی خۆی پێڕاپەڕێنێت. بە چاوخشاندنێک بە واژەنامە فارسییەکاندا بۆ نموونە:(فرهنگ فارسی عمید) بۆمان دەرئەکەوێت چەنە لاواز و بێهێزە، ئەگەر وشەی عەرەبی،





تورکی، {(پەهلەوی) کە زۆربەی کوردییە} و وشەی فەرانسی لێ لابرێت، شتێکی وەهای نامێنتەوە کە کاری رۆژانەی گوندێکی چەن ماڵەی پێ ئەنجام بدرێت. بەو هیوایە لە جۆرە بیرکردنە کە بۆ کۆمەڵگا زیانبەخشە خۆ بپارێزن.

**٢ – شانامە مێژووی شاکان نییە**

ئەگەر وردبینانە لە شانامەی فیردەوسی بڕوانین ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێت کە ناوەرۆکی شانامە بریتییە لە ستایشی شاکان، بۆ ئەوەی کە بزانین ئەو باسەی بەڕێز مشیری نادورستە با لەو چەن هۆنراوەی خوارەوە کە لە شانامەدا هەیە، بڕوانین:

| | |
|---|---|
| **من این نامهء شهریاران پیش** | ئامادەم کرد بەسەرهاتی شاکانی پێش |
| **بگفتم بدین نغز گفتار خویش** | بە رستەی نایاب و جوان بەبێئەندێش |
| ** | ** |
| **چو دارای داراب و بهمن همان** | وەک دارای داراب و بەهمەن شا |
| **سکندر که بد شاه شاهنشهان** | ئەسکەندەریش پادشای گشت شا |
| **چو شاه اردشیر و چو شاپور او** | وەک ئەردەشیر و کوڕی ئەردەشیر |
| **چو بهرام و نوشیروان نکو** | وەک بەهرام و نەوشیروانی ژیر |
| **چنین نامداران گردنکشان** | هەروەها دلێرانی ئازا و بێباک |
| **که دادم یکایک از ایشان نشان** | ناوم هێناون هەمویان سەرپاک |
| **همه مرده از روزگار دراز** | ناویان نەمابوو لە رووی رۆژگار |
| **شد از گفت من نامشان زنده باز** | زندوومکردنەوە کەوتنەوە سەرزار |
| **یکی بندگی کردم ای شهریار** | کارێ وەهام کرد بۆ تۆیی تاجدار |
| **که ماند ز تو در جهان یادگار** | ناوت بمێنێت هەر دەم پایەدار |
| **بناهای آباد گردد خراب** | کۆشک و سەراکان لە رەوتی ژیان |
| **ز باران و از تابش آفتاب** | نابن پایەدار لە بەر با و باران |
| **پی افکندم از نظم کاخ بلند** | بە هۆنراوە دامناوە وەها کۆشکێ |
| **که از باد باران نیابد گزند** | کە نە با و نە باران پێی نەشکێ |

دیباجەی شانامە ل (١٠٠ و١٢٠)

## ٣ – (فەزیلەتی مرۆڤ، مەزنی مرۆڤ) و دادپەروەی لە شانامەدا

مەزنی مرۆڤ واتە مرۆڤی سەربەخۆ و خاوەنی مافی خۆیی سەبارەت بەو باسە بەس یەک نموونە لە شانامە دەسنیشان ئەکەم، لە شانامەدا بەو جۆرە نووسراوە:

**بەسەرهاتی نووشزاد کوڕی نەوشیروان و ژنە مەسیحییەکە**

نەوشیروان ژنێکی بوو، ئەو ژنە مەسیحی بوو، لەم ژنە کوڕیکی بوو بە ناوی (نووشزاد). ئەم کوڕە گەورە ئەبێ و ئەچێتە سەر دین دایکی و ئەبێت بە مەسیحی. نەوشیروان کە بەو باسە ئەزانێ لێی تووڕە ئەبێ و لە کۆشکی پادشایی ئەکاتە دەرەوە، پاشان فەرمان ئەدات کە بیخەنە بەندیخانە، زیندانەکەی لە شاری جندیشاپورە:

| | |
|---|---|
| **در کاخ و فرخنده ایوان اوی** | لە کۆشکی پاشا کرایەدەر |
| **ببستند و کردند زندان اوی** | بردیان بۆ زیندان یەکسەر |
| **نشستنگهش جندشاپور بود** | بەندیخانە کە لە جوندیشاپور بوو |
| **ز ایران و از باختر دور بود** | لە ئێران و لە رۆژئاوا دوور بوو |

ئەم زیندانی بوونە ئەبێت هۆی کوژرانی (نووشزاد) بە دەست فەرماندەیەکی نەوشیروان کە نەوشیروان ناردوویە بە جەنگ لەگەڵ نووشزادی کوڕیدا.
کوڕی نەوشیروان مافی ئەوەی نییە ئایین بۆ خۆی هەڵبژێرێت، لەم کارەدا واتە هەڵبژاردنی ئایینەدا نە چووەتە سەر ئایینی کەسێکی بێگانە، بەڵکو ئایینی دایکی هەڵبژاردووە، با بزانین جەنابی فیردەوسی سەبارەت بەم کوڕە چۆن بیر ئەکاتەوە





| | |
|---|---|
| **پسر کو ز راه پدر بگذرد** | کوڕێ لە ڕێگای باوکی لابدا |
| **ستمگاره خوانیمش ار بی خرد** | تاوانبارە و نادان لە ژیاندا |
| .................... | .................... |
| .................... | .................... |
| **که هر کس که بر دادگر دشمنست** | کەسکێ کە دوژمنی پاشای دادوەر بێ |
| **نه مردم نژاد کاهریمنست** | ئەهریمەن رەگەزە و لە مرۆڤ ناچێ |

شانامە بەرگی (٦) ل (١١٢ تا ... )

**ئەمەیە ئەو فەزیلەت و مەزنی مرۆڤە کە جەنابی مشیری شانازی پێوە ئەکات؟**
**

## شانامە و دادپەروەری

لە شانامەدا نووسراوە کە گەنجینەی پادشای نەوشیروان هێچی تێدا نەماوە و پێویستی بە پوڵە، بۆ ئەم کارە داوا لە خەڵک ئەکات کە یارمەتی بکەن و پوڵی بە قەرز پێبەن، پاشان قەزەکەیان ئەداتەوە.
کەوشدروێک ئامادە ئەبێت و پێداویستیەکەی نەوشیروان دابین بکات و پوڵەکەی پێبدات. ئەم کەسە داخوزییەکی ئەبێت و بە نوێنەرەکەی نەوشیروان ئەڵێت: کوڕێکم هەیە، ئەو کورە ئۆمێدی ژیانمە، گۆچانی پیرمە، زۆرم خۆش ئەوێ و ئاواتم ئەوەیە بڕواتە قوتابخانە و بخوێنێ. تۆ ئەم داخوازییەم بە پادشا بگەیەنە تا یارمەتیم بکات. بەڵام نەشیروانی دادپەروەر نەک یارمەتی ناکات، بەڵکو دژایەتی ئەکات و پوڵەکەی لێوەر بە هەمان کەسدا بۆ رەوانە ئەکاتەوە !

**لشکرکشیدن کسری به روم و**
**وام گرفتن از بازرگانان**

**فرستادەء جست بوزرجمهر**
**خردمند شادان و خوب چهر**
**بدو گفت از ایدر سه اسپه برو**
**گزین کن یکی بامبردار نو**
**ز بازارگانان و دهقان شهر**
**کیسیرا کجا یابد از نام بهر**
**ز بهر سپاه این درم وام خواه**
**بزودی بفرماید از گنج شاه**
**پیام فرستادەء خوش سخن**
**که نو بد بسال و بدانش کهن**
**پیمبر باندیشه باریک بود**
**بیامد بشهری که تاریک بود**
**درم خواست وام از پی شهریار**
**برو انجمن شد بسی مایەدار**
**یکی کفشگر بود موزه فروش**
**بگفتار او پهن بگشاد گوش**
**درم چند باید بدو گفت مرد**
**دلاور شمار درم یاد کرد**
**چنین گفت کای پر خرد مایەدار**
**چهل مر درم هر مری صد هزار**
**بدو کفشگر گفت کین من دهم**
**سپاسی ز گنجور بر سر نهم**
**بیاورد کبان و سنگ و درم**
**نبد هیچ دفتر بکار و قلم**
**چو بازارگانرا درم سخته شد**
**فرستاده از کار پردخته شد**

**لەشکرکێشی نەوشیروان بۆ رۆم و**
**قرزکردنی پوڵ لە بازرگانەکان**

ناردی بە پەلە بووزرجمێر
نوێنەرێ دانا و بەڕاوتەکبیر
کوتی سی ئەسپ ببە و لێرەوە برۆ
چەن کەسیش لەگەڵ خۆت ببە ئەتۆ
بازرگانان و جوتیارانی شار
هەموویان بکە ئەتۆ ئاگادار
پارە وەربگرە بۆ کاری سپا
ئەیاندەینەوە لە گنجینەی شا
نوێنەر کەسێ بوو جوان و خۆشڕاوێژ
بە تەمەن کورت بە بیریش درێژ
نوێنەر کەسێ بوو گەلێ هوشیار
کە رۆژ داچوو گەیشتە ناو شار
باسی پوڵی کرد لەسەر خواستی شا
هاتن بە دەنگییەوە دەوڵەمەند و دارا
کەوشدرویەکیش هەبوو لە ناویان
گوێی راگرتبوو بۆ قسە و باسیان
کوتی پارەتان چەندە پێویستە
بۆمان باس بکەن بۆ ئەم مەبەستە؟
کوتی چل کیسە، کیسەی سەدهەزار
(درم) پێویستە ئەی پیاوی هوشیار
کوتی بە نوێنەر کابرای کەوشدروو
من پێتان ئەدەم ئێستا زووبەزوو
هێنایان خێرا قەپان ترازوو
کاغەز و قەڵەم هیچ پێویست نەبوو
کاتێ پارەکەی بۆ ئامادە کرد
گیروگرفتی گشت بۆ ئاسان کرد





**بدو گفشگر گفت کای مرد خوب چهر**
**نرنجی بگوئی بوزرجمهر**
**که اندر زمانه مرا کودکیست**
**که بازار او بر دلم خوار نیست**
**بگوئی مگر شهریار جهان**
**مرا شاد گرداند اندر نهان**
**که او را سپارم بفرهنگیان**
**که دارد سرمایه و هنگ آن**
**فرستاده گفت این ندارم برنج**
**که کوتاه کردی مرا ره بگنج**
**بیامد برشاه بوزرجمهر**
**بر آن خواسته شاد بکشاد چهر**
**چنین گفت از آن پس که یزدان سپاس**
**که هستم چنین پاک و یزدان شناس**
**که در کشور من یکی موزه دوز**
**بدین گونه شادست و گیتی فروز**
**که چندین نهاده درم باشدش**
**مبادا که از ما ستم باشدش**
**نگر تا چه دارد کنون آرزوی**
**بماناد بر ما همین رای و خوی**
**چو وامش بتوزی درم صد هزار**
**بده تا بدارد زما یادگار**
**همه زیردستان توانگر شوند**
**جهانجوی و با تخت و افسر شوند**
**مبادا ایچ بیدادگر شهریار**
**درفشان بود شاه به روزگار**
**بشاه جهان گفت بوزرجمهر**
**که ای شاه نیک اختر خوب چهر**
**یکی آرزو کرد موزه فروش**

وتی داخوازییەکم هەیە ئەی پیاو دانا
تۆ بڵێ بە بووزرجمێهری ژیر و زانا
تەنیا کوڕێکە بەرهەمی ژیانم
گۆچانی پیرییە و تینی چاوانم
هیوام وەهایە پادشای سەروەر
دڵم شاد بکاو بمکات بەختەوەر
تا بچێتە قوتابخانە کوڕەکەم
فێری زانست بێ لە سایەی شاکەم
نوێنەر وتی ئەو کارە ئەکەم ئەمن
چون پوڵەت ئامادە کردووە بۆ من
بوزرجمێر چوو بۆ بارەگا
مژدەی پوڵەکەی دا بە پادشا
نەوشیروان کوتی سپاس بۆ یەزدان
یەزدانی گەورە و دارا و مێهرەبان
کە لە وڵاتی منا کەوشدرویەک ئەژی
بەو جۆرە شادە و بە خۆشی ئەژی
هەر چەندە دارایە با داراتر بێ
لە ستم ئەبێ هەر دەم بەدوور بێ
ئاواتی چییە، با من بزانم؟
ئەنجام بدەمم وەک ئەرکی شانم
قەرزەکەیشی کە یەکسەدهەزارە
ئەیدەینەوە درەم بەدرەم دیارە
با ژێردەستەکان هەموو دارا بن
شاد و بەختەوەر هەم دەوڵەمەن ببن
نابێ هیچ شایەک ستەمکار ببێ
بە ستەمکاری بە ناوبانگ ببێ
بوزرجمێر کوتی، ئەی پاشای دانا
دانا و توانا لە گشت جهانا
پیاوی کەوشدروی پیری پارەدار

| | |
|---|---|
| اگر شاه دارد بگفتار گوش | داخوازییەکی هەیە لەلای تاجدار |
| فرستاده گفتا که این مرد گفت | نوێنەرمان ئێژی ئەو کەسە ئێژێ |
| که شاه جهان با خرد باد جفت | پادشا هە شاد بێ و تاڵی نەچێژێ |
| یکی پور دارم رسیده بجای | کوڕێکی هەیە ئێستا لە جهان |
| بفرهنگ جوید همی رهنمای | ئاواتی ئەوەیە بچێتە دەبستان |
| اگر شاه باشد بدین دستگیر | لە ژێر سایەی شاە بەئاوات بگا |
| که این پاک فرزند گردد دبیر | گوڕەکەی وەها پەروەردە بکا |
| بیزدان بخواهم همی جان شاه | بە دڵی پاکیش لە بۆ گیانی شا |
| که جاوید باد این سزاوارگاه | ئەپاڕێتەوە لە دەرگای خودا |
| بدو گفت شاه ای خردمند مرد | پادشا وتی ئەی پیاوی زرەنگ |
| چرا دیو چشم ترا خیره کرد | بۆ فریو ئەخۆی بە درۆ و نیرەنگ |
| برو همچنان باز گردان شتر | لە هەمان وشتر ئەتۆ هەر ئێستا |
| مبادا کزو سیم خواهیم و زر | پارەکە بارکە و بگەڕێنەوە دوا |
| چو بازارگان بچه گردد دبیر | بێچووە بازرگان گەر زانا ببێ |
| هنرمند و با دانش و یادگیر | هۆشمەند و دانا و توانا ببێ |
| چو فرزند ما بر نشیند بتخت | وەک مناڵی ئێمە بچێە سەر تەخت |
| دبیری ببایدش پیروز بخت | هۆشیار و دانا بێت و خۆشبەخت |
| هنر یابد ار مرد موزه فروش | کە کوڕە کەوشدروو فێری زانست بێ |
| سپارد بدو چشم بینا و گوش | کوڕی مەیش ئەبێ چاوی لە ئەو ببێ |
| بدست خردمند مرد نژاد | بۆ پیاوی دانا و زانا و هۆشیار |
| نماند جز از حسرت و سرد باد | ئەو کارە مەرگە، مەرگێکی خەمبار |
| شود پیش او خوار مردم شناس | مردنە باشترە بۆ ئێمە، لە ژیان |
| چو پاسخ دهد زود یابد سپاس | کە زەمان وەها ئەسووڕێ بۆمان |
| بما بر پس از مرگ نفرین بود | پارە وەرناگیرین لە کەسێکی وا |
| چو آئین این روزگار این بود | رەنجی ژیانمان قەت ئەدەین بەبا |
| نخواهیم روزی بدان گنج داد | هەستە هەر ئێستا پووڵەکە گشتی |
| درم زو مخواه و مکن رنج باد | بارەکە لە وشتر ورد و درشتی |
| هم اکنون شتر باز گردان براه | بیگەڕێنەوە بە بێ زیاد و کەم |
| درم خواه واز موزه دوزان مخواه | پارە وەر ناگرین لە ئەو خاتر‌جەم |





| | |
|---|---|
| فرستاده بر گشت و شد با درم | کاتێک کەوشدروو بەو کارە زانی |
| دل کفشگر زان درم پر ز غم | ماڵ و ژیانی لێبووە زیندانی |

بەرگی(٦) ل ٢٥٦ تا ٢٦٠

لەگەڵ ئەنجامدانی ئەو کارە چەپەڵانە لە لایەن نەوشیروانەوە، فیردەسی نەوشیروان بە دادپەروەر ئەزانێت. پێناسەی دادوەری لە شانامەدا بەو جۆرەیە.

**٤ – خوێندنی شانامە لە دەبستان و دەبیرستان و زانسگا.**

قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی و زانستگا شوێنی فێربوونی زانستە، زانست رێگەی ژیان لە کۆمەڵگادا هەموار ئەکات، ئایا شانامەی فیردەوسی خاوەنی بابەتێکی زانستییە؟

بە بۆچوونەکانی مەهدی فەلاحەتی بەڕێوەبەری ئەو بەرنامە و بەهرام مشیری میوانەکەیان ئەبێ شانامە لە قوتابخانەی سەرەتایەوە تا زانستگا بخوێنرێت. هەروەک ئەزانین لە ئێراندا نەتەوەکانی عەرەب، تورک، مازندەرانی، گیلەک، فارس و کورد ئەژین. لەناو ئەوانەدا بەس نەتەوەی فارس بە زمانی خۆی ئەخوێنێ، نەتەوەکانی دیکە مافی ئەوەیان نییە بە زمانی خۆیان بخوێنن، بەسەر ئەو سیاستەی کە لە ئێراندا بەڕیوە ئەبرێ ئەبێ شانامەیش بخوێنرێت.
با بزانین شانامە چۆن باسی ئەو نەتەوانە ئەکات:

**سەبارەت بە گەلی (تورک)**

| | |
|---|---|
| که این ترکزاده سزاوار نیست | ئەم بێچووە تورکە شایستە نییە |
| کس او را بشاهی خریدار نیست | کەس بە پادشای ئەو پڕوای نییە |
| که خاقان نژادست و بدگوهرست | لە رەگەزی خاقانە و کەسێکی پەستە |
| ببالا و دیدار چون مادرست | لە دایکی ئەچێ و باڵای یەک بستە |

بەرگی (٦) ل ٢٧٩ و ٢٨٠

**سەبارەت بە گەلی عەرەب**

| | |
|---|---|
| **چو با تخت منبر برابر شود** | که مینبەر لەگەڵ تەختا ببێ بەرانبەر |
| **همه نام بوبکر و عمر شود** | ناوەکانیش ئەبنە ئەبوبەکر و عومەر |
| ** | ** |
| **سگ و یوز او بیشتر زان خورد** | ژیان و گوزەرانی سەگی پاشامان |
| **که شاه آن بچیزی همی نشمرد** | چاکترە لە ژیانی ئێوە بێگومان |
| **شما را بچشم اندرون شرم نیست** | شەرم و شکۆ لای ئێوە نییە |
| **ز راه خرد مهر و آزرم نیست** | زانای و رەندی لەلاتان نییە |
| **بدان چهره و آن زاد و آن مهر و خوی** | بەو سەروسیما و کردار و رەوشتە |
| **چنین تاج و تخت آمدن آرزوی** | ئارەزوتان لە شای و تاج و تەختە |

**سەبارەت بە گەلی کورد**

| | |
|---|---|
| **کنون کرد از آن تخمه دارد نژاد** | ئێستا کورد لەو ریشە و رەگەزەن |
| **کز آباد نیآید بدل برش یاد** | کە حەز بە ئاوەدانی ناکەن |
| **بود خانهاشان سراسر پلاس** | ترسیان نییە لە یەزدان |
| **ندارند در دل ز یزدان هراس** | لە پلاسە خانوەکانیان |

بەرگی (۱) ل ۳۱

**سەبارەت بە نەتەوەی بلوچ**

| | |
|---|---|
| **به کار بلوچ ارجمند اردشیر** | بۆ چارەی بلوچ سەرۆک ئەردەشیر |
| **بکوشید با کاردانان پیر** | لەگەڵ زانایان کەوتە راوتەگبیر |
| **نبد سودمند ز افسون و رنگ** | نەبوو دەسکەوتێ لە مەکر و نیرەنگ |
| **نه از بندو رنج و نه پیکار و جنگ** | هیچیش نەکرا لە مەیدانی جەنگ |
| **اگر چند بود بد آن سخن ناگزیر** | هەر چەند گران و تاڵە ئەم باسە |
| **بپوشید بر خوتشتن اردشیر** | ئەردەشیر بەناچار گوتیان بەسە |
| **ز گفتار دهقان بر آشفت شاه** | لە وتەی رابەر بوو شا نیگەران |
| **بسوی بلوچ اندر آمد زراه** | کەوتنە رێ خێرا بۆ بلوچستان |
| **چو آمده بنزدیک آن برزگ کوه** | کە گەیشتنە پەنای ئەو کێوە گەورە |





| | |
|---|---|
| **بگردید گرد اندرش با گروه** | لەگەڵ سپادا گەران لەو دەورە |
| **سر آنگونه گرد اندر آمد سپاه** | سپاه بە جۆرێک لەوێ دامەزرا |
| **که بستند از انبوه بر باد راه** | لە فرەییەکەی رێگای بایش بسەرا |
| **همه دامن کوه تا روی شخ** | لە دامێنەوە تا لوتکەی چیا |
| **سیه بود برسان مور و ملخ** | رەش هەڵگرابوو لە زۆری سپا |
| **منادیگری دگر لشکر بگشت** | جارچی ئەگەڕا بەناو لەشکرا |
| **خروشی برآمد ز کوه ز دشت** | بە دەنگی بەرز لە دەشت و دەرا |
| **که از کوچیان هرکه یابید خرد** | ئەیوت هەر کەستان بینی لەم دەورە |
| **وگر تیغداران و مردان مرد** | چەکدار و بێچەک مناڵ و گەورە |
| **وگر انجمن باشد از اندکی** | نابێ دەرباز بێ یەکێ لە دەستان |
| **نباید که یابد رهائی یکی** | فەرمانی شایە لە بوو هەمووتان |
| **چو آگاه شد لشکر از خشم شاه** | کە لەشکر زانی بە توڕەیی شا |
| **سوار و پیاده ببستند راه** | بە سوارە و پیادە بەستیان رێگا |
| **ازیشان فراوان و اندک نماند** | زۆر و کەم لەوان هیچ کەسێ نەما |
| **زن و مرد جنگی و کودک نماند** | ژن و مناڵ و پیاوئازایش نەما |
| **سراسر به شمشیر بگذاشتند** | بە گورز و شمشێر پەلامار دران |
| **ستم کردن کوچ بر داشتند** | بلوچ لە ترسا گەییە هەندەران |
| **بشد ایمن از رنج ایشان جهان** | جهان ئارام بوو لەژێر چەتری شا |
| **بلوچی نماند آشکار نهان** | بلوچ بەجارێ ناوی هەر نەما |

**سەبارەت بە گیلەک و دەیلەم (مازندەرانی)**

| | |
|---|---|
| **وز آنجایگه سوی گیلان کشید** | پاشان چووە سەر گیلەک و دەیلەم |
| **چو رنج آمد از گیل و دیلم پدید** | چونکە ئەیانکرد لەو ناوچە ستەم |
| **ز دریا سپه بود تا بیغ گوه** | لە پێدەشتەوە تا ترۆپکی چییا |
| **هوا پر درفش و زمین پر گروه** | هەمووی داگیرکرد بە ئاڵا و سپا |
| **چنین گفت کایدر ز خرد و بزرگ** | رووی کردە سپا، لەوێ نەوشیروان |
| **نباید که ماند پی شیر و گرگ** | کوتی، پێویستە لەسەر هەمووتان |
| **پراگنده بر گرد گیلان سپاه** | نابێ دەرباز بێ کەسێ لە دەستان |

| | |
|---|---|
| **بشد روشنائی ز خورشید و ماه** | بۆ شێر و گورگی کەژ و دارستان |
| **چنان شد ز کشتن همه بوم و رست** | بلاوەیان کرد بە گێلان زەمیندا |
| **که از خون همه روی کشور بشست** | کەوتنە جەنگەوە لەو مەڵبەندەدا |
| **ز بس کشتن و غارت و سوختن** | مەیتی کوژراوان ئەوندە زۆر بوو |
| **خورش آمد و نالەء مرد و زن** | وڵات بە خوێنیان هەموو شۆرا بوو |
| **ببستند یکسر همه دست خویش** | لەبەر کوشتار و تاڵان و سووتان |
| **زنان از پس و کودک خرد پیش** | ژن و پیاو هەموو کەوتنە ناڵان |
| **ز گیلان هر آنکس که جنگی بدند** | دەسبەستە هەموو هاتن بۆ لای شا |
| **هشیوار و با رای و سنگی بدند** | مناڵ لە پێش و ژنانیش لە دوا |
| **خروشان بر شهریار آمدند** | جەنگاوەرانی گێلانی هەموو |
| **دریده برو خاکسار آمدند** | هەم زانا و دانا هەرچییان هەبوو |
| | خۆیان گەیاندە لای نەوشیروان |
| | کەوتنە خاکوپا لە بەرپێی وان. |

شاهنامە بەرگی(٦) ل ٩٦ و ٩٧

ئەمەیش ناوەرۆکی شانامە. ئەگەر بێژم میوانەکەی تەلەڤیزیۆنی ئەمریکا واتە بەڕێز بەهرام مشیری کە سەبارەت بە شانامە دیدوبۆچۆنی خۆیی بەیان کردووە نەیتوانیوە هەست بە ناوەرۆکی شانامە بکات پێموانییە کە هەڵەم کرد بێت. .........

**چەن دێڕێ سەبارەت بە کتێبی:**
**(نقدی بر چاپهای انتقادی شاهنامە و تصحیحی جدید از داستان رستم و سهراب)**

بەڕێز مشیری بەشێکی گرنگی ئەو کتێبەی تەرخان کردووە بۆ (داستانی رۆستەم و زۆراب) ئەو داستانەی شانامە باسی ئەوە ئەکات کە رۆستەم کوڕیکی هەیە کە ناوی زۆراب. بە هۆی ئەوە کە رۆستەم یەک شەو لەگەڵ دایکی زۆراب ژیاوە کوڕەکەی واتە زۆرابی نەبینیوە، بەڵام کاتێک کە تەمینەی دایکی زۆراب بەجێ





دێڵێ نیشانەیەکی خۆی پێئەدا و ئەڵێ ئەگەر (کچ)مان بوو بیبستە بە پەلکەیەوە، ئەگەر کوڕیش بیبستە بە قۆڵییەوە. زۆراب کە گەورە ئەبێ ناوی باوکی لە دایکی ئەپرسێ و ئەویش ئێژی باوکی تۆ کەسێکە بە رۆستەم، بەڵام نابێ لای کەس باسی ئازا و لە جەنگدا بەدەس رۆستەم ئەکۆژرێ و .....

| | |
|---|---|
| **کشته شدن سهراب از رستم** | **کوژرانی سۆراب بە دەستی رۆستەم** |
| | |
| **ببازی بگویند همسال من** | ئێوە بێژن بە هاوتەمەنانم |
| **بخاک اندر آمد چنین یال من** | وەها تێبەڕی کاروانی ژیانم |
| **نشان داد مادر مرا از پدر** | دایکم پێیوتووم کێیە باوکی من |
| **ز مهر اندر آمد روانم بسر** | دیداری ئەو بوو ئارەزوویی من |
| **همی جستمش تا ببینمش روی** | زۆرم هوڵدا بەڵکو بیبینم |
| **چنین جان بدادم بدین آرزوی** | بگەمە ئاوات ئەمن لە ژینم |
| **دریغا که رنجم نیآمد ببر** | داخم گرانە رەنجم بێسوود بوو |
| **ندیدم درین هیچ روی پدر** | دیداری باوکم ئەمن لە کیسچوو |
| **کنون گر تو در آب ماهی شوی** | ئەگەر تۆ ببیت بە ماسی دەریا |
| **و یا چون شب اندر سیاهی شوی** | خۆت بشارییەوە لە دۆڵ و چیا |
| **و گر چون ستاره شوی بر سپهر** | بیت بە ئەستێرە و بچییە ئاسمان |
| **ببری ز روی زمین پاک مهر** | دوورەپەرێز بیت لە هەموو جهان |
| **بخواهد هم از تو پدر کین من** | دەرناچی ئەتۆ لە دەس باوکی من |
| **چو بیند که خشتست بالین من** | کاتێ بزانێت ئەتۆیی بکوژی من |
| **ازین نامداران و گردنکشان** | ئەم پاڵەوان و جەنگئاوەرانە |
| **کسی هم برد نزد رستم نشان** | ئەڵێن بە رۆستەم ئەتۆ بزانە |
| **که سهراب کشتست و افکنده خوار** | کە تۆ کوشتووتە سۆرابەکەی ئەو |
| **همی خواست کردن ترا خواستار** | دەرناچی ئەتۆ قەد لە دەستی ئەو |
| **چو بشنید رستم سرش خیر گشت** | کاتێ کە بیستی ئەو باسە رۆستەم |
| **جهان پیش چشمش همه خیره شد** | جهانی پڕ بوو لە خەفەت و خەم |
| **همی بی تن و تاب و بی هوش گشت** | هێزی لێبڕا بە بێ جووڵە کەوت |

| | |
|---|---|
| بیفتاد از پای و بیهوش گشت | بێهەست و بێهۆش لەوێ لە پێکەوت |
| بپرسید از آنپس که آمد بهوش | کاتێ کە هەستا و هاتەوە سەرخۆ |
| بدو گفت با ناله و با خروش | نەڕانی و کوتی پێم بێژە ئەتۆ |
| بگو تا چه داری ز رستم نشان | هەیە ناونیشان لای تۆ لە رۆستەم |
| که گم باد نامش ز گردنکشان | پیشانم بدە بەبێ زیاد و کەم |
| که رستم منم کم ماناد نام | رۆستەمم ئەمن کوری زاڵی سام |
| نشیناد بر ماتم زال سام | بزانە ئەتۆ چلۆن بووم ناکام |
| بزد نعره و خونش آمد بجوش | بە تووڕەییەوە هاواری ئەکرد |
| همی کند موی و همی زد خروش | ریشی ئەڕنی و شیوەنی ئەکرد |
| چو سهراب رستم بدینسان بدید | کە سۆراب چاوی بە رۆستەم کەوت |
| بیفتاد و هوش از سرش بر دمید | ئاخێکی کێشا و بێهۆش بۆی کەوت |

بەرگی (٢) ل (٨٤ - ٨٥)

لەم رووداوەدا رۆستەم نازانێ سۆراب کوڕیەتی و ئەکوژێ، نووسەرانی فارس بایخ بەو داستانە عاتفیانە ئەدەن، بەلام سەبارەت بە کوژرانی نوشزاد بە دەستووری راستەوخۆی نەوشیروان بێدەنگ ئەبن. با لێرەدا لە ژیان و بەسەهاتی نووشزاد دایکی بکۆڵینەوە تا بزانین خەم و خەفەتی ئەمان لە خەم و خەفەتی رۆستە و سۆراب کەمتر نییە، ئەڵێن:

| | |
|---|---|
| مرا دین کسری نباید همی | ئایینی نەوشیروانم بەدڵ نەبوو |
| دلم سوی مادر گراید همی | ئایینی دایکم لەلا پەسەند بوو |
| که دین مسیحا شد آین اوی | ئایینی مەسیحە ئایینەکەی ئەو |
| نگردم من از فره و دین اوی | دەس هەڵناگرم لە ئایینی ئەو |
| ** | ** |
| **کشته شدن نوشزاد آگاهی مادرش** | **گۆژرانی نوشزاد و پەرۆشی دایکی** |
| خروش آمد از شهر و هر مرد و زن | لە شارانەوە ژن و پیاو هەموو |





| | |
|---|---|
| که بودن یکسر شدند انجمن | لە دەوری کۆبوونەوە زووبەزوو |
| که شهریاری دلیر و جوان | کە شازادەی جوانچاک و ئازا |
| دل و دیده شاه نوشین روان | دڵ و دیدەی پادشای کەسرا |
| بتابوت از آن دشت بر داشتند | خستیانە تابووت و نایانە سەرشان |
| سه فرسنگ بر دست بگذاشتند | سێ فرسەق بردیان بەبێ پشوودان |
| چو آگاه شد زان سخن مادرش | کاتێ کە هەواڵ بە دایکی گەیشت |
| بخاک اندر آمد سر و افسرش | تاجەکەی فڕدا و فرمێسکی هەڵڕشت |
| ز پرده برآمد برهنه براه | لە کۆشک هاتەدەر رووت و پێپەتی |
| برو انجمن گشته بازارگاه | هاتنە هانایەوە خەڵکی شار گشتی |

بەرگی ٦ ل (١١٢ ت ...)

بۆچ نووسەرانی فارس سەبارەت بەم جۆرە رووداوانە کە لە شانامەدا هاتووە و بە روونی باس لە ستەم و ستەمکاری ئەکات هیچ نانووسن و خۆیان بە (داستانی رۆستەم و سۆراب) و (بیژەن و مەنیژەوە) خەریک ئەکەن؟

### داریوش کەریمی، تورج ئەتابەکی، والتر پۆش و ئەلیوێر بێست




ڕۆژی ٢٠١٤/٢/٤ بەشی فارسی تەلەڤیزیۆنی (BBC) وتوویژێکی بەناوی (**هەڵسەنگاندنی ڕەزاشا و ئەتاتورک**) پەخشکردەوە، بەڕێوەبەری ئەو بەرنامە کەسێک بەناوی: (**داریوش کەریمی**)، لە بەرنامەکەدا ئەو سێ کەسەیش بەشدار بوون:

١ – (**ئەلیوێر بێست**) **مامۆستای مێژوو لە زانستگای مەنچێستر لە ئینگلیس.**
٢ – (**واڵتر پۆش**) **مێژووناس و ئەندامی بنکەی لێکۆڵینەوە سیاسەتی دەرەوە لە بەرلین.**
٣ – (**تورج ئەتابەکی**: **مێژووناس و ئەندامی بنکەی لێکۆڵینەوەی لە ئامێستردام**

ئەو بەرنامە دوور و درێژە و نیزیکەی کاتژمێرێکە، بەڵام لێرەدا کورتەیەکی کە پێوەندی بەم باسەوە هەیە، بەو جۆرەیە:

**داریوش کەریمی**: بەڵام بەڕێز ئەتابەکی باسی جیاوازی بنەماڵەیی و پەروەردەیی ڕەزاشا و ئەتاتورکی کرد، جیاوازی ئەو دوو کەسە چییە، بەڕێز پۆش؟

**پۆش**: من پێموایە گەورەترین جیاوازی ڕەزاشا و ئەتاتورک لەگەڵ ئەوەدا هەردوویان سەرباز بوون، ئەتاتورک لە زانستگای سەربازیدا ئەفسەرێکی فەرمی بوو، ئەندامی لێژنەی جەنگ بوو، ژنراڵ بوو، زمانەکانی ئەڵمانی و فەرەنسی دەزانی، دیدوبۆچوونی سەبارەت بە جهان هەبوو، ئەستەمبووڵی بینی بوو، کەسێکی ناو کۆمەڵگایەکی مودێڕن بوو، ئەتاتورک دەیویست لەو کۆمەڵگا نوێیەدا نەتەوەکان لە ناو ببات، ئەوە گرنگترین جیاوازییەکانیانە.





**کەریمی**: مەبەستت ئەوەیە ئەتاتورک دەیویست جیاوازی نەتەوەیی نەمێنێت؟

**پۆش**: بەڵێ، بەڵێ وەهایە! دەیویست لە ئانکارادا تورکەکان بە جلوبەرگی ئوروپاییەوە ببینێت، کێشەی خودمختاری، کێشەی نەتەوەکان، باسی زمانە جۆراوجۆرەکان بەشێک بوون لە مودێڕنسازی کۆمەڵگا.

**کەریمی**: بەڵام ڕەزاشا لەم بارەوە بە جۆرێکی دیکە ڕەفتاری دەکرد، ڕەزاشاه سەبارەت بە کێشەی نەتەوەکان نەرمتر دەجوڵایەوە، دورستە؟ بەڕێز بێست؟

**بێست**: زۆر نەرمتر دەجوڵایەوە؟ نا!

**کەریمی**: بەڵام ئەتاتورک تەنانەت ئامادە نەبوو نەتەوەی کورد بە فەرمی بناسێت و پێناسەی ئەوانی ئینکار دەکرد، لەم بارەوە ڕەزاشا وەها نەبوو، نا؟

**بێست**: ئەگەر بە وردی لە باسی ئازەربایجان بڕوانین ئامادە نەبوو زمانی تورکی بە فەرمی بناسێت!

**کەریمی**: با بگەڕینەوە سەر باسی نەتەوەکان کە باسێکی گرنگە، ئایا دەتوانین بێژین ڕەزاشا سەبارەت بەم کێشە نەرمییەکی زیاتری دەنواند؟ یەکێک لە ناکۆکییەکانی ئەو دەورانەی نێوان تورکییە و ئێران کێشەی کورد بوو، ئەتاتورک لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە ئێران لەگەڵ (کورد)دا ئەسازێ و سەرکوتیان ناکات. ئایا ئەمە ئەوە نادات بەدەستەوە کە لانیکەم ڕەزاشا سەبارەت بە پێناسەی نەتەوەکان تا ئەو ڕادە نەچووە پێشەوە کە پێناسەکەیان ئینکار بکات، یا من هەڵە دەکەم؟ بەڕێز پۆش.

پۆش: ئەوەی کە رەزاشا نەرمتر جوولاوەتەوە دەگەڕێتەوە بۆ باری لاوازی دەسەڵاتی دەوڵەت، ئەگەر ئەو دەسەڵاتەی کە لە تورکییەدا هەبوو لە ئێرانیشدا ببوایەت، پێموابێ ئێران سیاسەتی فارسیزمی پیادە دەکرد. بە فەرمی ناساندنی زمانی نەتەوەکان لە هەر وڵاتێکدا کارێکی گرانە، بەربەست نەکردنی وشەی کورد بەپێی بەڵگە و دیکۆمێنت بووە، چون کاتێک کە لە شانامەدا وشەی کورد ببێت، چۆن دەکرێت ئینکاری بکرێت.

***

لە باسی هەڵسەنگاندنی کەسایەتی (رەزاشا و ئەتاتورک) کە لەو بەرنامەدا لەلایەن بەڕێزان (واڵتر پۆش) و (ئەلیوێر بێست) و (تورج ئەتابەکی) ئەنجامدار، تای ترازووی ئەتاتورک قورستر بوو، بەڕێوەبەری ئەو بەرنامە دەیویست بە (سەنگی کورد) نابەرابەر ئەو باسە راست کاتەوە، دەیویست ئەو کارنامە بو رەزاشا بنووسێت کە وەک ئەتاتورک دیکتاتۆر نەبووە و پێناسەی کوردی ئینکار نەکردووە، بەڵام پۆش بە بەڵگەی شانامەی فیردەوسی بەرپەرچی ئەو بۆچوونە ئەداتەوە.

داریوش کەریمی بەڕێوەبەری بەرنامەکە لە کاتێکدا ئەو کارنامە بۆ رەزاشا دەنووسێت کە لە ئێرانی دەورانی رەزاشا و دەورانی محەممەدرەزا شایش و هەروەها لە رۆژەیشدا کە ئەو بەرنامە بەڕێوە دەبات لە ئێراندا کورد مافی ئەوەی نییە بە زمانی خۆی بخوێنێت، ئێژێت رەزاشا وەک ئەتاتورک دیکتاتۆر نەبووە.
هەڵوێستەکەی بەڕێز پۆش لەو بەرنامەدا زۆر مناسب بووە، ئەگەر ئاماژەیەکیشی بە هۆنراوەکەی فیردەوسی سەبارەت بە کورد بکردایەت، جوانتر و مناسبتر ئەبوو!





## ناسر نامداری و شانامەی فیردەوسی (Shahname)

شانامە(Shahname) کتێبێکی سویدییە کە لە لایەن (**نامدار ناسری**) کە فارسە و (**ئانیا مالمبێری** Anja Malmberg) بەیی ناوەکەی پێموابێ سویدی بێت، نووسراوە. لەم کتێبەدا ئەو پێنج داستانەی شانامەی فیردەوسی کراوە بە سویدی:

| | |
|---|---|
| ١ - زوحاک | Zahak |
| ٢ - زاڵ و روودابە | Zal och Rodabe |
| ٣ - رۆستەم و زۆراب | Rostam och Sohrab |
| ٤ - سیاوەش | Siavash |
| ٥ - رۆستەم و ئەسفەندیار | Rostam och Esfandiar |

ئەم شانامە سویدییە بەو جۆرە پێناسە کراوە:

**De fem berättelser som återges här tillhör de centrala episoderna i Shahname. Berättelserna har för kortats och överförts till prosa.**

ئەو پێنج بابەتەی (**شانامە**) کورتکراوەتەوە و بە نەسر وەرگێردراوە.

***

لەو پەراگرافەدا ئاماژە بە کورتکردنەوەی بابەتەکانی شانامە کراوە. ئەگەر بەپێی ئەو (**رستە**) بێت خوێنەر مافی نییە بپرسێت بۆچ کورتکراوەتەوە، بەڵام با سەرپێچی بکەین و بێژین:
بە کورتکردنەوەی ئەو بابەتانە مافی سێ لایەن پێشێلکراوە!

١ - فیردەوسی بۆ نووسینی ئەو بابەتانە خۆی ماندووکردووە، بۆ دەبێت کورتکرێتەوە؟
٢ - بۆ دەبێت خوێنەر هەموو بابەتەکان نەخوێنێتەوە؟!
٣ - ئەو کەس و لایەنانەیە کە فێردەوسی لەو هۆنراوەدا ئاماژەی پێکردووە.

کاری وەرگێڕان بریتییە لە گواستنەوەی بابەتێکی نووسراوەیی یا دەنگدار لە زمانێکەوە بو زمانێکی دیکە. ئەو کەسە کە ئەو کارە ئەنجام دەدات پێی دەڵێن وەرگێڕ. لەکاری وەرگێڕاندا توانایی وەرگێڕ لە کارەکەدا دەردەکەوێت، جگە لە توانایی وەرگێڕ دەستپاکی و ئەمانەتداری یەکەمین مەرجی وەرگێڕانە چون ئەو کارە پێوەندی بە کەسێکی دیکەوە هەیە!
لە کاری وەرگێڕاندا هەر کەس ئازادە چەندە لە کاری کەسێک هەڵدەبژێرێت بۆ وەرگێڕان، بەڵام دەستکاریکردن و کەم و زیادکردنی جێگەی پرسیارە بەگشتی و بەتایبەتی شانامە کە نووسەرەکەی لە ژیاندا نییە کە پرسی پێکرابێت و خودی (فیردەوسی)یش لە شانامەدا بەو جۆرەی نووسیوە:

| | |
|---|---|
| **گر از داستان یک سخن کم بدی** | ئەگەر لەم داستانە وشەیەک کەم بێ |
| **روان مرا جای ماتم بدی** | ژیانی من ماتەم و پەژارە ئەبێ |

شانامە بەرگی(٣) ل ١٣٥

جگە لەو باسە گشتییە سەبارەت بە کورتکردنەوە، کورتکردنەوەی باسی (**زوحاک**) خۆی جێگەی پرسیارە، بۆ دەبێت خوێنەری سویدی ئاگاداری ئەو هۆنراوەی فێردەوسی نەبێت؟

| | |
|---|---|
| **کنون کرد از آن تخمه دارد نژاد** | ئێستا کورد لەو ریشە و رەگەزەن |
| **کز آباد نیآید بدل برش یاد** | کە حەز بە ئاوەدانی ناکەن |
| **بود خانهاشان سراسر پلاس** | ترسیان نییە لە یەزدان |
| **ندارند در دل ز یزدان هراس** | لە پڵاسە خانوەکانیان |

باسی زوحاک ٤٢ بەیت هۆنراوەیە و لە لاپەڕە- ٢٢ و ٢٣ و ٢٤دا بە فارسی و کوردی نووسراوەتەوە. ئەو ٤٢ بەیت هۆنراوە کراوە بەو چەن رستەی خوارەوە:





## Zahak tusen år vid makten

Zahaks tid vid makten räknades till tusen år. Under hans tid utplånades allt vad de visa och kunniga hade åstadkommit och riket styrdes av enfaldiga och obildade människor. Konsten förtrampades och svartkonsten hyllades. Sanning och rättfärdighet fick lämna plats åt ondska och lumpenhet.
Zahak förde Shahrnaz och Arnavaz, Jmshids döttrari till sitt plats med hjälp av trollkarlar fick han dem att leva ett liv i synd. Kung Zahak kammarherre tvingade varje kväll två unga män till palatset där han lät döda dem och tillaga kungens kvällsmat av deras hjärnor. Ingen vågade yppa ett ord till trots. Alla var rädda gör att mista sina liv. Förutom Ahura Mazda hade de ingen att vända sig till.

لەو شانامە سویدییەدا دوو بابەت بەناوی (**ڕۆستەم و زۆراب**) چاپکراوە، یەکیان هی ئەو دوو کەسەیە کە کتێبەکەیان چاپکردووە، دووهەمین بابەتی (**ڕۆستەم و زۆراب**) لەلایەن پرۆفسۆرێکی سویدی بەناوی {**بوو ئۆتاس**} (**Bo Utas**) بە هۆنراوە کراوە بە سویدی، نەیشنووسراوە کورتکراوەتەوە.
چەن دێڕێک لە نموونەی ئەو داستانە :

Då lysande solen sin vinge just höjt
och nattsvarta korppen på huvudet böjt,
Tahamtan drog på sig sin tigerskinnskräkt,
steg upp på sin springare, snabb som en fläkt.
Han styrde den ut emot slagfältets mitt
och satte en järnhjälm på huvude sitt.
På motsatta sidan satt Suhrab i lag
med vänner och vin till harposlag.

بۆ هەر خوێنەرێک جێگەی پرسیارە نییە کە بابەتێک (٢) جار لە کتێبێکدا چاپ دەکرێت و بابەتێکیش وەها کورت دەکرێتەوە؟!
لە کاری دیکۆمێنتیدا دەکرێت کورتەی نووسراوە یا دەنگی کەسێک هەڵبژێری تا وەک سەرچاوە سوودی لێوەرگیرێت. لەو کارەیشدا پێویستە زیان بە خودی باسە سەرەکییەکە نەگات!

åter råda i Iran. Vad de inte visste var att man mister sitt liv likväl om man flyr från skorpionen som om man söker skydd hos draken.

Med en jättelik här sammansatt av både araber och iranier anföll Zahak Iran, besegrade Jamshid och tog över hans krona.

Jamshid flydde sin väg och levde i hundra år undangömd i misär och obestånd. Det stränga ödet lagade dock så att Zahak till slut fångade honom. Zahak bragte honom om livet och Jamshids liv kom sålunda till sitt slut efter 700 år.

## Zahak tusen år vid makten

Zahaks tid vid makten räknades till tusen år. Under hans tid utplånades allt vad de visa och kunniga hade åstadkommit och riket styrdes av enfaldiga och obildade människor. Konsten förtrampades och svartkonsten hyllades. Sanning och rättfärdighet fick lämna plats åt ondska och lumpenhet.

Zahak förde Shahrnaz och Arnavaz, Jamshids döttrar, till sitt palats och med hjälp av trollkarlar fick han dem att leva ett liv i synd. Kung Zahaks kammarherre tvingade varje kväll två unga män till palatset där han lät döda dem och tillaga kungens kvällsmat av deras hjärnor. Ingen vågade yppa ett ord till trots. Alla var rädda för att mista sina liv. Förutom Ahura Mazda hade de ingen att vända sig till.

## Ferejdon

Zahak hade fyrtio år kvar vid makten. En natt drömde han om att

Zahak | 23

**ئەو بەشە کە خەت کێشراوە بە دەوریا، باسی: (پادشایی زوحاک هەزار ساڵی خایاند)ە.**
**لاپەڕەی دیکۆمینتی لە شانامە سویدییەکەی ناسر ناماری.**





# نووسەرانی کورد
# و
# (فیردەوسی)

**شوانامەیەکی کوردی بنووسرایێت لەبۆ کورد**
**دەسمایە بوو، سەرمایە بوو بۆ تاکی کورد!**
**خۆماندووکردن لەگەڵ (شانامەی فیردەوسی)**
**ژێردەسییە و ژێردەسییە و ژێردەسی!**

## دوکتۆر گوڵمراد مرادی و شانامەی فیردەوسی




جوانترە لە پێشدا پێناسەیەکی کورتی بەڕێز (گوڵمراد مرادی)مان بەدەستەوە بێت، ئەو پێناسەیەش لە زمان خۆیانەوە لە وتووێژێکی فارسیدا بەو جۆرە ئێژن:

{بەڵام ئەگەر پێت وایە هێشتا پێناسەکەی من بۆ هەندێ لە دۆستان و هاونیشتمانان و خوێنەرانی وێبلاگەکەی ئێوە باش روون نەبووەتەوە، چەن رستەیەک دەخەمە بەردەستان؛
من کوردم و خەڵکی {(قەسریشیرین و زەهاو) بەرگدروو بووم، لە ئەرتەیشدا (دەرجەدار)، خوێندنم لە زانستگای هایدلبرگ تەواو کرد، ماوەی ساڵێک وەک توێژەر لە زانستگای ئاکسفورد کاری لێکۆڵینەوەم ئەنجامداوە و لە ساڵی ١٩٨٨ تا ١٩٩٣یش لە زانستگاکانی هایدلبرگ، هامبورگ و بێرمن مامۆستا بووم.
لە ساڵی (١٩٩٦)وە خەریکی کاری وەرگێڕانم لە زمانەکانی (فارسی و کوردی و ئینگلیسی و ئاڵمانی)، لە پەنای ئەو کارانەدا هەم نووسراوەی خۆم خستووەتە بەردەست خوێنەران و هەم لە بواری سیاسیدا کار دەکەم}.

(سەرچاوە: ئەنترنێت وتووێژی (فەرزان فەرامەرزی) لەگەڵ (دوکتۆر گوڵمراد مرادی).





## روایات و تاریخچه جشن نوروز




بەڕێز مرادی کتێبکیان بەناوی (روایات و تاریخچه جشن نوروز) بە فارسی نووسیوە، نووسەر سەرەتای کتێبەکەیان بەو هۆنراوە:

کنون ای سخن گوی بیدار مغز　　یکی داستان بیارای نغز
سخن چون برابر شود با خرد　　روان سراینده رامش برد
کسی را که اندیشه ناخوش بود　　بدان ناخوشی رای او گش بود
همی خویشتن را چلیپا کند　　به پیش خردمند رسوا کند

کە لە هۆنراوەکانی (فیردەوسی)یە رازاندووەتەوە و پاشان بەو جۆرە درێژە بە باسەکەیان ئەدەن:

{چەن رستەیەک سەبارەت بە چاپی دووهەم

**لە دە ساڵی رابردوودا گەلێ نووسراوەی (فەرهەنگی، مێژوویی، سیاسی و ئابووری) بە زمانەکانی ئاڵمانی و فارسی لە لایەن نووسەری ئەم چەن لاپەڕەوە بڵاوکراوەتەوە، هەروەها چوار کتێب و نامیلکە چاپکراوە. بەڵام بە تەجروبە بۆم دەرکەوتووە، (روایات و تاریچە جشن نوروز) زیاتر لە نووسراوەکانی دیکە پێشوازی لێکرا. لە راستیدا هەر وەک لە پێشەکی چاپی یەکەمدا ئاماژەی پێکراوە، ئەم باسە بەشێک بوو لە قسەوباسی نووسەر کە رۆژی (٢١) مارسی (١٩٩٠) سەبارەت بە مێژووی خەباتی گەلی کورد بە زمانی ئاڵمانی پیشکەشم کرد و پاشان لەسەر داخوازی هەندێ کەس کە لایەنگری بوون کردم بە فارسی و دەسبەدەس بڵاو کرایەوە).**

**(ئەمجار ئیبلیس وەک دوکتۆر هاتەوە لای زوحاک، وتی چارەی ئەو دوو مارە تێرکردنیانە و ئەوەیش بە مێشکی سەری ئینسانە و دەبێت رۆژی دوو کەسیان بۆ بکوژرێت و مێشکیان بکرێت بە چێشت و دەرخواردی مارەکان بدرێت. ئیبلیس بەو مەکر و نیرەنگە دەیویست رەگوریشەی مرۆڤ لە ناو ببات. دەڵێن زوحاک پاش ئەوەی کە جەمشیدی پەلبەسکرد بە هەرە کردی بە دوو کەرتەوە، زوحاک (٩٩٩ ساڵ و ٣٦٤ رۆژ) وەک ستەمکارێک ژیاوە، رۆژی دوو لاوی کوشتووە و مێشکیانی داوەتە دەرخوارد مارەکانی سەرشانی. پاشان دوو پیاوی مەزن و لە خواترس بەناوەکانی ئەرمایل و گەرمایل دەستبەکار دەبن تا خواردن بۆ زوحاک ساز بکەن، بەڵکو بتوانن رۆژی یەکێک لەو لاوانەی کە دەبێت بکوژرێت، لە کوشتن دەرباز بکەن. فیردەوسی لەو بارەوە ئێژێت:**

| | |
|---|---|
| **مگر زین دو تن را که ریزند خون** | کە دەبێ بکوژرێت لە لاوان دوو کەس |
| **یکی را توان آوریدن برون** | دەربازی ئەکەین بۆ خۆمان یەک کەس |

**بەو جۆرە لە بری ئەوەی رۆژی دوو کەس بۆ خۆراکی مارەکان بکوژرایێت کەسێک دەکوژرا و بە هەوڵوکۆشی ئەو دوو پیاوە مەزنە مانگی (٣٠) کەس لە مەرگ دەرباز دەبوون و رەوانەیان دەکردن بۆ دەشت کە ببن بە شوان، تا ژمارەیان گەیشتە دووسەد کەس. ئێژن کورد لە رەگەزی ئەوانە دورست بووە، دووبارە فیردەوسی دەڵێت:**

| | |
|---|---|
| **کنون کرد از آن تخمه دارد نژاد** | ئێستا کورد لەو توخم و رەگەزەن |
| **که ز آباد ناید به دل برش یاد** | کە حەز بە ئاوەدانی ناکەن |

**(وەک دەزانین شاعیری پایەبەرزی ئێران فیردەوسی لە دەورانی سوڵتان مەحموود غەزنەوی دا ژیاوە، هەر بەو هۆیە ستەمکاری ئەم پادشا کۆنەپەرەست و دیکتاتۆرەیان**





**سەبارەت بە جووتیاران کە باج و سەرانەیان لێوەر گیراوە، هەروەها سەبارەت بەو کەسانە کە بە شیوەیەکی دیکە بیریان کردووەتەوە، بینیوە)}**

سەرچاوە: (روایات و تاریخچە جشن نوروز) ل ١٦ ، ٢٠ ، ٢١، ٣٠ و ٣١

***

**لە کتێبی (روایات و تاریخچە جشن نوروز)** ئاماژە بە سێ خاڵ کراوە

**خاڵی یەکەم:**

**١ - کنون کرد از آن تخمه دارد نژاد**
**٢ - که ز آباد ناید به دل برش یاد**

نووسەر ئاماژە بەو بەشە لە هۆنراوەکەی فیردەوسی دەکات کە باسی توخم و نژادی کوردی تێدا کراوە:

| | |
|---|---|
| **(کنون کرد از آن تخمه دارد نژاد)** | (ئێستا کورد لەو ریشە و رەگەزەن) |

زۆر باشە ئەوە ناوی کورد لە بەشی یەکەمی هۆنراوەکە:
**(کنون کرد از آن تخمه دارد نژاد)** نووسراوە، ئەی بەشی دووهەمی ئەو هۆنراوە باسی چی دەکات و فیردەوسی چی مەبەستە لەو رستە:

| | |
|---|---|
| **(که ز آباد ناید به دل برش یاد)** | (کە حەز بە ئاوەدانی ناکەن). |

خۆشبەختانە نووسەر شارەزاییان لە زمانی فارسیدا وەهایە کە لە ئینگلیسی و ئاڵمانی و کوردییە نووسراوە وەردەگێڕنە سەر زمانی فارسی و لە فارسیشەوە بۆ سەر ئەو زمانانە. بەسەر ئەو شارەزاییەدا کە هەیانە بۆ هەر دوو بەشی ئەو هۆنراوەیان شینەکردووەتەوە، بۆ نەچوونەتە ناو مەبەستەکەی (فیردەوسی)یەوە تا خوێنەر ئاگادار بێت؟!

## خاڵی دووهەم:

**(وەک دەزانین شاعیری پایەبەرزی ئێران فیردەوسی لە دەورانی سوڵتان مەحموود غەزنەوی دا ژیاوە، هەر بەو هۆیە ستەمکاری ئەم پادشا کۆنەپەرەست و دیکتاتۆرەی سەبارەت بە جووتیاران کە باج و سەرانەیان لێوەر گیراوە، هەروەها سەبارەت بەو کەسانە کە بە شیوەیەکی دیکە بیریان کردووەتەوە، بینیوە)}**

نووسەر لەو پەراگرافەدا باسی ستەمکاری (**سوڵتان مەحموود غەزنەوی**) دەکات و دەڵێت: خودی (فیردەوسی) هەستی بە وانە کردووە. با بزانین فیردەوسی سەبارەت بەو پادشا ستەمکارە دەڵێت چی:

| اندر ستایش سلطان محمود | ستایشی سوڵتان مەحموود |
|---|---|
| جهان آفرین تا جهان آفرید | لەو کاتەوە کە خودا جهانی سازکردووە |
| چنو مرزبانی نیآمد پدید | پاسەوانێکی وەهای دورستنەکردووە |
| چو خورشید بر گاه بنمود تاج | کاتێک کە هەتاو تاجی نایەسەر |
| زمین شد بکردار تابنده عاج | جهان رووناک بوو هەموو سەرانسەر |
| چه گویی که خورشید تابان که بود | تۆ ئێژی ئەو تاوە تاوی کێ بوو |
| کزو در جهان روشنائی فزود | کە جهان بەو جۆرە پێی رووناک بوو |
| ابوالقاسم آن شاه پیروز بخت | ئەبولقاسم بوو پادشای خۆشبەخت |
| نهاد از بر تاج خورشید تخت | تاجی نایە سەر رۆیشتە بانتەخت |
| ز خاور بیاراست تا باختر | رۆژهەڵات و رۆژئاوا پێی بوو ئاوەدان |
| پدید آمد از فر او کام زر | لە سایەی ئەودا هەموو بوون شادان |
| مرا اختر خفته بیدار گشت | ئەستێرەی نووستووی منیش بێدار بوو |
| به مغز اندر اندیشه بسیار گشت | مێشک و دەروونم لە زانست پڕ بوو |
| .................... | .................... |
| بیاراست روی زمین را بداد | زەوی رازاندۆ بە دادپەروەری |
| بپردخت از آن تاج برسر نهاد | کاتێک کە تاجی نایە بانسەری |
| جهاندار محمود شاه بزرگ | لە سایەی مەحموود پادشایی مەزن |
| تآبشخور آرد همی میش و گرگ | دەژیان پێکەوە مەڕ و گورگ و بزن |





| | |
|---|---|
| ز کشمیر تا پیش دریای چین | لە دەریای چینەوە هەتاکو کشمیر |
| برو شهریاران کنند آفرین | دەیانوت بژیت پاشایی دانا و ژیر |
| چو کودک لب از شیر مادر بشست | منداڵی بەرمەکانەی جوان و نازدار |
| بگهواره محمود گوید نخست | ناو مەحموودیان هەبوو لەسەر زار |
| .................... | .................... |
| کسی کش پدر ناصرالدین بود | کەسێک کە باوکی ناسرەدین بێ |
| سر تخت او تاج پروین بود | پێچکەی تەختەکەی تاجی پەروین بێ |
| خداوند مردی و رای و هنر | خاوەن ئازایی و ئەندێشە و هونەر |
| بدو شادمان مهتران سر بسر | لە سایە ئەودا هەموو بەختەوەر |

| پادشاهی اشکانیان | پادشایی ئەشکانییەکان |
|---|---|
| کنون پادشاه جهان را ستای | ئێستا ستایش پاشایی جهان کە |
| برزم و ببزم و بدانش گرای | فێری جەنگ و شادی و زانست بە |
| سرافراز محمود فرخندەرای | نەمر مەحموودی دڵشاد و خەندان |
| کزویست نام بزرگی بجای | ناوی ناودارانی پاراست لە جهان |
| جهاندار ابوالقاسم پرخرد | ئەبولقاسمی خاوەنی جهان |
| که رایش همی از خرد برخورد | دانا و زانا لە کار و فرمان |
| شهنشاه ایران و زابلستان | پادشایی ئێران هەم زابلستان |
| ز قنوج تا مرز کابلستان | لە ناوچەی قنوج تا کابلستان |
| برو آفرین باد و بر لشکرش | سپاس بۆ خۆی و لەبۆ سپاکەی |
| چە بر خویش و بر دوده و کشورش | بۆ بنەماڵە و بۆ وڵاتەکەی |

لە دوایین لاپەڕەی شانامەدا فیردەوسی سەبارەت بە سوڵتان مەحموود بەو جۆرە دەنووسێت:

| | |
|---|---|
| ز هجرت شده پنج هشتاد بار | لە هیجرەت تێپەڕی بە سەد چوار |
| که گفتم من این نامه شهریار | هەتا ئەم شانامەیەم بۆ بوو تەیار |
| همی گاه محمود آباد باد | تەختوبەختی مەحموود پیرۆز بێ |
| سرش سبز باد و دلش شاد باد | سەری سەوز و دڵیشی شاد بێ |

| | |
|---|---|
| همش رای و هم دانش و هم نسب | هەتاوی عەرەب چرایی عەجەم |
| چراغ عجم آفتاب عرب | دانا و زانا دوور لە دەرد و خەم |
| چنانش ستودم که اندر جهان | وەهای ئەپەرستم لە جهانا من |
| سخن ماند از آشکار و نهان | هەتا بزانن گشت دۆست و دوژمن |
| مرا از بزرگان ستایش بود | من ستایشی مەزنان ئەکەم |
| ستایش ورا در فزایش بود | شتایشی ئەو بێپایان ئەکەم |
| که جاوید باد آن خردمند مرد | بژی ئەو پیاوە دانا و ژیرە |
| همیشه بکام دلش کار کرد | ژیانی سەراپا راو تەکبیر |
| بدو ماندم این نامه را یادگار | ئەم نامەم بۆ ئەو کردە بە یادگار |
| بەشش بیور ابیاتش آمد شمار | بە شەست هەزار هۆنراوە دێتە ژمار |

سەبارەت بە ستایشکردنی سوڵتان مەحموو لە لایەن (فیردەوسی)یەوە دەتوانین تماشای بەرگی ١ لاپەڕە- ١٢و١٣و١٤ - بەرگی ٤ ل٣ و ٤ و ٢٤٥ - بەرگی ٥ ل٢٥ و ١٣٤- بەرگ ٧ ل٢٥٢ شانامە چاپخانەی سپهر، سالی ١٣٦٣ تاران بکەین.

پەروین: ناوی ئەستێرەیەکە

فیردەوسی بەو جۆرە ستایشی سوڵتان مەحموود دەکات، هەروەها دەڵێت منالی ناو لانکە هەر ئەوەندی دەمی لە مەمکی دایکی ترازا ناوی مەحموودی لەسەر زارە!
فیردەوسی بۆ پێناسەی شاکانی ئەشکانی لە پێشدا ستایشی سوڵتان مەحموود دەکات، پاشان دەچێتە سەر باسی ئەوان. ئەگەر فیردەوسی هەستی بەو (ستەمکاری و کۆنەپەرەستییەی سوڵتان مەحموود) کە نووسەر ئاماژەی پێکردووە، کردبێت و بەو جۆرەیش ستایشی بکات، دەبوو خودی دوکتۆر مرادی وەک نووسەری کتێبی (روایات و تاریخچه جشن نوروز) فیردەوسی ببردایەتە ژێر پرسیارەوە کە تۆ چۆن ستایشی دیکتاتۆرێکی وەها دەکەی؟!





ئەگەر بەڕێز گولمراد مرادی ئەو هۆنراوە هەجوییەی فیردەوسی کە سەبارەت بە سوڵتان مەحموود نووسیویەتی بە هێرشکردن بۆ سەر (ئەو) بزانێت و بەو جۆرەی دابنێت کە فیردەوسی سوڵتان مەحموودی بە کەسێکی ستەمکار زانیوە، ئەوە هەڵەیە!

هێرشی فیردەوسی لەو هۆنراوە هەجوییەدا لە پێناو ئەوەدا بووە کە سوڵتان مەحموود بەڵێنەکەی خۆی سەبارەت بە فیردەوسی کە دەبوو لە بەرانبەر هەر هەزار بەیت هۆنراوەدا هەزار سکەی زێڕی بداتێ بەجێ نەهێناوە و سکەی زیوی پێداوە!
تووڕەیی فیردەوسی لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیدا بووە، نەک ئەوەی کە سوڵتان مەحموودی بە **ستەمکار و کۆنەپەرەست** زانیبێت. نووسینی کارنامەیەکی وەها بۆ کەسێکی وەک فێردەوسی کارێکی هەڵە و ناشایستە!

| | |
|---|---|
| من این نامهء شهریاران پیش | ئامادەم کرد بەسەرهاتی شاکانی پێش |
| بگفتم بدین نغز گفتار خویش | بە رستەی نایاب و جوان بەبێئەندێش |
| چو عمرم به نزدیک هشتاد شد | بەڵام کە تەمەنم گەیشتە هەشتا |
| امیدم به یکباره بر باد شد | ماڵی ئارەزووم بە سەردا رووخا |
| بسی سال اندر سرای سپنج | سی ساڵی رەبەق ئەمن کێشام رەنج |
| چنین رنج بردم به امید گنج | هەتاکو بگەم بە زێڕ و بە گەنج |

دیباچەی شانامە ل ١٠٠

**خاڵی سێیەم:**

**ئێژن کورد لە رەگەزی ئەوانە دورست بووە.**
مەبەستی نووسەر لە (ئەوانە) ئەو دووسەد کەسەیە کە بە یارمەتی (**ئەرمایل و گەرمایل**) لە کوشتن رزگار کراون. با جارێ واز بێنین لە باسی (رەگەزی کورد و شوانیکردنی ئەو٢٠٠ کەسە) و بڕۆینە سەر کتێبی (**تاریخ کرد و کردستان**) بە پێنووسی: **دوکتۆر** (**بۆرەکەیی**).

اهریمن این بار بصورت پزشك درآمد و ضحاك را گفت چاره ی آن دومار سیر داشتن آنها با مغز سر آدمی است و باید دوتن از آدمیان را هر روز کشت و از مغز ایشان خورش باین دو مار داد. و باین حیله اهریمن میخواست نسل آدمیان را از روی زمین براندازد.

گویند ضحاك پس از دستگیری جمشید و بدو نیم اره کردنش، هزار سال یك روز کم پادشاهی کرد و بر مردم ستم می نمود و هرروز دو تن از جوانان را میکشت و مغز آنانرا بماران دوشش میداد.

عاقبت دو مرد گراغایه و پارسا بنامهای آرمائیل و کرمائیل(۲۱) برآن شدند که بخوالیگری (آشپزی) بخدمت ضحاك روند تا شاید از این راه هر روز یکتن از جوانان را از مرگ برهانند. فردوسی در این باره میگوید:(۲۲)

"مگر زین دوتن را که ریزند خون — یکی را توان آوریدن برون"

بدینصورت بجای آنکه هر روز دوتن را برای خورش ماران بکشند، یکتن را بکشتند چنانکه هر ماه سی تن بهمت ایشان از مرگ نجات می یافتند و آن سی نفر را بصحرا بشبانی می فرستادند، تا هنگامیکه تعدادشان به دویست نفر رسید. گویند، نژاد کُردها از ایشان پدید آمده است. باز هم فردوسی میگوید:(۲۳)

"کنون کُرد از آن تخمه دارد نژاد — که ز آباد ناید به دل برش یاد"

بطوریکه میدانیم شاعر گراغایه ایران، فردوسی در زمان سلطان محمود

۳۰

غزنوی میزیسته و بدینترتیب ستم و ظلم این سلطان مستبد و متعصب را نخست نسبت به دهقانان خراج پرداز و دوم نسبت بدگر اندیشان دیده بوده. یعنی آنگونه که بیشتر مورخین نظیر استاریکف، معین،

۳۱

**لاپەڕەی دیکۆمینتی لە کتێبی (روایات و تاریخچە جشن نوروز، دکتر گلمراد مرادی)**

ئەو خەتە نووسەری ئەم چەن لاپەڕە کێشاویە بەژێر ئەو هۆنراوەدا





## دوکتۆر سدیق سەفیزادە- (بۆرەکەیی) و شانامەی فیردەوسی

لە ئەنترنێتدا زۆر گەڕام، بەداخەوە پێناسەیەکی بەڕێز (دوکتۆر بۆرەکەیی)م پەیا نەکرد. دوکتۆر بۆرەکەیی نووسەر کەسێکی نائاشنا نییە، لە کتێبخانەی کوردی و فارسیدا بەرهەمیان زۆرە.

بەڕێز بۆرەکەی لە کتێبی (**تاریخ کرد و کردستان**) کە بە فارسی نووسیویانە، بەو جۆرە دەنووسن:



**{کورد له شانامه دا:**

**(له شانامەی فیردەوسی دا ناوی (کورد) دەبینین، ئەوەیش له داستانی (زوحاکی مار له سەرشان)دایه که هێرش دەکاته سەر ئێران و جەمشید شا تێدەشکێنت، پاشان دەچێته سەر تەختی پادشایی ئێران. زوحاک پادشایەکی ستەمکار و خوێنرێژ بوو، له داستانەکاندا دەیخوێنینەوه که ئەهریمەن وەک کەسێکی باش و دانا دەچێته لای زوحاک و دەڵێت: من دەتوانم خواردنی خۆش دورست بکەم.) .........................**

**(زوحاک کاری چێشت لێنانی پێدەسپێرێت، ئەهریمەن له گۆشتی مامر و کەو و بەرخ چێشتی خۆش و بەتامی بۆ دورست دەکات، زوحاک کارەکانی بەدڵ دەبێ و ئێژێت چیت پێویسته با بۆت جێبەجێ بکەم، ئەهریمەن دەڵێت ئەگەر ڕێگام بدەی پێمخۆشه شانەکانت ماچ بکەم، ئەهریمەن دەمی نا به هەر دوو شانی زوحاکەوه و له جێ لێوەکانی ئەهریمەن دوو مار سەریان هەڵدا، مارەکانیان له بندا قرتان و دووباره سەریان هەڵدایەوه، دوکتۆرەکان زۆر تێکۆشان، بەڵام کارەکەیان سوودێکی نەبوو، پاشان ئەهریمەن خۆی دەکات به دوکتۆر و پێشنیار دەکات به زوحاک که ڕۆژی دوو لاو بکوژێت و مێشکیان دەرخواری مارەکان بدات، ئەم کارەی هەموو ڕۆژێک ئەنجامدەدا و خەڵک به کوژرانی لاوەکانیان زۆر بێزار دەبن، لەم کاتەدا دوو ئێرانی باش بەناوەکانی ئەرمایل و گەرمایل بیر دەکەنەوه تا ڕۆژی یەکێک لەو دوو لاوه به نهێنی ئازاد کەن و له بری مێشکی ئەو کەسه مێشکی مەڕیکیان دەدایه دەرخواردی مارەکان و مانگی سی کەس له لاوەکانیان دەنارد بۆ کێوەکان تا لەوێ دەسبکەن به کاری کشتوکاڵ و مەڕ و ماڵات بەخێوکردن، کوردەکان هەر لەو کەسانەن که بەرەبەره زیادیان کردووه، هەر وەک فیردەوسی دەڵێت:**

| | |
|---|---|
| **چنان بد که هر شب دو مرد جوان** | وەهابوو هەر شەو دوو لاوی جوان |
| **چه کهتر چه از تخمه پهلوان** | له دەستەی لاواز یاخۆ پاڵەوان |
| **خورشگر ببردی به ایوان شاه** | چێشتکەر دەیبردن بۆ کۆشکی پاشا |
| **وزو ساختی راه درمان شاه** | دەکران به دەرمان بۆ دەردەکەی شا |
| **بکشتی و مغزش برون آختی** | لەپاش کوژرانا دەردەهات مێشکیان |
| **مر آن اژدها را خورش ساختی** | له بو ئەژدیها به چێشت دەکران |
| **دو پاکیزه از گوهر پادشا** | له وڵاتی پاشا دوو مرۆڤی دڵپاک |
| **دو مرد گرانمایهء پارسا** | دوو پیاوی مەزن دوو دینداری چاک |
| **یکی نامش ارمایل پاکدین** | یەکیان بەناوی ئەرمایل پاکدین |
| **دگر نام گرمایل پیش بین** | ئەویدیکەیان گەرمایل پێشبین |





| | |
|---|---|
| **چنان بد که بودند روزی بهم** | ڕۆژێ دانیشتبوون هەر دوویان |
| **سخن رفت هر گونه از بیش و کم** | قسەیان دەکرد دووبەدوو ئەوان |
| **ز بیدادگر شاه و از لشکرش** | له ستەمکاری شا و سپاکەیی |
| **وز آن رسمهای بد اندر خورش** | له کردار بەد و له خواردنەکەی |
| **یکی گفت مارا به خوالیگری** | یەک له وان وتی با ئێمه خۆمان |
| **بباید بر شاه رفت آوری** | ببین به چێشتکەر هەر له دیواخان |
| **وز آن پس یکی چاره ساختن** | پاشان به باشی بیر دەکەینەوه |
| **زهر گونه اندیشه انداختن** | چارەی ئەو کارەیش دەدۆزینەوه |
| **همی بنگرید این بدان آن بدین** | دەیانڕوانی بۆ یەکتر هەر دوو |
| **ز کردار بیداد شاه زمین** | له ستەمکاری پادشایی بەد خوو |
| **از آن دو یکی را بپرداختند** | دەست دەکرا بەکار لەسەر یەک لەوان |
| **جز این چاره نیز نشناختند** | چارەیان نەبوو، ناچار بوون ئەوان |
| **برون کرد مغز سر گوسپند** | هەر ئەوکات مێشکی مەڕێک دەهێنرا |
| **بر آمیخت با مغز آن ارجمند** | ئاوێتەی مێشکی ئەو کەس دەکرا |
| **یکی را بجان داد زنهار و گفت** | دەیانوت به وەی که نەکوژرا بوو |
| **نگر تا بیآری سر اندر نهفت** | خۆت بشارەوه ئەتۆ زووبەزوو |
| **نگر تا نباشی به آباد شهر** | نابێ تۆ بژیت له گوند و شاران |
| **ترا در جهان کوه و دشتست بهر** | پێویسته بڕۆیه دەشت و کۆساران |
| **به جای سرش زان سر بی بها** | لەبری مێشکی ئەو مێشکێک بێبەها |
| **خورش ساختند از پی اژدها** | دەکرا به چێشت لەبۆ ئەژدیها |
| **ازین گونه هر ماهیان سی جوان** | بەو جۆره هەر مانگ سی کەس له لاوان |
| **ازیشان همی یافتندی روان** | دەربازیان دەکرد له کوشتن ئەوان |
| **چو گرد آمدندی از ایشان دویست** | بوون به دووسەد کەس تێکڕای ئەوان |
| **بر آن سان که نشناختندی که کیست** | کەس نەیدەزانی به جێگه و شوێنیان |
| **خورشگر بریشان بز و چند میش** | پاشان چێشتکەران مەڕ و بزنیان |
| **بدادی و صحرا نهادیش پیش** | برده دەشت و کێو لەبۆ لاوەکان |
| **کنون کرد از آن تخمه دارد نژاد** | ئێستا کورد لەو توخم و ڕەگەزەن |
| **کز آباد نیآید بدل برش یاد** | که حەز به ئاوەدانی ناکەن |

تاریخ کرد و کردستان– ل ٧٥– ٧٦ – ٧٧ : سدیق سەفیزاده – بورەکەیی.}

با بڕۆینە ناو نووسراوەکەی بەڕێز (بۆرەکەیی)
لەو نووسراوەدا ئاماژەیان بە دوو خاڵ کردووە:

**خاڵی یەکەم:**

نووسەر لە نووسراوەی (**کرد در شاهنامە**)دا ئاماژە بەوە دەکات کە (**ناوی کورد لە شانامە**)دا نووسراوە، بۆ دورستی باسەکەیان ئەو زنجیرە هۆنراوەی شانامە کە ئاماژە بە کورد دەکات نووسیوەتەوە، لە درێژەی باسەکەدا بەو جۆرە دەنووسن:

**زوحاک هێرشی کردە سەر ئێران و جەمشید شای تێکشکان و چووە سەر تەختی پادشایی ئێران.**

ئەو باسە هەڵەیە کە بێژین زوحاک هێرشی کردە سەر ئێران، چون خودی ئێرانییەکان دەڕۆن بۆ لای زوحاک و تکای لێدەکەن تا ببێت بە شای ئێران. لە بەشی (**تباه شدن روزگار جمشید**) لە شانامەدا بەو جۆرە باسی جەمشید و زوحاک کراوە:

**ئێرانییەکان لە جەمشید بێزار دەبن، هەر کەس کە توانا و دەسەڵاتێکی بووبێت لەشکر و سپای پێکەوە ناوە، کەوتوونەتە جەنگ لە گەڵ جەمشیدا، ئێرانییەکان بە لەشکر و سپاوە دەڕۆن بۆلای عەرەبەکان و تکا لە زوحاک دەکەن تا ببێت بە شای ئێران.**

ئەوەیش خودی هۆنراوەکەی فیردەوسی سەبارەت بەو باسە:





| **تباه شدن روزگار جمشید** | **دەسەڵاتی جەمشید بەرەو نەمان** |
|---|---|
| از آن پس برآمد از ایران خروش | پاشان لە ئێراندا بوو بە ئاژاوە |
| پدید آمد از هر سوی جنگ و جوش | بوو بە جەنگوهەرا لە هەر لاوە |
| سیه گشت رخشنده روز سفید | ڕۆژی ڕووناک بوو بە تاریکی |
| گسستند پیوند با جمشید | لەگەڵ جەمشیدا بوو بە ناکۆکی |
| برو تیره شد فره ایزدی | یزدانی مەزن رووی لێوەر گێڕا |
| بکژی گرائید و نا بخردی | ئارامی لێکرد بە جەنگ و هەرا |
| پدید آمد از هر سوی خسروی | پاشاگەردانی رووی کردە وڵات |
| یکی نامداری ز هر پهلوی | ئەوەی کە هەیبوو هێزودەسەڵات |
| سپه کرده و جنگرا ساخته | ئامادەی دەکرد لەشکر و سپا |
| دل از مهر جمشید پرداخته | هەتا بجەنگێ لەگەڵ جەمشیدا |
| یکایک از ایران برآمد سپاه | لە ئێرانەوە لەشکر و سپا |
| سوی تازیان برگرفتند راه | لەبۆ لای عەرەب کەوتنە ڕێگا |
| شنودند کآنجا یکی مهتر است | بیستبوویان کەسێک وا لەوێ |
| پر از هول شاه اژدها پیکر است | کە خاوەن دەسەڵاتە و پێگە و جێ |
| سواران ایران همه شاه جوی | بۆ پەیداکردنی شایەک بۆ ئێران |
| نهادند یکسر بضحاک روی | چوونە لای زوحاک سواران هەموویان |
| بشاهی برو آفرین خواندند | ئەویان کرد بە شا بە شایی خۆیان |
| ورا شاه ایران زمین خواندند | تا فەرمانڕەوا بێت لە خاکی ئێران |

خۆشبەختانە خودی بەڕێز بۆرەکەی لە لاپەڕە ٧٨٤ کتێبی (**تاریخ کرد و کردستان**) و لە باسی (**زوحاک**)دا هەمان هۆنراوەی فیردەوسی سەبارەت بە چوونی ئێرانییەکان بۆ لای زوحاک کە (**ئەڵماس خان کەلهور**) کردوویە بە کوردی، بەو جۆرە نووسیویانەتەوە:

| | |
|---|---|
| **سواران ئێران گردیان شا چۆ** | swaran eran grdidin sha jo |
| **یەکسەر روو کەردن وە دەهاک بەدخۆ** | yaksar ru kardin wa dahåk bad xo |
| **ئامان کەردشان شای ئێران زەمین** | aman kardishan shay eran zamin |
| **یەک یەک وە شاهیش واتن ئافەرین** | yak yak wa shahish watin afarin |
| **ئەوسا گرد وە خۆست شاد بین نەی دنیا** | awsa grd wa xost shad bin nay dnya |
| **ئەویش تاج کەی وە سەرش نیا** | awish taji kay wa sarish niya |

ئەو بەشە لە هۆنراوەکەی فیردەوسی کە بەڕێز بۆرەکەیی نووسیویانەتەوە، بەو هۆنراوە دەست پێدەکات:

**چنان بد که هر شب دو مرد جوان**
**چه کهتر چه از تخمه پهلوان**

وەهابوو هەر شەو دوو لاوی جوان
لە دەستەی لاواز یاخۆ پاڵەوان

بەو هۆنراوە کۆتایی پێهاتووە

**کنون کرد از آن تخمه دارد نژاد**
**کز آباد نیآید بدل برش یاد**

ئێستا کورد لەو ریشە و رەگەزەن
کە حەز بە ئاوەدانی ناکەن

بەڕێز (بۆرەکەی)یش وەک بەڕێز (مرادی) بەشی یەکەمی هۆنراوەکەی فیردەوسی واتە (**کنون کرد از آن تخمه دارد نژاد**) کە باسی توخم و نژادی کورد دەکات بەڵاوە گرنگە، بەداخەوە ئەمیش نەچووەتە سەر بەشی دووهەم (**کز آباد نیآید بدل برش یاد**).
بۆ نەچووەتە سەر ئەو بەشە ئەوە جێگەی پرسیارە، هەروەها ئاماژەی بەوە کردووە کە کورد لە توخمی ئەو دووسەد کەسەن.

**دوکتۆر بۆرەکەیی و باسێکی نادورست!**

نووسەر لە لاپەڕە(١٤٤)ی (**تاریخ کرد و کردستان**)دا دەنووسن:
وەک وتمان کوردەکان لە پێنج وڵاتی ئێران و ئێراق و تورکییە و سورییە و روسییە ئەژین و لە رابردوودا لە زۆربەی ئەو وڵاتانە خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی یاسخ بووە، بەڵام لە پاش شۆڕشی ئیسلامییەوە زمانی کوردی ئازادی خوی بەدەست هێناوە تا ئێستا هەندێ گۆڤار و کتێب بەم زمانە چاپکراوە...
**بۆ ئەو باسە نادورستە؟**





لە هەموو جهاندا مرۆڤ بۆ فێربوونی خوێندن و نووسین دەچێتە قوتابخانە. دەورەی خوێندن لە پۆلەکانی سەرەتاییەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە بەشە جیاجیاکانی زانستگا.
ئایا لە کوردستانی پاش شۆڕشی ئیسلامی ئێران قوتابخانەیەکی کوردی لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە دامەزراوە تا تاکی کورد بتوانێت بە کوردی بخوێنێت و بنووسێت؟
جێگەی داخە بەڕێز بۆرەکەیی زۆر بە دڵفراوانییەوە دەنووسن:

**(لە پاش شۆرشی ئیسلامییەوە زمانی کوردی ئازادی خوی بەدەست هێناوە تا ئێستا هەندی گۆڤار و کتێب بەم زمانە چاپکراوە).**

ئەوەی کە دەوڵەتی ئێران چەن گۆڤار و کتێبێک بە کوردی چاپ دەکات، ئەوە بۆ فریودانی خەڵکی جهانە تا نەڵێن لە ئێراندا کورد ماڧی نییە بە زمانی خۆی بخوێنێت. با لێرەدا ئاماژە بە یەکێک لەو گۆڤارانە کە لەلایەن دەوڵەتی ئیسلامی ئێرانەوە چاپ دەکرا بکەین، ئەو گۆڤارە ناوی (**سروە**)یە.
سروە لە پێشدا لە ورمێ چاپ دەکرا، پاشان برایە شاری سنە، خاوەنی ئەو گۆڤارە یا(**صاحب امتیاز**)کەی کەسێکە بەناوی:(**مورتەزا محب الاولیا (اسفندیار رحیم مشایی)**). کە یەکێک لەو کەسانەیە لە سەرکوتکردنی شۆڕشی کوردستاندا رۆڵی سەرەکی گێڕاوە، هەر بەو هۆیە دەگاتە ئەو پلەیە کە لە ساڵی٢٠١٣ خۆیی کاندید دەکات بۆ پۆستی سەرۆککۆماری ئێران.

**بۆ ئاگاداری:** پێش شۆڕشی ئیسلامی ئێران هەم کتێب و هەم گۆڤاری کوردی چاپ دەکرا، نموونە: کتێبە (**کوردییە چاپکراوەکانی کتێبفرۆشی سەیدان) لە مهاباد یا {رۆژنامەی کوردستان بە (صاحب امتیازی،**

**عەبدولمەجید بەدیع ئەلزمانی)- (سەرنووسەر سدیق موفتیزادە) – (شوکروڵا بابان نووسەری بەشی نەتەوەیی).**

**لەگەڵ ڕێز بۆ ئەو کەسانە کە لەو کارانەدا خۆیان ماندوو کردووە، ئەو کارانەی شایش بۆ فریودانی خەڵکی جهان بوو!**

**با لێرەوە بڕۆینە سەر باسی {توخم و ڕەگەزی کورد و شوانیکردنی ئەو ٢٠٠ کەسە} لە ژێرناوی (هونەری فیردەوسی و هونەری فیردەوسیناسان)دا.**





کُرد در شاهنامه ٧٧

به جای سرش زان سر بی‌بها — خورش ساختند از پی اژدها
از این گونه هر ماهیان سی جوان — ازیشان همی یافتندی روان
چو گر آمدندی از ایشان دویست. — بر آن سان که نشناختندی که کیست
خورشگر بریشان بز چند میش — بدادی و صحرا نهادیش پیش
کنون کُرد از آن تخمه دارد نژاد — کز آباد بردل نیایدش یاد

ابن قتیبه نیز در کتاب المعارف در این‌باره گوید: «ان الاکراد فضل طعم بیوراسف و ذلک انه کان یأمران یذبح له کل یوم انسانان و یتخذ طعامه من لحو مهما وکان له وزیر یقال له ارابیل فکان یذبح واحداً و یبقی واحداً و یستحییه و یبعث به الی جبل فارس فتوالدوا فی الجبال وکثروا». یعنی: کردان باقیماندهٔ غذای ضحاک هستند زیراکه او فرمان می‌داد تا هر روز دو جوان را سرببرند و از گوشت آنها غذایی برایش ترتیب دهند. وزیری داشت ارمایل نام، یکی از آن جوان را می‌کشت و دیگری را به کوهستان فارس آزاد می‌کرد و این آزادشدگان در آنجا بسیار شدند.

مینورسکی از سیاحتنامهٔ موریه نقل می‌کند: که در سال ١٨١٢ میلادی در سی و یکم ماه اوت، مردم دماوند جشنی گرفتند به یادگار نجات ایرانیان از ظلم و ستم ضحاک ذوالحیتین و این جشن را عیدُالکُردی می‌نامیدند و علی‌اصغر شمیم هم در کتاب کردستان می‌گوید: در بین اکراد شمالی ایران عیدی به نام عید کردی موسوم بوده که با مراسم مخصوص به یاد رفع ظلم ضحاک و گرفتاری او به دست فریدون برپا می‌شود که شاید قرینه‌ای برای صحت نوشتجات شاهنامه باشد.

مسعودی در کتاب‌التنبیه والاشراف طوایف کُرد را برشمرد و آنها را از نسل کردبن اسفندیار بن منوچهر پیشدادی دانسته است و برخی از طوایف کرد را اینگونه یاد کرده است: با زنجان، شوهجان، شاذنجان، نشاوره، بوذیکان، جورقان، جاوانیه، بارسیانه جلالیه، مشکان، جابارقه، جردغان، کیکان، ماجردان، هذبانیه، لُر و اینها بیشتر در ماه الکوفه و ماه‌البصره و ماسبذان و ایغارین و همدان و شهرزور، و صامغان و آذربایجان واران و بیلقان و جزیره و سایر بلاد کردستان ساکن هستند.

امیر شرف خان بدلیسی نیز در باب کرد و نسب او آورده است و گوید: پهلوان پیلتن و

**لاپەڕەی دیکۆمینتی لە کتێبی تاریخ کرد و کردستان: دکتر صدیق صیفی زادە (بۆرەکەیی)**

**ئەو خەتە نووسەری ئەم چەن لاپەڕە کێشاویە بەژێر ئەو هۆنراوەدا**


شاهەنشا کارخانەی کارەباری ریگا ئاسنیان خستە کار

کوردستان

بەندەر عەبباس ئەبیتە گەورەترین بەندەری بازرگانی

وەبەهەوو جورە وەسایلی بەیوەندیی لەگەل جیگاگرنگە بازرگانییەکانی دونیادا پەیدا ئەکا

ئاشتی سەرکوماری کونگو لەگەل لومومبا هیوای کومەلی نەتەوەیەکگرتوەکانی، بەبرینەوەی کیزاوی کونگو بەتین کردوە.

بریاروایەکە لومومبا بەناوی سەرەک وەزیر وسەرەدەستەی نوینەرانی کونگولەکومەلی نەتەوەیەکگرتوەکاندا بەشداربی

بەیوەندی ئیران و روسیە

باسیکی زانیاری

تالەباری یەکانی کومەل

لاپەڕەی دیکۆمێنتی ڕۆژنامەی کوردستان لە سەردەمی محەممەدڕەزاشای پەهلەوی





## هونەری فیردەوسی و فیردەوسیناسان

لە بەشەکانی پێشوودا بە کورتی باسی ناوەڕۆکی شانامە کرا. ئەو هۆنراوەی فیردەوسی:

| | |
|---|---|
| **کنون کرد از آن تخمه دارد نژاد** | ئێستا کورد لەو ریشە و ڕەگەزەن |
| **کز آباد نیآید بدل برش یاد** | کە حەز بە ئاوەدانی ناکەن |
| **بود خانهاشان سراسر پلاس** | ترسیان نییە لە یەزدان |
| **ندارند در دل ز یزدان هراس** | لە پڵاسە خانوەکانیان |

ئەوندە شەرمێون و چەپەڵە کە بەڕێزان **(الفتح بن علی البنداری الاصفهانی)**- **(ئێقباڵ یەغمایی)** – **(ئیسماعیل قادرپەنا)** و **(ناسر نامداری)** لە خوێنەرانیان شاردوەتەوە، هەروەها **(دوکتۆر عەبدولوەهاب عزام)** و **(فروغی)یش** خۆیان لێنەداوە، بەڵام هەر ئەو هۆنراوە لای بەڕێزان **(مرادی)** و **(بۆرەکەیی)** وەک دوو نووسەری کورد هۆنراوەیەکی شایستە و بەنرخە! بەپێی دیدوبۆچوونی (یەغمایی – مرادی و بۆرەکەیی) کورد لە توخمی ئەو دووسەد کەسەن کە لە کوشتن رزگار کراون و کراویشن بە (شوان)!

### دووسەد شوان؟!

هیچ کارێک وەک (کار) بۆ مرۆڤ کە ژیانی پێدابین بکات شەرم نییە، شوانیش وەک کار نەک نابێت بە چاوی سووک تماشابکرێت، بەڵکو دەبێت لە خانەی خزمەتکردن بە مرۆڤ جێگای بۆ دیاریکرێت!

**بۆ ئاگاداری:** لەو زنجیرە هۆنراوەی فیردەوسی سەبارەت بە **(زوحاک)** و ئەو دووسەد کەسە وشەیەک یا رستەیەکی تێدا نییە کە باسی شوانی بکات. بەپێی هۆنراوەکەی فیردەوسی ئەو دووسەد کەسە دەبێ بە نهێنی بژین و

تەنانەت خودی (ئەرمایل و گەرمایل) کە ئەوانەیان لە کوشتن دەرباز کردووە بە وشەی {(زنهار) واتە (ئامان) – (دەغیل)} پێیان ئێژن نابێت لە شاردا بژین و نابێت کەس بتانناسێتەوە!

| | |
|---|---|
| **یکیرا بجان داد زنهار و گفت** | دەیانوت بە وەی کە نەکوژرا بوو |
| **نگر تا بیآری سر اندر نهفت** | خۆت بشارەوە ئەتۆ زووبەزوو |
| **نگر تا نباشی بآباد شهر** | نابێت تۆ بژیت لە نێو شاران |
| **ترا در جهان کوه و دشتست بهر** | پێویستە بڕۆیە دەشت و کۆساران |

| | |
|---|---|
| **چو گرد آمدندی ازیشان دویست** | بوون بە دووسەد کەس تێکڕای ئەوان |
| **بر آنسان کە نشناختندی کە کیست** | کەس نەیئەزانی بە شوێن و جێیان |

ئەرمایل و گەرمایل ئەوەیان زانیوە، بە هۆی ئەوەی ئەو کەسانە بە نهێنی دەژین، ناتوانن بڕۆنە ناو خەڵک و پێداویستیەکانی ژیان دابین بکەن، ئەو چەن سەرە مەڕ و بزنەیان بۆ بردوون تا پێیبژین، نەک بۆ شوانی کردن. ئەگەر ئەو (٢٠٠) کەسە شوان ببوایەتن چۆن دەیانتوانی بە نهێنی بژین، خەڵک و زوحاکیش دەیزانی بە جێگاکەیان و هەم ئەو دووسەد کەسە دەگیرانەوە و هەم (ئەرمایل و گەرمایل)یش سزا ئەدران.

### کورد و شوانی

وشەی شوان بۆچ لای بەڕێزان (یەغمایی) و (مرادی) و (بۆرەکەیی) بەو جۆرە رەنگی داوەتەوە؟ ئەگەر بمانەوێت بزانین ئەو دووسەد کەسە کە ئەو سێ فیردەوسیناسە کردوونیان بە (<u>باپیرە گەورەی ئێمەی کورد</u>)، هەروەها کردوونیان بە شوانیش، بۆ دەبێت شوان بن؟ ئەو باسە دەگەڕێتەوە بۆ دیدوبۆچوونی فارسەکان سەبارەت بە کورد. ئەو باسەیش لە واژنامە فارسیەکاندا بەو جۆرە نووسراوە:

کرد= (کورد): (چوپان) واتە (شوان {بەرگی (٣)ی (فرهنگ فارسی دکتر محمد معین)}).





### کورد لە توخمی ئەو دووسەد کەسەن؟

بەپێی دیدوبۆچوونی بەڕێزان یەغمایی- مرادی- بۆرەکەیی و عەبدولوەهاب عزام وەک فیردەوسیناس (کورد لە توخمی ئەو دووسەد کەسە) دوروست بووە، با لەو هۆنراوە کە ئەو فیردەوسیناسانە پشتیان پێبەستووە، بکۆڵینەوە:

| | |
|---|---|
| **چنان بد کە هر شب دو <u>مرد جوان</u>** | وەهابوو هەر شەو دوو <u>لاوی جوان</u> |
| **چە کهتر چە از تخمەء پهلوان** | لە دەستەی لاواز یاخۆ پاڵەوان |
| **خورشگر ببردی بایوان شاە** | چێشتکەر دەیبردن بۆ کۆشکی پاشا |
| **وزو ساختی راە درمان شاە** | دەکران بە دەرمان بۆ دەردەکەی شا |
| **بکشتی و مغزش بپرداختی** | لە پاش کوژرانا دەرئەهات مێشکیان |
| **مر آن اژدها را خورش ساختی** | لە بۆ ئەژدیها بە چێشت دەکران |

ئەو زنجیرە هۆنراوە باسی ئەوە دەکات شەوی دوو مرد {(<u>هر شب دو مرد جوان</u>)} براونەتە چێشخانەکەی زوحاک تا مێشکیان بکرێت بە چێشت و دەرخواردی مارەکان بدرێت.

لە زمانی فارسیدا وشەی (مرد)- (مەرد) بۆ مرۆڤی نێرینە بەکار دەبرێت. کاتێک وشەی (مرد) بە پاشکۆی (جوان – جەوان)ەوە بەکار ببرێت، مەبەست کەسێکی نێرینەیە کە تەمەنی نە زۆر لە خوارەوەیە نە لە سەرەوە، لە زمانی کوردیدا پێیدەڵێن (لاو) دەکرێ بڵێین تەمەنی لە نێوان شازدە تا بیستوپێنج ساڵ دایە.

ئەو دووسەد (مرد جوان)ە (لاو) بە نهێنی ژیاون و کەس نەیزانیوە بە جێگە و شوێنیان. چۆناوچۆنە کورد لە توخمی ئەوانە واتە ئەو (مردهای جوان) – ئەو (لاوانە) دوروست بووە؟! بڵێی ئەوانە لە ناو خۆیاندا زاووزێیان کردبێت؟!

| | |
|---|---|
| **کنون کرد از آن تخمە دارد نژاد** | ئێستا کورد لەو ریشە و رەگەزەن |
| **کز آباد نیآید بدل برش یاد** | کە حەز بە ئاوەدانی ناکەن |

## شەهرام نازری و شانامەی فیردەوسی



وێنە لە سایت رادیو پژواک وەرگیراوە

لە بەشەکانی پێشوودا لە رێگای هۆنراوەکانی (فیردەوسی)یەوە ئاگاداری دیدوبۆچوونی فیردەوسی بووین.

لەو چەن دێڕەی خوارەوەدا دیدوبۆچوونی بەڕێز (شەهرام نازری) وەک (هونەرمەندێکی گۆرانی و موزیک و کەسێکی کورد) سەبارەت بە فیردەوسی دەخوێنینەوە، هەروەها پێناسەی خودی (شەهرام نازری)یش لە زمان خودی خۆیانەوە لەو وتووێژەدا باس دەکرێت.

رۆژی ٢٠١١/٦/٦ (رادیۆ پژواک) رادیۆیی فارسی بەشی نێونەتەوەی دەوڵەتی سوید وتووێژێکی لەگەڵ بەڕێزان (حسین عەلیزادە) و (شەهرام نازری) سەبارەت بە کۆنسێرتێک کە لە ستۆکهۆڵم و یۆتۆبۆری (گۆتەنبێرگ) لە سوید بەڕێوە برابوو، پەخش کردەوە. ئەو بەشە لەو وتووێژە کە پێوەندی بە باسی (شانامە و فیردەوسی)یەوە هەیە کردوومە بە نووسراوە و بۆ ئاسانکاریش کراوە بە کوردی کە بەو جۆرەیە:





{وێژەری رادیۆ: ئێوە تیپی (فیردەوسی)تان دامەزراندوە.

نازری: چونکە شانامە ئەنجام نەدرابوو، هیچ چەشنە نموونەیەک لە ئەنجامدانی شانامە لە لایەن هیچ گۆرانیبێژێکی مەزنەوە لە ماوەی ئەم سەدوبیست و سی ساڵەی رابردوەدا لە ئارادا نییە و گۆرانیبێژە کۆنەکان وەها راهاتوون کە نموونەیەک لە بەر دەستیاندا بێت تا کار بکەن، هەر ئەوە کارێکی وەهای کردووە کەس جورئەت و جەساراتی ئەوەی نەبێت ئەم کارە ئەنجام بدات، بەڵام من چونکە لەسەرتای لاوییەوە لەگەڵ ئاوازی حەماسی راهاتووم، هەروەها خۆیشم کوردم و پاشانیش مامۆستایان دوکتۆر (داریوش سەفایی) و (نورعلی برومەند) هانیاندام ئەو ئاهەنگە حەماسییە کە لە دەنگی مندا هەیە، پەروەردەی بکەم، تێکڕای ئەو شتانە منیان هاندا کە جورئەت و جەسارەتێکی وەهام هەبێ بۆ یەکەمین جار ئەو تەلیسمە بشکێنم. چوار ساڵ پێش دەستمان کرد بەو کارە و تیپێکی ئەنترناسیۆنالیمان لە نیۆرک دامەزراند، لە ئەمریکا و پاریس و ئەفریقا و مراکش و ژاپۆن و چەن وڵاتێکی دیکە بەڕیوەمان برد، بەڵام لە ئێران تا ئەم دوایانە واتە ساڵی ١٣٨٩ نەکرا بەڕیوەی ببەین، باش بوو لەوێش بەڕێوە برا.

وێژەری رادیۆ: بەڵام رێگەیان نەدا لە شیراز بەڕێوە ببرێت .

نازری: بەڵێ، هۆکارەکەی نازانم، بەڵام لە هەندێ کاتدا کاردانەوەیەک سەبارەت بە شانامە دێتە ئاراوە، هەندێ کەسی نەزان و نادان پییانوایە ئەگەر شانامە بخوێنرێت ئەوە رووداوێک روو دەدات چون باسی شا دەکات، ئەوانە بەس ناوی شانامە لەبەر چاو دەگرن، بەڵام ناوەرۆکی شانامە فەلسەفەی راستەقینەی (فیردەوسی)یە و ئەو فەلسەفەیش ئەوەیە کە زۆردار و دەسەڵاتداران تا ئەو کاتە سەرفرازن کە لەگەڵ خەڵکدا بن، هەر ئەوندەی دژایەتی خەڵکیان کرد هێزێکی

ئاسمانی پەیا دەبێت و لەناویان دەبات، ئەوەیە فەلسەفەی فیردەوسی، بەڵام هەندێ کەسی نادان و نەزان پێیانوایە ئەگەر شانامە بخوێنرێت شتێ روو دەدات و شا دێتەوە سەرکار، هەر بەو هۆیە هەوڵ ئەدەن پێش بەو کارە بگرن، بەڵام ئێمەیش دەزانین چۆن راوەستین و بەرگری بکەین، بە هەر جۆرێک بێت کارەکە دەگاتە ئەنجام، ئاخر حەیفە فیردەوسی ئەنجام نەدرێت. ئێمە ئێرانییەکان فیردەوسیمان زۆر خۆش دەوێت، بۆ ئێمە ئێرانییەکان زۆر گرنگە! ئەو بوو زمانی فارسی زیندوو کردەوە و لە ژێر دەسەڵاتی عەرەب رزگاری کرد، ئەگەر ئەو نەبوایت زمانی ئێمە لەناو دەچوو}.

**

بەڕێز نازری وەک هونەرمەندێکی گۆرانی و کەسێکی نەترس و بێباک، هەروەها وەک کوردێکیش باس لە ناوەرۆکی شانامە و فەلسەفەی فیردەوسی دەکات و دەڵێت:

**ئەو بوو زمانی فارسی زیندوو کردەوە و لە ژێر دەسەڵاتی عەرەب رزگاری کرد، ئەگەر ئەو نەبوایت زمانی ئێمە لە ناو دەچوو.**

↑

ئەو باسەیان کە ئێژن: (**ئەو بوو زمانی فارسی زیندوو کردەوە**) راست و دورستە، خودی فیردەوسی سەبارەت بەو باسە بەو جۆرە دەڵێت:

| | |
|---|---|
| **بسی رنج بردم درین سال سی** | سی ساڵی رەبەق تێکۆشام تەواو |
| **عجم زنده کردم بدین پارسی** | عەجەمیم توڕدا پارسیم کردۆ باو |

بەڵام زیندووکردنەوەی زمانی فارسی چ پێوەندییەکی هەیە بە زمانی ئەوانەوە کە کوردییە و چۆن دەڵێن (**ئەو نەبوایەت زمانی ئێمە لە ناو دەچوو**)!





زمانی فارسی زمانی نەتەوەیەکە بەناوی (**فارس**) و زمانی کوردیش بۆ خۆی زمانێکە و تایبەتە بە نەتەوەیەک بەناوی (**کورد**).

جگەی داخە بەڕێز نازری ئاگای لە ژیانی زمانی کوردی نییە کە لە ژێر تەوژمی زمانی فارسی و سیستمی فارسیزمدا پەلە قاژەی مەرگ دەکات و بەرەو نەمان دەڕوات، جێگەی داخە ئەوان بە شانازییەوە باس لە کەسایەتی فیردەوسی و فەلسەفەی فیردەوسی دەکەن.

**کام فەلسەفە؟!**

هەر ئەوەی کە باسی فەلسەفەی فیردەوسی دەکات، نیشانەی ئەوەیە شانامەیان نەخوێندووەتەوە و ئاگایان لە بۆچوونەکانی فیردەوسی نەبووە و نییە. ئەگەر شانامەیان بە وردی بخوێندایەتەوە، نەک شانازییان بە (فیردەوسی)یەوە نەدەکرد، بەڵکو وەک کەسێکی (دوژمن بە خەڵک) پێناسەیان ئەکرد.

فەلسەفەی فیردەوسی بەو جۆرەیە:

| | |
|---|---|
| **ازیشان فراوان و اندک نماند** | لە زۆر و لە کەم لە وان کەس نەما |
| **زن و مرد جنگی و کودک نماند** | ژن و منداڵ و پیاوئازایش نەما |
| **سراسر به شمشیر بگذاشتند** | بە گورز و شمشێر پەلامار دران |
| **ستم کردن کوچ بر داشتند** | بلوچ لە ترسا گەییە هەندەران |
| **بشد ایمن از رنج ایشان جهان** | جهان ئارام بوو لە ژێر چەتری شا |
| **بلوچی نماند آشکار نهان** | بلوچ بە جارێ ناوی هەر نەما |
| ** | |
| **چنین گفت کایدر ز خرد و بزرگ** | وتی نابێ دەرباز بێ کەسێ لە دەستان |
| **نباید که ماند پی شیر و گرگ** | بۆ شێر و گورگی کەژ و دارستان |

## نازری (فارسی)نەزان و نازری (شانامە)زان




بەهاری ساڵی ٢٠١٤ بەڕێز شەرام نازری ئەگڕێتەوە بۆ کرماشان و کۆنسێرتێک بەڕێوە ئەبات.

یەکێ لە گۆرانییەکانی بەو جۆرەیە:

**من منالی کرد فارسی نیزانم**
**کرماشانیگم فارسی نیزام**

با سەبارەت بەو کۆنسێرتە با لەو گوزارشە کوردی و فارسییە بڕوانین:

**کۆنسێرتی مامۆستا شارام نازری لە کرمانشاه، ئەو شارەی کە لێی لە دایک بووە.**
**کۆنسێرتی تیپی فیردەوسی کە شارام نازری گۆرانی تێدا وت لە لایەن خەڵکی شادمانی کرماشانەوە پێشوازی لێکرا.**

**بە پێی راپۆرتی هەواڵنێری (کردستان و کرد) لەم کۆنسێرتەدا زیاتر لە پێنجهەزار کەس بەشدار بوون. شارام نازری لەم کۆنسێرتەدا بە زمانی کوردی باسی لە پێشکەوتن و سارستانییەتی**





**خەڵکی کوردستان کرد و ئاماژەی بە ناوی هەندێک لە زانایانی بەناوبانگی کرماشان کرد.**
**نازری وتی من شانازی ئەکەم کە کوردم و لە هەر شوێنێک کە کۆنسێرتم بوویێت بەشێکی ئەو کۆنسێرتە بە کوردی بووە. لەم کۆنسێرتەی کرماشاندا خەموپەژارەی خۆی سەربارەت بە کۆچی دوایی (عەباس کەمەندی) هونەرمەندی بەناوبانگی کورد دەربڕی و کوتی یەکێک لە ئاواتەکانی من لەم ماوەدا ئەوە بوو کە بێمەوە بۆ کرمانشان کۆنسێرتێک بۆ خەڵکی کرماشان بەڕیوە ببەم، بەڵام برێک لە بەرپرسانی کرمانشاه رێگایەن نەئەدا، ئێستا زۆر شادمان کە وام لەناوی خەڵکی کرمانشاه و کۆنسێرت پیادە ئەکەم.**
**لە بەشی یەکەمی ئەم کونسێرتەدا بە یارمەتی کەمانچە و عود و تەنبور و چەنگ گۆرانی هۆرەی وت، لە بەشی دووهەمدا داستانی (پادشاهی زوحاک) و لە دایک بوونی (فەرەیدوون) و باسی (کاوەی ئاسنگەری) بە تەنبور کرد بە گۆرانی.**

**

**گزارش مشروح کردپرس از دوشب کنسرت شهرام ناظری؛**

**هنرنمایی شورانگیز شوالیه آواز در دیار کرمانشاه**
**خبرگزاری کردپرس _سرویس موسیقی شهرام ناظری در اجراهای زنده‌اش بی همتاست، این خواننده نامدار در کنسرت اخیر کرمانشاه با اجرای جشنواره‌ای از قطعات زیبا و شورانگیز لحظات خاطره انگیزی را برای دوستداران فرهنگ و هنر آفرید ناظری برای همشهریانش شاهنامه خوانی کرد، قطعاتی از مولانا خواند و از همه مهتر آن ها را میهمان آهنگ های بسیار زیبای کردی نمود. در واقع او در این دو شب برای کرمانشاهی ها سنگ تمام گذاشت.**

................................................................................

................................................................................

**شاهنامه خوانی با آوا و نوای مقامی**

**شاید بدیع ترین تحفه ای که شهرام ناظری برای همشهریانش به ارمغان آورده بود؛ یک مجموعه شاهنامه خوانی با عنوان «درفش کاویان» بود. این هنرمند در کنسرت قبلی اش قطعاتی از «مولانا» و «موسیقی کردی» را به صحنه برده بود، ولی تا به حال برای همشهریانش به «شاهنامه خوانی» نپرداخته بود. شوالیه آواز در این بخش به روایت داستان «پادشاهی ضحاک»، قیام «فریدون» و «کاوه آهنگر» و همچنین برافراشته شدن «درفش کاویانی» پرداخت. این هنرمند صاحب سبک برای روایت هرچه بهتر این بخش از موسیقی مقامی و آوازی منطقه کرمانشاه بهره گرفته بود، موسیقی ای که به حال و هوای حماسی**

**«شاهنامه» بسیار نزدیک است. اولین کار این بخش قطعه ای کوتاه به نام «آوا» نام داشت که بر اساس آواز مقامی «هوره» و «مور» تنظیم شده بود و با درهم آمیختن با تحریرهای مقامی شهرام ناظری، فضایی حزین را تداعی می کرد. در واقع این قطعه، پیش درآمدی برای روایت دوران تاریک پادشاهی ضحاک بود:**

**چو ضحاک شد بر جهان شهریار**
**برو سالیان انجمن شد هزار**
**نهان گشت کردار فرزانگان**
**پراگنده شد کام دیوانگان**
**هنر خوار شد جادویی ارجمند**
**نهان راستی آشکارا گزند**
**شده بر بدی دست دیوان دراز**
**به نیکی نرفتی سخن جز به راز**

.....................................

**در ادامه با تولد «فریدون»، آوای «ناظری» و گروهش حال و هوای حماسی تری به خویش می گیرد و قطعه با نوید تغییر به پایان می رسد.**
**کار بعدی به روایت جستجوی «ضحاک» برای یافتن «فریدون» می پردازد که این بخش نیز براساس مقام مجنونی و آواز تلفیقی از «طرز رستم» و نقالی ساخته شده بود. در این بخش آواز ناظری جلوه ای مقامی یافته و به زیبایی های کار افزوده بود. گروه در ادامه داستان «کاوه آهنگر» در قالب مقام سحری روایت کرد و سپس «درفش کاویانی» اجرا شد که ناظری همراه با ضرب حماسی زورخانه این داستان را روایت کرد که شنیدنش برای شنوندگانش جالب توجه بود. سرانجام بخش این قطعه نیز برافراشته شدن درفش کاویانی توسط کاوه آهنگر بود:**

**فرو هشت ازو سرخ و زرد و بنفش**
**همی خواندش کاویانی درفش**

**پایان بخش این قسمت قطعه شورانگیزی بود که به زوال حکومت ضحاک و پیروزی روشنایی بر تاریکی می پرداخت.**

**(بهزاد خالوندی)**





**وەرگێڕانی ئەو گوزارشە فارسییە بە کوردی**

**بەپێی توانا– سەعی**

**(گوزارشێکی ڕێکوپێکی (کوردپرێس)، کۆنسێرتێکی شارام نازری لە دوو شەودا؛ چالاکی هۆنەری لە ناوچەی کرماشان ناوەندی کوردپرێس. بەشی موزیک:**

**هۆنەرمەندی بەناوبانگ شارام نازری لە بەرنامەیەکی راستەوخۆدا کۆنسێرتێکی بێوێنەی پێشکەش بە خەڵکی کرماشان کرد. نازری لەم کۆنسێرتەدا بەرنامەی شانامەخوێنی بەڕێوە برد و چەن هۆنراوەی (مەولانا)یشی کرد بە گۆرانی، هەروەها هەندی گۆرانی کوردیشی پێشکەش بە میوانانی کۆنسێرتەکە کرد. لە راستیدا لەو دوو شەوەدا بەرنامەیەکی بە هێزوپێزی پێشکەش بە کرماشانییەکان کرد.**

.....................................

**شانامەخوێنی بە مقام**

**ئەکرێ بێژین دیارییەکی تازە کە هونەرمەند شارام نازری هێنابووی بۆ هاوشارییەکانی باسێک بوو، بەناوی:**
**{(درفش کاویانی، ئاڵای پادشایی) لە شانامەی فیردەوسی}.**

**لە کۆنسێرتی پێشوویدا چەن هۆنراوەیەکی (مەولانا)ی لەسەر ئاوازی کوردی پێشکەش کردبوو، بەڵام تا ئیستا شانامەخوێنی بەڕێوە نەبردبوو. هونەرمەند نازری لەم بەرنامەدا داستانی (پادشایی زوحاک)، راپەڕینی (فەرەیدوون) و (کاوەی ئاسنگەر)، هەروەها هەڵکردنی (ئاڵای پادشایی – درفش کاویانی) خوێندەوە .**
**هونەرمەند نازری بۆ پێشکەش کردنی ئەو باسانە سودی لە موزیک و مقامی ناوچەی کرماشان کە ئاهەنگەکانی حەماسییە، وەرگرت. یەکەمین بەشی ئەم بەرنامە بابەتێکی کورت بوو بەناوی (ئاوا) کە بە ئاوازی (هۆرە) و (مۆرە) داڕێژ رابوو.**

دەنگی بە سۆزی نازری بەشدارانی کۆنسێرتەکەی دەبردە جهانی ماتەمینیەوە، لە راستی ئەمە سەرەتایەک بوو بۆ رۆژانی تاریک و ئەنگوسلەچاوی پادشایی زوحاک کە بەو جۆرە دەس پێئەکات:

.......................................................................

ئەم باسە بەردەوام ئەبێت تا فەرەیدوون لە دایک دەبێت.

پاشان باسەکە ئەچێتە ئەو جێگە کە (زوحاک) بە دووی (فەرەیدوون)دا ئەگرێت، ئەم بەشەیش بە ئاهەنگی تایبەت کە مقامییە و لە (جۆری رۆستەمە) و دەنگی نازریش بۆ ئەو جۆرە داستانانە شایستەیە، پێشکەش کرا. پاشان داستانی (**کاوەی ئاسنگەری**) بە ئاوازی (سەحەری) تا دەگاتە (**ئاڵای پادشایی- درفش کاویانی**) بەرێوە برا، لەم بەشەدا سوودیان لە (**زەرب – دەمەکی زۆرخانە**) وەرگرد و دەنگی بەرزی نازری بەشدارانی کۆنسێرتەکەی کەمەن کێشکرد. ئەم بەشە بریتی بوو لە هەڵکردنی ئاڵای پادشایی لە لایەن کاوەی ئاسنگەرەوە کە بەو جۆرە دەست پێئەکات:

**فرو هشت ازو سرخ و زرد و بنفش**
**همی خواندش کاویانی درفش**

دوایین بەشی ئەم بەرنامە چەن هۆنراوەیەکی بە هێزوپێز بوو کە باسی ستەمکاری و ژیانی (تاریک و ئەنگوس لە چاوی) دەورانی زوحاک ئەکرد، هەروەها مژدەی رووناکی، ئازادی، سەربەستی و سەرکەوتنی بۆ خەڵک پێبوو.

**تێبینی**:نووسراوە فارسییەکەی بەرێز (بێهزاد خاڵوەندی) چەن لاپەڕەیە، ئەوندەم بۆ کراوە بە کوردی، خۆشبەختانە لە ئەنترنێتدا خودی نووسراوەکە هەیە و دەکرێ هەمووی بخوێنەوە.

بەپێی ئەو گۆزارشانە، بەرێز نازری لەو کۆنسێرتەدا کۆمەڵێ هۆنراوەی (**شانامەی فیردەوسی**) ئەکات بە گۆرانی و پێشکەشی ئەکات





بە بەشدارانی کۆڕەکە. ئەو هۆنراوانەیش لە لاپەڕە (٣٥ تا ٤٦)ی شانامەدا نووسراوە. نووسەری ئەم چەن لاپەڕە، لە لاپەڕە (٢٠ تا ٢٤)دا ئەو هۆنراوانەی بە فارسی و کوردی نووسیوە.

سەبارەت بەو کۆنسێرتە (٣) پرسیار دێتە ئاراوە:

١ – **من منال کرد فارسی نیزانم        کرماشانێگم فارسی نیزانم**

نازری فارسی نازانیت، بەڵام شانامەی فیردەوسی ئەکات بە گۆرانی و پێشکەشی ئەکات بە خەڵکی کرماشان؟!

٢ – بەرێز نازری داستانی (**زوحاک تا سەرکەوتنی فەرەیدوون بەسەر زوحاک**)دا لە شانامەی فیردەوسی هەڵئەبژێرێت و ئەیکات بە گۆرانی و پێکەشی ئەکات بە خەڵکی کرماشان، کە کوردن.

چۆناوچۆنە بەرێز نازری (**شانامەخوێن و فیردەوسیناس**) چاویان بەو هۆنراوانەی خوارەوە لە هۆنراوەکانی فیردەوسی کە سەبارەت بە (**کورد**) نووسیویانە، نەکەوتووە؟!

| | |
|---|---|
| **کنون کرد از آن تخمه دارد نژاد** | ئێستا کورد لەو ریشە و رەگەزەن |
| **کز آباد نیآید بدل برش یاد** | کە حەز بە ئاوەدانی ناکەن |
| **بود خانهاشان سراسر پلاس** | ترسیان نییە لە یەزدان |
| **ندارند در دل ز یزدان هراس** | لە پلاسە خانوەکانیان. |

٣ – لە بەرانبەر ئەو سووکایەتییەی فیردەوسی بە کورد، ئەبوو (نازری) **تیپی گۆرانی بەناوی (فیردەوسی)یەوە دائەمەزرێنێت** یا لە بەرانبەر ئەو کارەی فیردەوسی دا هەڵوێستی رەخنەگرانە ببوایەت؟

## گوڵاڵە کەمانگەر و شانامەی فیردەوسی

ڕۆژی ٢٠١١/٦/٢٦ چەن دێڕێکی فارسیم سەبارەت بەو وتووێژەی (شەهرام نازری) لەگەڵ (هۆنراوەیەکی فیردەوسی) ئامادە کرد و لەژێر ناوی:

**نظری بر شاهنامەخوانی آقای شهرام ناظری**
**شاهنامه فردوسی توهین به مقام انسانی انسان است!**

ڕەوانەم کرد بۆ چەن سایتی ئەنترنێتی، یەکێک لەو سایتانە سایتی پێشمەرگەکان بوو: (www.peshmergekan.com)

خوێنەرێکی سایتی پێشمەرگەکان بەناوی (**گوڵاڵە کەمانگەر**) نووسراوەیەک سەبارەت بەو باسە دەربارە (نازری) بۆ بەرپرسی سایتەکە ڕەوانە دەکەن، بەرپرسی سایتی پیشمەرگەکان هەست بە بەرپرسیاری دەکەن و نووسراوەکە ڕەوانە دەکەن بۆ نووسەری ئەم چەن دێڕە.

لەگەڵ سپاس بۆ بەرپرسی سایتی پێشمەرگەکان و بەڕێز (گوڵاڵە کەمانگەر) کە ئەو نووسراوەیان نووسیوە، بەهۆی ئەوەی نووسراوەکە پێوەندی بە فیردەوسی و شانامەوە هەیە، هەروەها نووسراوەکە لەلایەن کارشناسێکی پلەبەرزی ئەدەبیاتی فارسی بەگشتی و بەتایبەتی (شانامە)یش نووسراوە، بە پیویستم زانی سوودی لێوەرگرم و بیکەم بە بەشێک لەم باسە.
بەڵام با لە پێشدا ئاگاداری پێناسەیەکی بەڕێز کەمانگەر ببین، ئەو پێناسەیش لە سایتی (پێشمەرگەکان) وەرگیراوە.

(www.peshmergekan.com)





## گوڵاڵە کەمانگەر : کۆمەڵگای کوردی لەم ئان و ساتەدا زیاتر لە هەموو شتێک پێویستی بە ڕۆشنگەری و زانیاری هەیە

پێنج شەممە, ١٤. ٦. ٢٠١٢

گوڵالە کەمانگەر چالاکی سیاسی و بواری ژنانە ،



کە بەردەوام خەریکی لێکۆڵینەوەی بوارە جۆراوجۆرەکانی وەک سیاسەت ، یەکسانیی ژن و پیاو ........ هتد ە .

ئەو خانمە تێکۆشەرە ماستەری لە ئەدەبیاتی فارسی دا هەیە و ئێستا لە باشووری کوردستان پێشمەرگەی یەکێک لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە ، کە لەم دوایانە دا کتێبی"قوڕئان لە نێوان ئوستوورە و جادوو دا " کە بەرهەمی کاری چەندین ساڵەیەتی ، دەرچووە و کەوتۆتە بازارەوە . ڕەنگە ئەو کتێبە لە نەوعی خۆی دا تا ئێستا و لە نێو کتێبخانەی کوردی دا دەگمەن بێ .

**ئێمە وەک بەڕێوەبەرانی ماڵپەڕی پێشمەرگەکان پیرۆز بایی لە گوڵاڵە خانم دەکەین بۆ ڕچەشکینیی و داهێنانی بوێرانەیان .**

سەرچاوە سایتی ئەنترنێتی پێشمەرگەکان (www.peshmergekan.com)

**سڵاو کاک سەعید**
**فەرموو لەگەڵ ئەو رەخنەیە**

Slaw kak seid
Fermu le gel em rexneye

**{(سلام عزیزان. اولا" عذر میخوام که فارسی مینویسم(کی بوردم فونت کردی نداره) امیدوارم دوستان پان کردیست!! بهشون برنخوره!**
**مطلبی در مورد شهرام ناظری و شاهنامه گذاشته بودید که هر چه سعی کردم برام مهم نباشه نشد! مطلب گذشته از اشکالات وحشتناک املایی پر بود از بغض و کینەیی که معناشو نفهمیدم. لازم دونستم بعضی چیزهارو روشن کنم که امیدوارم به کار بیاد. نظراتم رو هم بر اساس دانستەهای علمی و به عنوان کارشناس ادبیات فارسی می گم. اولا" که نقد اثری به نام شاهنامه چیز سادەیی نیست که هر کس بتونه واردش بشه و اساسا" نقد یه کار تخصصیه و ای کاش ملت ما یاد میگرفت که در حوزهایی ابراز نظر کنه که تخصصش رو داره.**
**و اما محتوای غیر انسانی شاهنامه رو من نمی دونم این دوست عزیز از کدام قسمت شاهنامه برداشت کردن؟! اگر استناد به اون چیزیه که خودشون به عنوان شاهد آوردن کاش می گفتن این بخش از کدام شاهنامه آورده شده. بنده که کارشناس ارشد ادبیات هستم و شاهنامه رو (به خاطر پایان نامەم) سه بار از اول تا آخر کلمه به کلمه خواندەام هیچ کجا نه کرد رو به عنوان دزد دیدم و نه این ابیات به چشمم خورده.**
**نسخەی اصیل شاهنامه نسخەی شاهنامه چاپ مسکو است که تصحیح های قابل اعتنا و معتبر اساتید ادبیات هم بر اساس اون هست در هیچ نسخەیی نه در نسخەی تصحیح نشدەی چاپ مسکو و نه در تصحیح دکتر خالقی مطلق نه در تصحیح دکتر حمیدیان و نه در نامەی باستان کزازی این ابیات وجود ندارند.**
**این دوست عزیز فکر کردن هر شعری که در وزن فعولن گفته شده باشه شاهنامه است!!! محتوای شاهنامه در میان تمام متون کهن فارسی بر خلاف ادعای ایشان محتوایی شدیدا" عقلانی و انسانی است و هر چه هست ستایش خرد و تکیه بر آن است. و اما اینکه ما چون کردیم پس باید از فارس و از ادبیات فارسی و هر چیز غیره کردی بیزار باشیم بیشتر از آنکه ناشی از حقیقت گویی و دادخواهی ما باشد نوعی عقده حقارت را نشان می دهد . واقعیت این است که ادبیات فارسی یکی از عظیم ترین و فاخرترین ادبیاتهای کلاسیک دنیاست و انکار این موضوع نه از عظمت آن می کاهد و نه چیزی به ما می افزاید.**
**کمترین کاری که شاهنامه برای فرهنگ ایرانی(اعم از فارس و غیر فارس) کرده ثبت و ظبط اسطوره ها و افسانەهای این مردمان است.**
**اسطوره هم متعلق به حوزەهای فرهنگی است و نه زبانی. یعنی چندین زبان متفاوت میتواند وجود داشته باشد که در داشتەها و پیشینەی اساطیری مشترک باشند. این دوست عزیز ما نمی دانند که شاهنامه کردی هم وجود دارد و شاهنامه متعلق به تمامی ساکنان این حوزەی فرهنگی است از تاجیکستان و افغانستان تا اردبیل و دهوک و دیاربکر. فردوسی به زبان خودش که فارسی بوده بخشی از آن را جمع آوری کرده و از نابودی نجا ....)}.**

Berezewe





**سڵاو کاک سەعید**
**فەرموو لەگەڵ ئەو رەخنەیە**

Slaw kak seid
Fermu le gel em rexneye

**{سەڵاو خۆشەویستان. لە پێشدا داوای لێبوردن دەکەم کە فارسی دەنووسم (کیبوردەکەم فۆنتی کوردی نییە) هیوادارم دۆستانی پان کردیست!! دڵیان نەرەنجێت!**
**بابەتێکتان سەبارەت شەهرام نازری و شانامە دانابوو زۆرم هەوڵدا بەلامەوە گرنگ نەبێت، بەڵام بەکرا! بابەتەکە لەگەڵ ئەوەدا کە هەڵەی ئیملایی زۆر بوو پڕبوو لە رق و کینە بۆم دەر نەکەوت بۆچی. بەپێویستم زانی هەندێ شت روون بکەمەوە هیوادارم سوود بەخش بێت.**
**دید و بۆچوونەکانم بەپێی دەسکەوتە زانستییەکان وەک کارشناسێکی ئەدەبیات فارسی باس دەکەم. لە پێشدا هەڵسەنگاندنی بەرهەمێک بەناوی شانامە کارێکی سادە نییە کە هەر کەس بتوانێت ئەنجامی بدات، کاری هەڵسەنگاندن لە بنەڕەتدا کارێکی تایبەتییە، خۆزگە نەتەوەکەی ئێمەیش فێر ببوایەت لە بوارێکدا کاری بکردایەت کە توانایی هەیە.**
**بەڵام ناوەرۆکی نامرۆڤانەی شانامە من نازانم ئەم دۆستە خۆشەویستە لە کام بەشی شانامە وەریگرتووە؟! اگر بەڵگەی ئەو باسە هەمان بابەتە کە خۆیان دەسنیشانیان کردووە، خۆزگە دەیانووسی ئەو باسە لەکام شانامەدا نووسراوە. من کە کارشناسێکی پلەبەرزی ئەدەبیاتی فارسیم (بە خاتری پایان نامە)کەم سی جار شانامەم لە یەکەم لاپەڕەوە تا دوایین لاپەڕە وشەبەوشە خوێندوەتەوە لە هیچ شوێنێکدا نە کوردم وەک دز بەرچاو کەوتووە و نە ئەو چەن بەیتە هۆنراوەیشم بینیوە. یەکەمین نوسخەی شانامە نوسخەی چاپی (مسکو)یە کە زانایانی ئەدەبیات پشتی پێدەبەستن نە لەو نوسخە نە لەو نوسخانەیش کە لە لایەن دوکتۆر خالقی موتڵەق و دوکتۆر حەمیدیان ئامادە کراوە و نە لەو (نامە باستان گزازی)یە ئەو هۆنراوانە نەنووسراوە. ئەم دۆستە خۆشەویستە وەها بیر دەکاتە کە هەر هۆنراوەیەک لە سەر کێشی (فەعەلون) داڕێژرابێت شانامەیە!!!**
**ناوەرۆکی شانامە لە نێوان هەموو کتێبە کۆنە فارسییەکاندا بێچەوانەی دیدوبۆچوونی ئەوانە و ناوەرۆکەکەی سەرتاپا مرۆڤدۆستانە و زانایانەیە، هەرچی لە شانامەدا هەیە ستایشی دانایی و زانابییە. بەڵام چونکە ئێمە کوردین کە وایە دەبێت لە فارس و لە ئەدەبیاتی فارسی و هەر شتێک کە کوردی نەبێت بێزار بین. ئەوەیش لە رەوانگەی راستبێژی و دادپەروەرییەوە نییە، بەڵکو لە رق و کینەیەکی پەستانەوە سەرچاوە دەگرێت. راستی باسەکە ئەوەیە کە ئەدەبیاتی فارسی ئەدەبیاتێکی مەزنە و لە ناو ئەدەبیاتی کۆنی جهاندا جێگەی شانازییە و ئینکار کردنی ئەو باسە ناتوانێت لەو پلەی کەم کاتەوە و هیچیش بە ئێمە ناگەیەنێت. بچوکترین کارێک کە شانامە بۆ فەرهەنگی ئێرانی چ ئەوانەی کە فارسن و چ ئەوانەی کە فارس نین ئەوەیە داستانە کۆنەکانی ئەو خەڵکەی لە خۆدا کۆ کردووەتەوە.**
**داستانەکانیش پێوەندی فەرهەنگییان هەیە نەک زمانی. واتە چەن زمانی جیاواز دەتوانێت لە ئارادا بێت و داستانەکانیش سەرمایەی هەموویان بێت. ئەم دۆستە خۆشەویستەی ئێمە نازانێت کە شانامەی کوردیش هەیە، شانامە پێوەندی بە هەموو خەڵکی ناوچەکە لە تاجیکستان و ئەفغانستان تا دەگاتە ئەردەبیل و دهۆک و دیاربەکرەوە هەیە. فیردەوسی بەشێک لە وانەی بە زمانی فارسی کە زمانی خۆیەتی کۆکردوەتەوە و نەیهێشتووە لە ناو بچێت.**

Berezewe

بەڕێز گۆڵاڵە وەک (**کارشناسێکی پلەبەرزی ئەدەبیاتی فارسی**) دەنووسن:

**(هەڵسەنگاندنی بەرهەمێک بەناوی شانامە کارێکی سادە نییە کە هەر کەس بتوانێت ئەنجامی بدات، کاری هەڵسەنگاندن لە بنەڕەتدا کارێکی تایبەتییە، خۆزگە نەتەوەکەی ئێمەیش فێر ببوایەت لە بوارێکدا کاری بکردایەت کە توانایی هەیە).**

هەروەها دەنووسن:

**(ناوەرۆکی شانامە لە نێوان هەموو کتێبە کۆنە فارسییەکاندا بێچەوانەی دیدوبۆچوونی ئەوانە و ناوەرۆکەکەی سەرتاپا مرۆڤدۆستانە و زانایانە و هەرچی لە شانامەدا هەیە ستایشی دانایی و زاناییە).**

ئەو سێ پارچە هۆنراوەی خوارەوە کانی زانایی و دانایی و مرۆڤدۆستییە یا سەرچاوەی رق و کین و خوێنرێژییە ؟!

| | |
|---|---|
| **کنون کرد از آن تخمه دارد نژاد** | ئێستا کورد لەو ریشە و رەگەزەن |
| **کز آباد نیآید بدل برش یاد** | کە حەز بە ئاوەدانی ناکەن |
| **بود خانهاشان سراسر پلاس** | ترسیان نییە لە یەزدان |
| **ندارند در دل ز یزدان هراس** | لە پڵاسە خانوەکانیان |
| * | |
| **ازیشان فراوان و اندک نماند** | لە زۆر و لە کەم لە وان کەس نەما |
| **زن و مرد جنگی و کودک نماند** | ژن و منداڵ و پیاوئازایش نەما |
| **سراسر به شمشیر بگذاشتند** | بە گورز و شمشێر پەلامار دران |
| **ستم کردن کوچ بر داشتند** | بلوچ لە ترسا گەییە هەندەران |
| **بشد ایمن از رنج ایشان جهان** | جهان ئارام بوو لە ژێر چەتری شا |
| **بلوچی نماند آشکار نهان** | بلوچ بە جارێ ناوی هەر نەما |
| * | |
| **چنین گفت کایدر ز خرد و بزرگ** | وتی نابێ دەرباز بێ کەسێ لە دەستان |
| **نباید که ماند پی شیر و گرگ** | بۆ شێر و گورگی کەژ و دارستان |






slaw kak seid - Inkorgen - Yahoo! Mail Page 1 of 2

YAHOO! MAIL SVERIGE Classic

Sommar Special
Hotell med 40% rabatt i hela Sverige.
www.hotelspecials.se Boka direkt!

E-post Kontakter Kalender Anteckningar Nyheter! E-post på mobilen Alternativ

Läs e-post Ny

Mappar
Inkorgen (3)
Utkast (4)
Skickat
Spam (8) [Töm bort]
Skräp [Töm bort]
Mina foton
Mina bilagor
Chatt
Jag är Offline
Mina mappar
sherko bekes
Skickade ansök
Svar på ansökn...

Ta bort Svara Vidarebefordra Spam Flytta...

slaw kak seid
Från: "Saleh Nalosi" <nalos@gmail.com>
Till: "Said Qayshi" <qayshi@yahoo.com>

Fermu le gel em rexneye

--
berezewe
saleh Nalosi

http://www.peshmergekan.com
http://www.peshmergekan.eu
Mobil: 0046(0)709500075

Ta bort Svara Vidarebefordra Spam Flytta...

Läs e-post Ny E-postsökning

http://se.mc1612.mail.yahoo.com/mc/welcome?.gx=1&.tm=1308730153&.rand=45tp... 2011-06-22

**لاپەڕەی دیکۆمینتی نووسراوەکەی بەڕێز گۆڵاڵە کەمانگەر**

**سیاوەش گۆدەرزی و شانامەی فیردەوسی**




پێناسەی بەڕێز گۆدەرزی، وەک خۆیان نووسیویانە هەم وەرگێڕ(موتەرجم) و هەم توێژەر(محقق). هەر دوو کارەکەیان پێوەندی بە شانامەی فیردەوسییەوە هەیە، هەر بەو هۆیە لە بەشی فیردەوسیناسی لەم چەن لاپەڕەدا ئاماژە بە کارەکانی دەکرێت. با لە پێشدا لە کاری وەرگێڕانەکەیای بڕوانین. چاپخانەی ئاراس لە هەولێر لە ساڵی ٢٠١٢ کتێبێکی چاپکردووە بەناوی: **شانامەی کوردی داستانی ڕۆستەم و زۆراب.**





سەرەتای کتێبەکە بەو جۆرەیە:

**١ - {داستانی ڕۆستەم و زۆراب، یەکێک لە بابەتەکانی کەشکۆڵێکی کوردی و فارسی پێک دێنێ، کە دەوروبەری (١٢٠) ساڵێک لەمەوبەر بە چەن خەتی جیاجیا نووسراونەتەوە. کە دەگوترێ نووسراونەتەوە بەو مانایەیە کە ڕەنگە مێژووی ژمارەیەک لە نووسینەکان سەدان ساڵی دیکەش تێ دەپەڕێنێ کە من ئاگاداری نیم. دەسنووسەکە بە گشتی لە دوو چیرۆکی (حەفتخوانی ڕۆستەم) و (ڕۆستەم و زۆراب) لە شانامەی کوردی، (دەوڵەتنامە)ی مەلاخدری ڕوواری و چەن هەزار بەیتە شێعرێکی دیکەی کوردی بە شێوەزاری هەورامی و فارسی پێک هاتووە. ئەم دەسنووسە هی ڕەحمەتی محەمەدبەگی دڕۆیی بووە، کە لە ساڵی ١٩٨٩ لە وڵاتی سوید گەیشتووەتە دەستی من.**

**ئێستا ئەوە یەکێک لە چیرۆکەکانی ئەم دەسنووسەتان لەبەر چاوە).....(بەڵام لە هەواڵدان بۆ چاپکردنی بە شێوازێک کە شیاوی شانامە بێت پەلەم نەکرد و چاوەڕوان بووم. هەتا لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٢ لە لایەن دەزگای ئاراسەوە بەڵێنی چاپ و بڵاوکردنەوەی درا. بە دوای دڵنیابوون لە چاپ، دەقی سەر کاغەزی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆرابم خستە سەر کەمپیوتر و دواتر کەوتمە وەرگێڕانی دەقەکە بۆ سەر کرمانجی خوارووی. لە پێشدا دێڕبە دێڕ و لە بن هەر دێڕێک هاوتا سۆرانییەکەیم نووسی... لە وەرگێڕانیشدا بە هەمان شێوە بۆ دڵنیابوون لە مانای تەواوی وشەکان هەمیشە فەرهەنگی گەورەی دێهخودا بە شێوەی دیجیتاڵ لە سەر کامپیوترەکەم کراوە بووە. من لێرەدا لە گەڵ سپاس بۆ هاوڕێی هەورامی و هەورامیزانم کاک سدیق بابایی بۆ پێداچوونە بە سەر یەکەم دەقی گواستنەوەی چیرۆکەکە بۆ سەر کاغەز ........ .**

**٢ - شانامەی فیردەوسی**

**(شانامە لە نووسینی حەکیم ئەبولقاسم فیردەوسی گێڕانەوەی چیرۆکی پاڵەوانانی مێتۆلۆژیای ئێرانییە. شانامە هەتا ئێستا وەک یەکێک لە گرینگترین بەڵگەکانی ناسنامەی ئێرانی چاوی لێ دەکرێ. بیرمەندێکی گەورەی عەرەب وەک زیائەدین ئیبن ئەسیر شانامە وەک قورئانی ئێرانییەکان دەبینێ)}.**

**ل ٧، ٨، ٩**

## نموونه له شانامەی فیردەوسی:

| | |
|---|---|
| **چنان شد ز کشتن همه بوم ورست** | مەیتی کوژراوان ئەونده زۆر بوو |
| **که از خون همه روی کشور بشست** | وڵات به خوێنیان هەموو شۆرا بوو |
| **ز بس کشتن و غارت و سوختن** | له بەر کوشتار و تاڵان و سووتان |
| **خورش آمد و نالهء مرد و زن** | ژن و پیاو هەموو کەوتنه ناڵان |
| **ببستند یکسر همه دست خویش** | هەموو دەسبەسته هاتن بۆ لای شا |
| **زنان از پس و کودک خرد پیش** | مناڵ له پێش و ژنانیش له دوا |
| **ز گیلان هر آنکس که جنگی بدند** | جەنگاوەرانی گێڵانی هەموو |
| **هشیوار و با رای و سنگی بدند** | هەم زانا و دانا هەرچییان هەبوو |
| **خروشان بر شهریار آمدند** | خۆیان گەیانده پەنای نەوشیروان |
| **دریده برو خاکسار آمدند** | کەوتنه خاکوپا له بەرپێی ئەوان |

شانامه بەرگی(٦) ل ٩٦ و ٩٧

## با بڕۆینه سەر کاری وەرگێڕانەکەیان

### وەرگێر و هونەری وەرگێڕان

هەموومان ئەوه ئەزانین، کەسێک که بابەتێکی نووسراوەیی یا دەنگدار له زمانێکەوه ئەباته سەر زمانێکی دیکه پێئێژن وەرگێڕ. له فارسی و عەرەبیدا مترجم، به تورکی دیلمانج، به سویدی (Översättare) له زمانەکانی ....

**بابەته وەرگێڕدراوەکان چەن بەشه:**

**١ – زانستی ٢ – ماف (حقوق) ٣ - ساده (نەسر) ٤ – ئەدەبی وەک داستان، ڕۆمان، پەخشان و هۆنراوه.**

با له بەشەکانی (١ و ٢) چاوپۆشی بکەین چوون ئەوانه تایبەته به کەسانی شارەزا لەو باسانەدا. بەشەکانی دیکه هەر کەس بەپێی توانای ئەکرێت باسی بکات.





## با له پێشدا بڕۆینه سەر ئەو دوو باسیان:

١ - (**شانامه له نووسینی حەکیم ئەبولقاسم فیردەوسی**)

**حەکیم**، وشەی (حەکیم) وشەیەکی تایبەتییه بۆ هەموو کەسێک بەکار نابرێت! هەر کەسێک شانامەی فیردەوسی به وردی بخوێنێتەوه ناتوانێ وشەی حەکیم بۆ فیردەوسی بەکار ببات، ئەگەر سادەیش بیخوینرێتەوه ئەوه دەگاته ئەو پلەیه!

**٢ - بیرمەندێکی گەورەی عەرەب وەک زیائەدین ئیبن ئەسیر شانامه وەک قورئانی ئێرانییەکان دەبینێ).**

ئەو پێناسەی (**ئیبن ئەسیر**) که شانامەی فیردەوسی لەگەڵ (قورئان) بەراوەرد کردووه، دورسته! شانامه کانی کوشتوکوشتار و سووتان و تاڵانچییەتییه، با دوو نموونه له قورئان دەسنیشان بکرێت که لەگەڵ شانامەدا دێتەوه:

| | |
|---|---|
| **ماکان للنبی ان یکون له اسری حتی یثخن فی الارض، تریدون عرض الدنیا والله یرید الاخره** | بۆ هیچ پێغەمبەرێ ڕەوا نییه که دیلی هەبێ و بەڕەڵایان بکا به بەدەلی ماڵی دنیا تا زەوی ڕەباس نەکات به خوێنی ناپاک و نا موسڵمانان، ئێوه ماڵی دنیاتان گەرەکه و خوایش مانی هەتاهەتایی و خۆشی له بن نەهاتوو. |
| ** | ** |
| **فکلوا ما غنمتم حلالا طیبا** | هەرچی به تاڵانی چنگتان کەوت بیخۆن وەک گەزۆمازۆ لێتان حەڵاڵه و نۆشی گیانتان. |
| * | |

سورەی ئەلئەنفال– ئایەی ٦٧ و ٦٩ – سەرچاوه: کتێبی ئادەمزاده له کۆمەڵی کوردەواریدا، ل ٣٤ نووسەر: (عەبدولخالیق مەعروف).

**وەرگێڕانی سادە**

وەرگێڕانی سادە وەرگێڕانێکە هەر کەس بە پێی توانا و شارەزایی لەو دوو زمانەدا کە هەیەتی ئەنجامی ئەدات.

**وەرگێڕانی کاری ئەدەبی**

بابەتی ئەدەبی خۆراکی دەروونی مرۆڤە! مرۆڤ بە سود وەرگرتن لە بەشەکانی ئەدەبی ئەچێتە جهانی تایبەت بەو بابەتەوە، ئەگەر بابەتەکە شادی هێنەر بێت مرۆڤ شاد دەبێت، ئەگەریش ناشاد بوو دەچێتە جهانی خەم و پەژارە و ماتییەوە. کاتێک وەرگێڕ دەسبداتە کاری وەرگێڕانی بابەتێکی ئەدەبی، پێویستە ئەو تایبەتمەندییانە لە بەرچاو بگرێت تا چۆنایەتی(کیفیت) ئەو بابەتە زیانی پێنەگات. ئەگەر ئەو تایبەتمەندییە لە بەرچاو نەگرێت هەم زیان بەو بابەتە و هەم زیان بە خاوەنی ئەو بابەتە دەگەیێنێت، هەروەها زیان بەو کەسانەیش کە دەیانەوێ سوود لەو بابەتە کە وەرگێڕدراوە ببین، دەگەنێت، چوون لە تاموچێژەکەی بێبەش دەبن!

**وەرگێڕانی داستان و رۆمان**

داستان و رومانێک کە لەسەر جۆری سادەنووسی (نەسر) نووسرابێت وەرگێڕانەکەی بەپێی توانای ئەو کەسە کە هەیەتی ئەنجام ئەدرێت، رۆژانە لەم جهانە بەرینەدا وەرگێڕانی داستان و رۆمان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە دێتە بازاری خوێندنەوە.

**وەرگێڕانی هۆنراوە**

هەموومان ئەزانین هۆنراوە لەگەڵ نووسراوەی سادە(نەسر)دا جیاوازە. هۆنراوە چوارچێوەی تایبەت بە خۆی هەیە، هۆنراوە لە مەیدانێکی بچکولەدا دەتوانێ مەبەستێکی مەزن بەیان بکات. ئەگەر ئەو تاکە بەیتە بە نووسراوەی سادە وەرگێڕنە سەر





زمانێکی دیکە پێویستە چەن لاپەڕەی بۆ تەرخان بکرێت، لەگەڵ ئەوەدا کە ئەو چەن لاپەڕەیشی لەسەر نووسراوە، وەرگێڕەکە دڵی ئاو ناخواتەوە و پێی کەمە!
وەرگێڕانی هۆنراوە پێمەوابێ لە چوارچێوەی هۆنراوەییدا دەگونجێ، هەر چەن وەرگێڕەکە خۆیشی ماندوو بکات ناتوانێت تاموچێژی خودی هۆنراوەکە بدات خوێنەر! ئەو (داستانەی رۆستەم و زۆراب) کە بەڕێ گۆدەرزی لە هەورامییەوە وەرگێڕاوەتە سەر سۆرانی"کرمانجی خواروو" نزیکەی هەزار بەیت هۆنراوەیە.

با لە چەن نموونە لەو (**هۆنراوە هەورامییە**) و (**وەرگێڕانەکانی**) بڕوانین و بزانین چۆن وەرگێڕانێکە:

**پا نیا وە ڕەخش پەڕەندەی تەیار**
**بەرشی جە ئەوان بە عەزم شکار**

(پێی لە ئەسپی چوون باڵندەی تەیاردا و بە مەستی ڕاو لە کۆشک دەرچوو).

*

**کەمان بەست نە پشت چەنی خەدەنگان**
**ڕۆش کەرد بە ماوای شار سەمەنگان**

(کەمان و تیری خەدەنگانی لە پشت بەست و ڕووی لە هەرێمی سەر بە شاری سەمەنگان کرد) ل ٤٢

*

**مەهمێز دا بە ڕەخش بەور پڕ هونەر**
**سوار گران شێر نامەور**

(پڵینگی لێزان و هونەرمەند، شێری ناودار و سوارچاکی لێهاتوو ئەسپی تاودا)

*

**ڕووکەرد نە سەحرا نەکەرد مەدارا**
**بەعزێ گێڵیا نەو دەشت سارا**

**(بە بێ ڕاوەستان ڕووی لە سەحرا کرد و لەوێ بۆ ماوەیەک بەو دەشت و دەرەدا گەڕا)**

*

**بەعزێ جە گۆڕان وەحشی دی وە چەم**
**جەولان دا بە ڕەخش، گوڕان کەردەن ڕەم**

**(ژمارەیەک گۆڕی کێوی دی کە ئەسپی تاو دا ڕەوین و هەڵاتن)**

*

**تێرێ نە تەرکەش دا نە رووی کەمان**
**وە پەنجەی پڕ زۆر نادری زەمان**

**( [ڕۆستەم] نەدیتراوی دەور و زەمانان تیرێکی لە لاقەدی دەرهێنا و لە سەر کەمانی دا و بە پەنجەی بە هێزی)**

*

**ڕەها دا بە شەست پێکای حەجەر سم**
**داش نە سینەی گۆڕ گوزەر کەرد نە دم**

**(کە پەنجەی لە سەر کەوان ترازان، تیری بەرد سم لە سنگی گۆڕ دێواندێو بوو)**

*

**وە پەنجەی پڕ زۆر هەوادا کەمەند**
**ئەو گۆڕ زامدار ئاوەردش نە بەند**

**(بە پەنجە پڕ زۆرەکانی کەمەندێکی هاویشت و گۆڕی بریندداری بەند کرد) ل٤٣**

*

**بێدار بیم جە خاو، هۆرێزام وە پا**
**دیام کە ڕەخشم نەمەندەن وە جا**

**(کە وەخەبەر هاتم و هەستام دیتم کە ڕەخشەکەم لە جێی خۆی نەماوە) ل٥٥**





**ئەی قەسر و ئەیوان دەروازە و حەسار**
**بە زەرب گورزم مەبۆ یەختەسار**

**(ئەم قەسر و کۆشک و دەروازەی شارە بە زەربی گورزم تێک و مەکان دەدەم و دەیانڕووخێنم) ل٥٦**

*

**ڕۆستەم وات ئەی شەخس سەوڵ سەرئەفراز**
**پەی چێش ئامانی چێشتەن نیاز؟**

**(ڕۆستەم وتی ئەی ئەو کەسەی وەک سەوڵی سەرەئەفرازی، بۆچی هاتوویی و نیاز و مەبەستت چییە؟) ل٦٣**

*

**دەست مەنیا نە پشت ئەسپان سەرمەست**
**سست مەبی ئەسپان چەنی زۆر دەست**

**(کە بە دەست تەوژمی دەخستە سەر ملی ئەسپەکان، ئەسپەکان لە بەر زۆری دەست سست دەبوون و دەکەوتن) ل٨٤**

*

**سۆهراب فەرماواش، ئاوەردن وە نەزەر**
**جە توخم ڕەخش بی نەوەی نامەوەر**

**(زۆراب فەرمانی دا کە ئەسپەکە بێنێ بۆ ئەوە ببینێ، دیتی کە ئەسپ لە تۆی ڕەخشی ڕۆڵەی ناودارە) ل٨٥**

*

**جە مەودای ئەڵماس نەیزەی پڕ خەتەر**
**ئەسڵەن وە سوهراب نەبی کاریکەر**

**نێزەی ترسناک لە بەر ئەڵماسی پشتێنی زۆراب، هیچ کارێگەرییەکی لێ نەکرد) ل٩٢**

*

**سوار بی وە ئەسپ گوزیدەی ساڵان**
**ئاما نە میدان شای سۆسەن خاڵان**

**(سواری ئەسپ بوو، ئەسپێک هەڵبژاردەی ساڵ، شای سۆسەن خاڵ هەتا مەیدانی شەڕ) ل٩٥**

**به رووی خەشمەوە کەیکاوس بەقار**

**واتش: بە رۆستەم هەرزەی هەرزەکار**

(کەیکاوس بە قین و توڕەییەوە بە ڕۆستەمی وت: هەی هەرزەی هەرزەکاران) ل١٢٠

**پا نیا وە ڕەخش سوار بی وە زین**

**بەشێ جە ئەیوان جۆشیا بە قین**

(بە ئەسپدا هەڵگەڕا و سواری زین بوو، بە قین و توڕییەوە لە کۆشک وەدەرکەوت) ل١٢٤

**هەتا نیمەشەو زەلیل و زەکار**

**مەڕێزا ئەسرین مەوات یا غەفار**

(هەتا نیوەشەو داماو و زەلیل، فرمێسکی دەڕێژا و پاڕانەوەی لە خود دەکرد و دەیگوت)

**به وێم مەزانۆ گۆنە کارانم**

**عاسی و عوسیانبار دوور جە یارانم**

(بۆ خۆم ئەزانم کە تاوانبارم، هەڵە و خەتاکار، دوور لە یارانم)

**بە یارەب یارەب هەر شەو بێداران**

**بە سەدای ئەکبەر سوبح و ئێواران**

(بە یاخودا یاخودا هەموو شەو خەوی لێ نەکەوت و بە دەنگی یەزدانی گەورە بەیانی ئێوارەی بردە سەر) ل١٧٧

**ئەر مەبی بە مورغ پەڕەندەی شکار**

**وە حەڵقەی کەمەند ماوەرۆت بە وار**

(ئەگەر خۆت دەکەی بە باڵندەی نێچیر و (بە ئاسماندا دەفڕی) ئەوە بە کلافەی کەمەند دەتهێنێتە خوار) ل١٨٣





*

**پەوسە بە تەقدیر بەنای لا یەنام**

**بابۆ جە فەرزەند نیاۆ بە کام**

(ئاوا بوو ویستی خودای بێناو کە باوک لە ڕۆڵەکەی خۆشی نەبینێ) ل١٩٢

**

ئەوە چەن نموونەیەکی وەرگێڕانەکانیانە. رستەی ناو کەوانەکان( ) کە لە ژێر هۆنراوەکاندا نووسراوە، وەرگێرانەکەی وەرگێڕە. ڕێزمانی زمانی واتە (گراماتیکی زمانیی) ئەو چەن نموونە پێناسەی وەرگێڕانی کتێبەکەیە! چەن وشە لەو چەن هۆنراوە و وەرگێڕانەکانیدا هەیە پێویستە روون بکرێنەوە، ئەوانەیش بەو چۆرەن:

**(مەهمێز، نادر، پێکای، سم، (تێک و مەکان)، سەوڵ، پشت، گوزیدەی سالان، سەدای ئەکبەر، مورغ پەڕەندی شکار، بە ئەسپدا هەڵگەڕا، هەرزەکاران، لا یەنام.**

*

**مەهمێز دا بە ڕەخش بەور پڕ هونەر**

**سوار گران شێر نامودر:**

(پڵینگی لێزان و هونەرمەند، شێری ناودار و سوارچاکی لێهاتوو ئەسپی تاودا) ل٤٣

[مەهمێز] واتە (ئاوەزنگی دان لە ئەسپ). کەسێک کە سواری ئەسپ بێت و بییەوێت ئەسپەکە ڕێکەوێت و بڕوات، بە پاژنەی کەوشەکەی یا بە گۆشەی ئاوزەنگییەکە ئەدات بە ژێر سکی ئەسپدا، ئەسپ ڕێئەکەوێت.

**تێرێ نە تەرکەش دا نە رووی کەمان**

**وە پەنجەی پڕ زۆر نادری زەمان**

ڕۆستەم نەدیتراوی دەور و زەمانان تیرێکی لە لاقەدی دەرهێنا و لە سەر کەمانی دا و بە پەنجەی بە هێزی) ل٤٣

[نادر] مەبەست (نادر شا)یە، نووسەری (شانامە کوردی)یەکە ڕۆستەم بە نادر پێناسە دەکات ، بەڵام وەرگێڕ دەنووسن (ڕۆستەم) نەدیتراوی دەور و زەمانان. لە فارسیدا وشەی (نادر) واتە (نایاب) بە کوردی (بێوێنە، زۆر باش ...). وەرگێڕ (نادر) بە نەدیتراوە دەزانێت. هۆکاری ئەوەیش ئەوەیە کە وەرگێڕ هۆنراوە هەورامییەکان بە یارمەتی (واژەنامەی فارسی) وەرئەگێڕێنە سەر سۆرانی "کرمانجی خواروو}.
ئەوەی کە دانەری ئەم شانامە کوردییە یا باشتر بێژم ( شانامە بە کوردی) ڕۆستەمی بە (نادر شا) پێناسە کردووە، هۆکەی ئەوەیە کە ئەم شانامە (١٢٠) ساڵ پێش نووسراوە. واتە پاش مردنی نادر شا بووە.

*

**ڕەها دا بە شەست پێکای حەجەر سم**
**داش نە سینەی گۆڕ گوزەر کەرد نە دم**

(کە پەنجەی لە سەر کەوان ترازان، تیری بەرد سم لە سنگی گۆڕ دێواندێو بوو) ل٤٣

[**پێکای**] پێکان، ئەنگاوتن، لێدانی نیشانە.
[**سم**]: مەبەست سمی پێی چوارپێیانە، حەجەر سم واتە (سم رەقە) (ئەسپ، کەر، هێسر) ئەچنە خانەی (سم رەقانەوە) هەر بەو هۆیە ناڵ دەکرێن. بەڵام وەرگێڕ نووسیویانە: تیری بەرد سم. واتە ئەو تیرە ئەوندە تیژە <u>بەرد کون</u> دەکات.

**ئەی قەسر و ئەیوان دەروازە و حەسار**
**بە زەرب گورزم مەبۆ یەختەسار**

(ئەم قەسر و کۆشک و دەروازەی شارە بە زەربی گورزم تێک و مەکان دەدەم و دەیانڕووخێنم) ل٥٦





[**یەختەسار**] لەو هۆنراوەدا واتە رووخاندن، تێکدان. وەرگێر بەو جۆرەی نووسیوە: (تێک و مەکان) دەدەم و دەیانڕووخێنم.
تێک و مەکان ئەدەم نادورستە. تێکوپێک ئەدەم دورست.

تارومار: تێکوپێک.
تێکوپێک: بە جارێک خراوکردن

ل– ١٤٠ و ١٧٦ هەنبانەبۆرینە – فرهنگ کردی – فارسی، هەژار)}.

*

**ڕۆستەم وات ئەی شەخس سەوڵ سەرئەفراز**
**پەی چێش ئامانی چێشتەن نیاز؟**

(ڕۆستەم وتی ئەی ئەو کەسەی وەک سەوڵی سەرەئەفرازی، بۆچی هاتوویی و نیاز و مەبەستت چییە؟) ل٦٣
**سەوڵ**] واتە درەختی سەرو، لەو هۆنراوەدا مەبەست (باڵابەرز)ە.

*

**دەست مەنیا نە پشت ئەسپان سەرمەست**
**سست مەبی ئەسپان چەنی زۆر دەست**

(کە بە دەست تەوژمی دەخستە سەر ملی ئەسپەکان، ئەسپەکان لە بەر زۆری دەست سست دەبوون و دەکەوتن) ل٨٤
[**پشت**] واتە پشت نەک مل.

*

**سوار بی وە ئەسپ گوزیدەی ساڵان**
**ئاما نە میدان شای سۆسەن خاڵان**

(سواری ئەسپ بوو، ئەسپێک هەڵبژاردەی ساڵ، شای سۆسەن خاڵ هەتا مەیدانی شەڕ) ل٩٥

[**گوزیدەی ساڵان**] لەو هۆنراوەدا واتە جوانچاک، قەشەنگ.

ئەو وشە بۆ ئەو کەسە بەکار براوە کە سواری ئەسپەکە دەبێت، بەڵام وەرگێر (گوزیدەی سالان)ی بۆ ئەسپەکە بەکار دەبات.

*

**بە ڕووی خەشمەوە کەیکاوس بەقار**
**واتش: بە ڕۆستەم هەرزەی هەرزەکار**

(کەیکاوس بە قین و توڕەیییەوە بە ڕۆستەمی وت: هەی هەرزەی هەرزەکاران) ل١٢٠

[**هەرزەکاران**] هەرزەکار لە کوردیدا بۆ کوڕێکی تازەلاو کە مووی ریش و سمێڵی سەری دەرنەهێناوە بەکار دەبرێت، ئەو وشە بە بەمەستی بەد و ناشایست بەکار نابرێت. بۆ وشەی هەزەکار دەتوانین تماشای لاپەڕە – ٩٦٨ی هەنبارەبۆرینە (فرهنگ کردی – فارسی– هەژار بکەین.

*

**پا نیا وە ڕەخش سوار بی وە زین**
**بەشێ جە ئەیوان جۆشیا بە قین**

(بە ئەسپدا هەڵگەڕا و سواری زین بوو، بە قین و توڕییەوە لە کۆشک وەدەرکەوت) ل١٢٤

بە ئەسپدا هەڵگەڕان نادورستە، مروڤ سواری ئەسب دەبێ، بە شاخ و کێو... هەڵئەگەڕێت.

*

**بە یاڕەب یاڕەب هەر شەو بێداران**
**بە سەدای ئەکبەر سوبح و ئێواران**

(بە یاخودا یاخودا هەموو شەو خەوی لێ نەکەوت و بە دەنگی یەزدانی گەورە بەیانی ئێوارەی بردە سەر) ل١٧٧

[**سەدای ئەکبەر**] مەبەست بانگ (ازان) بانگی بەیانی و ئێواران (ازان صبح و مغرب).





**ئەر مەبی بە مورغ پەڕەندەی شکار**
**وە حەڵقەی کەمەند ماوەرۆت بە وار**

(ئەگەر خۆت دەکەی بە باڵندەی نێچیر و (بە ئاسماندا دەفڕی) ئەوە بە کلافەی کەمەند دەتهێنێتە خوار) ل١٨٣

[**مورغ پەڕەندی شکار**] لەو هۆنراوەدا مەبەست (باز و هەڵۆ)یە. شاعیر لەو هۆنراوەدا لە زمانی زۆرابەوە بەو کەسەی کە برێنداری کردووە، ئەڵێت: تۆ لە دەست باوکم کە (رۆستەمە) دەرناچی و ئەکوژێت، تەنانەت ئەگەر ببیت بە هەڵۆ و باز و بە ئاسمانیشەوە بفریت بە کەمەن ئەدهێنێتە خوارەوە}.

*

**پەوسە بە تەقدیر بەنای لا یەنام**
**بابۆ جە فەرزەند نیاۆ بە کام**

(ئاوا بوو ویستی خودای بێناو کە باوک لە ڕۆڵەکەی خۆشی نەبینیێ) ل١٩٢

[**لا یەنام**] وشەیەکی عەرەبییە، واتە بەخەبەر، نەنووستوو. ئەو وشە وەک پێناسەی تایبەت بۆ خودا بەکار براوە، بەڵام وەرگێر بە بێناو لەیەکی داواتەوە. هەر کەس لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا ژیابێت، چ بڕوای بە ئیسلام بێت یا نەبێت، ئەوە دەزانێت کە خودا گەلێ ناوی هەیە، نموونە: رەحمان، رەحیم، کەریم، قادر، جەبار، سەتار..... .

***

داستانەی رۆستەم کە لە زاراوەی هەورامییەوە وەریانگێڕاوەتە سەر زاراوەی سۆرانی"کرمانجی خواروو" نزیکەی هەزار بەیت هۆنراوەیە بەس ئەو چەن نموونەم لێدەسنیشان کرد.
ئەو چەن هۆنراوەی سەرەوە کە کراوە بە سۆرانی "**کرمانجی خواروو**" بەپێی توانا بەو جۆرە ئامادەم کردووە، بەڵام تکایە وەک وەرگێڕان تماشای مەکەن، من وەرگێڕ نیم!

| | |
|---|---|
| **پا نیا وە ڕەخش پەڕەندەی تەیار** | پای نا ئاوزەنگی سواری ڕەخش بوو |
| **بەرشی جە ئەوان بە عەزم شکار** | بە مەبەستی راو لە کۆشک دەرچوو |
| **کەمان بەست نە پشت جەنی خەدەنگان** | تیر و کەوانی خێرا کردە شان |
| **ڕۆش کەردە بە ماوای شار سەمەنگان** | کەوتە ڕێ بەرەو دەوری سەمەنگان |
| **مەهمێز دا بە ڕەخش بەور پڕ هونەر** | ئاوزەنگی دا لە ڕەخش ئەو بەوری بێباک |
| **سوار گران شێر ئاموەر** | هێنایە جەولان شۆڕە سواری چاک |
| **رووکەرد نە سەحرا نەکەرد مەدارا** | بەبێ راوەستان رووی لەو هەردە کرد |
| **بەعزێ گێڵیا نەو دەشت سارا** | هەموو ناوچەکەی بە چاوی تەی کرد |
| **بەعزێ جە گۆران وەحشی دی وە چەم** | بینی چەن گۆری کێوی لە وێدا |
| **جەولان دا بە ڕەخش، گوران کەردەن رەم** | گۆران ڕەویانکرد کە ڕەخشی تاودا |
| **تێرێ نە تەرکەش دا نە رووی کەمان** | لە تیردانەکەی نادری دەوران |
| **وە پەنجەی پڕ زۆر نادری زمان** | تیرێکی خستە ناو ماڵی کەوان |
| **ڕەها دا بە شەست پێکای حەجەر سم** | کە تیری هاویشت پێکای سمبەردین |
| **داش نە سینەی گۆڕ گوزەر کەرد نە دەم** | دای لە سنگی گۆر گلا وە زەمین |
| **وە پەنجەی پڕ زۆر هەوادا کەمەند** | کەمەنی بۆ خست بە هەموو هێزی |
| **ئەو گۆڕ زامدار ئاوەردش نە بەند** | گۆری زامداری هێنا بەر دەسی |

| | |
|---|---|
| **بێدار بیم جە خاو، هۆرێزام وە پا** | بەخەبەر هاتم هەستامە سەر پێ |
| **دیام کە ڕەخشم نەمەندن وە جا** | بینیم ڕەخشەکەم نەماوە لە جێ |

| | |
|---|---|
| **ئەی قەسر و ئەیوان دەروازە و حەسار** | دەروازە و حەسار کۆشک و سەراتان |
| **بە زەرب گورزم مەبۆ یەختەسار** | تێکوپێک ئەدەم بە گورز لە بۆتان |

| | |
|---|---|
| **ڕۆستەم وات ئەی شەخس سەوڵ سەرئەفراز** | ڕۆستەم وتی ئەی عەرعەربالا سەروی خەرامان |
| **پەی چێش ئامانی چێشتەن نیاز؟** | بە چ مەبەستێک هاتووی بۆ لامان؟ |

گۆر: کەری بەڵەکبەڵەک، گوێدرێژی بەڵەکبەڵەک، کەری کێوی. فارسی گورخر
ل ٤٢ – ٤٣ – ٥٥ – ٥٦ – ٦٢

| | |
|---|---|
| **دەست مەنیا نە پشت ئەسپان سەرمەست** | کە دەستی دەنا سەرپشت ئەسپەکان |
| **سست مەبی ئەسپان چەنی زۆر دەست** | پشتیان ئەنەوی لە هێزی دەستیان |

| | |
|---|---|
| **سۆهراب فەرماواش، ئاوەردن وە نەزەر** | بە فەرمان زۆراب ئەسپیان هاورد |
| **جە توخم ڕەخش بی نەوەی ئاموەر** | زانی لە ڕەخشە کاتێک سەیریکرد |





| | |
|---|---|
| **جە مەودای ئەڵماس نەیزەی پڕ خەتەر** | نە شمشێری تیژ نە زۆری بازوو |
| **ئەسڵەن وە سوهراب نەبی کاریکەر** | لە رووی زۆرابدا کاریگەر نەبوو |

| | |
|---|---|
| **سوار بی وە ئەسپ گوزیدەی ساڵان** | سواری ئەسپ بوو سەرتۆپی جوانان |
| **ئاما نە میدان شای سۆسەن خاڵان** | بێترس و پەروا رووی کردە مەیدان |

| | |
|---|---|
| **ئەسپەر قەڵەم کەرد وە تێغ ئابدار** | بە زەبری شمشێری شەق بوو قەڵغانم |
| **کڵاوخود کەنیا زولفم دا دیار** | کەوتەخوار کڵاوجەنگی دەرکەو زوڵفانم |

| | |
|---|---|
| **بە رووی خەشمەوە کەیکاوس بەقار** | کەیکاوس بە تووڕەییەوە وتی بە ڕۆستەم |
| **واتش: بە ڕۆستەم هەرزەی هەرزەکار** | هەی پەست و ناکەس نادانیی سەردەم |

| | |
|---|---|
| **پا نیا وە ڕەخش سوار بی وە زین** | پای نا ئاوزەنگی دانیشت لەبان زین |
| **بەشێ جە ئەیوان جۆشیا بە قین** | کۆشکی بە جێهێشت بە تووڕی و قین |

| | |
|---|---|
| **هەتا نیمەشەو زەلیل و زەکار** | هەتا نیوەشەو دڵتەنگ و خەمبار |
| **مەرێزا ئەسرین مەوات یا غەفار** | بە گریانەوە ئەیوت کردگار |
| **بە وێم مەزانۆ گۆنە کارانم** | ئەزانم ئەمن کە تاوانبارم |
| **عاسی و عوسیانبار دوور جە یارانم** | هەم تاوانبار و هەم دوور لە یارم |
| **بە یارەب یارەب هەر شەو بێداران** | بە ستایشکردن شەوبێدارانت |
| **بە سەدای ئەکبەر سوبح و ئێواران** | بە بانگی بەیان هەم ئێوارانت |

| | |
|---|---|
| **ئەر مەبی بە مورغ پەڕەندی شکار** | ئەگەر تۆ ببیت بە هەڵۆ و باز |
| **وە حەڵقەی کەمەند ماوەرۆت بە وار** | بە کەمەن ئەدگرێ گیان ناکەی دەرباز |

| | |
|---|---|
| **پەوسە بە تەقدیر بەنای لا یەنام** | دەستی کردگار کارێکی وای کرد |
| **بابۆ جە فەرزەند نیاۆ بە کام** | باوک لە شادی رۆڵە بێبەشکرد |

ل ٨٤ – ٨٥ – ٩٢ – ٩٥ – ١٠٢ – ١٢٠ – ١٢٤ – ١٧٧ – ١٨٣ – ١٩٢

## لێکۆڵینەوە یا تاڵانکردنی بەرهەمی خەڵک؟

که سەرمایە و ماتریاڵ نەبێ لەبۆ کار
تاڵانکردنی ماڵی خەڵکی باشترین کار
لەگەڵ ئەنجامدانی کارێکی وەهاش
خەڵک بە دز بزانین و خۆیش بە باش!




ساڵی (٢٠١٣) چاپخانەی (Apec) لە ستۆکهۆلم کتێبێکی چاپکردووە بەناوی:





## شانامەی کوردی

### چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب

**چوار دەقی جیاواز و یەک چیرۆک**

ئامادەکردنی:

**سیاوەش گۆدەرزی**

سەرەتای ئەو کتێبە بەو جۆرەیە:

**کاتێک خەریکی نووسین و هێنانە سەر ڕێنووسی کوردی، وەرگێڕان، داڕشتنەوە و پەراوێز نووسینی یەکێک لە دەسنووسەکانی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب بووم، کە دواتر لە کۆتانی ساڵی (٢٠١٢)دا لە دەزگای ئاراس لە هەولێر چاپکرا، لەگەڵ ئەوەی دەمزانی دەقە کوردییەکانی شانامە جیاوازی تەواویان لەگەڵ شانامەی فیردەوسیدا هەیە، هاوکات سەرنجم بۆ ئەوەش ڕاکێشرا، کە دەقە کوردییەکانیش بۆ خۆیان زۆر لێک جیاوازن، ئەم جیاوازییە نەک تەنیا لە زاراوەی جیاوازدا بەڵکو لە فۆرم، داڕشتن و تەنانەت ناوەڕۆکیشدا لە نێو دەقە جیاوازەکانی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆربدا بەرچاون. ............................ لە سۆنگەی پێویستییەکی گرینگی چاپ و بڵاوکردنەوەی دەقە کۆنە کوردییەکان و لێکۆڵینەوە لە سەریان، بڕیارم دا وەبەردانێک لە نێوان نوسخە جیاوازەکانی لانی کەم هیچ نەبێ وەک سەرەتایەک لە نێوان چیرۆکە جیاوازەکانی ڕۆستەم و زۆربدا بکەم. بۆ ئەوەش وەک هەوڵێکی سەرەتایی سێ نوسخەی چاپکراوی جیاوازی چیڕۆکی ڕۆستەم و زۆرابم لە نێو سێ کتێبدا هەڵبژراد:**

**(شانامەی کوردی، داستانی ڕۆستەم و زۆراب، سیاوەش گۆدەرزی)،**

**(شانامەی کوری (هەورامی)، محەمەد ڕەشید ئەمینی) و**

**(شاهنامە کردی، ئیرەج بەهرامی).**

**لە دووتوێی ئەم کتێبەی کە ئێستا لە بەردەستدایە، لە پێشدا وەربەردانێکی گشتی داستانی ڕۆستەم و زۆراب لە هەر سێ دەقی ئاماژەپێکراوی سەرەوەم کردووە. لێرەدا وەک بنەمای لێکۆڵینەوەی وەبەردان چەن سیمبۆلێکم هەڵبژاردووە و خاڵی هاوبەش و لێک جیایی هەر سێ دەقەکەم لە سۆنگەی سیمبۆلەکانەوە دەرخستووە. دواتر وەک شێوازی لێکۆڵینەوەی کلاسیک دوو دەقی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب لە دوو شانامەی کوردی نوسخەی گۆدەرزی و شاهنامەی کوردی نوسخەی ئەمینی دێڕ بەدێڕ وەبەر وەبەر**

**یەکتری داوە. بە دوای ئەمەدا هاتووم و هەمان دوو دەقی وەبەردرام جارێکی دیکە وەبەر دەقی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب لە شانامەی فیردەوسی داوە و هەوڵم داوە لێرەشدا لێکچوون و جیاوازیی نێوان شانامەی کوردی و فارسی لەم چیرۆکەدا دەر بخەم.**

**.................................................................................................**

**شانامە کوردییەکان پێناسەیەکی کوردییان هەیە و بە ناوی شانامەی کوردی ناسراون و جیاوازیی بەرچاویان لە باری فۆرم و ناوەڕۆکەوە لەگەڵ شانامەی فیردەوسیدا هەیە. کەوابوو شانامەی کوردی بەشێکە لە ناسنامەی ئەدەبی کوردی و لەو ڕوانگەیشەوە بەشێک لە ناسنامەی نەتەوەیی کورد پێک دێنێ. ........................**

**لەم ساڵانەی دواییدا چەند شانامەی کوردی لە ئێران چاپ و بڵاوکراونەتەوە. ئامانج لە بڵاوکردنەوەی شانامە کوردییەکان چی بێت یا ببێت، ئەمە لە ناخی خۆیدا ئەرێنییە و وەک جۆرێک خزمەت بە ئەدەبی کوردی دێتە ژماردن. بەڵام لایەنێکی نەرێنی لەم پێوەندییەدا بەتایبەتی بە سەرنجدان بەو نوسخە چاپکراوانەی شانامە، کە من دیتوومن، ئەوەیە یەکەم تەنیا جۆرێک دووبارە نووسینیەوەی شانامەکانە ئەویش بە ڕێنووسی فارسی، کە ئەمە لە خۆیدا خوێندنەوەی دروستی چیرۆکەکانی شانامە زۆر تووشی گرفت دەکا ........................**

**لە لایەکی دیکەوە لە پێشەکی و ناساندنی ئەم شانامانەدا جۆرێک لێک گرێدانی دەستکرد لە نێوان شانامەی کوردی و شانامەی فیردەوسیدا بە ئامانج و مەبەستێکی تایبەتی کراوە. وەک هەمان وتەی مەنشوور، کە کوردەکان ئێرانین و ئەدەب و مێژووی هاوبەشیان لەگەڵ ئێراندا هەیە. لێرەدا ئیتر مەبەست ئێرانی کەوناران، شوێن و وارگەی کورد، فارس، بەلووچ و ... نییە بەڵکو مەبەست دەوڵەتی نەتەوەیی ئێستای ئێرانە. راستە کورد و ئێرانییەکان مێژوو و مێتۆلۆجیای هاوبەشیان هەیە بەڵام ئەمە نابێ ببێتە هۆکار، کە لە ژێر ئەم ناونیشانەدا ئەدەبی کوردیش بە سووک و ئاسان بدزرێ و بکرێتە ملکی دەوڵەتێکی نەتەوەیەک، کە خەڵکی کورد لە مافە نەتەوایەتییەکانی بێبەش دەکا. ئەوەی، کە لە ژێر پەردەدا لە ئێرانی ئێمڕۆدا لەم پێوەندییەدا دەکرێ، لە ڕاستیدا هەوڵدانێکی شاراوەی ناسیۆنالیزمی ئێرانییە کە دەیهەوێ شانامە کوردییەکان لە ناسنامەی ڕاستینەی کوردی خۆیان دابڕێ. بەڵام لێکۆڵینەوە زانستییەکان لە سەر شانامە کوردییەکان دەتوانێ ئەو هەوڵانە نەزۆک و بێ کاریگەر بکا.**

**ل (٩ تا ١٢)ی هەمان کتێب.**





**پێناسەی ئەو چوار شانامە:**

سەبارەت بەو چوار داستانەی رۆستەم و زۆراب لە شانامەدا بەڕێز سیاوەش گۆدەرزی بەو جۆرەیان نووسیوە:

**(داستانی رۆستەم و زۆراب)ی شانامەی فیردەوسی (١٤٣٥) بەیت هۆنراوە.**

**شانامەی کوردی، داستانی رۆستەم و زۆراب، سیاوەش گۆدەرزی، (ئاراس) لە هەولێر، ساڵی (٢٠١٢) - (٩٥٨) بەیت هۆنراوە.**

**شاهنامەی کوردی (هەورامی) مەحمەد ڕشید ئەمینی، کوردۆنیا، سلێمانی، ساڵ نادیار- داستانی رۆستەم و زۆراب (٨٣٠) بەیت هۆنراوە**

**شاهنامەی کردی، (ئیرەج بەهرامی)، ئانا، تاران، ساڵی (٢٠١٠) - (داستانی رۆستەم و زۆراب) (٧٣٠) بەیت هۆنراوە.**

## ژیان و لێکۆڵینەوە لە رەوتی ژیان

زانایان ئەوەیان بۆ دەسنیشان کردووین کە مرۆڤ لە سەرەتادا لە ئەشکەوت و دارستانەکاندا ژیاوە، لە رەوتی ژیاندا گەشەی کردووە و گەیشتووە بە ژیانی ئەمڕۆ. هۆی ئەو گەشەکردنە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەنجامدانی هەڵە و کەموکوڕییەکانی مرۆڤ لە ژیان کە بەهۆی ئەوانەوە زیانی بینیەوە. جا زیانەکە (بووبێتە هۆی ترس و دڵەخۆرپێ، بووبێتە هۆی بریندار بەشێک لە جەستە و ئەندامی یا لە ناوچوونی کار و رەنجی چەن رۆژ، چەن مانگ و ساڵی ئەو کەسە.

کاردانەوەی زیانەکان وەها بووە کە مرۆڤ لە دووبارەکردنەوەی ئەو کارانە خۆ بپارێزێت، ئەوەیش بووەتە هۆی گەشەکردنی ژیان. گەشەکردنی ژیان ئاڵوگۆڕێکی وەهای بەسەردا هاتووە کە

مرۆڤ جگە لەوەی بیر لە کاری ئەو رۆژەی ئەکاتەوە، بەڵکو بیر لە کاری مانگانە و ساڵانە و ... خۆی ئەکاتەوە و چوارچێوە و فۆرمی بۆ دائەڕێژێت تا زیانی کەمتر و سوودی زۆرتر بێت. فۆرم و چوارچێوە داڕشتن لە بەشە جیاجیانی ژیاندا گەیشتووەتە خانەی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە (تحقیق).

**لێکۆڵینەوە سەبارەت بە کاری نووسراوەیی**

چەتری گەشەکردنی ژیان کاروباری نووسراوەیشی خستووەتە ژێر سایە و پەنای خۆیەوە و بووەتە هۆی پێشکەوتنی. بەتواناترین نووسەر کە بابەتێکی چەن دێڕی یا چەن لاپەڕەیی یا لە چوارچێوەی کتێبکدا ئامادە بکات، خودی نووسەرەکە پاش ماوەیەک هەست بە هەندێ کەموکوڕی لە نووسراوەکەیدا ئەکات، ئەگەر دووبارە بیخاتەوە بەردەس خوێنەر ئەو کەموگوڕییانە چارەسەر ئەکات.

خۆشبەختانە جهانی نووسراوە لە بەشەکانی دیکەی ژیان تا رادەیەک ئازاد و دڵفراوانترە! ئەو دڵفراوانییە بوار بۆ خوێنەر هەموار ئەکات کە بە چاوی رەخنەوە لە کاری نووسەران بڕوانرێت و هەڵە و کەموکوڕی نووسراوەکان دەسنیشان بکرێت یا خاڵە بە هێز و پێزەکانی بخرێتە روو. ئەم کارەیش ئەچێتە خانەی لێکۆڵینەوە، هەروەها جاروبار روویداوە چەن نووسەر کتێبێک لە زمانێکەوە وەرگێڕنە سەر زمانێکی دیکە. با لە دوو نموونەی بڕوانین:

١ – {(لەو ڕۆژەوەی (ڕازی تەنیایی) بۆ یەکەم جار، لە ساڵی (١٩٥٧) چاپ کراوە، هەندێک لە شیعرەکانی بوونەتە مایەی





گفتوگو و لێدوان و لە سەرنووسینی هەندێ برادەری نووسەر، کە داخەکەم هەر یەکەیان لە خۆیەوە کات و مەبەستی بۆ شیعرەکانم داناوە، یان بە ئارەزوی خۆی لێکی داوەنەتەوە. لەناو ئەمانەدا دووانیان، یان بڵێین نووسینی دووانیان، بایەخێکی تایبەتییان هەیە:

یەکەمیان هاوڕیی بەڕێزم (د. عیزەدین مستەفا)یە کە لە کتێبی (الواقعیة في الأدب الکردی)دا کە دکتۆرانامەی مامۆستای ناوبراوە، لە چەن شوێنێکدا باسی شیعرەکانم ئەکات.

دووەمیان: ووتارێکە کە (کاکەی فەلاح) لە ڕۆژی (١/٨/١٩٧٧)دا لە باخچەی یەکێتی نووسەرانی سلێمانی دەربارەی من دابووی، لە دواییدا (ساڵی ١٩٧٨) ئەو (ووتارەی) لەگەڵ چەند ووتار و نووسینێکی تردا بەناوی (کاروانی شیعری نوێی کوردی)یەوە لە چاپدا و بڵاوی کردەوە.

سەرچاوە: کتێبی ( ڕازی تەنیایی ) ئەحمەد هەردی، ل (٥) }.

**

٢ – {**کتێبی** (**دایکی ماکسیم گۆرێکی**) لە لایەن بەڕێزان: (**عەلی ئەسغەر سروش**) و (**محەممەدی قازی**)یەوە کراوە بە فارسی. هەندێ لەو کەسانە کە هەر دوو وەرگێڕانەکەیان خوێندوەتەوە، وەرگێڕانی دووهەمیان بەلاوە جوانتر بووە، لە چوارچێوەی تەنزێکی دۆستانەدا بەو جۆرە باسی دوو ورگێرانەکەیان کردوون:

**دایکی (ماکسیم گورکی) لە (عەلی ئەسغەر سروش) جیابووەتەوە، ئیستا لەگەڵ (محەممەدی قازی)دا ئەژی.**

(ئەو باسەم لە رادیۆیەکی فارسی بیست)}.

## بەراوردکردنی (شانامەی گۆدەرزی) لەگەڵ (شانامەی ئەمینی)

بەپێی توانا بەرهەمی نووسەرانم خوێندوەتەوە، تا ئێستا نەمبینیوە نووسەرێک بێت نووسراوەی (خودی خۆی) لەگەڵ نووسراوەی کەسانی دیکەدا بەراورد بکات.
بەراوردکردنی نووسراوەی نووسەران لەگەڵ یەکتر کاری خوێنەرە نەک (خودی نووسەر) نموونە:

**کتێبەکانی (دایکی ماکسیم گورکی) و (ڕازی تەنیایی).**

هەر نووسەرێک مافی خویەتی و ئەتوانێ لە هەندێ کاتدا باسی نووسراوەی خۆی بکات، ئەوەیش لە کاتێک دایە کە ئاڵوگۆڕێک لەو نووسراوەی کە پێشتر نووسیویەتی دێتە ئاراوە و پێویستە نووسەر ئەوە بۆ خوێنەر ڕوونکاتەوە.

با بڕۆینە ناو باسی بەراوردکردن و لێکۆڵینەوەی داستانی (ڕۆستەم و زۆرابی) بەڕێز (سیاوەش گۆدەرزی)یەوە کە لە لاپەڕە (٤٥)ی کتێبەکەیاندا بەو چەن هۆنراوە دەس پێئەکات:

**(بە نام دانای حوڕ زوولجەلاڵ**
**جەهان ئافەرین مانگ و ڕۆژ و ساڵ**
**ئەربدۆ تەوفیق خوداوەند جە سەر**
**بواچون دەستان نەوەی زاڵ زەڕ**
**تەمامی دۆستان خاتر شاد کەرێم**
**جەنگنامەی ڕۆستەم سوهراب یاد کەرێم**

ل ٤٥

بەو چەن هۆنراوەیش کۆتایی دێت:





**(ڕۆستەم چەنی زاڵ تەهمینەی بێگەرد**
**کەردن شوکر زات، تاک تەنیای فەرد**
**چەند پارچەی قوماش چەن خەزێنەی سام**
**بەخشان وە مسکین گەدای ناتەمام**
**تەمامی یەکسەر گوشاد بین جە خەم**
**بە شادی کەردن شوکر حەق دەر دەم**
**ئەلحەمدوولیلا باقی وەسەلام**
**خاتمەی "کتاو" یاوا بە ئەنجام**
**ئەمجار بە حاجەت سەید سەروەر**
**شافێع عوسیان ڕۆی دەشت مەحشەر**
**... یاران تابعەی ڕەسووڵ**
**هەر چەهار ئیمام بەرحەق مەقبوڵ**
**بە شەوق ئیمامان چەهاردە مەعسووم**
**بە شای شەهیدان حوسەین مەزڵووم**
**بە شەوق ئەو خاسان جە دەرگای جەبار**
**ببەخشۆ گونای عاسی خەتاکار**
**ئومێمدم ئیدەن جەمع حازرین**
**بیاوان بە کام، نەبان دڵ غەمین**
**هەزاران درووود هەزران سەلام**
**زما بەر مەحمەد عەلەیسەلام.**

ل ٢١٣

بەڕێز گۆدەرزی ئەو (٩٥٨) بەیت هۆنراوەی لەگەڵ (٨٣٠) بەیت هۆنراوەی {شاهنامەی کوردی (هەورامی) مەحمەد ڕشید ئەمینی} بەراورد کردووە و جیاوازییەکانیانی خستووە ڕوو. بۆ ئەوەی لە پرۆسە لێکۆڵینەوەکەدا ناوی (سیاوەش گۆدەرزی) و (مەحمەد ڕشید ئەمینی) زۆر دووبارە نەبنەوە نیشانەی {(ن ئە) بۆ (نوسخەی ئەمینی)} و {(ن گ) بۆ (نوسخەی گودەرزی)} دەسنیشانکردووە. با لە چەن نموونە لە کارەکەیان کە بە (ژمارە) لەسەر وشەکان دیاریکردوون، بڕوانین:

**لادی چەرخنا نەکەردش درەنگ**
**ئاوەردش بەدار کەندش نە ڕووی سەنگ** [٢٧]
**تەمام گۆشت و مەغز و چەنی ئیستخان**
**بواردش بە شاد بە ئەمر سوبحان** [٢٨]

راست لەم شوێنە، لە نوسخەی گۆدەرزیدا دوو دێڕێکی دیکە هەیە، کە لێرەدا نییە:

**شەرارەی کەباب نە مەغزش جا کەرد**
**ئاما پەری خاو جایێ بەنا کەرد**
(ن ئە) بەردەوام دەبێ:

**زین جە کۆڵ رەخش ئاوەردش بەوار**
**رەخشش رەها کەر نە ڕووی مێرغوزار** [٣٩]

**زین رەخش ئاوەرد نیا وە بالین**
**بە ئەمر مەعبوود ڕەبە عالەمین** [٣٠]

---

٢٧– لە دێڕی یەکەمدا لە نوسخەی ئەمیندا (لادی) نووسراوە، لە نوسخەی گۆدەرزیدا (خەیلی) نووسراوە، لادی یانێ کەم و خەیلی یانی زۆر. لە دێڕی دووەمدا لە نوسخەی گۆدەرزیدا ناوە نووسراوە: (ئاوەردش بە شاد کەندش نە ڕووی سەنگ.

٢٨ – لە هەر دوو نوسخەکەدا وەک یکەن.
٢٩ – لە نوسخەی گۆدەرزیدا ئاوا هاتووە:

**نە پای مورغزار پیلەتەن جا کەرد**
**ڕەخش ئاما نە دەور ڕۆستەم چرا کەرد**

٣٠ – لە نوسخەی گۆدەرزیدا بەم شێوەیە هاتووە:
**زین رەخش ئاوەرد نیاش نە باڵین**
**بە ئەمر مەعبوود پادشای سەرین** ل ٤٨





**سەرنیام بە خاک پای سەنگ خاران**
**بێزارم جە دین ئازوردەی یاران** [٥٧٨]
**خەیلێ حەرفش وات حەکایەت وانا**
**شەو ئاما بە وار ئەواحش دانا** [٥٧٩]

**گیان سپارد وە ژار مەودای پڕ خەتەر**
**بێزار بی جە عەیش دونیای ستەمگەر** [٥٨٠]

**شکورمان بە زات تاک تەنیای فەرد**
**ئەرواح جە بەدەن نە هەم جودا کەرد** [٥٨١]

**ئارۆ خەستەی تێغ زام کاری بی**
**ئەرواح سپەردە نادیاری بی** [٥٨٢]

**سەحەر نە هەنگام گولبانگ یا حەی**
**شا فەرما کێشان قەتاران کەی** [٥٨٣]

**داشام وە هەمدا نەو دەشت کینە**
**کۆچ کەردەن جە شار زابول زەمینە** [٥٨٤]

---

٥٧٨ – بە شێوەیەکی کەمێک جیاوازتر دووپات کراوەتەوە.
٥٧٩ – دێڕی یەکەم لە هەر دوو نوسخەکەدا وەک یەک هاتوون، دێڕی دووەم لە ن گ دا ئاوا هاتووە:
**شەو ئاما بە ئەمر بێ باک دانا**

٥٨٠ – لە ن گ دا ئاوا هاتووە:
**گیان سپەرد بە نیش ژارئالووی نەبەرد**
**پەژار بی جە عەیش دنیای ستەم کەرد**

٥٤٨ – لە ن گ دا نییە.
٥٨١ – لە ن گ دا نییە.
٥٨٢ – لە ن گ دا نییە.

٥٨٣ – لە ن گ دا ئاوا هاتووە:

**سەرحەر چەنی سوبح گوڵ بانگ یا حەی**
**شا فەرما کێشان قەتاران تەی**

٥٨٤ – لە باتی "زابول" لێرە لە ن گ دا (کابول) هاتووە، دورستەکەی هەر دەبێ کابول بێت، چونکە ڕۆستەم بۆ خۆی لە زابولەوە هاتبوو بۆ شەر. بێجگە لەوە لە هەر دوو نوسخەکەدا یەکن.

ل – ١٩٣

ئەوانە چەن نمونە بوون کە دەسنیشانکران.
بەڕێز گۆدەرزی لەو بەراوردکردن و توێژینەوەدا سوودیان لە چەن سەرچاوە وەرگرتووە، ناوی ئەوانەی بەوجۆرە نووسیوە:

**١ - (چمن آرا، بهروز، درآمدی بر ادب حماسی و پهلوانی کردی با تکی بر شاهنامە کردی، مجلە علمی پژوهشی جستارهای ادبی، دانشگاە فردوسی مشهد، سال ٤٤، شمارە، ا، بهار ١٣٩٠)**

ل ١٨

**٢ - (چمن آرا، بهروز، درآمدی بر ادب حماسی و پهلوانی کردی با تکی بر شاهنامە کردی، مجلە علمی پژوهشی جستارهای ادبی، دانشگاە فردوسی مشهد، سال ٤٤، شمارە، ا، بهار ١٣٩٠)**

ل ٢٠

**٣ - (زبان و ادبیات، رشد آموزش زبان و ادب فارسی، زمستان ١٣٨٧- شمارە (٨٨)**

ل ٣١

**٤ - (زبان و ادبیات، رشد آموزش زبان و ادب فارسی، زمستان ١٣٨٧ – شمارە (٨٨)**

ل ٢٢٩

**٥ - (عیمادەدین دەوڵەتشاهی لەساڵی ١٢٨٨ی کۆچی لە شاری کرماشان لە بنەماڵەیەکی ناسراو و ئەریستۆکراس لە دایک دەبێ ....)**

ل ٣٢

**٦- (روستم و سهراب، محمد حسین کنگرانی فراهانی، چاپ اول (١٣٦٩)، سازمان تبلیغات اسلامی حوزە هنری** ل ٢٢٣

**٧ – شانامەی فیردەوسی نوسخەی (ژمول مول) و (مەلەک شوعەرای بەهار)**

ل٢٢٧





لەگەڵ بەراوردکردنی ئەو دوو شانامە لەگەڵ یەکتر، ئاماژەیان بە باسێکی گرنگیش کردووە کە بەو جۆریە:

**لەم ساڵانەی دواییدا چەند شانامەی کوردی لە ئێران چاپ و بڵاوکراونەتەوە. ئامانج لە بڵاوکردنەوەی شانامە کوردییەکان چی بێت با ببێت، ئەمە لە ناخی خۆیدا ئەرێنییە و وەک جۆرێک خزمەت بە ئەدەبی کوردی دێتە ژماردن. بەڵام لایەنێکی نەرێنی لەم پێوەندییەدا بەتایبەتی بە سەرنجدان بەو نوسخە چاپکراوانەی شانامە، کە من دیتوومن، ئەوەیە یەکەم، تەنیا جۆرێک دووبارە نووسینەوەی شانامەکانە ئەوەیش بە ڕێنووسی فارسی، کە ئەمە لە خۆیدا خوێندنەوەی دروستی چیرۆکەکانی شانامە زۆر تووشی گرفت دەکا. چونکە ڕێنووسی فارسی لە بنەڕەتڕا بۆ کوردی ناشێ. بۆ ڕێنووسی فارسی لە دووبارەنووسی شانامە کوردییەکاندا بەکار دەبرێ؟ ئەمە لە خۆیدا جێگەی سەرنجە، لە کاتێکدا ئێمە ڕینووسێکی هەتا ڕادەیەک جێگرتووی کوردیمان هەیە لە هەر دوو بەشی کوردستان، باشوور و ڕۆژهەڵاتدا هەیە. لە لایەکی دیکەوە لە پێشەکی و ناساندنی ئەم شانامانەدا جۆرێک لێک گرێدانی دەستکرد لە نێوان شانامەی کوردی و شانامەی فیردەوسیدا بە ئامانج و مەبەستێکی تایبەتی کراوە. وەک هەمان وتەی مەنشوور، کە کوردەکان ئێرانین و ئەدەب و مێژووی هاوبەشیان لەگەڵ ئێراندا هەیە. لێرەدا ئیتر مەبەست ئێرانی کەوناران، شوێن و وارگەی کورد، فارس، بەلووچ و ... نییە بەڵکو مەبەست دەوڵەتی نەتەوەیی ئێستای ئێرانە.**
**ڕاستە کورد و ئێرانییەکان مێژوو و مێتۆلۆجیای هاوبەشیان هەیە بەڵام ئەمە نابێ ببێتە هۆکار، کە لە ژێر ئەم ناونیشانەدا ئەدەبی کوردیش بە سووک و ئاسان بدزرێ و بکرێتە ملکی دەوڵەتێکی نەتەوەیەک، کە خەڵکی کورد لە مافە نەتەوایەتییەکانی بێبەش دەکا ............................................................**

**............................................................**

**شانامە کوردییەکان پێناسەیەکی تایبەت بە خۆیان هەیە، کە لە فۆرم و ناوەڕۆکدا لە شانامەی فیردەوسی جیاوازن. هەر بۆیە شانامە کوردییەکان نەک وەرگێڕان لە شانامەی فیردەوسی بەڵکو ناسنامەی تایبەت بە خۆیان وەک (شانامەی کوردی) هەیە. شانامە کوردییەکان تەنیا لە باری زمانییەوە نا بەڵکو لە باری فۆرم و ناوەڕۆکیشەوە جیاوازی بەرچاویان لەگەڵ شانامەی فیردەوسی هەیە.**

ل ١١و١٢و١٨

## سیستمی فارسیزم و دزینی شانامە کوردییەکان

بە بۆچوونی بەڕێز گۆدەرزی {(سیستمی فارسیزم دەستی کردووە بە دزینی شانامە کوردییەکان) ئەوەیش لە کاتێکدا کە شانامە کوردییەکان وەرگێڕانی شانامەی فیردەوسی نین و پێناسەی تایبەت بە خۆیان هەیە)}.
بۆ روونبوونەوەی ئەو باسە پێویستە لە مێژووی ئەو چەن شانامە ئاگادار بین کە بەو جۆرەن:

* **شانامەی فێردەوسی** هەزاروهەشتا (١٠٨٠) ساڵ پێش نووسراوە، گەلێ جار بە (١ بەرگی) – (٢ بەرگی) – (٤ بەرگی) – (٥ بەرگی) و (٧ بەرگی) لە تاران و ... چاپکراوە.

{* **شاهنامەی** (بەهرامی) ساڵی (١٢٤٦)ی هجری قەمەری نووسراوە، ساڵی (٢٠١٠) لە تاران چاپکراوە.
* **شاهنامەی ئەمینی** ساڵی (١٣٢٩)ی هجری قەمەری نووسراوە لە سلێمانی چاپکراوە، ساڵی چاپەکەی .... نادیارە.
* **شانامەی گۆدەرزی** ساڵی (٢٠١٢) چاپخانەی (ئاراس) لە هەولێر چاپکراوە.
سەرچاوە کتێبەکەی گۆدەرزی}.

بەپێی تەمەنی شانامەی فیردەوسی و کەسایەتییەکانی ناو (داستانی رۆستەم و زۆرابەکەی)، هەروەها تەمەنی ئەو چەن شانامە کوردییە و کەسایەتییەکانی ناو (داستانی رۆستەم و زۆرابەکەیان) ئەوەمان بۆ دەر ئەکەوێت کە شانامە کوردییەکان لە رووی (شانامەی فیردەوسییەوە) نووسراون، بەڵام هەندی ئاڵگۆڕ لە شانامە کوردییەکاندا ئەنجامدراوە. باشترین بەڵگە بۆ ئەو باسە کە شانامەی کوردییەکان لە رووی شانامەی فێردەوسی نووسراون لە شانامە (ئەمینی)دا بەو جۆرە نووسراوە:





**(فردەوسی توس دانای پڕ فەهام**
**باعس ئیجاد شەهنامەی ئەیام**
**هەم سوڵتان مەحموود غەزنەوەی مقام**
**عەفوی ڕەحمەت بان جە یەومەلقیام).**
ل ٤٢٣

لە پەنای ئەوەدا کە هۆنراوەیەکی وەها بە کوردی سەبارەت بە (فیردەوسی، شانامەی فیردەوسی و سوڵتان مەحموود غەزنەوی) نووسراوە، بەڕێز گۆدەرزی چۆن ئەتوانین بڵێن شانامە کوردییەکان پێوەندییان بە شانامەی فیردەوسییەوە نییە و سەربەخۆن و سیستمی فارسیزم شانامە کوردییەکان ئەدزێت؟! با لە باسی خاوەنی شانامەکان دوور نەکەوینەوە و لەو پەراگرافە کە گۆدەرزی ئاماژەیان پێکردووە:

{لە چیرۆکی ڕوستەم و زۆراب نوسخەی ئەمینیدا دانەری چیرۆک، کە نەناسراوە لە کۆتایی چیرۆکەکەدا باسی ئەوە دەکا، کە چیرۆکەکەی بە(لەفز) شێوەزاری گۆرانی دارشتووە:

**شوکور وە یەزدان حەیی سوبحانی**
**تەمام بی داستان لەفز گۆرانی**
**ئەر سەد مەزمونش ماچان گۆرانی**
**ئەی لەفز گۆران شەکەرفشانی}.**
ل٢٥

بەپێی ئەو پەراگرافە، ئەو (شانامەی ئەمینی)یە هی خودی ئەمینی نییە و هی کەسێکی نەناسراوە. جا ئەگەر بەڕێز گۆدەرزی بەو باسە ئەزانن کە ئەو شانامە هی خودی ئەمینی نییە بۆچ ئەو شانامەیان لەگەڵ شانامەکەی خۆیان بەراورد کردووە؟! بۆچ لەو باسە ناکۆڵنەوە کە بەڕێز (ئەمینی) بەرهەمی کەسێکی دیکەی کردووە بەناوی خۆیانەوە؟!

## کتێبی (شانامە کوردی ئامادەکردنی سیاوەش گۆدەرزی)

ئەم کتێبە (٥٥٢) لاپەڕەیە، باسی سەرەکی ئەم کتێبە بەراوردکردنی (٩٥٨) بەیت هۆنراوەی (نوسخەی گۆدەرزی)یە لەگەڵ (٨٣٠) بەیت هۆنراوەی (نوسخەی ئەمینی)دا، بەڵام لە پەنای ئەو بەراوردکردن و لێکۆڵینەوەدا ئاماژە بە (٢) جیاوازی لە نێوان ئەو دوو شانامە کوردییەدا کردووە کە بەو جۆرەن:

**١ - شێوەزاری نووسینی هەر دوو نوسخەی گۆدەرزی و ئەمینی زۆر لێک نزیکن یان هەر یەکن. بەڵام لە بەکار هێنانی وشە و زماندا و هەروەها لە ناوەڕۆکدا زۆر لێک جیاوازن. جێگەی سەرنجە بۆ تاقە جارێکیش لە نوسخەی گۆدەرزیدا وشەی فیلەتەن نابیندرێ و لە باتی ئەو وشەی پیلەتەن هەیە کە هەمن مانا دەدا. بە پێچەوانەش لە نوسخەی ئەمینیدا تاقە جارێک پیلەتەن بەکار هاتووە و لە جێگاکانی دیکەدا فیلەتەن نووسراوە. دواتر لە نوسخەی ئەمینیدا لە باتی (هوون) کە وشەیەکی کۆنی هەورامی یان گۆرانییە و ئیستاش لە زمانی ئاخافتنی هەورامیدا ڕۆژانە بەکار دەبری، وشەی (خوون) بەکار هاتووە، بەڵام لە هەموو نوسخەی گۆدەرزیدا یەک جاریش وشەی (خوون) نەنووسراوە:**

**کەیکاوس پەرسا پیلەتەن چوونی**
**پەوسە مەزانۆ جگەر پر هوونی**

**ئەم دیاردەی گۆڕینەوەی وشە کۆنەکان بە هێندێک وشەی زۆر بەکار هاتوو لە زمانی فارسی یان کوردیی ئەمرۆییدا بە شێوەیەکی گشتی لە نوسخەی ئەمینیدا دەبیندرێ. بەڵام بە پێچەوانە لە هەموو نوسخەی گۆدەرزیدا بۆ نموونە جارێکیش وشەی ژن بە کار نەهاتووە و لە باتی ئەوە (زەن) بەکار هاتووە.**

**وڵات پڕ مەبۆ جە واتە و خەبەر**
**چەنی زەن جەنگ کەرد سوهراب سەروەر**

**لە لایەکی دیکەوە لە کاتێکدا بۆ نموونە لە نوسخەی بەهرامیدا وشەی کۆنی کوردی وەک (دوێت) کچ بەکار هاتووە و لە نوسخەی گۆدەرزی و ئەمینیدا زۆر جار کناچە یان وشەی (دوختەر) کچ، کە ئێستا لە فارسیدا (دختر) بەکار دەبرێ، بەکار هاتووە:**





**دوختەر خجل مەند جە مەیدان کار**
**بە حیلەبازی ئاما بە گوفتار**
**ماچان پاڵەوان شای افراسیاب**
**چەنی یەک دوختەر نمانا عەتاب.**

**ل ٢٧ و ٢٨**

**٢ – شێوازی داڕشتنەوە و دووبارە نووسینەوە**

**چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب لە نوسخەی گۆدەرزیدا (٩٥٨) بەیت. لە نوسخەی ئەمینیدا (٨٣٠) بەیت و لە نوسخەی بەهرامیدا (٧٣٠)بەیتە. ئەمەش یەکێکی دیکە لە جیاوازییەکانی نێوان چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب لە شانامەی کوردیدایە. چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب لە نوسخەی گۆدەرزی لە سەر دەسنووسێکی تەواو و بێ کەموکورتی ئامادە کراوە. چیرۆکی نوسخەی ئەمینی لەسەر دوو دەسنووس، کە یەکەمیان تەنیا (٥١) لاپەڕە بووە، دووەمیان، کە ئەویش ناتەواو بووە و سەرجەم (٦) لاپەڕەی لە نێوەراستدا لێ نەماوە و بە زەحمەتیش خوێندراوەتەوە، ساق کراوەتەوە، هەر بۆیە ئەو نوسخەیە تەواو نییە و لەسەر نوسخەی بەهرامیش ڕوونکردنەوەک لە چاپی چیرۆکەکەدا نییە. بەپێی هەژمارەی بەیتەکان دەکرێ ئەوە بگوترێ، کە نوسخەی گۆدەرزی لە هەرد دوو نوسخەی ئەمینی و بەهرامی تەواوتر و جێگەی متمانەترە.**

**ل ٣٥**

ئەو دوو جیاوازییە کە ئاماژەی پێکراوە خوێنەر ئەباتە ناو باسی چۆنایەتی و چەنایەتی ئەدەبیاتی کوردی بەگشتی و ئەو شانامە کوردییانە بەتایبەتی و بە خوێنەر ئەڵێت کام شانامە باشترە و بە ئاشکرایش (نوسخەی گۆدەرزی) دەسنیشان ئەکات!

ئەو دەسنیشانکردنەیش لە کاتێکدا ئەنجام ئەدرێت کە ئەو (٩٥٨) بەیت هۆنراوە کە ئەوان بەناوی خۆیانەوە لەو کتێبەدا چاپیان کردووە هی کەسێکی دیکەیە کە لە ژیاندا نەماوە! لەو کۆمەڵە هۆنراوە بەس(٢) وشەی {(حوڕ) و (زوولجەلاڵ) هی خودی گۆدەرزی}!

سەرەتای ئەو (٩٥٨) بەیت هۆنراوە بەو جۆرە دەسپێئەکات:

**بە نام دانای حەی زوولجەلال**
**جەهان ئافەرین مانگ و ڕۆژ و سال**

وشەی (سال) لەو هۆنراوەدا بەپێی ڕێنووسی کۆنی زمانی کوردی بەو جۆرە ئەنووسرا: (سال)، بەڵام لە خوێندنەوەدا بە (ساڵ) ئەخوێندرایەوە. بەڕێز گۆدەرزی کە ئەو هۆنراوەی بە ڕێنووسی نوێ ئامادە کردووە، وشەی (زوولجەلال)ی کردووە بە(زوولجەڵاڵ) تا لەگەڵ (ساڵ)دا بێتەوە. جگە لەوە وشەی (حەی)یش کە لەو هۆنراوەدا هاتووە ئەویشی گۆڕیوە بە (حوڕ)، پاشان هۆنراوەکەی بەو جۆرە نووسیوە:

**بە نام داناى حوڕ زوولجەڵاڵ**
**جەهان ئافەرین مانگ و ڕۆژ و ساڵ**

ل ٤٥

لەو کتێبە (٥٥٢) پەڕەییەدا (سەدان جار) {(**شیاوەش گۆدەرزی**) و (**ن گ**)} نووسراوە و لە بەشەکانی پێشوودا خراوەتە بەر دەستان، با لە چەن نموونەی دیکەی بڕوانین:

٦٤٤ . لە ن گ دا بە بڕێک جیاوازییەوە ئاوا هاتووە:

**دیسان هەم جە نۆ بەنای بێهتەرین**
**باز هەم حامڵ بی، چون ئەوەڵ وەرین**

٦٤٥ . لە ن گ دا بە بڕێک جیاوازییەوە ئاوا هاتووە:

**جە نۆ ماه ویەرد، نۆ ڕۆ بی تەمام**
**ڕۆشن کەرد چراغ نەوەی زاڵ سام**

ل ٢١٢

ئەمەیش تەنیا لە دەقە جیاوازەکانی فیردەوسیدا هاتووە، لە دەقە کوردییەکاندا لە دەقی گۆدەرزی تەنیا وەک پاڵەوانێکی تورانی ناوی هاتووە.

ل ٢٥٧

جێگەی سەرسوڕمانە بۆ تاکە جارێکیش نە لە (**سەربەرگی**) کتێبەکە، نە لە ناو لاپەڕەکانی ئەو کتێبە (٥٥٢) پەڕەییەدا ناوی





خاوەنی ئەو (٩٥٨) بەیت هۆنراوە بەرچاو ناکەوێت، ئەو هۆنراوانە بەناوی (**سیاوەش گۆدەرزی**)یەوە چاپکراوە!

لە جهانی نووسینی وەک (وەرگێران، پیاچوونە، ڕاستکردنەوە، دووبارە چاپکردنەوەی) بەرهەمی نووسەرێک، کارەکە هەر بەناوی خودی ئەو کەسەوە کە لە پێشدا نووسیویەتی چاپ ئەکرێت. با لەدوو نموونە لەو کارە بڕوانین:

١ – کتێبی (**ڕێگوزەری سیاسی**) وەرگێڕ (**ئاسۆ کەماڵ**) لە سویدییەوە بۆ کوردی، چاپخانەی (APEC) لە ستۆکهۆڵم.
سەربەرگی ئەو کتێبە بەناوی {(Sven – Eric Liedman) (**سڤێن – ئێرک لیدمان**) و پێناسەیەکی کورتی هەمان کەس} لەگەڵ ناوی چاپخانەی (APEC) ڕازاوەتەوە.

لە لاپەڕەی دووهەم لە ناو کتێبەکەدا هەمدیسان نووسراوە: {(Sven – Eric Liedman) (**سڤێن – ئێرک لیدمان**)} پاشان ناوی وەرگێڕ واتە کاک (**ئاسۆ کەماڵ**) بە پچوکی نووسراوە.

٢ – کتێبی (**دایکی ماکسیم گورکی**) وەرگێڕ (**محەممەدی قازی**) بۆ فارسی.
سەربەرگی ئەو کتێبە بەناوی (**ماکسیم گورکی**) ڕازاوەتەوە، ناوی وەرگێڕیش واتە بەڕێز (**محمد قاضی**) بە پچوکی نووسراوە.

**

بەڵام بەڕێز (سیاوەش گۆدەرزی) وەک کەسێکی { **توێژەر** = (**محقق**)} ئەو (٩٥٨) بەیت هۆنراوە بەناوی خۆیانەوە چاپی ئەکەن و ئەیشنووسن سیستمی فارسیزم شانامە کوردییەکان ئەدزن !

## جیاوازی شانامەی فیردەوسی و شانامە کوردییەکان

لەگەڵ ئەوەدا کە شانامە کوردییەکان لە شانامەی فیردەوسی وەرگیراون، وەک داستانێکی سەربەخۆ بەناوی (**شانامەی کوردی**) پێناسە کراوەن. ئەو پێناسەکردنە کارێکی نادورستە، دورستەکەی (شانامە بە کوردی)یە!

لەگەڵ ئەوەیش کە ئەو شانامە کوردییانە لە شانامەی فیردەوسییەوە وەرگیراون، بەڵام جیاوازییەکی مەزن هەیە لە نێوان شانامەی فیردەوسی و شانامە کوردییەکاندا!

شانامەی فیردەوسی گەلێ جار بە شێوازی جۆراوجۆری چەن بەرگی لە تاران و ... چاپکراوەتەوە، بەڵام لە کتێبخانەی فارسیدا یەک شانامە هەیە ئەوەیش (**شانامەی فیردەوسی**)یە!

جگە لە چاپکردنەوە، تا ئێستا گەلێ کەس سەبارەت بە شانامەی فیردەوسی کاری لێکۆڵنیەوەیان ئەنجامداوە، هەروەها هەندێ لە داستانەکانی شانامەیان وەرگێراوەتە سەر زمانی دیکە، لە پرۆسەی کارکردن لەسەر شانامەی فیردەوسی چ لێکۆڵینەوە بێت یا وەرگێران (پێناسە و ناوی فیردەوسی) وەک خاوەنی شانامە ئەنووسرێت!

داستانەکانی {(**زوحاک، زاڵ و روودابە، رۆستەم و زۆراب، سیاوەش، رۆستەم و ئەسفەندیار**} لە شانامەی فیردەوسی لە لایەن دوو کەس بە ناوەکانی(**ناسر نامداری**) و (**ئانیا مالمبێری**) کراوە بە سویدی و لە کتێبێکدا بەناوی (Shahname) چاپکراوە. سەربەرگی ئەو کتێبە بەو جۆرەیە:







**Shahname**

**Det iranska nationaleposet Shahnake (Kungaboken) är det äldsta bevarade verket på nypersiska. Bokens författare Abol –Qasem Ferdosi (Abual –Qasim Firdawsi, Firdausi, Ferdowsi) levde ca (934-1025).**
**Inom den klassiska persiska litteraturen, som hade sin storhetstid under tre sekler med början på 1000- talet, intar Shahname en säregen plats. Ramberättelsen och alla sidoteman avfattade på cirka 50 000 dubbelverser, ger en inblick i det förislamiska Irans traditioner, folkliv och historia. De fem berättelser som återges här tillhör de centrala episoderna i Shahname. Berättelserna har förkortats och överförts till prosa.**

**شانامە کۆنترین بەرهەمی هۆنراوەیی ملی ئێرانییەکانە بە فارسی و نووسەرەکەی (ئەبولقاسم فیردەوسی)یە کە لە نێوان (١٠٢٥ - ٩٣٤) ژیاوە. شانامە ماوەی ٣٠٠ ساڵ گرنگترین بەرهەمی فارسی بووە لە ناو بەرهەمەکانی دیکەدا. باسەکانی شانامە ٥٠٠٠٠ بەیت هۆنراوەیە و باسی ژیانی خەڵک، مێژووی ئێران و دابونەریتان لە پێش ئیسلامدا ئەکات. ئەو پێنج داستانەیشی لە سەر شیوەی نەسر کراوە بە سویدی.**

**

لە کتێبخانەی (کوردی)دا چەندین شانامەی کوردی هەیە کەسیش نازانێت کێ خاوەنی راستەقینەیانە، هەر کەس ویستی ئەتوانێ خۆی بکات بە خاوەنیان.

ئەوەیە جیاوازی نێوان **شانامەی فیردەوسی و شانامە کوردییەکان** نەک ئەو جیاوازییە کە بەڕێز گۆدەرزی باسی ئەکات!

## دەسکەوتی داستانی رۆستەم و زۆراب

بەناوی رۆستەمی زڵجەواڵ
کەرەسەی درۆ و فیشاڵ
ئەو رۆستەمەی بە ژەمێ
گۆرێکی ئەخوارد بە تەنێ
ئەو رۆستەمەی لە رێگا بڕینا
هەتا ئەژنۆ رۆئەچوو بە زەمینا
ئەو رۆستەمەی ١٠٠ مەن لە هێزی
ئەدا بە خوا بۆ دەورانی بێهێزی

ئەو باسە هیچ و پووچانە
هی دەورانی کۆنە نەک ئەم زەمانە!
لە دەورانی زانست و تکنیکی ئەمڕۆ
رۆستەم و زۆراب چی ئەکا بۆ تۆ؟
سەرچاوەی شانامە کوردییەکان
شانامەی فیردەوسییە بێگومان!
ئەو باسە لە شانامەی (ئەمینی)
بەو جۆرە نووسراوە بە ڕوونی:

**(فردەوسی توس داناى پڕ فەهام**
**باعس ئیجاد شەهنامەی ئەیام**
**هەم سوڵتان مەحموود غەزنەوەی مقام**
**عەفوی ڕەحمەت بان جە یەومەلقیام).**

شوانامەیەکی کوردی بنووسرایێت لەبۆ کورد
دەسمایە بوو، سەرمایە بوو بۆ تاکی کورد!
خۆماندووکردن لەگەڵ (شانامەی فیردەوسی)
ژێردەسییە و ژێردەسییە و ژێردەسی!





وارگەی کورد، فارس، بەلووج و... نییە بەڵکو مەبەست دەوڵەتی نەتەوەیی ئێستای ئێرانە. ڕاستە کورد و ئێرانییەکان مێژوو و میتۆلۆجیای هاوبەشیان هەیە بەڵام ئەمە نابێ ببێتە هۆکار، کە لە ژێر ئەم ناونیشانەدا ئەدەبی کوردیش بە سووک و ئاسانی بدزرێ و بکرێتە ملکی دەوڵەتێکی نەتەوەیەک، کە خەڵکی کورد لە مافە نەتەوایەتییەکانی بێبەش دەکا. ئەوەی، کە لە ژێر پەردەدا لە ئێرانی ئیمڕۆدا لەم پێوەندییەدا دەکرێ، لە ڕاستیدا هەوڵدانێکی شاراوەی ناسیۆنالیزمی ئێرانییە، کە دەیهەوێ شانامە کوردییەکان لە ناسنامەی ڕاستینەی کوردی خۆیان دابڕێ. بەڵام لێکۆڵینەوە زانستییەکان لە سەر شانامە کوردییەکان دەتوانێ ئەو هەوڵانە نەزۆک و بێ کاریگەر بکا. کەوایە لەو سۆنگەیەوە گرینگە شانامە کوردییەکان وەک چۆن هەن دووبارە بە ڕێنووسی ئێستای کوردی بنووسرێنەوە، لێکۆڵینەوەیان لە سەر بکرێ، ئاماژە تایبەت و کوردییەکانیان دەستنیشان بکرێن و بە بێ دەمارگرژی و لە سەر بنەمای لێکۆڵینەوەی زانستی جیاوازییەکانیان لەگەڵ شانامەی فیردەوسیدا دەربخرێن و دواتریش وەک بەشێکی گرینگ لە ئەدەبی کلاسیکی کوردی بخرێنە بەردەستی خوێنەرانی کورد.

جیاواز لە لایەنی ناسنامەی کوردی لە شانامە کوردییەکاندا و جیاواز لەوەی، کە ئەوان بەشێکی گرینگ و نەپچڕاون لە ئەدەبی کوردی، دیسان شانامە کوردییەکان وەک ڕەنگدانەوە و ئەزموون لێ وەرگرتنی ئەوەی لە ڕابردوودا ڕووی داوە و ئەوەی ئێستا لە کوردستان ڕوو دەدا گرینگییەکی تایبەتی خۆیان هەیە. دەگوترێ بەشێکی زۆر لە ئەفسانەکان ڕاستن و ڕەنگدانەوەی مێژوو و بەسەرهاتی کەوناران. مێژووزانێک دەبێ ئاگای لە میتۆلۆجیا و ئەفسانەکان هەبێت بۆ ئەوە بە باشی لە مێژوو تێ بگا. ئەگەر هاتوو تێگەیشتنێکی ڕاستیش لە مێژوو نەکرێ ئەوە خوێندنەوەی ڕاستییەکانی ئێستا، کە لە پاشخانی دوێنێدا خۆیان حەشارداوە، نابیندرێن. کەوابوو ئێمە وەک کورد بە بێ ئاگاداری لە میتۆلۆجیا و ئەفسانەی خۆمان ناتوانین نە لە ڕابردوو تێ بگەین و نە هەنگاویش بەرەو پێشەوە بهاوێژین. لەو سۆنگەیەوە شانامە کوردییەکان باشترین سەرچاوەی میتۆلۆجیایی کوردین.

بە گشتی دەکرێ بگوترێ بە دەگمەن ڕەنگە دەسنووسێکی کۆن دەست بکەوێ، کە بە تەواوەتی و ڕێکوپێک و بێ عەیب نووسرابێتەوە. بێجگە لەوە، بە دەگمەن دەسنووسێکی کوردیش هەڵدەکەوێ، کە دوای سەد ساڵ یان زیاتر لە کەشی نم و شێ، قرتاندنی جرج و مشک و کەمتەرخەمی و نەزانینی چۆنیەتیی پاراستن، پارێزراو بێت. تەنیا لەم چوار

12

**لاپەڕەی دیکۆمێنی لە (شانامەی کوردی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب چوار دەق جیاواز و یەک چیرۆک)ی سیاوەش گۆدەرزی، سەبارەت بە دزینی شانامە کوردییەکان لە لایەن سیستمی فارسیزمەوە.**

## جیاوازی مورشیدی چایخانەکان و مامۆستایانی زانستگا

مێژووی دورستبوونی رادیو و تەلەڤیزیون و بەشەکانی ئەنترنێت زۆر کۆن نییە، جگە لە راپەڕاندنی کارەکانی کۆمەڵگا لە ڕێگای ئەوانە کە زۆر سوودبەخش و بەنرخە، کارێکی دیکەیان ئەوەیە کە کاتی بێکاری خەڵک بە بەرنامەکانیان وەک: گۆرانی و فیلم ... پڕدەبێتەوە. پێش دورستبوونی ئەوانە کاتی بیکاری خەڵک چۆن دەگوزرا و بەچییەوە خۆیان خەریک دەکرد؟
وەڵامی ئەو پرسیارە لای ئەو کەسانە کە ئەو دەورەیان لە یادە، یەکێک لەو کەسانە خودی نووسەری ئەم چەن دێڕەیە کە بەو جۆرەی بینیوە. خەڵک لە کاتی هەوا خۆشیدا لە دەرەوە بە گەڕان و یاریکردن کاتیان بەسەر دەبرد، لە زستان و هەوا ساردی بەتایبەت شەوانە لە ماڵەوە بە قسەی خۆش و گورانی و هۆنراوە و داستان خوێندنەوە یا هەندێ یاری وەک گۆرەویبازی(**جۆرابێن**)، میرمێرین(**توڕنابازی**) کە لە ماڵەوە دەکرا ئەنجام بدرێت، کات بەسەر دەبرا. ئەوەیش بەو جۆرە بووە چەن کەس کە پێکەوە دۆست و ئاشنا بوون هەر شەو لە ماڵێک کۆدەبوونەوە و بەو کارانە کاتیان دەرباز دەکرد.
تا ئەو جێگە لە یادم بێت هەندێ لەو داستانانە کە دەخوێندرانەوە بریتی بوون لە: داستانی (**ئەمیر ئەرسەلان**) - (**بەیتی قەڵای دمدم**) - (**لەیلێ و مەجنوون**) - (**شیرین و فەرهاد**) - (**مەم و زین** ) – (**ئەسکەندەرنامە**) - (**رۆستەم و زۆراب**).

پاشان ئەو داستان خوێندنەوە و یارییکردنە لە ماڵەوە گۆزرایەوە بۆ چایخانەکان (**قاوەخانە**)، ئەو کەسەیانە کە لە چایخانەکان داستانانەکانی دەخوێندەوە پێیان دەوترا (**مورشید**).
لە سەقز دوو کەس ئەو کارەیان ئەنجامدەدا، یەکیان خەڵکی سەقز بوو بەناوی (**وەستا غەفوور**) ئەوی دیکەیان نازانم خەڵکی





کوێ بوو، ناوەکەیشم لە یاد نەماوە. وەستا غەفوور جگە لەو کارە لە کاری خانوو دورستکردندا بەنایەکی زۆر بەتوانا بوو، هەروەها لای خەڵک زۆر خۆشەویست بوو. هەر وەک باسکرا ئەو داستان خوێندنەوەی زستانانە بۆ کات بەسەر بردن بوو. تا ئەو جێگەی ئاگادارم داستانی (**رۆستەم و زۆراب**) هەم کراوە بە شانۆ و هەم بە فیلم، هەروەها لە فارسییەوە کراوە بە سویدی و ... .

با بڕوینە سەر باسی (**جیاوازی مورشیدی چایخانەکان و مامۆستایانی زانستگا**)

**بەڕێزان ناسر نامداری**، {(Bo Utas) **بوو ئۆتاس**}، **یەغمایی**، **فروغی**، **شاملو**، **مشیری**، **عزام**، **مرادی و بۆرەکەیی**) کە چوونەتە ناو باسەکانی (شانامە) وەک توێژەر کاری لێکۆڵنەوەیان سەبارەت بە مێژووی ئێران ئەنجامداوە، لێرەدا ئەو باسە دێتە ئاراوە: ئەو کەسانە کە سەبارەت بە شانامە کاری لێکۆڵینەوەییان ئەنجامداوە، کتێب و فیلم و شانۆیان دەربارەی ئامادە کردووە کارەکانی ئەوان سەبارەت بە داستان و ئەفسانەکانی ناو شانامەیە کە پێوەندی بە دوو کەسی وەک (**رۆستم و سۆراب**) و (**فەرەیدوون و زوحاک**)ەوە هەیە، تازە باسەکەی زوحاکیش بە چەواشەکارییەوە دەخەنە بەر دەست خەڵک!
لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە: ئەو کەسانە بۆ ناڕۆنە ناو باسە راستەقینەکانی شانامە کە پێوەندی بە ژیان و مافی تاکە کەسەکانەوە هەیە کە بەسەرهاتی نووشزاد کوڕی نەوشیروان و ئاواتە خنکاوەکەی ئەو کەوشدرووە کە تکا لە نەوشیروان ئەکات کە ڕێگای بدات کە کوڕەکەی بنێرێتە دەبستان تا بخوی و چاوی بە زانست ئاشانا بێت، هەڵوێستی فیردەوسییەوە هەیە و ئێستایش پاش هەزار ساڵ لە نووسینی شانامە و مردنی فیردەوسی بەردەوامە! ❊ **بۆچ چاوپۆشی لەو باسانە دەکەن؟!** ❊

**تێبینی:**

**هیوادارم سەردێری جیاوازی مورشیدی چایخانەکان و مامۆستایانی زانستگا** نەچێتە خانەی بە کەمزانی کاری ئەو کەسانە کە لە چایخانەکان داستانیان دەخوێندە، ئەو کەسانە بەو کارە هەم بەشێکی کەم لە ژیانی خۆیان دابین دەکرد و هەم خەڵکیشیان لە جهانی خەم و پەژارە و ماتی دەربازە دەکرد، بەڵام ئەو کەسانە کە زانستگاییان بینیوە و کاری توێژینەوەیان سەبارەت بە شانامە ئەنجامداوە، جگە لە کاری ئەو کەسانە چ کارێکی دیکەیان سەبارەت بە شانامە کردووە؟!

***





# فیردەوسی و کوشتاری نەتەوەکانی (بلوچ - گیلەک و دەیلەم)

## بلوچستان و کورتە پێناسەیەک

بلوچستان ناوی ناوچەیەکە لە ئاسیا کە گەلێک بەناوی بلوچ لەم ناوچەدا ئەژی. رووبەری بلوچستان نزیکەی (٢٥٠٠٠٠) میلی چوارگۆشەیە کە (٩٦٠) میلی لە لێواری دەریا دایە. داگیرکەرانێک کە بە نیاز بوون هێند داگیرکەن، بە (بلوچستان)یان ئەوت دروازەی هێند( باب ئەلهێند). بە درێژای مێژوو بێگانەکان هێرشیان کردووەتە سەر بلوچستان لەو هێرشانەدا دەستیان کردووە بە تاڵانکردنی سەروەت و سامانی بلوچ. لەو هێرشانەدا هەندێ جار دوژمنان شکستی هێناوە و هەندێ جاریش شکاون.

کاتێک ئەسکەندەری مەقدوونی لە (٣٢٥)ی پێش زایین هێرشی کردە سەر هێند لە گەڕانەوەدا دەستیان کرد بە تاڵانکردنی بلوچستان، یەکێک لە سەرکردە جەنگییەکانی ئەسکەندەر بەناوی {لین ناتوس (Lien Natus) لە بەرانبەر بلوچەکان کە بەرگرییان لە ناوچەکەین ئەکرد تێکشکا.

## هێرشی عەرەب بۆ (بلوچستان)

پاش سەرکەوتنی عەرەب بەسەر یەزدگەردی سێیەمدا، عەرەبەکان هێرشیان کردە سەر بلوچستان، بلوچەکان بەرگرییان لە خۆیان کرد و زیانێکی مەزنیان بە سپای عەرەب گەیاند و ناچاریان کردن کە پاشەکشە بکەن. بە فەرمانی {(عەبدوڵا بن عامر) بەرپرسی ئێراق} چەن دەستەیەک لە دەریاوە بۆ بەدەست هێنانی شارەزایی لە ڕێگاوبانی ناوچەکانی (سەند) و (بلوچستان) روویان کردە ناوچەکە. ئەو دەستەی کە هاتبووە بلوچستان زانیارییەکانی خۆی بەو جۆرە دەخاتە بەر دەس (عەبدوڵا بن عامر): لەو ناوچە گیروگرفتی زۆرمان بۆ دێتە

پێشەوە، ئەگەر سپاکەمان کەم بێت ئەوە هەموویان ئەکوژرێن، ئەگەر زۆریش بن بەهۆی نەبوونی خواردەمەنی لە برسا ئەمرن. هەر بەو هۆیە تا ماوەیەک هێرشەکەیان دوا ئەخەن. (حارس بن مەرت ئەلعەبدی) و سپاکەی هێرشیان کردە سەر شاری {(قیقان) کە بەشێکە لە ناوچەی کیچ لە بلوچستانی رۆژئاوا} لەم هێرشەدا زۆربەی سپاکەی ئەکوژرێ.

## ئێران و (بلوچستان)

بلوچستان بە پێی بەرژەوەندی سیاسی دەسەڵاتدارانی جهانی لە نێوان ئێران و پاکستان و ئەفغانستان کراوە بە سێ بەشەوە، لێرەدا بە کورتی ئەڕۆمە سەر ئەو بەشەی کە لە لایەن ئێرانەوە داگیرکراوە. ساڵی (٥٢٨)ی پێش زایین هەخامەنیشییەکان بلوچستانیان داگیر کرد. هەر کات بلوچەکان ویستوویانە دەسەڵات بە دەستەوە بگرن و دەوڵەتی سەربەخۆ دامەزرێنن لەلایەن دراوسێکانی باکورەوە پەلامار دراون، ئەردەشیر و نەوشیراون لە ساڵی (٥٢٩ تا ٥٧٧)ی پیش زایین هێرشیان کردە سەر بلوچستان و ناوچەی (مەکران)ی بلوچستان داگیر کرد و دەستیان کرد بە کوشتاری بلوچ و تاڵانکردنی بلوچستان.

## بازدان بەسەر مێژوودا و کارنامەی پەلەوییەکان و (بلوچستان)

شۆڕشی مەشروتە لە ئێران دەسەڵاتی پادشایانی قاجاری لاواز کردبوو، هەر بەو هۆیە لە ساڵی (١٩٠٩)ی زایینی بەشێکی زۆری سپاکەیان بردەوە بۆ ناوەندی دەسەڵاتداری(مرکز). ئەو بەشە لە سپاکەی ئێران کە لە ناوچەکەدا مابوونەوە توانایەکی وەهایان نەمابوو، بلوچەکان بە رابەرایەتی (بەهرام خان) هێرشیان کردە سەریان و بە ئاسانی قەڵای (پەهرە)یان پێچوڵ کردن و لە ناوچەکە دەریان پەڕاندن. ئەم پروسە بە جەنگی یەکەم





بەناوبانگە. پاشان قاجارەکان دوو هێرشی دیکەیان کردەوە سەر بلوچستان کە لە دوو هێرشەیشدا تێکشان. بەهرام خان لە ساڵی (١٩٢١)ی کۆچی دوایکرد و (میر دۆست محەممەدخان) بوو بە جێنشینی. لە ساڵی (١٩٢١) کە دەسەڵاتی پادشایانی قاجار لاواز ببوو، (رەزا میرپەنج) ئەو کاتەی بە هەل زانی و دەسەڵاتی گرتە دەست و لە ساڵی (١٩٢٦)دا خۆی کرد بە شای ئێران و تاجی نایە سەر. سپای ئێران بە فەرمانی رەزاشا لە ساڵی (١٩٢٨) هێرشیان کردە سەر بلوچستان، لە بەرانبەر ئەم هێرشەدا بلوچەکان بە رابەرایەتی (سەردار جمعەخان) کەوتنە بەرگری کردن لە بلوچستان، بەڵام تێکشان و جمعەخان پەنای بردە بەر بلوچستانی رۆژهەڵات کە لەو کاتەدا لە لایەن دەوڵەتی ئینگلیسەوە داگیر کرابوو. دەوڵەتی ئینگلیس جمعەخان ئەگرێ و ئەیدات بە دەوڵەتی ئێران.

هێزە ئێرانییەکان درێژە بە هێرشی خۆیان ئەدەن و بلوچەکانیش بە پێی توانا بەرگری لە خۆیان ئەکەن، لەو پرۆسەدا هەزاران بلوچ ئەکوژرێ و کۆمەڵێکی زۆریش بریندار ئەبن، هەروەها زۆریشیان پەنا ئەبەنە وڵاتانی دراوسێ. لە جەنگێک لە شاری (دزک) یەکێ لە فەرماندە سەربازییەکانی ئێرانی بەناوی (باقر داوەرپەنا) ئەکوژرێت، پاشان ناوی شاری (دزک) ئەگۆڕن و ئەکەین بە (داوەرپەنا). هێزە ئێرانییەکان قەڵای (بەمپور) داگیر ئەکەن و پاشان شاری (پەهرە)یش کە ناوەندی حکومەتی (دۆست محەممەدخان) بوو داگیر ئەکەن و ناوی ئەو شارەیش ئەگۆڕن و ئەیکەن بە (ئێرانشەهر) و خودی دۆست محەممەد خان ئەگرن و ئەیبەن بۆ تاران. دۆست محەممەد خان بەرنامەی راکردن لە زیندان دائەرێژێت، بەڵام ئەیگرنەوە و ئەیکوژن.

لە دەورانی محەممەد رەزا پەهلەوی کە دوایین شای ئێران بوو، هەمان سیاسەتی دەورانی رەزاشا لە بلوچستان پەیرەو ئەکرا.

## کۆماری ئیسلامی ئێران و (بلوچستان)

شۆڕشی ساڵی (١٣٥٧) هەتاوی سیستمی پادشایی پەهلەوی هەڵەتەکان. لاوازی دەوڵەتی ناوندی لە دوو ساڵەی پاش شۆڕشدا بووە هۆی کەم بوونەوەی کونترۆڵ و چاودێری لەسەر بلوچستان و تا رادەیەک سیاسەتی ستەمکارانە کەم ببووە و لە ئاکامدا کاروباری بازرگانی لە سنوورەکانی بلوجستان گەشەی کرد، جگە لەوانە بارودۆخی ئازادی سیاسیش لە ئارادا بوو.
ئەم ئاڵوکۆڕە کە لە بواری فەرهەنگی، سیاسی و ئابووری و.... لە بلوچستان هاتبوو ئاراوە، ناکرێ لەگەڵ دەورانی پەهلەوییەکاندا بەراورد بکری. پاش ئەوەی کە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەدا جێگیر بوو پرۆسەی سەرکوت، کوشتوکوشتار و تاڵانکردنی بلوچستان دەستی پێکردەوە، نەک وەک دەورانی پەهلەوییەکان بەڵکو زۆر لەو دەورانە پیستر و چەپەڵتر و خوینمژانەتر.
کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ لەناو بردنی نەتەوەی بلوچ سیاسەتی وەهای گرتووەتە پیش کە لەگەل دەورانەکانی پیشوودا بەراورد ناکرێت، بەڵام بە لە بەرچاوگرتنی هێرشەکانی پێشوو کە لە دەورانی کورش، نەوشیروان و ئەسەکەندەر و.... بۆ لەناو بردنی نەتەوەی بلوچ کە بە ئامانجی خۆیان نەگەیشتن چۆن دەکرێ بڵێن ئەمانە بەو ئاواتەی ئەگەن ئەتوانن بلوچ لە ناو ببەن!

سەرچاوە: بڵاوکراوە {(بولتن مباحثات – کمیتە موقت هماهنگی ملی بلوچستان – ژمارە (٤) سپتامبری ساڵی (١٩٩٨) ل (١٧،١٦،١٥،١٤،١٣،١٢)}





## فیردەوسی و کوشتاری نەتەوەکانی (بلوچ - گیلەک و دەیلەم)

کورتەیەک لە بیروباوەڕی فیردەوسی باسکرا، ئەگەر وردبینانە لە شانامە بڕوانین بۆمان دەردەکەوت ئەو ناوە واتە (**شانامە**) کە بۆ ئەو کتێبەی فیردەوسی دیاریکراوە، ناتەواوە! ئەگەر بەپێی ناوەرۆکەکەی بێت، پێویستە ناوەکەی بەو جۆرە بێت: (**شانامە و خوێننامە**). با سەبارەت بەو باسە لەو هۆنراوە بڕوانین:

| سزا دادن کسرا<br>الانان و بلوچیيان و گیلانیان را | جەنگی نەوشیروان<br>لەگەڵ ئالان و بلوچ و گیلانییەکان |
|---|---|
| ز کار بلوچ ارجمند اردشیر | بۆ چارەی بلوچ سەرۆک ئەردەشیر |
| بکوشید با کاردانان پیر | لەگەڵ زانایان کەوتە راوتەگبیر |
| نبد سودمند ز افسون و رنگ | نەبوو دەسکەوتێ لە مەکر و نیرەنگ |
| نه از بندو رنج و نه پیکار و جنگ | هیچیش نەکرا لە مەیدانی جەنگ |
| اگر چند بود بد آن سخن ناگزیر | هەر چەند گران و تاڵە ئەم باسە |
| بپوشید بر خوتشتن اردشیر | ئەردەشیر بە ناچار کوتی بەسە |
| ز گفتار دهقان بر آشفت شاه | لە وتەی رابەر شا بوو نیگەران |
| بسوی بلوچ اندر آمد زراه | کەوتە رێ خێرا بۆ بلوچستان |
| چو آمده بنزدیک آن برزگ کوه | کە گەییە پەنای ئەو کێوە گەورە |
| بگردید گرد اندرش با گروه | لەگەڵ سپادا گەران لەو دەورە |
| سر آنگونه گرد اندر آمد سپاه | سپاه بە جۆرێک لەوێ دامەزرا |
| که بستند از انبوه بر باد راه | لەبەر زۆرییەکەی رێگای بایش بەسرا |
| همه دامن کوه تا روی شخ | لە دامێنەوە تا لوتکەی چییا |
| سیه بود برسان مور و ملخ | رەش هەڵگرابوو لە زۆری سپا |
| منادیگری گرد لشکر بگشت | جاڕچی ئەگەڕا بە ناو لەشکرا |
| خروشی برآمد ز کوه ز دشت | بە دەنگی بەرز لە دەشت و دەرا |
| که از کوچیيان هرکه یابید خرد | ئەیوت هەر کەستان بینی لەم دەورە |
| وگر تیغداران و مردان مرد | چەکدار و بێچەک مناڵ و گەورە |

| | |
|---|---|
| **وگر انجمن باشد ار اندکی** | نابێ دەرباز بێ یەکێک لە دەستان |
| **نباید که یابد رهائی یکی** | فەرمانی (شا)یە لە بۆ هەمووتان |
| **چو آگاه شد لشکر از خشم شاه** | کە لەشکر زانی بە توڕەیی شا |
| **سوار و پیاده ببستند راه** | بە سوارە و پیادە بەستترا ڕێگا |
| **ازیشان فراوان و اندک نماند** | لە زۆر و لە کەم لە وان کەس نەما |
| **زن و مرد جنگی و کودک نماند** | ژن و منداڵ و پیاوئازایش نەما |
| **سراسر به شمشیر بگذاشتند** | بە گورز و شمشێر پەلامار دران |
| **ستم کردن کوچ بر داشتند** | بلوچ لە ترسا گەییە هەندەران |
| **بشد ایمن از رنج ایشان جهان** | جهان ئارام بوو لە ژێر چەتری شا |
| **بلوچی نماند آشکار نهان** | بلوچ بە جارێ ناوی هەر نەما |
| **چنان شد که بر کوه حیشان گله** | کارێ وەهای کرد ماڵات بۆ خۆیان |
| **بدی بی نگهبان و کرده یله** | بەبێ شوان ئەژیان لە دەشت و کێوان |
| **شبان خود نبودی پس گوسفند** | دەرد و ڕەنج هەموو فرامۆش کرا |
| **بهامون و بر تیغ کوه بلند** | دەشت و دەر هەر وەک ماڵی پێکرا |
| **همه رنجها خار بگذاشتند** | پاشان چووە سەر گیلەک و دەیلەم |
| **در و کوه را خانه پنداشتند** | چونکە ئەیانکرد لەو ناوچە ستەم |
| **وز آنجایگه سوی گیلان کشید** | لە پێدەشتەوە تا ترۆپکی چیا |
| **چو رنج آمد از گیل و دیلم پدید** | هەمووی داگیرکرد بە ئاڵا و سپا |
| **ز دریا سپه بود تا بیغ گوه** | ڕوویکردە سپا لەوێ نەوشیروان |
| **هوا پر درفش و زمین پر گروه** | کوتی پێویستە لەسەر هەمووتان |
| **چنین گفت کایدر ز خرد و بزرگ** | نابێ دەرباز بێت کەسێ لە دەستان |
| **نباید که ماند پی شیر و گرگ** | بۆ شێر و گورگی کەژ و دارستان |
| **پراگنده بر گرد گیلان سپاه** | لشکر و سپا لە ناوچەی گێلان |
| **بشد روشنائی ز خورشید و ماه** | بڵاوە بوونەوە لە شیو و دۆڵان |
| **چنان شد ز کشتن همه بوم و رست** | مەیتی کوژراوان ئەوندە زۆر بوو |
| **که از خون همه روی کشور بشست** | وڵات بە خوێنیان هەموو شۆرا بوو |
| **ز بس کشتن و غارت و سوختن** | لە بەر کوشتار و تاڵان و سووتان |
| **خورش آمد و نالهء مرد و زن** | ژن و پیاو هەموو کەوتنە ناڵان |
| **ببستند یکسر همه دست خویش** | هەمووی دەسبەستە هاتن بۆ لای شا |
| **زنان از پس و کودک خرد پیش** | منداڵ لە پێش و ژنانیش لە دوا |









| | |
|---|---|
| **ز گیلان هر آنکس که جنگی بدند** | جەنگاوەرانی گێلانی هەموو |
| **هشیوار و با رای و سنگی بدند** | هەم زانا و دانا هەرچییان هەبوو |
| **خروشان بر شهریار آمدند** | خۆیان گەیاندە پەنای نەوشیروان |
| **دریده برو خاکسار آمدند** | کەوتنە خاکوپا لە بەرپێی ئەوان |
| **شدند اندر آن بارگاه انجمن** | لە بەر بارەگا وەستابوون هەموو |
| **همه دستها بسته و خسته تن** | بە دەسی بەسراو شەکەتو ماندوو |
| **که ما باز گشتیم از آن بدکنش** | ئەیانوت ئێمە گشت بووین پەشیمان |
| **مگر شاه گردد زناخوش منش** | لەو بدکارییانەی کردمان هەموومان |
| **وگر شاه را دل ز گیلان بخست** | ئەگەر پادشا ڕەنجابێت لە گێلانیان |
| **ببریم سرها ز تنها بدست** | هەزاران ئەگوژین بە دەستی خۆمان |
| **دل شاه خشنود گردد مگر** | پادشا وەها ئارەزوو ئەکا |
| **چو بیند بریده یکی توده سر** | لە سەری براو کۆشک ساز بکا |
| **چو چندان خروش آمد از بارگاه** | کاتێک ئەو باسە گەییە بارگا |
| **وز آنگونه آواز بشنید شاه** | کاتێک بەو کارەی زانی پادشا |
| **بریشان ببخشید شاه جهان** | خۆشبوو لە هەموان پادشای جهان |
| **گذشته شد اندر دل او نهان** | چاوپۆشیکرد لە گشت بەدییەکان |
| **دوا خواست از گیل و دیلم دو صد** | پاشان وتی بە خەڵکی دەیلەم و گێلان |
| **کز آنپس نگیرد کسی راه بد** | نەکەن کاری بەد جارێتر ئەوان |
| **یکی پهلوان نزد ایشان بماند** | کەسێکی ئازای لە سپاکەی خۆی |
| **چو بایسته شد کار لشکر براند** | کرد بە سەرکردە داینا لە جێی خۆی |

شانامە بەرگی(٦) ل ٩٦ – ٩٧

نەوشیروان بە لەشکر و سپاوە پەلاماری بلوچستان ئەدات و بەو جۆرە دەسئەدەکات بە کوشتاری بلوچ، بەڵام جەنابی فیردەوسی بەو جۆرە ستایشی نەوشیروان دەکات:

| | |
|---|---|
| **چو آگاه شد لشکر از خشم شاه** | کە لەشکر زانی بە توڕەیی شا |
| **سوار و پیاده ببستند راه** | بە سوارە و پیادە بەستترا ڕێگا |

| | |
|---|---|
| **ازیشان فراوان و اندک نماند** | لە زۆر و لە کەم لە وان کەس نەما |
| **زن و مرد جنگی و کودک نماند** | ژن و مناڵ و پیاوئازایش نەما |
| **سراسر به شمشیر بگذاشتند** | بە گورز و شمشێر پەلامار دران |
| **ستم کردن کوچ بر داشتند** | بلوچ لە ترسا گەییە هەندەران |
| **بشد ایمن از رنج ایشان جهان** | جهان ئارام بوو لە ژێر چەتری شا |
| **بلوچی نماند آشکار نهان** | بلوچ بە جارێ ناوی هەر نەما. |

**بەپێی فەرهەنگی فیردەوسی کوشتاری بلوچ بە ژن و مناڵ و پیر و جوانەوە دەبێتە هۆی ئاسایش و ئارامی!**
**جەنابی نەوشیروان بە لەشکر و سپاوە دەچێتە سەر گێلان و مازندەران. دڵڕەقی و دڕندەیی نەوشیروان وەهایە دەبێت کوشتارێکی وەها لە خەڵکی گیلەک و دەیلەم بکرێت کە تاکە کەسێکیش دەرنەچێت تا ببێت بە خۆراکی گورگ و شێر و دەبێت لە گەللە سەری ئەو خەڵکە کۆشک ساز بکات.**

| | |
|---|---|
| **چنین گفت کایدر ز خرد و بزرگ** | وتی نابێ دەرباز بێ کەسێ لە دەستان |
| **نباید که ماند پی شیر و گرگ** | بۆ شێر و گورگی کەژ و دارستان |

| | |
|---|---|
| **دل شاه خشنود گردد مگر** | پادشا وەها ئارەزوو ئەکا |
| **چو بیند بریده یکی توده سر** | لە سەری بڕاو کۆشک ساز بکا |

**بەڵام جەنابی فیردەوسی بەو جۆرە بە هۆنراوە ستایشی ئەردەشیر و نەوشیروان دەکات و دەنووسێت:**

| | |
|---|---|
| **جهاندار کسری چو خورشید بود** | پادشایی جهان هەر وەک هەتاو بوو |
| **جهانرا ازو بیم و امید بود** | جهان لە سایەی خۆف و ئومێد بوو |
| **بدینسان رود آفتاپ سپهر** | بەو جۆرە ئەژیا لە رەوتی کاروان |
| **بیکدست شمشیر و یکدست مهر** | شمشێر بەدەست و هۆگری ژیان |
| **نه بخشایش آرد بهنگام خشم** | کە تووڕە ئەبوو لێبوردن نەبوو |
| **نه خشم آیدش گاه بخشش بچشم** | لە بەخشینشدا دڵ فراوان بوو |





| | |
|---|---|
| **چنین بود این شاه خسرو نژاد** | پێناسەی ئەم شا دادپەروەری بوو |
| **بیاراسته بد جهان را بداد** | جهان لە سایەی لە ئاشتیدا بوو |

شانامە بەرگی(٦) ل ١١١

**ستایشکردنی نەوشیروانی خوێنڕێژ و بەدکردار و پەستگەیشتوەتە ئەو رادەیە کەسانێکی وەک (سەعدی شیرازی) و (خەییام) کە دوو شاعیری پایەبەرزی فارسن، نەوشیروان بە دادوەر بزانن. نموونە:**

**سەعدی و نەوشیروان**

| | |
|---|---|
| **زنده است نام فرخ نوشیروان بعدل** | لەگەڵ ئەوەیشدا کە نەماوە لە ژیان |
| **گرچه بسی گذشت که نوشیروان نماند:** سعدی | هەر پادشای دادپەروەرە نەوشیروان |

**سەعدی بەو جۆرە ستایشی نەوشیروانی خوێنڕێژ ئەکات و بە دادپەروەری ئەزانێ و لە لایەکی دیکەیشەوە بەو جۆرە باس لە دەرد و رەنجی مرۆڤ ئەکات: ئەڵێت:**

| | |
|---|---|
| **تو کز محنت دیگران بیغمی** | بە دەرد و رەنجی خەڵک گەر نەزانی |
| **نشاید که نامت نهند آدمی** | پێویستە خۆت بە مرۆڤ هەر نەزانی |

**راستی درۆ و ریاکاری و فریودانی خەڵک تا ئەو رادەیش دەبێت؟! تۆ لە لایەکەوە بەو جۆرە بیر لە دەرد و رەنجی مرۆڤ، ئینسان، بەشەر (ئادەم) بکەیتەوە و لە لایەکی دیکەشەوە خوێنڕێژێکی وەک نەوشیروان بە دادپەروەر بزانیت؛**

**خەییام و نەوشیروان:**

**١ - {جشن بزرگ داشت و عهدنامه بنوشت و آن روز را (نوروز) بخواند و هم بر آن آیین میرفتند تا به روزگار نوشین روان عادل.)**

(جەژنێکی مەزنیان بەڕێوە برد و بەڵگەنامەیەکیان نووسی و ئەو ڕۆژەیان ناونا نەورۆز و ئەم بەرنامەیان تا دەورانی نەوشیروانی دادپەروەر بەڕیوە ئەبرد.)}.

**٢ - خەییام: گفتندی خدای تعالی این بنا بردست او تمام گردانید و ایوان کسری به مداین که شاپور ذوالاکتاف بنا افنکندی و از بعد او چند پادشاه عمارت همی کردند تا بر دست نوشین روان عادل تمام شد و پل اندیمشک همچنین و مانند این بسیار.**

دەڵێن خودای مەزن ئەم کۆشکەی بە دەستی ئەو تەواو کرد و (تاقی کەسرا و مەداین)یش شاپووری ذولکتاف بەرپای کرد و پاش ئەویش چەن پادشایی دیکە کۆشکیان دورستکرد تا نەوشیروانی دادوەر گەیاندیە ئەنجام، هەروەها پردی ئەندیمشکیش وەک کارێکی ئەو هەر ماوە.

(نوروزنامەی خەییام) ل ٢٠ و ٢٤ نووسەر: عەلی حەسووری

ئەگەر چاوێک بەو کتێبە فارسییانە کە سەبارەت بە مێژووی ئێران نووسراوە، بگێڕین باسی هێرشەی (**ئەسکەندەر - چەنگیزخان مەغول - تەیموور لەنگ و رابەرانی ئایینی ئیسلام**) بۆ ئێران دەکەن و دەڵێن: ئەو کەسانە بە لەشکر و سپاوە پەلاماری ئێرانیانداوە و خەڵکیان کوشتار(قتل عام) کردووە، سەرەوەت و سامانی خەڵکیان تاڵان کردووە! هەر بەو هۆیە ئەو کەسانە وەک (**خوێنڕێژ و تاڵانچی**) پێناسە دەکەن.

خوێنەری هەر کتێبێکی مێژوویی سەبارەت بە جەنگ و لەشکرکێشی بەگشتی، هەروەها ئەو کتێبە فارسییانەیش کە باسی هێرشی (ئەسکەندەر– چەنگیز– تەیموور و رابەرانی ئیسلام) دەکەن، دەکرێت بە چاوی گومانەوە لەو کتێبانە بڕوانن و بڵێن ئەو کەسانە تا ئەو رادە خوێنڕێژ نەبوون، ئەو کتێبانە لە لایەن دوژمنانی ئەوانەوە نووسراوە.

بەڵام باسی (**لەشکرکێشی نەوشیروان بۆ بلوچستان- بۆ گێلان و مازندەران و کوشتاری خەڵکی بلوچ و گیلەک و دەیلەم، هەروەها تاڵانکردنی سەروەت و سامانی ئەو خەڵکە بە فەرمانی نەوشیروان**) لە لایەن نووسەرێکی بێگانەوە کە دوژمنی نەوشیروان بووبێت





نەنووسراوە، بەڵکو بە پێنووسی کەسێک نووسراوە کە لە ناخی دڵەوە لایەنگری نەوشیروان و پادشاکانی دیکەی ئێران بووە و بە چاوی رێزەوە تماشای کردوون.

**چۆنانوچۆنە ئەسکەندەر و چەنگیز و رابەرانی ئیسلام خوێنڕێژ و تاڵانچین، بەڵام جەنابی نەوشیروان دادوەرە؟ بۆ خوێنی بلوچ و گیلەک و... وەک خوێنی خزمەکانی فیردەوسی نرخ و بەهایان نییە، بۆچ تاڵانکردنی سەروەت و سامانی بلوچ و دادپەروەرانەیە؟! بانێک و دوو هەوا؟**

*** بۆچ نایەنەوێت بڕۆنە سەر باسە کۆمەڵایەتییەکانی شانامە؟! ***

**تێبینی:**

پێش ئەوەی کتێبی (**نەورۆزنامەی خەییام**) بخوێنمەوە، هۆنراوەکانی خەییام (**چوارینەکانی خەییام**)م خوێندوەتەوە، سەبارەت بەو هۆنراوانە ئەو چەن رستەم بە کوردی و فارسی نووسیوە:

| **بۆ خەییام** | **برای خیام** |
|---|---|
| **بژی خەییام** | پایدار باشی خیام |
| **دوژمنی خەمی ئەییام** | دشمن غم ایام |
| **لە هەر وشەیەکتا هەیە** | به هر واژه داری |
| **سەدان پەند و پەیام** | صدها پند و پیام |

نازناوی دادپەروەر بۆ نەوشیروانێک کە کارنامەکەیمان بینیوە رەوایە؟!

| **بۆ خەییام** | **برای خیام** |
|---|---|
| **بژی خەییام** | پایدار باشی خیام |
| **دوژمنی خەمی ئەییام** | دشمن غم ایام |
| **لە هەر وشەیەکتا هەیە** | به هر واژه داری |
| **سەدان پەند و پەیام** | صدها پند و پیام |

## دەسکاریکردنی هۆنراوەکانی فیردەوسی
## بە مەبەستی فریودانی خوێنەر

نەوشیروان بۆ کوشتاری نەتەوەکانی گیلەک و دەیلەم فەرمانێکی وەها نامرۆڤانە و درندانە دەرئەکات و جەنابی (فیردەوسی)یش بەو جۆرە بە هۆنراوە بۆی دارشتووە:

| | |
|---|---|
| **چنین گفت کایدر ز خرد و بزرگ** | وتی نابێ دەرباز بێ کەسێ لە دەستان |
| **نباید کە ماند پی شیر و گرگ** | بۆ شێر و گورگی کەژ و دارستان |

**

| | |
|---|---|
| **چنین گفت کایدر ز خرد و بزرگ** | وتی نابێ دەرباز بێ یەکێ لە دەستان |
| **نباید کە ماند یکی شیر و گرگ** | لە شێر و گورگی کەژ و دارستان |

نەوشیروان ئەڵێت: ئەبێ هەموو بکوژرێن و نابێ تاک کەسێکیش دەرچێت کە ببێ بە خۆراکی شێر و گورگ و....

**(نباید کە ماند پی شیر و گرگ)**.

بەڵام ئەو هۆنراوە بەو جۆرە دەسکاری کراوە:

**(نباید کە ماند یکی شیر و گرگ)**.

وشەی {(پی) پەی} جیاوازی زۆرە لەگەڵ وشەی {(یکی) یەکی}

وشەی (پی– پەی) لە فارسییدا واتە (برای).
نموونە: {(برای من) = (بۆ من)}.
{(برای تو) = (بۆ تۆ)}.
{(برای این) = ( بۆ ئەم)}
{(برای آن) = (بۆ ئەو)}.





وشەی (یکی– یەکی) لە فارسییدا واتە (یک). نموونە:
{(یک انسان) – (یەک مرۆڤ)}.

فەرمانەکەی نەوشیروان و هۆنراوەکەی فیردەوسی ئەڵێت: نابێ تاکە کەسێکیان بە زیندووی بمێنێت تەنانەت بۆ ئەوەی ببێت بە خۆراکی شێر و گورگ و گیاندارانی دیکەی کەژ و کێو و دارستانەکانی ناوچەکە، پێویستە هەموویان بکوژرێن.

بەڵام ئەو هۆنراوە کە دەسکاری کراوە ئەڵێت:

**(نباید کە ماند یکی شیر و گرگ)**

واتە: (نابێ یەک دانە شێر یەک دانە گورگ بمێنت)، ئەبێ هەموویان بکوژرێن. بۆ روونبوونەوەی ئەو باسە لێرەدا پرسیارێک دێنینە ئاراوە:

**نەوشیروان چووە بۆ کوشتاری شێر و گورگ یا**
**بۆ کۆشتاری گەلانی گیلەک و دەیلەم؟!**

ئەم نووسەرە چاوبەست و فریوکار و درۆزانانە لە بری ئەوەی بە چاوی رەخنەوە لە شانامە بڕوانن و پەنجەی رەخنە ئاراستەی فیردەوسی بکەن و کارە دڕندانەکەی نەوشیروان ببەن ژێر پرسیار و داوای لێبوردن لەو نەتەوانە بکەن و خوێنەران لەو باسە ئاگادار بکەن، بەو جۆرە دەستیان داوەتە ئەو کارە چەپەڵە و نگریسە و ئەیانەوێت بەو جۆرە خوێنەر فریو بدەن.

سلسله آثار فرزانگان فرهنگ و ادب

شاهنامه فردوسی — ۱۵۱۱

بدو گفت گوینده کای شهریار — بپالیز گل نیست بی‌زخم خار
همان مرز تا بود با رنج بود — ز بهر پراگندن گنج بود
ز کار بلوچ ارجمند اردشیر — بکوشید با کاردانان پیر
نبد سودمندی بافسون و رنگ — نه از بند وز رنج و پیکار و جنگ
اگر چند بد این سخن ناگزیر — بپوشید بر خویشتن اردشیر
ز گفتار دهقان برآشفت شاه — بسوی بلوچ اندرآمد ز راه
چو آمد بنزدیک آن مرز و کوه — بگردید گرد اندرش با گروه
برآنگونه گرد اندرآمد سپاه — که بستند ز انبوه بر باد راه
همه دامن کوه تا روی شخ — سپه بود برسان مور و ملخ
منادیگری گرد لشکر بگشت — خروش آمد از غارو زکوه‌و دشت
که از کوچگه هرک یابید خرد — وگر تیغ دارند مردان گرد
وگر انجمن باشد از اندکی — نباید که یابد رهایی یکی
چو آگاه شد لشکر از خشم شاه — سوار و پیاده ببستند راه
از ایشان فراوان واندک نماند — زن و مرد جنگی و کودک نماند
سراسر بشمشیر بگذاشتند — ستم کردن و رنج برداشتند
ببود ایمن از رنج شاه جهان — بلوجی نماند آشکار و نهان
چنان بد که بر کوه ایشان گله — بدی بی‌نگهبان و کرده یله
شبان هم نبودی پس گوسفند — بهامون و بر تیغ کوه بلند
همه رختها خوار بگذاشتند — در و کوه را خانه پنداشتند
وز آن جایگه سوی گیلان کشید — چو رنج آمد از گیل و دیلم پدید
ز دریا سپه بود تا تیغ کوه — هوا پر درفش و زمین پر گروه
پراگنده بر گرد گیلان سپاه — بشد روشنایی ز خورشید و ماه
چنین گفت کایدر ز خرد و بزرگ — نباید که ماند یکی میش و گرگ
چنان شدز کشته همه کوه و دشت — که خون همه‌روی کشور بگشت
ز بس کشتن و غارت و سوختن — خروش آمد و نالهٔ مرد و زن
ز کشته بهر سو یکی توده بود — گیاها بمغز سر آلوده بود
ز گیلان هرآنکس که جنگی بدند — هشیوار و بارای و سنگی بدند

**لاپەڕەی دیکۆمینتی لە شانامەی فیردەوسی چاپی (انتشارات پیام عدالت.**
**ناظر علمی مرتضی امیری اسفندقه. چاپ دوم( ۱۳۹۰)**

**ئەو خەتە نووسەری ئەم چەن لاپەڕە کێشاویە بەژێر ئەو هۆنراوەدا**





همه دامن کوه تا روی شخ — سپه بود برسان مور وملخ
منادیگری گرد لشکر بگشت — خروشی برآمد زکوه وزدشت
که ازکوچیان هرکه یابید خرد — وگر تیغداران ومردان مرد
وگر انجمن باشد ار اندکی — نباید که یابد رهائی یکی
چوآگاه شد لشکراز خشم شاه — سوار وپیاده ببستند راه
ازیشان فراوان واندك نماند — زن ومرد جنگی وکودك نماند
سراسر بشمشیر بگذاشتند — ستم کردن کوچ برداشتند
ببود ایمن از رنج ایشان جهان — بلوچی نماند آشکار ونهان
چنان شد که برکوه ایشان گله — بدی بی نگهبان وکرده یله
شبان خود نبودی پس گوسفند — بهامون وبر تیغ کوه بلند
همه رنجها خوار بگذاشتند — در وکوه‌را خانه پنداشتند
وز آنجایگه سوی گیلان کشید — چو رنج آمد ازگیل ودیلم پدید
زدریا سپه بود تا تیغ کوه — هوا پر درفش وزمین پرگروه
چنین گفت کایدر زخرد وبزرگ — نباید که ماند پی شیر وگرگ
پراگند برگرد گیلان سپاه — بشد روشنائی زخورشید وماه
چنان شد زکشتن همه بوم ورست — که ازخون همه روی کشور بشست
زبس کشتن وغارت وسوختن — خورش آمد ونالهٔ مرد وزن
ببستند یکسر همه دست خویش — زنان از پس وکودك خرد پیش
زگیلان هرآنکس که جنگی بدند — هشموار وبا رای وسنگی بدند
خروشان بر شهریار آمدند — دریده بر وخاکسار آمدند
شدند اندر آن بارگاه انجمن — همه دستها بسته وخسته تن
که ما بازگشتیم از آن بدکنش — مگر شاه گردد زناخوش منش
وگر شاه‌را دل زگیلان بخست — ببرّیم سرها زتنها بدست
دل شاه خشنود گردد مگر — چو بیند بریده یکی توده سر
چو چندان خروش آمد از بارگاه — وز آنگونه آواز بشنید شاه

۹۷

**لاپەڕەی دیکۆمێنتی لە شانامەی فیردەوسی چاپی چاپخانەی سپهر- بەرگی شەشەم**

**ئەو خەتە سووره نووسەری ئەم چەن لاپەڕە کێشاویە بەژێر ئەو هۆنراوەدا**

## کاردانەوەی بۆچوونەکانی فیردەوسی سەبارەت بە ( بلوچ )

جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بە چەن دێڕێکی (**مەحموود دەوڵەتئابادی**) نووسەری کتێبی (**دیدار بلوچ**) بکەین کە بەو جۆرەیە:




**{(من کە وانمود کردم علاقمندم بە(سراوان) بروم همراه اکیپ ایشان، شاعر غرق حیرت و تعجب شد و برای اینکە چنین خواست سادەلوحانەای در من سرکوب کند، گفت: - خیال میکنید چی دارد آقا؟ یک مشت کلوخ و آدم مفلوک! خاک و گرمایش آدم را خفە میکند. اینجور جاها رفتن کفارە دارد. ما هم مجبوری میرویم ادای وظیفەای بکنیم! تازە اینجا را کە میبینی شهر عمدەاش است. نخیر آقا، بیکاری؟! ما مامور بهداری هستیم، شما چرا؟)**

(من کە بەو جۆرەم پیشاندا دابوو کە پێمخۆشە لەگەڵ دەستەکەی ئەوان بڕۆم بۆ (سەراوان)، شاعیر سەریسوڕما و بۆ ئەوەی ئەو ئارەزووە گەوجانەی من سەرکوت بکات، وتی: کاکی خۆم پێت وایە چی هەیە لە وێ؟ هەندێ کولۆ و کۆمەڵێک خەڵکی هەژار (**مەفلوک**)! خۆڵ و گەرماکەی ئەوێ مرۆڤ دەخکێنێت. چوون بۆ ئەو جۆرە شوێنانە جۆرە تاوانێکە. ئێمەیش کە ئەڕۆین بو ئەنجامدانی کاروبارە! باشترە ئەوەیش بزانیت کە ئەم شارە، شارێکی ئاوەدانیانە. نا نا کاکی خۆم، خۆ تۆ بێکار نیت؟!
ئێمە کارمەندی نەخۆشخانەین، تۆ چی؟!)}.





**{(کنار قهوخانە فروشگاه کوچکی ست کە صاحبش زابلی ست و پریروز تکرار میکرد: - آب و هوای زاهدان تا بیست سال پیشتر خیلی بهتر شدە، آباد شدە، درخت و گیاە کاشتەاند، درخت و گیاه. مردم اینجا تا بیست سال پیش آب از چاه میخوردند. تازە تلمبە آب گذشتەاند. همو ضمن گفتارش از این ابراز عقیدە غافل نماند کە: - بلوچ جز واجبات نیست! و من طی همین مدت کوتاە دریافتەام کە چە تبعیض قومی کثیفی بە طور ضمنی در اینجا حاکم است و پنهانی جریان دارد! دلم میخواهد ریشەاش را بیابم. زیرا بظاهر هر چە میبینم و دقیق میشوم، نمیتوانم دلیلی برای این قضاوت نادرست بیابم. قضاوت کثیف!).**

(لە پەنای چایخانەکەدا دووکانێکی بچکۆلە هەیە کە خاوەنەکەی خەڵکی (زابول)ە، پێرێ دەکوت: ئاووهەوای زاهیدان لە چاو بیست ساڵ پێش زۆر باشتر بووە، درەختیان ناشتووە، گیا سەوز بووە، دار و درەخت و گیاه هەیە. خەڵکی ئێرە تا بیست ساڵ پێش ئاوی بیریان دەخواردەوە. تازە پۆمپی ئاویان داناوە. هەروەها دەیفەرموو: (**بلوچ جز واجبات نیست**) بلوچ نرخ و بەهایەکی وەهایان نییە و پێویست ناکات بژین!
من هەر لەم ماوە کورتەدا بۆم دەرکەوتووە کە چ نابەرابەرییەکی چەپەڵی قەومی لە ئارادایە و بە نهێنیش پیادە دەکرێت! پێمخۆشە هۆکاری ئەم کارە بزانم، بەڵام ناتوانم پەی بەم کارە ببەم و هۆکاری ئەم دادپەروەرییە بدۆزمەمەوە، ئەم دادوەرییەکی چەپەڵە!)}

کتێبی دیداری بلوچ ل ۲۱ و ۲۶

دیدوبۆچوونەکانی جەنابی فیردەوسی خان سەبارەت بە بلوچ لە ناو خەڵکدا وەها خۆماڵی بووەتەوە تەنانەت نووسەرێکی وەک (**مەحموود دەوڵەت ئابادی**)یش بۆ هۆکاری ئەو ستەمە ئەگەڕێت کە لە سەر "**قەومی بلوچ**" پەیرەو ئەکرێت!!!!

## زوحاک لە ئەدەبیاتی کوردیدا

لەگەڵ ئەوەدا کە سەرچاوەیەکی مێژوویيم بە کوردی سەبارەت بە (زوحاک) لە ئەنترنێت و... بۆ پەیدا نەبوو، بەڵام لە بەشی هۆنراوەدا شاعیرانی کورد گەلێ داستان و شانۆیان دەبارەی نووسیوە، هەروەها لە زۆربەی ئەو هۆنراوانە کە سەبارەت بە نەورۆز نووسراوە ئاماژە بە ستەمکاری زوحاک دەکەن، شانبەشانی ناوی زوحاک ئاماژە بە کەسێک بەناوی {(کاوە)ی ئاسنگەر) وەک کەسێکی شۆڕشگێڕ دەکرێت. نموونە:

**جەژنی نەورۆز جەژنی کوردە کور و کچ پیر و جوان**
**یادی کاوەی قارەمان کەن مێشکی زوحاکی پژان.**

بەداخەوە ناوی خاوەنی ئەو هۆنراوەم لەیاد نەماوە.

***

**ستران و بەفر و ئاگر**
**پێشەکی یەک..**

**گوتن(هەی هۆ**
**رۆژا <u>چەکوچێ کاوەی</u> چوو**
**ناهێنەڤە**
**ل وەلاتەکی <u>ئەژدهایەکی</u> بتنێ هەبوو**
**هەتا سەرو تاج لێ هاتنە هەرشین**
**هزار سەر هاتنە بڕین**
**....**

نووسەر: موئەید طەییب. گۆڤاری (نووسەری کورد) ل– ٧٥ تا ٧٩ ژمارە،٨ ساڵی ١٩٨٢

### {بەیتی ئاگر- چیرۆکە شیعر بۆ نەورۆز

**سال نییە، پەل و پۆی ، درەختی گڕ گرتو**
**چراخان لە کەژوو دەربەندا هەڵ نەکا.**





**ساڵ نییە ئەو گڕە چیرۆکێ بۆ عەشقی**
**کاوەیەک نەنووسێ و**
**بۆ مەرگی <u>زوحاکێ</u>**
**دۆزەخێ دانەخا.**
**....**

نووسەر: شێرکۆ بێکەس – گۆڤاری نووسەری کورد ل ٤٣ – ٦٧ ژمارە،٨ ساڵی ١٩٨٢

***

**ئەی نەتەوەی کاوەی زنجیر قەف قەف بڕ!**
**رۆژی نەورۆز دای بە هەوری زستان، دڕ**
**....**
**تا زنجیری ئەژدەهاکی لە گەردن**
**نەتەوەیەک داماڵی پیکی ئاسن!**

نووسەر: گوران– دیوانی گۆران ل ٣٠٩

***

### {زیندانی ئەژدەهاک - بۆ بتەکانی فاشیزم

**ئەژدەهاک! زیندانت قەڵا - قەڵایە؛**
**دیواری کۆنکرێت، دەرگای پۆڵایە.**
**ئەژدەهاک! کون بڕە، سەختە زیندانت،**
**نارووشێ بە بڕبەن بەندی گرانت!**
**هیزی لەش مرێنە کۆت و زنجیرت؛**
**کارییە لە دەمار ناپاکی بیرت.**
**دڵ رەقیت هەر تاوە چەشنە سزایە**
**بۆ بەندیی خاوەن هۆش ئەخاتە کایە.**
**هێند چەشن سەربڕ و زیندانەوانت،**
**سەرخۆشن بە خوێنی گشت بەندییەکانت!**
**ئەژدەهاک! ئەی دێوی لە(بیر) زراو چوو،**
**ئەی ناشتای مارانت بە مێشک کردوو!**
**....**

دیوانی گۆران ل ٢٦٨ و ٢٦٩

**{ئەنجامیی ئەژدەهاک**

**پەردەی یەک – بازاری ئاسنگەران**

**جارچی** (بەدەم زەنگ لێدانەوە):
**بە فەرمانی شای بێ باک**
**خاوەن شکۆ ئەژدەهاک،**
**ورتەتان لە دەم دەرێ،**
**بە شیر لە سەرتان ئەدرێ!**

**یاساوڵان:** (شیر هەڵ ئەکێشن)،
**ورتەتان لە دەم دەرێ!**
**بە شیر لە سەرتان ئەدرێ!**

**جارچی:**
**مارانی شا بێ قەرارن،**
**ناشتای مێشکی هەرزەکارن.**
**هەر مەڵەتان سەر و کوڕ،**
**کاسەی سەر لە مێشک پڕ**
**ئامادە کەن،**
**با یاساوڵان بیانبەن**
**بۆ چێشتخانەی شا، تا جووت جووت**
**مێشکیان بۆ مار ببێ بە قووت**
**بە دەستی: وەزیر کرماییلی ژێر!**
**....**

دیوانی گۆران ل ٣٥٣ تا ٣٥٩





## زوحاک لە هونەری پەیکەرتاشی کوردی دا

با لە بەشی هونەری هۆنراوەیی سەبارەت بە زوحاک دوور کەوینەوە و بڕۆینە بەشەکانی دیکەی هونەر وەک هونەری پەیکەرتاشی، وەک دەبینین لەو کارە پەیکەرتاشییەدا کە سنبۆلی کاوەی ئاسنگەرە، کاوە بە دەستێکی پیکی ئاسنگەرییەکەی ناوەتە سەرشان و بە دەستەکەی دیکەی کەللەسەری پیاوێک کە سنبۆلی زوحاکە گرتووە بە دەستەوە. بەپێی ئەو وێنە و ئەو هۆنراوەی خوارەوە زوحاک بەدەست کاوە دەکوژێت:



وێنە لە سایتی: kurdipedia.info
وێنەی ئەو پێکەرە لە مەیدانێکی شاری سلێمانی گیراوە.

**جەژنی نەورۆز جەژنی کوردە کور و کچ پیر و جوان**
**یادی کاوەی قارەمان کەنمێشکی زوحاکی پژان.**

***

**{بەیتی ئاگر- چیرۆکە شیعر بۆ نەورۆز**

**سال نییە، پەل و پۆی ، درەختی گڕ گرتو**
**چراخان لە کەژوو دەربەندا هەڵ نەکا.**
**ساڵ نییە ئەو گڕە چیرۆکێ بۆ عەشقی**
**کاوەیەک نەنووسێ و**
**بۆ مەرگی زوحاکێ**
**دۆزەخێ دانەخا.**

***

**تێبینی:**

باسی زوحاک کە لەم چەن لاپەڕەدا بە سوود وەرگرتن لە شانامەی فیردەوسی ئاماژەی پێکراوە و بەپێی هەمان سەرچاوە کوردیش براوەتە سەر نژاد و رەگەزی زوحاک و هەر دوویشیان پەست و بەدکار و چەپەڵ و.... دەسنیشان کراون.

ئایا ئەم زوحاکە هەمان (**آستیاکس یا ئەژدهاک**) بێت کە کیان و دەوڵەتی (**مادی**) **لە ناوچەی زاگرۆس** دامەزراند، ئەو (مادەی) کە بەدەس (**کورش**) کچەزای یەکێک لە پادشاکانی ماد لەناو براو و **سیستمی فارسیزم** کرایە جێنشینی؟

ئەو باسە، باسێکی بەربڵاوە و پێویستە بە وردی کاری لەسەر بکرێت. ئەگەر بڵێم ئەو کارە لە توانای کەسێکی وەک نووسەری ئەم چەن لاپەڕەدا نییە تاوانبار نیم، هیوادارم کەسانێک کە توانایی ئەو کارەیان هەیە بڕۆنە ناو ئەو باسەوە.





# نەورۆزنامە



## نەورۆزنامە

نەورۆز کە ئەمڕۆ وەک جەژنی سەری ساڵ لە کۆمەڵگای فارسی و کوردی و... بەڕێوە دەبرێت لە کوێوە سەرچاوەی کردووە؟

**نەورۆز یا نەورۆزی شاکان**

یەکەمین رۆژی خاکەلێوە (فەروەردین) یەکەمین رۆژی ساڵە. لە پێشینیان دەگێڕنەوە کە (جەمشید) یەکەمین کەس بووە ئەم جەژنەی بەڕێوە بردووە، لەم رۆژەدا جەمشید دەچێتە جەنگی دێوەکان و پاش تێکشکانیان دەیانکاتە فەرمانبەرداری خۆی.

لەو رۆژەدا جەمشید لەسەر تەختێکی زێڕین دادەنیشێت، دێوەکان تەختەکەی دەنێنە سەرشان و هەر ئەو رۆژە لە (دەماوەند)ەوە دەگەنە بابل، خەڵک بەو کارە سەرسام دەبن و دەستدەکان بە خۆشی و شادی. پاشان جەمشید وەک پادشا درێژە بە گەشتەکەی دەدات دەڕوات بۆ ئازەربایجان، ئێرانییەکان لەم رۆژەدا بە رانمایی جەمشید شکریان لە دارشکر دەرهێنا. جەمشید ئایینی سابییان لە ناو دەبات، هەر لەم رۆژەدا دەسدەکات بە دادپەروەری و فەرمان دەدات هەموو زانایان بۆ راهنمایکردنی بێن بۆ لای. لە نەورۆزنامەیەکدا کە بەناوی (**خەییام**)ەوە نووسراوە هۆی دیاریکردنی نەورۆز بەو جۆرە بووە: کاتێک کە زانییان خۆر دوو جۆر سووڕانی هەیە، یەکیان ئەوەیە کە لە هەر (٢٥%٣٦٥) رۆژێکدا بێتەوە ئەو کاتە کە لە مانگی خاکەلێوەدا بووە، ناتوانێت بێتەوە ئەو کاتەی کە لێیەو دەستی بە گەڕان کردووە و لێی کەم دەبێتەوە.

کاتێک جەمشید ئەوەی بۆ دەرکەوت ناوینا نەورۆز و کردیان بە جەژن، پادشاکانی دیکە و خەڵیکش ئەوەیان بەڕێوە دەبرد.

کتێبی: {تمدن و فرهنگ ایران از آغاز تا دوران پهلوی، ل ١١٢ و ١١٣}.





سەبارەت بە نەورۆز و جەمشید:

| | |
|---|---|
| **به فرِ کیانی یکی تخت ساخت** | تەختێکی سازکرد شایی شکۆدار |
| **چه مایه بدو گوهر اندر نشاخت** | لە گەوهەر نایاب گەلێ بەهادار |
| **که چون خواستی دیو برداشتی** | بە فەرمانی شا دێوان هەڵیانگرد |
| **ز هامون به گردون بر افراشتی** | لە زەمینەوە بۆ سەمایان[1] برد |
| **چو خورشید تابان میان هوا** | هەر وەکو هەتاو پادشایی سەروەر |
| **نشته برو شاه فرمانروا** | بەسەر تەختەوە شاد و بەختەوەر |
| **جهان انجمن شد بر آن تخت او** | خەڵک کۆبوونەوە لە دەور تەختی شا |
| **شگفتی فرومانده از بخت او** | سەرسام بوون هەموو لە شادمانی شا |
| **به جمشید بر گوهر افشاندند** | ئەو رۆژە جەمشید گوڵباران کرا |
| **مر ان روز را روز نو خواندند** | ناوی نەورۆزیش لەو رۆژە نرا |

شانامە بەرگی(١) ل ٢٧

* سەما: مەبەست ئاسمان نییە، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە لە زەوی بەرز کراوتەوە.

ئەو باسە سەبارەت بە نەورۆز باسێکە کە لە چوارچێوەی داستان و ئەفسانەدا، ئەوەیش دوورە لە راستی! بەداخەوە (نەورۆز)یش وەک هەرشتێکی دیکە لە روانگەی فیردەوسی و شاپەرستانەوە هونەری شاکانە. با لە ئەفسانە و شاپەرەستی دوور کەوینەوە لە لایەکی دیکە و لە روانگەیەکی دیکەیشەوە لە نەورۆز بڕوانین.

**گەڕانەوە بۆ پاشەوە**

با گڕێینەوە بۆ ئەو دەورانە کە دەسەڵاتی زانستیی لە ئارادا نەبووە، وەک ئەمڕۆ ڕێگاوبان بۆ هاتووچوو هەموار نەبووە، ماشین، تەراکتۆر، بەرق و تەلەفۆن نەبووە، وەک ئەمڕۆ دوکتۆر و دەرمان و نەخۆشخانە نەبووە، وەک ئەمڕۆ سیلۆ بۆ پاشەکەوتکردنی گەنم و دانەوێڵە نەبووە.

با گەڕێینەوە بۆ ئەو دەورانە کە مرۆڤ یا لە ناو جەنگەڵ و ئەشکەوتەکاندا ژیاوە یا ئەگەر تۆزێ ڕێگەی پێشکەوتنی بڕیبێت لە گوند و دێی چەن ماڵی لە شیو و دۆڵ و دامێنی شاخ و کێوەکاندا ژیاوە، تاریکی و سەرمای زستان بە بەفر و کڕێوە و سەهۆڵبەندانەوە بووبێت بە شەریکی چەن مانگەی ژیانی. دەرد و ئازار نەخۆشی لە لایەک، تەوابوونی خواردەمەنی خۆی و تفاق و ئالفی مەڕ و ماڵاتیش لە لایەکی دیکەوە ژیانی لێکردبێت بە ژان، لەو بارودۆخە دژوارەدا سروشت بەپێی ژیانی خۆی بەرەو گۆڕان ملی ڕێگا دەگرێتە بەر، بەرە بەرە سەهۆڵبەندان و کڕێوەی بەفر و سەرماوسۆل کەم دەبێتەوە، هەوا خۆشی و سەرهەڵدانی گژ و گیا دەبێت بە جێنشینی ئەو ژیانە دژوارە و ڕێگای هاتووچوو بۆ مرۆڤ و مەل و موور و مەڕ و ماڵات هەموار دەبێت. ئەم دەورانە تازە بە وەرزی بەهار بەناوبانگە کە هەر ڕۆژێکی بۆ ئەو دەورانە سەخت و دژوارە ژیانێکی تازە و ڕۆژێکی نوێ واتە (نەورۆز)ێک بووە.

ئەوەی کە سەبارەت بە نەورۆز لە باسی (نەورۆز یا نەورۆزی شاکان)دا زۆر گرنگە، باسی سووڕانی زەوییە بە دەوری هەتاودا کە ماوەکەی (٢٥%٣٦٥) ڕۆژ دەخایەنێت. دیاریکردنی ئەو کاتە وەک سەری ساڵ و بەناوی (نەورۆز)ەوە لەو دەورانەدا بەپێی پێوانەی زانستی ئەمڕۆی مرۆڤ جێگەیی شانازییە!

**سەری ساڵی (نەورۆزی) و سەری ساڵی (دیکە)**

هەموومان ئەوە دەزانین کە لە ئەمڕۆدا چەن جۆر (سەری ساڵ) هەیە، نموونە:

**١ – سەری ساڵی عبری.**
**٢ – سەری ساڵی زایینی (میلادی).**
**٣ – سەری ساڵی کۆچی هەتاوی (شەمسی).**
**٤ – سەری سالی کۆچی مانگی (قەمەری).**





{ **سەری ساڵی عبری**

ئەم سەری ساڵە تایبەتە بە (یەهودییەکان)
خودا لە میسردا وەهای بە موشە (موسا) و (هارون) وت:
مانگی (نیسان) بۆ ئێوە یەکەمین مانگ دەبێت، ئەم مانگە یەکەمین مانگی ساڵە.

**سەری ساڵی زایینی (میلادی)**

سەری ساڵی زایینی (میلادی) تایبەتە بە مەسیحییەکان
ئەوەیش بە بۆنەی لە دایک بوونی (عیسای مەسیحە) کە بەرانبەرە لەگەڵ ڕۆژی بیستوپێنجی ٢٥ مانگی دسامبر، بەڵام ڕۆژی یەکەمی ژانوییە وەک سەری ساڵ دیاریکراوە.

**سەری ساڵی کۆچی**

سەری ساڵی کۆچی تایبەتە بە موسوڵمانەکان
سەرەتای ساڵی (کۆچی هەتاو) و (کۆچی مانگی) ساڵی کوچکردنی (محەممەد) ڕابەری ئیسلامە کە لە ساڵی٦٢٢ی زایینیدا لە مەککەوە دەڕۆن بۆ مەدینە.}

سەرچاوە: ئەنترنێت

وەک دەبینین ئەو (٤) (سەری ساڵە) بە پێی ڕووداوە ئایینەکانە لە لایەن خۆدی مرۆڤەوە دیاریکراوە، هەر کام لەوانە تایبەتە بە دەستەیەک لە مرۆڤ، بەڵام (سەری ساڵی نەورۆزی) پێوەندی بە هیچ ڕووداوێکەوە کە دەستکردی مرۆڤ بێت، نییە.

سەری ساڵی نەورۆزی پێوەندی بە سووڕانی (گۆی زەوی) بە دەوری هەتاودا هەیە. ئەگەر وردبینانە لە (سەری ساڵی نەورۆزی) بڕوانین، سەری ساڵی نەورۆزی پێوەندی بە هەموو کەسێکەوە هەیە.

**ئاگر**

با سەبارەت بە دۆزینەوەی ئاگر تماشای ئەو چەن دێڕە بکەین:

**شارستانییەت و فەرهەنگی پێش مێژوو**

{هەرکاتێک باس لە شارستانییەتی (پێش مێژوو) بکرێت مەبەست ئەو دەورانەیە کە هێشتا خەت نەدۆزراوەتەوە، ئەوەی کە ئێمە دەباتەوە دەورانی (پێش مێژوو) پاشماوەی ژیانی ئەشکەوت نیشینەکانە کە لە بەڵای زەمانە بە دوور بووە و بە هەوڵ و تێکۆشانی ئاسەوارناسەکان لە دڵی زەوی دەرهێنراوە و کەوتووەتە بەر دەست خوێنکارانی ئەو باسانە.

ئەوانە یادگاری باوباپیرانی ئێمەن. لەگەڵ ئەوەدا کە زۆر کەمن، بەڵام گەلێ گرانبەهان و کاردانەوەیان هەیە لەسەر مێژووی هەزاران ساڵ پێش ئەمڕۆی جهان. ئەو شتانە ئەوە بۆ ئێمە روون دەکەنەوە کە مرۆڤی (**سینانتروپوس**)[2] کە لە ئەشکەوتەکانی (**چینی باکوردا**) ژیاون، ئاگریان ناسیوە. لە ئەشکەوتی (**چوکۆتین**)[1] پاشماوەی ئێسکی مرۆڤی (**سینانترۆپۆس**) لە پەنای کوانووی ئاگردا دۆزراوەتەوە. دەستەیەکی دیکە لە سەر ئەو باوەڕن لە ئەشکەوتەکانی ئەفریقای خواروو کە جێگای ژیانی دەستەیەک لە مرۆڤ بەناوی (**ئاسترالوپیتکوس پرومیتوس**)[2] (**پرومیتوس**) بووە، نیشانە و ئاسەوارێ وەهایان دەسکەوتووە کە ئاگریان بەکار بردووە. بێگومان کاتێک کە مرۆڤ ئاگری دۆزییەوە زۆربەی گیروگرفتەکانی ژیانی چارەسەر کرد. ئاگر بوو بە هۆی ئەوە کە جانەوەرە دڕندەکان نەتوانن شەوانە زیانیان پێبگەیەنن. ئاگر لە سەرەتادا لە لای مرۆڤ بە رادەیەک پیرۆز بوو کە وەک خودا شتایش دەکرا و لە جەژنەکاندا رێزیان دەگرت.

1 – Prehistory 2 – Sinanthropus
3 – Chou Koutin 4 – Austrolopithigus





**مرۆڤی (پکەن)ی**

مرۆڤی پکەنی کە بەناوی ئەو ناوچانەی هەڵکەنراون و لەوێ دۆزرانەتەوە، ناسراون. بە هەوڵ و تێکۆشانی (و – س- پ) ئاسەوارناسی چینی جومگەی ئەم مرۆڤانە لە ساڵی ١٩٢٩ لە ئەشکەوتەکانی (**چوکوتین**) لە ٦٠ کیلۆمتری پکەن بینراوەتەوە، ئەوە دەدات بەدەستەوە کە ئەوانە یەکملیۆن ساڵ پێش ژیاون.

بە وتەی (**ئەسخولۆس**)[1]ی شانۆنووسی یۆنانی (**پرۆمیتوس**)[2] یەکەمین کەس بوو کە چڵێک (گەون)ی بە گڕی گڕکانی دوورگەی(**لێمنوس**)[3] داگرسان. لە داستانەکانی یۆنانی دا (**پرۆمتە**) بە خوای ئاگر دانراوە، پرۆمتە ئاگر لە ئاسمانەوە دەڕفێنێ و دەیدات بە مرۆڤ، هەر بەو هۆیە دەکەوێتە بەر نفرەتی (**زێئوس**).

زێئوس لە پێشدا (**پاندر**) بە (مجرێک) پڕ لە دەرد و ئازار و نەخۆشینەوە دەنێرێت بۆ لای پرۆمتە، بەڵام پاندر[1] بەهۆی دانای و زانایییەوە بە کارەکەی زێئوس دەزانێت. پاشان زێئوس پرۆمتە وەک تاوانبارێک لە کێوی (قاف– قەفقاز) بە(هفستوس)[2] دەبەستێتەوە بە بەردێک و سزای هەتاهەتایی بۆ دەبڕێتەوە و داڵێکی بۆ دیاری دەکات کە هەموو کاتێک بە دەنووک جەرگ و هەناوی ونجڕونجڕ بکات و دووبارە زیندوو بێتەوە. پاش ئەشکەنجە و ئازارێکی بێپایان (**هەراکلۆس**) داڵەکە دەکوژێ و پرومتە ئازاد دەکات و زێئوسیش لێیخۆش دەبێت و دەیبەخشێت. ئاگرێک کە پرومتە پێشکەشی کرد بە مرۆڤ هوشیاری و دانایی بوو. ئەوانەی کە باسمان کرد ئەفسانەیەک بوون سەبارەت بە پەیدا بوونی ئاگرە.

1 – Aeschylus 2 – Promethee 3 – Lemnos

پاندر: ناوی ژنێکی ئەفسانەی یۆنانە

هفستوس: پارچە ئاسنێکە وەک کەمەربەند کە بۆ بەستنەوە بەکار دبرێت.

بەڵام بە بۆچوونی هەندێ لە زانایان ئاگرێ بەهۆی گرکانەوە کە لە زەوییەوە سەری هەڵداوە کەوتوەتە دەس مرۆڤ یا بە هۆی هەورەتریشقەوە، هەروەها بە هۆی گەرمی هەوا و گڕگرتنی گژوگیای وشکەوە ئاگر کەوتبێتە دەس مرۆڤ. ئاگر بووەتە هۆی پێشکەوتنی مرۆڤ لە هەر بوارێکی ژیاندا.

سەرچاوە: کتێبی {تمدن و فرهنگ ایران از آغاز تا دوران پهلوی، ل ٧ و ٨}.

**نەورۆز هێمایی ئازادیخوازی**

لە ناو ئەو نەتەوانەی کە نەورۆز سەری ساڵی تازەیانە، نەورۆز پێناسەیەکی دیکەیشی هەیە، ئەو پێناسەیش سنبولی دژی ستەمکار و زۆرداریيە.

**بۆچ نەورۆز وەها پێناسەوە کراوە ؟**

بە هاتنی نەورۆز ئەو ژیانە سەخت و دژوارە کە لە وەرزی زستاندا فەرمانڕەوای دەکرد، دەسەڵاتی لاواز دەبێ و ژیان بۆ بوونەوەرەکان بەگشتی و مرۆڤیش بەتایبەتی ئاسان دەبێ و هەست بە ئاسوودەیی دەکەن. هەر ئەوە مژدەی دەدات بە ژێردەستەکان کە ژیانی ژێردەستەیی کۆتایی پێدێت و دەسەڵاتی ستەمکار و زۆردارن بەرەو تێکشکان دەڕات.

**نەورۆز و ئاگر**

هیچ نەورۆز و سەری ساڵێک بەبێ گڕوبڵێسەی ئاگر بەڕێوە نەبراوە. ئەوەیش هەر ئەگرێتەوە بۆ ئەو ژیانە سەخت و دژوارە زستانییەی کە مرۆڤ بوویەتی. لە وەرزەدا ئاگر مەزنترین پشتیوان و پەناگای مرۆڤ بووە!





مرۆڤ بە یارمەتی ئاگر خواردنی سازکردووە، بە یارمەتی ئاگر خۆی لە گیانداره جەنگەڵییەکانی وەک شیر و بەبر ... پاراستووە، بە یارمەتی ئاگر خۆی گرم داهێناوە تا کەمتر دووچاری ئازار و نەخۆشین بێت، ئاگری وەک کەرەسەی رووناککردنەوەی رێگاوبان بەکار بردووە. لە ئەمڕۆ ئاگر لە چوارچێوەی ئەوانە دەرباز بووە، لە بەشی پیشەسازی بەناوی (ئێنرژی - وزەی سووتان) مەزنترین دەور لە پێشکەوتنی ژیانی مرۆڤدا دەگێڕێت و بە کورتی بە کوردی ئاگر و نەورۆز لفەدوانەن!

## نەورۆزی ئێرانییەکان؟!

سەبارەت بە نەورۆز، لە کۆتایی وەرزی زستان و هاتنی بەهار ماسمێدیای فارسی ئەکەونە چالاکی و ئەو بانگەوازە ئەکەن کە (عید باستانی نوروز کە جمشید بنانیانگذار آن بودە است متعلق بە ایرانیها میباشد، افغانها و کردها هم مراسم نوروزی را اجرا و آنرا گرامی میدارند). لە گەلێ سەرچاوەدا ئاماژە بەو هۆنراوەی فیردەوسی سەبارەت بە نەورۆز ئەکەن:

| | |
|---|---|
| بە فرِ کیانی یکی تخت ساخت | تەختێکی سازکرد شایی شکۆدار |
| چە مایە بدو گوهر اندر نشاخت | لە گەوهەر نایاب گەلێ بەهادار |
| کە چون خواستی دیو برداشتی | بە فەرمانی شا دێوان هەڵیانگرد |
| ز هامون بە گردون بر افراشتی | لە زەمینەوە بۆ سەمایان[1] برد |
| چو خورشید تابان میان هوا | هەر وەکو هەتاو پادشایی سەروەر |
| نشتە برو شاە فرمانروا | بەسەر تەختەوە شاد و بەختەوەر |
| جهان انجمن شد بر آن تخت او | خەڵک کۆبوونەوە لە دەور تەختی شا |
| شگفتی فروماندە از بخت او | سەرسام بوون هەموو لە شادمانی شا |
| بە جمشید بر گوهر افشاندند | ئەو رۆژە جەمشید گوڵباران کرا |
| مر ان روز را روز نو خواندند | ناوی نەورۆزیش لەو رۆژە نرا |
| سر سال نو هرمز فروردین | رۆژی یەکەم لە وەرزی بەهار |
| بر آسودە از رنج روی زمین | زەوی رەها بوو لە ئێش و ئازار |
| بزرگان بە شادی بیاراستند | کۆڕیان رێکخست دەسەڵاتداران |
| می و جام و رامشگران خواستند | بۆ مەی نۆشی و بەستەوحەیران |
| چنین جشن فرخ از آن روزگار | بۆمان بەجێ ماوە جەژنێکی پیرۆز |
| بە ما ماند از آن خسرو یادگار | لە لای جەمشیدۆ بەناوی نەورۆز |

شانامە بەرگی(١) ل ٢٧

* سەما: مەبەست ئاسمان نییە، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە لە زەوی بەرز کراوتەوە.





ئەگەر لەو باسەی فارسەکان سەبارەت بە نەورۆز و جەمشید بکۆڵینەوە، دەکرێ بێژین ئێرانییەکان کە فارسەکان خۆیانی پێناسە ئەکەن نەک خاوەنی جەژنی نەورۆز نین، بەڵکو دژایەتی جەمشیدیان کردووە. با سەبارەت بەو باسە لەو چەن هۆنراوە بڕوانین:

| تباە شدن روزگار جمشید | دەسەڵاتی جەمشید بەرەو نەمان |
|---|---|
| از آن پس برآمد از ایران خروش | پاشان لە ئێراندا بوو بە ئاژاوە |
| پدید آمد از هر سوی جنگ و جوش | بوو بە جەنگوهەرا لە هەر لاوە |
| سیە گشت رخشندە روز سفید | رۆژی رووناک بوو بە تاریکی |
| گسستند پیوند با جمشید | لەگەڵ جەمشیدا بوو بە ناکۆکی |
| برو تیرە شد فرە ایزدی | یزدانی مەزن رووی لێوەر گێڕا |
| بکژی گرائید و نا بخردی | ئارامی لێکرد بە جەنگ و هەرا |
| پدید آمد از هر سوی خسروی | پاشاگەردانی رووی کردە وڵات |
| یکی نامداری ز هر پهلوی | ئەوەی کە هەیبوو هێزودەسەڵات |
| سپە کردە و جنگرا ساختە | ئامادەی ئەکرد لەشکر و سپا |
| دل از مهر جمشید پرداختە | هەتا بجەنگێ لەگەڵ جەمشیدا |
| یکایک از ایران برآمد سپاە | لە ئێرانەوە لەشکر و سپا |
| سوی تازیان برگرفتند راە | لەبۆ لای عەرەب کەوتنە رێگا |
| شنودند کآنجا یکی مهتر است | بیستبوویان کەسێک وا لەوێ |
| پر از هول شاە اژدها پیکر است | خاوەن دەسەڵاتە و پێگە و جێ |
| سواران ایران همە شاە جوی | بۆ پەیداکردنی شایەک بۆ ئێران |
| نهادند یکسر بضحاک روی | چوونە لای زوحاک سواران هەموویان |
| بشاهی برو آفرین خواندند | ئەویان کرد بە شا بە شای خۆیان |
| ورا شاە ایران زمین خواندند | تا فەرمانڕەوا بێت لە خاکی ئێران |
| کی اژدەهافش بیآمد چو باد | هەر وەک ئەژدها بۆ ئێران رۆیشت |
| بایران زمین تاج بر سر نهاد | تاجی نایە سەر لەبان تەخت دانیشت |
| از ایران و از تازیان لشکری | لەشکرێکی ساز کرد عەرەب و ئێرانی |

**گزین کرد گردان هر کشوری**
**سوی تخت جمشید بنهاد روی**
**چو انگشتری کرد گیتی بروی**
**چو جمشید را تخت شد کندرو**
**بتنگ آوریدش جهاندار نو**
**برفت و بدو داد تخت و کلاه**
**بزرگی و دیهم و کنج و سپاه**
**نهان گشت و گیتی برو شد سیاه**
**سپردش بضحاک تخت و کلاه**
**چو صد سالش اندر جهان کس ندید**
**ز چشم همه مردمان ناپدید**
**صدم سال روزی به دریای چین**
**پدید آمد آن شاه ناپاک دین**
**چو ضحاکش آورد ناگە بچنگ**
**یکایک نداداش زمانی درنگ**
**باڕە مرورا بدو نیم کرد**
**جهانرا ازو پاک و بی بیم کرد**

**لە هەموو شوێنێک لە جەنگاوەرانی**
**پاشان هێرشی بۆ سەر جەمشید برد**
**جهانی ئەوی هەموو داگیرکرد**
**جەمشید کە زانی دەوری گیراوە**
**توانای نەبەرد و جەنگی نەماوە**
**بارەگای جێهشت بە تەخت و تاجەوە**
**بە سەروەت و سامان و سپا و گەنجەوە**
**دەرباز بوو پاشان خۆی بۆ شاردەوە**
**تاج و تەختەکەی بۆ زوحاک مایەوە**
**هەتاکو سەد ساڵ کەس نەیدەزانی**
**بە ماڵ و جێگە و شوێنی ژیانی**
**لە پاش سەد ساڵا لە دەریای چین**
**پەیدا بوو ئەو شای بێدین و ئایین**
**کاتێ کە زوحاک ئەوی کرد پەلبەس**
**دەرفەتی نەدا کوشتی دەمودەس**
**بە هەڕە کردی بە دوو کەرتەوە**
**کارنامەی ژیانی گشت ڕەشکردەوە.**

***

**تـۆی ئێرانـی (فـارس) ئـەڕۆی زوحـاکی عـەرەب دێنـی بـۆ لـەنـاو بردنـی جـەمشید، زوحـاک بـە یارمـەتـی تـۆ جـەمشید ئـەگرێت و بـە هـەڕە ئـەیکـات بـە دوو کـەرتـەوە! ئێسـتایش ئـەڵێت:(عید باستانی نوروز متعلق به ایرانیان است).**
**جەژنیان کردووە بە عید و:**

**در سایه ایزد تبارک**
**عید شما مبارک.**

**حلول عید نووز را به شما تبریک میگویم ....**





# بەرەو نەورۆز



**مام نەورۆز**

**مام نەورۆزی کۆڵ بەکۆڵ**
**ئەبڕێ ڕێگای دەشت و دۆڵ**
**ئەشێلێ بەفری کوێستان**
**روو ئەکاتە کوردستان**

**لەبەر دەرکی هەر ماڵێ**
**رائەوەستێ تۆزقاڵێ**
**ئەڵێ بە گیژ و کوڕان**
**ئەڵێ بە گەنج و کاڵان**





**سبەی رۆژێ پیرۆزە**
**رۆژی جەژنی نەورۆزە**
**بڕون بێنن ئێوەیش دار**
**بۆ پێشوازی لە بەهار**

**با بکەینەوە ئاگر**
**کانگای پڵێسە و گڕ**
**لە دەور گڕ و بڵێسە**
**رائەویستین بە دەسە**

**بە بەستە و گۆرانی**
**بە خەندە و شادمانی**
**ئەڵێن بە خەڵکی جهان**
**شاد بن ئێوەیش، هەمووتان!**

**لەو کاتەدا مناڵان**
**هەموو بە چەپڵە لێدان**
**دێنە دەرۆ لە ماڵان**
**ئەڵێن پێکەوە هەموان**

**مامەنەورۆز هاتەوە**
**نەورۆزانەی هێنایەوە**
**بژی، بژی مام نەورۆز**
**نەورۆز لە هەمووان پیرۆز!**

## نەورۆز و بەهار

ئەمڕۆ رۆژێ پیرۆزە
ئەمڕۆ، جەژنی نەورۆزە
نەورۆز سەرەتای ساڵە
وەرزەکەیشی بەهارە

بەهار وەرزێ شیرینە
دەشت و چییا رەنگینە
مەلان بێچوو هەڵئێنن
لە نێو باخان ئەخوێنن

درەختان چرۆ ئەکا
گوڵ و میوە دەرئەکا
شار و گوندان سەرانسەر
پڕ لە بەهرەی خۆی ئەکا

هاڕەی تەراکتۆری دەشت
چوونی خەڵکی لە بۆ گەشت
دەنگەدەنگی بەرخ و کار
گەلێ خۆشە لە پاش وەشت

ئەمڕۆ رۆژێ پیرۆزە
ئەمڕۆ، چەژنی نەورۆزە
نەورۆز سەرەتای ساڵە
وەرزەکەیشی بەهارە.





## نەورۆز

جەژنە ئەمڕۆ، جەژنی نەورۆز
رۆژێکە بۆ ژیان گەلێک پیرۆز!
رۆژی دەربڕینی هەستە و سۆز
جەژنە ئەمڕۆ، جەژنی نەورۆز

رۆژی ستەمکار و زۆردار نییە
جەژنی لە دایکبوونی شاکان نییە
رۆژی ئیبراهیم و زەردەشت نییە
جەژنی کریسمەس و مێعراج نییە

جەژنە، جەژنی سروشت
چەژنی زەمینی بە بڕشت
بۆ ئەم کارە زەوی بێوچان
ساڵێک ئەڕوا بەبێ وەستان

بە دەوری تاودا ئەگەڕێ
لێزمەی تیشک وەرئەگرێ
خۆی بە باشی پاراو ئەکا
رێگا بۆ ژیان هەموار ئەکا

مەل و موور و دارودرەخت
ئاژەڵ و مرۆ ئەکا خۆشبەخت
جەژنە ئەمڕۆ، جەژنی نەورۆز
لە هەموو کەس، ببێت پیرۆز!

## نەورۆز و نەورۆزانە

نەورۆز هات
گوڵی بۆ تۆ، هانی
بۆ منیش، چاوەڕوانی

نەورۆز هات
شادی بۆ تۆ، هانی
بۆ منیش، چاوەڕوانی

نەورۆز هات
خۆشەویستی بۆ تۆ، هانی
بۆ منیش، چاوەڕوانی

خۆشەویستم
چاوەڕوانم، بە نەرۆزانەیەک
کۆتایی بێت بە چاوەڕوانی.





## نەورۆز

زستانم بینی
لەبەر تریفەی مانگەشەو
دانیشتبوو، بە دووگیانی

ئارام و لەسەرخۆ
کراس و پاپەجانەی زێوینی
ئەچنی

وتم: کۆرپەکەت
چی ناو ئەنێی؟
وتی: نەورۆز.

وتم: گوێزەبانە
چیمان پێئەدەی؟
وتی: گوڵەگەزیزەی نەکەرۆز.

وتم: تریقانەوەکەی لەتۆ،
گراس و گۆرەبیەکان لە ئەو
گوڵەگەزیزەش لە گشت هۆز
ببێت پیرۆز!

نەکەرۆز: ناوی کێوێکی کوردستانە لە ناوچە سەقز

## نەورۆز لە کوردستان؟

چاوەڕوانی کە بڵێم ساڵی تازەت پیرۆز بێ؟
چی ڕۆیوە، چی هاتووە کە تازە بێ؟
خوا هەر خوایە و مەش کۆیلەکەی پێش
سەرم لەم شادیکردنەت گێژ ئەبێ!




بەو هیوایە (درەختی) خوا خوێنڕێژ و خوێننۆش و خوێنپۆشەکانی گۆی زەوی (تێرخوێن) بێ تا جهان بەگشتی، ئاسیا و ئەفریقا و (کۆبانییەکانی کوردستانیش) بەتایبەتی ئیتر بە بیانووی لەناوبردنی {(داعش و ... دەسکردەکانی خۆیان)} لەوە زیاتر وێران نەکەن و خەڵکەکەی و بوونەوەرەکانی دیکەیشی بە سەگ و گورگ و ئاژەڵ و مەل و mووروەوە لە خوێنا نەگەوزێنن! بە هیوای ئەو ڕۆژە.

٢٠١٥/٣/١٢





## نوروز در کردستان

منتظری که بگویم سال جدید مبارک باد؟
کهنهء رفته کدام و کدامست، که نو باد؟
خدا همان خدا است و ما هم عبود قبل
از این شادیء مهملی فکر در قفس ماند!




به امید روزی که (درخت) جدایان خونخوار، خونکردار و خونرفتارء کرەزمین (سیرخون)گردد تا جهان در کل، آسیا و افریقا و (کوبانیهای کردستان) هم بطور اخص دیگر به بهانهء جنگ با (داعش و ... خودساخته) از این بیشتر ویران ننمایند و مردم و دیگر جانداران مثل سگ، گرگ و انواع پرندگان و خزندگانش را در خون غوطەور ننمایند!
به امید آن روز.

٢٠١٥/٣/١٢

## نەورۆز

نەورۆزە ئەمڕۆ
ساڵی تازە هاتەوە
ڕۆژی هەوڵ و تەقالا و
کارکردن هاتەوە

سەیری شاخ و داخ و کەژ کە
بەفرەکان چۆن چوونەوە
جۆگەلە و کانی بناران
سەرلەنوێ پاک ژیانەوە

مەل و موور و گشت بوونەوەر
شاری و گوندی پاک سەرانسەر
بەستە ئەڵێن لەبۆ ژیان
خەندە و شادی نابڕنەوە.





## وەڵامی نامەیەکی نەورۆزی

**دۆستی خۆشەویستم ن، ش**

ئەم کاتە و گشت کاتێکت شاد، ئاواتم ئەوەیە ژیان بە ئارەزوت بێ! کارتە جوانە نەورۆزییەکەت، لەگەڵ نامەکەی کە باسی هاتنی شەماڵ و توانەوەی بەفر ئەکات، گەیشتە دەستم. ئەمەوێ بەو چەند دێڕە وەڵامی نامەکە و هەستە جوانەکەت بدەمەوە:

بەهیوای شەماڵێکم، ڕنۆکان بڕۆخێنێ
بەستەڵەک و ڕێبەندانی، ڕێبەندان هەڵتەکێنێ!

بەهیوای شەماڵێکم ئەرخەوانە سوور وەڕێخا
تەپۆڵکە و چیبا پاک کاتەوە،
دمەڵی سەر جادە و کۆڵانان هەڵتەکێنێ!

بەهیوای شەماڵێکم تۆوی شادی لە دڵا بچێنێ
ئاگرێ بگەشێنێتەوە – شەوەزەنگ بسووتێنێ،
نەورۆزێکی شاد بۆ هەموومان بە دیاری بێنێ!

بەهیوای نەورۆزێکم
کۆیلەدار بەدەس کویلە – دابەزێنێ
باسکم لە گەردنی دۆستان بئاڵێنێ
بە فرمێسکی خۆشەویستی
لە جێی هەر دڕکە ژەنگاوییەک
هەزاران گوڵخەندەران بڕوێنێ
بەهیوام، بەهیوام، بەهیوا!

ستۆکهۆڵم – سەعی

## زستان ماڵ ئاوا

لە زستان بێزاری
ئاشقی بەهاری
شەیدای شیناوەرد
کەیلی گوڵزاری؟

بەهاری رەنگین
گوڵزاری نەخشین
ئەشق و دڵداری
بە بەفرۆ ئەژین!





## کوڵە چوارشەممە

کوڵە چوارشەممەی کۆتایی ساڵە
ئاگرێک ئەکەینەوە لەو یاڵە
ئاگرێک بڵێسەکەی هێن بڵەند بێ
دڕ بدا بە تاریکی هەزار ساڵە

کور و کچ، ژن و پیاو
مەزن و مناڵ، پیر و لاو
بزە لە لێو، شادی لە دڵ
دەس لەنێو دەس، مژدە لە چاو

بە سیڕەی زورنا
بە گرمەی دەهۆڵ
بە هۆرە و حەیران
بەرەو دەشت و دۆڵ

ئەبەین لەگەڵ خۆ چێوی گڕ کرتوو
نەک گڕی تاک، تاک، گڕی یەکگرتوو
لەگەڵیا ئەبەین بۆنی بەهاران
لە کوردستانۆ بۆ هەموو جهان

ئەڵێین پیرۆز بێ نەورۆز و بهار
ژیانت هەر گوڵ بێ و دەوریشت گولزار
ئاشتی و ئارامی چرای رێگات بێ
هەستی هاوکاری هێمای ژیانت بێ!

## کوا بەهار؟

کوا بەهار؟
کوا چرۆی دار؟
کوا هەڵپەڕینی نێو گوڵزار؟
کوا قاقا و پێکەنینی دڵبەر و دڵدار؟

چەن سەختیمان هەتابەر
چەن زستانمان بردەسەر
چەن زۆردارمان کردەدەر
کەچی، هەر ئاوارەین و دەربەدەر

کوا بەهار؟
کوا چرۆی دار؟
کوا هەڵپەڕینی نێو گوڵزار؟
کوا قاقا و پێکەنینی دڵبەر و دڵدار؟
کوا
کوا،
کوا؟





## کونی نەهات

چەن زستانمان نایە چاڵ
سروەی بەهارێ هەر نەهات

چەن نەورۆزمان بەڕێکرد
رۆژێکی نوێ قەت هەڵنەهات

چەن کاروانمان کەوتە رێ
تاقە کەپرێکی گیر نەهات

چەن دوژمنمان تێشکان
سەرکەوتنمان وەدی نەهات

سوێسکە و کەوی بەهاران
راوچی نییە کە راوی ئەکات

بانگی شومی خۆ خۆرییە
راوچییان دڵشاد ئەکات

کەوی رەسەنی بەنەنان هەر ئەفرێ
سەدان راوچیش شوێنی هەڵکات!

ئەو کەوەی وا کەوییە، سەر نەوییە
نفرەتی کەن، ناوی بنێن کونی نەهات!!



**کانیاو و ئاو**

**لەگەڵ پێناسەیەکی بچکۆلەی ئاو:**

**کاتێک باران ئەبارێ**
**بە خۆڕڕەم دێتە خوارێ**
**هەنێ ئەچێ بۆ دەریا**
**هەنێ بە ناخی زەویا**

**ئەویش پاش مەوەیە کورت**
**دێتۆ دەرۆ دەستووبرد**
**ئەبێ بە کانیاوی جوان**
**ئەبێ بە چاوگەی ژیان**





**کانیاو جێگەی ئاوە**
**سەوزی لەلا رووناوە**
**کاتێ لە ئاو ئەڕوانی**
**بە رەنگەکەی نازانی**

**لە سوورا سوور ئەنوێنێ**
**لە شینا شین ئەنوێنێ**
**لە سەوزا خۆی سەوز ئەکا**
**یاری بە چاومان ئەکا**

**کاتێ سەیری باڵای کەی**
**لە باڵایشی تێناگەی**
**لە جێی چووک، چووک ئەنوێنێ**
**لە جێی زل، زل ئەنوێنێ**

**ئاو هەرچی کات شیرینە**
**سەرچاوەی ژیان و ژینە**
**هاوین لە کاتی گەرمان**
**سەهۆڵە لە بەردەستمان**

**ئەو ئاوە سارد و جوانە**
**لە دوو گازە بیزانە**
**ئۆکسیژن و هیدرۆژن**
**چەند سالێتر ئەیخوێنن.**



**زستان و بەهار**

**چرۆ و سیخوار**
**درەختتان دائەپۆشێ**
**یەکیان ئەبێ بە میوە**
**ئەوی دی وەک کریستاڵ ئەدرەوشێ!**







**Vinter och vår**

**Rimfrost och knoppar**
**täcker och täckt träd**
**en annan blir frukt och**
**andra glittrar som kristall.**

Täck: täckt- täckare- Vacker nätt – behaglig




**لە سامیستان بۆ کوردستان**

**لە (کبنیکەیسە)وە**
**باڵ ئەگرمەوە بۆ ئارارات،**
**بۆ شاهۆ، بۆ دالاهۆ،**
**بۆ چلچەمەی رۆژانی هات**

**(فییەلسپی)یەکەی سامیستان**
**ئەبەم بۆ منالانی کوردستان**
**گوڵە گەزیزەی ئەو دیارە**
**ئێنمەوە بۆ لاوانی ئەم بێشەزارە.**

**فییەلسپی ناوی گوڵێکی بەهارییە**
**‹کبنیکەیسە› ناوی کێوێکە لە بەشی سەرەوەی سوید.**
**سامیستان – سامەکان – نەتەوەیەکن کە لە سوید، نورویژ و فەنلاند و روسییە.**
**ئەو وێنە لە ئەنترنێت وەرگیراوە.**



نووسەرانی فارس و کورد و (فیردەوسی)
فیردەوسی و (کورد و بلوچ)



**Från Samistan till kurdistan**

**Från Kebnekaise ska jag**
**flaxa och flyga till Ararat,**
**till Shahå, Dalahå och**
**Chelcheme där jag levde glatt**

**Jag tar Fjällsippor från Sammistan**
**till barnen i Kurdistan**
**där ifrån hämtar jag Gezizeblommor**
**och skänker de till barnen i Samistan**

Gezizeblommor : Iris
Ararat, Shahå, Dalahå, Chelcheme de är fyra berg



## شەوێکی ئارام

ئاسمان شینە و پاک سامالْ
بێ بروسکە و نالّەنالْ
مانگ لە ئاسمان ئەشنێتەوە
ئەستێرەیش ئەبریسکێنەوە
بەفری ژێر تریفەی مانگەشەو
یاری ئەکا بە نووچکەخەو
دوو کەروێشکی جوانی خرپن
دێن و دەڕۆن بە قونەقون
منیش چاوم لە وانە
دیمەنەکەی زۆر جوانە.





## Den stilla natten

Himlen är tydlig och klar
Månen lyser
Tjärnorna glittrar
Snön blinkar som kristall
Två tjocka kaniner
Hoppar O hoppar
Och jag tittar O tittar

## چلەی هاوین

سەما هاتە خوار بۆ باوشی، دەریا
دەریایش چووەسەر، چووە ئامێزی سەما
لە لانەی دەریادا ئەستێران، ئەجریوێنن
شەپۆلانیش، نووستون لەسەر رانی سەما

ئەمشەو رۆژە، لە مەڵبەندی ئابیسکۆ
کوڕ و کچ، پیر و جوان — بێدارن
وان لە کۆڕی سەما، لە خەم بێزارن
وەرە با سەما کەین من و تۆ، لە بەر تاوی ئابیسکۆ

ئابیسکۆ: ناوی کێوێکە لە سەرووی سوید.
لە مانگی (Juni) دا رۆژ لە ناوچەی ئابیسکۆ ئاوا نابێت.







## Midsommarafton

**Himlen kommer ner i havet**
**Havet går upp i himlen.**
**Stjärnorna glittrar i havet**
**vågorna vilar i himlen**

**Det är midsommarafton i kväll**
**alla är vakna i kväll**
**kom och dansa i kväll.**
**Det är Abiskodagen i kväll**

***

Bild från internet
I juni månaden solen går aldrig ner i Abisko området.

## مامە تۆمتە

کولو کولو بەفر دێتە خوار
لەسەر کێو و بان دەریا و بێشەزار
هەموولا کپ و کڕ و بێدەنگە
بەڵام، دەلۆرێنێ گورگە هار

مامە تۆمتەیش سەرخۆ
وا بەرێوە بەرەو دێهات و شار
بە کۆڵییەویە گونییەکی گەورە
پڕە لە دیاری جوان و نوقڵی مەزەدار

**تۆمتە**، پاپا نئیولی سەری ساڵی زاینییە کە دیاری دەدات بە مناڵان











## Farbror tomte

**Det dalar ner stora snöflingor**
**På berg, i havet och skogar**
**hela området är mörkt och tyst**
**men rabiata vargar ylar**

**Farbror tomte sakta, sakta**
**är på väg till städer och byar**
**har på ryggen en stor säck**
**det är full av godis och klappar**

وێنە لە ئەنترنێت

## تێهەڵکێشی سویدی کوردی

Det är svenska och kurdiska kombinerat

### مامە تۆمتە

کولو کولو سنێۆ دێتە خوار
پۆ بێری، ئی هاڤێت ئۆک بێشەزار
هەموولا مێۆرک و مەنگە
بەڵام، دەڵورێنێ وارییە هار

مامە تۆمتەیش سەکتا، سەکتا
ئەر پۆ وێگ بەرەو دێهات و شار
بە کۆڵییەویە ئێن ستۆر سێک
فولە لە پرێسێنت و گودیسی مەزەدار

***

سنێۆ: بەفر)
(پۆ بێری: لە سەر کێو)–
(ئی هاڤێت: لە دەریا)–
(مێۆرک: تاریک)–
( واری: گورک ) –
(تۆمتە: پاپا نۆئیل) –
(سەکتا : ئارام) –
( ئەر: هەیە) –
(پۆ وێگ: وا بەڕێگاوە) –
(ئێن : یەک)–
(ستۆر: گەورە) –
(سێک : گونییە، تەڵیس)–
(فول : پڕ) – (پرێسێنێت : دیاری( –
(گودیس : نوقڵ).





### مام بەفرینە

زستانە بەفر ئەبارێ
تاوێ ئارام
تاوێ تون
بە کۆمەڵ دێتە خوارێ

منیش وام لە کۆڵان
لەگەڵ دۆست و هاڤەڵان
یاری ئەکەین بێوچان
بە گۆرانی چەپڵەلێدان

دروس ئەکەین مام بەفرینە
چونکە جوان و شیرینە
نانی پێئەدەین پرسی نەبێ
دائەپۆشین سەرمای نەبێ

بەڵام، بەرەبەرە چووک ئەبێتەوە
لە پێش چاومان دوور ئەکەوێتەوە
ئێمەیش ئەڕۆینەوە بۆ ماڵ
بە ماندوویی و دەسبەتاڵ.



**سێزدەبەدەر**

رۆژی سێزدەبەدەر ئەڕۆینە دەر
بۆ تۆمارکردنی یادگار
لە شیو و دۆڵ و دەشت و کۆسار

رۆژی سێزدەبەدەر ئەڕۆینە دەر
بۆ سەر فەرشی چیمەنی بەهار
لە گوێ گۆل و جۆگە و رووبار

رۆژی سێزدەبەدەر ئەڕۆینە دەر
بۆ بینینی یار
لە ناو گوڵزار

رۆژی سێزدەبەدەر ئەڕۆینە دەر
بۆ لوتکەی (ئاوییەر)

وێنە لە ئەنترنێت وەرگیراوە





ئاوییەری بەختەوەر
بۆ بەرزایی (شانشین)
شانشینی دڵنشین
لە وێوە ئەڕۆین بۆ لای (تاقەوسان)
بۆ دیداری شادی دۆستان
پاشان روو ئەکەینە (بێستوون)
بێستونی ئەڤین ستوون

رۆژی سێزدەبەدەر ئەڕۆینە دەر
بۆ بڵەندایی (حەسارۆس)
بۆ باوەشی (داشامەجی) و (سەوزەپۆش)
بۆ (نەکەرۆز) و (قەندیل) و (چلچەمە)
بۆ (شاهۆ) بۆ (دالاهۆ) بۆ (ئارارات)
کە هەموو کات سەر بە تەمە!

لێیان ئەپرسین:
کەی دێ ئەو رۆژە کە پێیئەڵێن: رۆژی هات
رۆژی بێزاری لە داگیرکەری زێد و وڵات؟

ئەڵێن: هەر کاتێک بەجوانی خۆت ناسی
هەر کات هەستت کرد، کە کەساسی
ئەو رۆژە، رۆژی هاتە!
رۆژی دەربازبوون لە نەهاتە!

**دەریا و ئاسمان**

**دەریا و ئاسمان**
**خوشک و بران**
**هاوینان شاد و ئارام**
**زستانان تورە و بەسام!**







**چوار وەرزی**

**لە بەهارا سەروی سەروم**
**لە هاوینا تاوی تاو**
**لە پایزا رەنگی رەنگان**
**لە زستانا سەرماوسۆڵی تەمەنبەندان**

## پایز

پایز، ساردی
وەک هەناسەم
هەناسەی دەروون تاسەم
بێدەنگی
بێڕەنگی
وەک هەژاران
هەژارانی بەر دیواران
ڕۆژت کورتە وەک شادی من
شەوت درێژ وەک ڕەنجی من
دەپێم بڵێ چلۆنە ماوی
لە خەما نە فەوتاوی؟!
پایز
پایز،
پایز!





## شەوی یەلدا

ئەمشەو ئەمەوێ مەست بکەم
دنیای پەستی پەست بکەم
سەری دۆستان بڵەند و
سەری خۆیشم نەوی بکەم

لە شەوی درێژی یەلدا
لە یادی گوڵی دڵدا
لەگەڵ هۆنراوەی شەنگدا
پیاڵەی مۆڵم فڕێ ئەکەم

## بەهار و مەی

مەستم، وەها مەستم
ناتوانم لەسەر پێ راوەستم
مەستی دیداری سروشتم
جوانی بەهارە لە هەست و نەستم

لەگەڵ ئەوەی بە جوانی سروشت مەستم
پیاڵەی مەی چۆڵ ناکات دەستم
بە تامی بەتامی تامی دەمم ئەکات خۆش
هەرچی خەم و خەفەتە پێمئەکا فەرامۆش!





## چلەی هاوین

ئەمڕۆ چلەی هاوینە
گەرما تەواو بەتینە
گوێ رووبار و دەریاکان
گەلێ خۆشە بۆ هەمووان

دەریای شینی بەر هەتاو
پرشنگ داوێژێ بۆ چاو
ئەمڕۆ چلەی هاوینە
جهان گەلێ شیرینە.

ئاسمان شینە و پاک ساماڵ
بێ هەورە و گرمەی (ئوسکار)*
ئەستێران ئەکەن سەما
لە هۆڵی بەرزی سەما

وەرە با مەیش دەس بگرین
بە کامی دڵ هەڵپەڕین
ئەمشەو چلەی هاوینە
سروشت گەلێ شیرینە.

ئوسکار: بە سویدی واتە بروسکە، هەورەتریشقە. وێنە لە هەمان ساڵنامە وەرگیراوە

## جهانی خەم و گیتارەکەم



لە ژینی سەخت و پڕ ئێش و ئازار
پەنا ئەبەمە بەر لێوی گیتار
بە دەنگی نەرم و بە قاقای بەرزی
ئەگۆڕم چەرخی چەپی، چەپکردار

مانگ ئێنمە خوار بۆ کۆشی زەوی
ئەستیرە ئەدەم لە پرچی خاوی
کۆلکەزێڕینەی لە قەد ئەبەستم
ئەیرازێنمەوە بە هەست و نەستم

ئەیبەم بۆ کۆڕ و بەزمی دەروێشان
دەروێشی بەزمی مەی و مەینۆشان
هێننەی پێئەدەم تا لە هۆش ئەچێ
خەم و خەفەتی لە دڵ دەر ئەچێ

پاشان بانگ ئەکەم لە دۆست و یاران
دۆستانی ئەمڕۆ و یارانی جاران
نیگام ئەخەمە سەر نیگای چاویان
حەزم ئەبەمە ناو دڵی حەزیان

جا ئەمرم بەتوون لە شەوێکی تار
بەڵام هەر خۆشبێ سەروەکەی گیتار
شەش تاریی گیتار دوژمنی خەمە
ئەیهاڕێ کاتێ کە بێتە، گوفتار





## سازەکان و سۆزەکان

بە سۆزی شمشاڵ
بە ئاهەنگی تار
بە لەنجەی پیانۆ
بە سەمای گیتار

بە چەپڵەی کەف
بە خرمەی دەف
بە بزەیی چەنگ
کانی هەمە دەنگ

بە نەوای نەی
بە هەستی سەرڕێژ لە حەز و ئۆخەی
کاتێک ڕێکئەخەم
شاد و دوور لە خەم

بە سیرەی زۆڕنا، بە گرمەی دەهۆڵ-
ئەچمە دیداری شیو و دەشت و هۆڵ
بە قاسپەی کەوی زیرەکی بۆکان
ئەشێکنم مەنگی، گۆمی بێدەنگی --
لەگەڵیا ئەلێم بەستە بۆ ژیان

یادێکیش ئەکەم لە بەزمی جاران
پیاڵەم فڕ ئەکەم بە یادی یاران!
یادی لاوییە من ئەیکەمەوە
بۆ ئەو دەورانە ئەتوێمەوە!






















ئەو وێنانە لە ئەنترنێت وەرگیراون

## نەورۆز

نەورۆز جهان ئەکات بە گوڵستان
ژیان هەموار ئەکات بۆ هەمووان
نەورۆزی کورد ئەو رۆژەیشە
کە سەربەخۆ بێت کوردستان!





## پاشەکییەکی دوو بەشی

### بەشی یەکەم

هەڵوێست و دیدوبۆچۆنی فیردەوسی سەبارەت بە (کورد، بلوچ، گیلەک و دەیلەم دەسنیشانکرا و هەڵوێستی نووسەرانی فارسیش سەبارەت بەو باسانە و فیردەسیش دەرکەوت کە چلۆنە!

دوژمن، دوژمنە و جێگەی گەلەیی نییە و لەو چەن رستەی خوارەیش زیاتر بە پێویست نازانم!

**دۆزەخ یا فیردەوس**

**ئەگەر فیردەوس و دۆزەخێک هەبێ**
**دۆزەخ هەڵئەبژێرم ئەمن دەسبەجێ**
**کاتێ کە قاسم تووسی لە فیردەوسا بێ**
**ژیان لە دۆزەخ بۆ شادتر نابێ؟!**

**ئەگەر شانامە باش بخوێنیتەوە**
**تۆیش لەگەڵ منا یەکئەگریتەوە**
**بەڵام ئەگەر هەر لەبەری بکەی**
**قورئان نەناسی و بۆ مزگەوت ئەڕۆی**

**فردوس یا دوزخ**

گەر فردوس و دوزخی باشد در میان
دوزخ میگزینم با عشق آن زمان
چون ابولقاسم طوسی بود فردوسی
همنشینیم با دوزخی بە ز فردوسی

گر شاهنامە را خوانی با چشم باز
میشوی با من همراه و همراز
گر خوانی آنرا بسان فردوسیان
قرآن نخواننده گشتی مسلمان

## بەشی دووهەم

هەڵوێست و دیدوبۆچوون و مرۆڤدۆستی فیردەوسیمان سەبارەت بە کورد، بلوچ، گیلەک و دەیلەم لە بەرانبەر پادشا خوێنڕێژ و تاوانبارەکانی ئێران بینی و هەڵوێست و دیدوبۆچوونی نووسەرانی کوردی خۆیشمان بینی کە چۆن بە چاوی ڕیزەوە تماشای فیردەوسی ئەکەن و چۆن پلەوپایەکیان بۆ دەسنیشانکردووە!

هۆکاری ژێردەستەیی کورد جگە لەوەی کە خۆمان سەبارەت بە ڕووداوەکانی دەوروبەرمان بیر ناکەینەوە شتێکی دیکە نەبووە و نییە، سەبارەت بەو کەمتەرخەمییەمان هەر ئەو چەن ڕستەم هەیە و بەس!

### ژیان

ئەوەی هوشیارە ئالەم جهانە
بۆخۆی خاوەنی ژین و سامانە
دڵە دەشێت بە دەستم بە دامان
شتیش بۆ ئێمە هەم ژین و سامان!





## کتێب، جوانترین و بەنرخترین دیارییە!

یەکێک لە دۆستانم کە بەردەوام لە کاری کامپوتێردا یارمەتیم دەکات، لە مانگی چواری ٢٠١٣ لە هەولێرەوە شانامەیەکی فیردەوسی بە دیاری بۆ هێنام، بەو کارەی کاک (ڕۆژ دیلان داسوک) زۆر شاد بووم. چەن ساڵ پێش مامۆستایەکی سویدیم وەک کاک دیلان کتێبێکی (بریتا ئاف یەژستام **Brita Af Geijerstam** بەناوی **Nära nya dikter**) کە بەشێک لە هۆنراوەکانی بوو بە دیاری بۆ هێنام!
هەر ئەو کاتە چاوێکم بە چەن لاپەڕەیەکی شانامەکە یا باشتر بڵێم دیارییەکەی کاک دیلان دا گێڕا، باسێکی گرنگ سەرنجی ڕاکێشام، ئەوەیش نەبوون یا باشتر بڵێم سانسۆرکردنی (دێڕە هۆنراوەیەک) لەو شامەدا بوو.
پاشان شانامەیەکی سویدیم (**Shahname**) و شانامەیەکی (عەرەبی)م لە کتێبخانەی گشتی ستۆکهۆڵم وەرگرت، بینینی ئەو سێ شانامە بووە هۆی ئامادەکردنی ئەم چەن لاپەڕە.

## کتێبی چاپکراوە

١ (چیرۆکنووس یا کینۆکنووس؟) ساڵی ٢٠٠١ سەعی سەقزی
٢ (لە یادی هەڵەبجە تا هەڵواسینی سەدام) ساڵی ٢٠١٠ سەعی سەقزی قایشی

## ئەو چەن لاپەڕەیش بۆ چاپ ئامادیە.

١ هەڵەبجەنامە
٢ رەنجنامە
٣ نەورۆزنامە
٤ جهانی مناڵان
٥ پەخشانەکان
٦ گواستنەوەی چەن هۆنراوەی (سویدی) بۆ خانەی (زمانی کوردی)
٧ وشەبچکۆلەکان بە کوردی
٨ وشەبچکۆلەکان بە (سویدی) و (کوردی) **De små orden**

٢٠١٥/٧/٢٠ 2015 – 07 –20